





# سەرهەڵدانی داعش و هێرش بۆسەر کوردستان

## کۆمەڵێک: دیدو بۆچوونی نووسەرانی کوردو بیانی

بەشی: چوارەم

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بەشێک لە بابەتی ساڵی: ٢٠١٦ - ٢٠١٧ - ٢٠١٨ - ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

### ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ تا ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

١- "دوای داعش پێشهاتەکان لە موسڵ چی دەبێت"............................... دەیڤید پیترایۆس ........ و: فەلاح حەسەن
٢- قۆناغی ئازادکردنەوەی موسڵ کۆتایی داعش نییە ............................................ کیسرا ئەحمەد
٣- ئازاد کردنەوەی موسڵ کۆتایی داعش نییە .................................................... سەرووەت هەڵەبجەیی
٤- ئاماژە شەڕی موسڵ و مەرجەکانی هەرێم ...................................................... فەرید ئەسەسەرد
٥- قۆناغی دوای داعشو چارەنووسی کورد ......................................................... ڕەسوڵ بۆسکێنی
٦- دوای داعش، شەڕی دیکەی کورد ............................................................... عەتا کەریم
٧- موسڵو هەڵبژاردنو مراوی شەل ................................................................... سەربەست جیهاد
٨- موسڵی رزگارکراو چی پێیە بۆ کورد؟ ........................................................... نەوزادی موهەندیس
٩- خەونی تورکتازی لە دەروازەی موسڵ ............................................................ سەربەست جیهاد
١٠- دوای گرتنەوەی مووسڵ لە ناوچەکەدا چی ڕوو دەدات؟ ........................................ باز ئەحمەد
١١- کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ.. پرسی ژن و کچانی ئێزیدی ........................................ تارا شێخ عوسمان
١٢- دیالۆگی دووربەدوور ..................................................................................... جەمال ئارێز
١٣- کەرکوکو حەویجەکەی مەترسییەکانی عیراقی دوای داعش ................................... جۆست هیلتەرمان
١٤- پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ ............................................................... رزگار حاجی حەمید
١٥- دەرفەتی سێهەم ........................................................................................ عەتا کەریم
١٦- کوردستان لە دوای شەڕی داعش ............................................................... شادمان مەلا حەسەن
١٧- موسڵ لە دوای داعش ................................................................................ د. هشام هاشمی
١٨- موسڵ و سەرەداوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ............................................... سمایل شەرەفی
١٩- لە وەهابییەتەوە تا داعش ............................................................................. سمکۆ عبدالکریم
٢٠- گۆڕانکاری گەوەر بەڕێوەیە! ............................................................................. د. ئاکۆ حمەکەریم



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

٢١- داعش بەپلانی چواردە سەدە لەمەوبەر بەرگری لەپایتەختەکەی دەکات تەپڵی شەڕ لەدەروازەی موسڵ ............ یقاش
٢٢- شەڕی (جەنگی موسڵ) ............................................................................ کاروان یاروەیس
٢٣- موسڵ و دەبەرێکڕاچوونی بەرژەوەندییەکان ............................................ دڵشاد مستەفا وەسانی
٢٤- لە وەهابییەتەوە تا لە وەهابییەتەوە تا داعش ......................................... سمکۆ عبدالکریم
٢٥- جەنگی موسڵ ..................................................................................... ئامانج هەرتەلی
٢٦- هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی داعش ........................................................ عومەر عەلی غەفور
٢٧- گەشبین داعشو رۆژگاری لەدەستدانی سەران ........................................... حەسەن یاسین
٢٨- رزگارکردنی مووسڵ وناکۆکییەکانی داهاتوو ............................................. سەنا شەفیق
٢٩- ئۆپەراسیۆنی موسڵ ............................................................................ بورهان شێخ رەئوف
٣٠- داهاتووی موسڵو ململانێی وڵاتانی ئیقلیمیو نێو دەوڵەتی لەسەر ناوچەکە ................ بۆتان بەکر
٣١- ئەردوگان لە رزگارکردنی موسڵ پلانی (بی) بەکاردێنێت ................................ عیماد عەلی
٣٢- هەرێمی کوردستان لەپاش شەڕی موسڵ ..................................................... کامەران فەتاح
٣٣- داعش لەدوای موسڵ بەرەو کوێ سەرهەڵدەگرێت؟ ........................................ زوبێر ڕەسول علی
٣٤- ئەجێندای کورد بۆ قۆناغی دوای داعش ..................................................... هونەر رەسوڵ
٣٥- موسڵ لە دوای داعش ........................................................................... شادمان مەلا حەسەن
٣٦- دوا قۆناغی شەڕ و دەرئەنجامی بەرگری و قوربانیدانی پێشمەرگەیە ........................ قارەمان مەهدی
٣٧- یەکبێژ تورکیا، لە چاوەڕوانی دۆڕاندا ........................................................ هیوا محەمەد
٣٨- رۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی موسڵدا ............................................................ جەزا ئەحمەد فارس
٣٩- تورکیا بۆ مکورە لە بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ؟ ............................. شێرکۆ کرمانج
٤٠- کورد چۆن رووبەڕووی دۆخی دوای موسڵ دەبێتەوە؟ ...................................... تەحسین تەها چۆمانی
٤١- گرەوی دوای بڕانەوەی داعش ................................................................ بەدران ئەحمەد حەبیب
٤٢- دوای مووسڵ و نائومێدی ...................................................................... باخان عەلی
٤٣- شەڕی دژی داعشو مەترسیەکانی سەر خەڵکی موسڵ ........................................ ئاسۆ کەمال
٤٤- شەڕ لەسەر شەڕی موسڵ! ..................................................................... هاوڕێ توانا مێرگەسەری
٤٥- ئایا ستالینگڕادێکی تر دووبارە دەبێتەوە؟ .................................................... زوبێر ڕەسول علی
٤٦- ئەگەر موسڵ وەک حەلەبی لێهات ............................................................ کەنعان بەهادین
٤٧- لە وەهابییەتەوە تا داعش ...................................................................... سمکۆ عبدالکریم



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

٤٨- بۆچی ئێران لە داعش مەترسیدارترە؟ ................................. مۆشە یەعلون ......... و: کەماڵ حەسەنپوور
٤٩- بەشداریی کوردەکان لە شەڕی موسڵ بە دژی داعش دەتوانێ ..................... سۆفیا سلاتێر و: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد
٥٠- حەویجە وەک بەڵایەک بۆ کەرکووک .................................................. عارف قوربانی
٥١- شەڕی مووسڵ و سەرهەڵدانی کێشە چارەنووسسازەکان! ............................................ ڕەوەز
٥٢- داعش بۆ پەلاماری کەرکوک دەدات؟ ..................................................... د. زمکان عەلی
٥٣- شەڕی موسڵ شەڕی ڕاستەقینەی کوردە .................................................... نەبەز گۆران
٥٤- ئەوەی لەکەرکوک ڕوویدا ................................................................. زوبێر ڕەسوڵ چۆمانی
٥٥- کەرکوک پەیامێک بوو دەبێت لێی تێبگەین ............................................. فارس نەوڕۆڵی
٥٦- شەڕ لەسەر شەڕی موسڵ! ....................................................... هاوڕێ توانا مێرگەسەری
٥٧- کەرکوک ......................................................................................... عەزیز ڕەئوف
٥٨- کەرکوک ......................................................................................... سەردار عەزیز
٥٩- خەڵکی چەکداری کەرکوکو مەترسی داعش .................................................. ئاسۆ کەمال
٦٠- تەگبیر لە ئیدارەی موسڵی دوای داعش ................................................... ستران عەبدوڵلا
٦١- بۆچی بردنەوەی جەنگی موسڵ نابێتە هۆی بەرقەرار بوونی ئەو "ئاشتی" ............. جاشوا ڕۆڤنەر و کاتلین تالماج
٦٢- یاری لەگەڵ مەرگدا نامەی داعشێک بۆ پێشمەرگەیەک: هەردوکمان خەریکین، بزانە کامان دەمرین؟ .... رامیار جەواد
٦٣- ئۆپەراسیۆنی سەرتاسەری دژی فیکری داعشی ............................................ برایم عەبدوڵلا
٦٤- پێشمەرگەو شەڕ بۆ "نیشتمان " ............................................................. عەبدوڵا سالح
٦٥- موسڵ و شەری بە وەکالەتی برا چکوولەکان! ........................................... میدیا بایزیدپوور
٦٦- میدیای ئێمەو تیرۆر ........................................................................ مستەفا زاهیدی
٦٧- موسڵ و حەلەب چارەنووسی هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن ................................ هادی سۆفیزادە
٦٨- پەلەقاژەی مەرگ ............................................................................. کاروان یارەویس
٦٩- موسڵی دوای داعش ........................................................................ د.بەختیار شاوەیس
٧٠- شەڕی موسڵ کیسنجەر ئەهێنێتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست ..................................... خالد سلێمان
٧١- سەکۆی پایتەخت موسڵی دوای داعش ...................................................... شادمان مەلا حەسەن
٧٢- سیناریۆکانی پەلامارەکەی کەرکوک ........................................................ محەمەد ڕەئوف

بەشی چوارەم

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## "دوای داعش پێشهاتەکان لە موسڵ چی دەبێت"



**دەیڤید پیترایۆس**

**لە ئینگلیزییەوە: فەلاح حەسەن**

دەیڤید پیترایۆس ژەنەراڵێکی سەربازی خانەنشینکراوی ئەمەریکییە کە سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمانانی دەکرد لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٧) بۆ (٢٠٠٨) لە عێراق و هەروەها لە ئەفغانستانیش بەهەمان شێوە لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠) بۆ (٢٠١١) و هەروەها لەماوەی ساڵانی (٢٠١١) بۆ (٢٠١٢) وەک بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا کاریکردووە. لەئێستاشدا هاوبەشە لە کۆمپانیای گەورەی جیهانی لەبواری وەبەرهێناندا.

-----

لە چەند مانگی کەمی داهاتودا، هێزی فرەڕەگەزی عێراقی پێکهاتو لە عەرەب و کورد کە لەنێوانیاندا سوننە مەزهەب و پێدەچێت کەمێک شیعە مەزهەبیش هەبن، دەچنە ناو موسڵ و شارەکە لە چەکدارە توندڕەوەکانی داعش پاک دەکەنەوەو دواتر کاردەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی ناوخۆ لەو شارە و گێڕانەوەی سەقامگیری و پرۆسەی بنیاتنان بۆ یەکێک لە ئاڵۆزترین شارەکانی عێراق و پارێزگاکەی.

گومانی تێدا نیە لەوەی داعش شکستی پێ دەهێنرێت لە موسڵ؛ گومانە راستییەکە بریتییە لەوەی کە چی دەگوزەرێ دواتر. ئایا هەوڵەکانی دوای داعش (پۆست داعش) چارەسەری ئەو ناکۆکییانە دەکات کە رەنگە ببنە هۆی زیادبونی چەندین

بەشی چوارەم

کێشەی تر، هەروەها ئەو هەوڵانە سەقامگیری دەگێڕێتەوە بۆ یەکێک لە شارە فرەپێکهاتە و ئاڵۆزەکانی عێراق؟

ئەگەرەکانی پرۆسەی پاککردنەوەی موسڵ، ئەزمونەکانی بەهاری (٢٠٠٣) دەهێنێتەوە یاد کاتێک فیرقەی (١٠١)ی پەڕەشوتەوان کە خوازیاربوم فەرماندەییان بکەم، داخڵی ناو موسڵ بون لەدۆخێکی شێواودا. یەکەم ئەرکی ئێمە، یەکەم پلەی فەرمان کە گیرایەبەر، بریتی بو لە دیاریکردنی ئەوەی چۆن دەسەڵات بنیات بنێین. ئەو پابەندبونە لایەنە عێراقییەکانی هاندا بۆ هەماهەنگیکردن لەپێناو بەڕێوەبردنی شارێک کە نزیکەی ٢ ملیۆن کەسی تیابو لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی سەر بە پارێزگای نەینەوا - ناوچەیەکی زۆر گەورە کە ئێمە زانیاری کەممان هەبو لەبارەیەوە.

دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ناوخۆی نوێنەرایەتی بۆ کارکردن لەگەڵ ئەمەریکا لە نەینەوا، سەلماندی کە ئەو ئەرکە ئاسان نیە، هەروەها دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە و دەرهاویشتەکانی دواتری، بەونی دەمێنێتەوە لە هەوڵەکانی کە بەڕێوەن لە موسڵ.

مەترسیی موسڵ و نەینەوا بریتییە لە بونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و خێڵەکی و چەند پێکهاتەیەکی دیکە کە پارێزگاکە پێکدەهێنن. لەکۆتاییدا، ئێمە دڵنیابوین لەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگا بە نوێنەرایەتی سەرجەم قەزاو ناحیەکان لە نەینەوا و نوێنەرایەتی هەر ئاینێکی سەرەکی بە سوننە و شیعە و مەسیحی و شەبەک و هەروەها بە نوێنەرایەتی هەر پێکهاتەیەکی وەک عەرەب و کورد و ئێزیدی و تورکمان و بە نوێنەرایەتی چەند کەسایەتیەکی ناو کۆمەڵگا وەک کەسانی ئەکادیمی و سەرمایەدار و ژەنەراڵی خانەنشین و هەر خێڵێکی سەرەکی، پێشتر بەکردەیی وەک پێویست نەبوە.

ئێمە توانیمان گردبونەوەیەک بنیات بنێین کە دواتر ئەنجومەنی پارێزگای هەڵبژارد. ئەو ئەنجومەنە، لە بەرامبەردا، توانی پارێزگارێکی بەئەزمون بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵبژێرێت کە عەرەبێکی سوننە بو بەوپێیەی سوننە زۆرترینی دانیشتوانی نەینەوا پێکدەهێنن. ئەو پارێزگارە زۆر ڕێزی لێ دەگیرا و پێشتر پلەی لیوای سەربازی هەبو کە براکەی لەلایەن سەدام حسێنەوە کوژرابو هەروەها خۆیشی بۆ ماوەیەکی درێژ دەستبەسەر کرابو.

بەگرنگییەوە، من دەسەڵاتی شەرعیم هەبو کە پێویست بو، هەروەها ئەو هێزانەش کە پێویست بون بۆ ڕاگرتنی ئەو دەسەڵاتە ئەگەر پێویستی بکردایە. من ڕێگریم نەبو لەوەی کە لەوە زیاتر ڕۆڵ ببینم.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

هێزەکانی ئەمەریکا ئەمڕۆ بەئاشکرا دەسەڵاتی کەمیان هەیە، ئەمریکییەکان لە ساڵی (٢٠٠٣)دا ژمارەیان زۆر و پسپۆڕی زۆریان تێدابو. ئێستا ئەو دەسەڵات و مۆڵەتەیان نیە کە ئێمە لە سەرەتاکانی (٢٠٠٣)دا هەمانبو. بەڵام هێزە پشتیوانکەرەکانی کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ساڵی رابردودا بۆ هێزە عێراقییەکانی دابین کردوە، وەکو لایەنی هەواڵگری و چاودێری و لێکۆڵینەوە و راوێژکاری و لۆجستی، رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەو سەرکەوتنەی عێراقییەکان بەدیان هێناوە لە رومادی و فەلوجەو تکریت و بێجی و گەیارەو ناوچە بەشەڕ هاتوەکانی تر.

گومانم نیە لەوەی لایەنە هاوپەیمانەکان لە چەند هەفتەی داهاتودا زیانی گەورە دەگەیەنن بە گروپی تیرۆریستی داعش لە موسڵ کە رەنگە ئەو شەڕەی ئەوێ بەو جۆرە چڕنەبێت وەک هەندێک لێ ترساون. بۆیە، گەورەترین پێشهات لە موسڵ بریتی نابێت لە روخانی داعش، هێندەی بریتی دەبێ لەو ئەرکەی کە روبەڕوی ئێمە بوەوە لە (٢٠٠٣): بۆ زامنکردنی قۆناغی دوای ناکۆکی و پێکدادانی ئەمنی و پرۆسەی دوبرە بنیاتنانەوە و لەسەرو هەموشیانەوە هێنانەکایەی دەسەڵاتی ناوخۆ کە نوێنەرایەتی هەموان و بەرپرس بێ بۆ خەڵکی. هەمو ئەمانە، پێویستە بەپلەی یەکەم لەلایەن عێراقیەکانەوە هەوڵی بۆ بدرێ بەلایەنگرییە جیاوازەکانەوە و بەبێ زۆرلێکردن و هەروەها بەبێ بونی ئەو سەرچاوە و دەسەڵاتانەی کە ئێمە بەدەستمانەوە بون.

سەرکردەی لایەنە جیاوازە عێراقییەکان پێدەچێت میلیشیای تایبەت بە خۆیان هەبێت و هەروەها پێدەچێت چەندین قۆناغی نزیکبونەوە لەلێواری دارمان بێتەدی لە قۆناغی دوای سنورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و دەسەڵات گرتنەدەست و دابەشکردنی دەسەڵات و سەچاوەکان. ئەگەر ئەو پێشهاتانە بەس نەبن، ئەوا پێشهاتی دیکە لە ئێران هەڵدەقوڵێت و میلیشیا شیعە مەزهەبەکانیش پشتیوانی لێ دەکەن، هەروەها پێشهاتی دیکە لە تورکیاو دراوسێ عەرەبە سوننە مەزهەبەکانەوە سەرهەڵدەدات و تەنانەت پێشهاتی تر لە هەرێمی کوردستانەوە سەرهەڵدەدات کە دەیەوێ ناوچە جێناکۆکەکان بگەڕێنێتەوە ژێر دەستی خۆی کە لە ئێستادا ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدان.

هەوڵەکان لە موسڵ و نەینەوا لە بەهارو هاوین و سەرەتای پایزی (٢٠٠٣)دا زۆر سەرکەوتو بون. لەکۆتاییدا، هەرچەندە دواتر ئەو سەرکەوتنانە کشانەوەیان بەخۆوە بینی بەهۆی نەتوانینی دەسەڵاتدارانی عێراق لە بەغدا بۆ پەسەندکردنی ئەو دەستپێشخەرییانەی هەوڵمان بۆ دا لە پێناو ئاشتەوایی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی بەعس کە لەلایەن ئیئتیلافی کاتیی حوکم کرابونە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی و لەرێی لیژنەیەکەوە بەناوی (لیژنەی ریشەکێشکردنی بەعس)، هەروەها بەهۆی دورخستنەوەی سەدان هەزار سەربازی عێراقی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەرکرابون و بێکار بون.

## بەشی چوارەم

یەکێک لە پێشهاتە سەرەکییەکانی دیکە بریتی بو لە نەبونی ئاراستەیەکی رون و سەرچاوەکان لە بەغداوە بۆ چالاکیی وەزارەتەکان لە نەینەوا. ئەو شکستانە بونە هۆی ئەوەی دواجار یاخیبونی سوننەکان چڕتر ببێتەوە لە موسڵ کە پێشتر لەناوچە سوننەنشینەکانی تر هەبو لە عێراق. عەرەبە سوننە مەزهەبەکانی نەینەوا چەند هۆکارێکی کەمیان بەدەستەوە بو کە پشتیوانییان لە عێراقی نوێ کرد، لە راستیدا تێبینی زۆر دەکرا کە زۆر بەتوندی یاخود لەڕێی تاکتیکییەوە دژایەتیی عێراقی نوێیان دەکرد.

بەڕونی چەند وانەیەک هەن پێویستە فێریان بین لە ئەزمونی رابردومان و هەروەها لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی (٢٠١١). بەتایبەت کە ئەو وانانە دەبو جێبەجێ بکرانایە لەگەڵ پێداویستییەکانی حکومەتێکی گشتگیر و نوێنەرایەتی و بەرپرسدا.

لە کەیسی موسڵدا، عەرەبە سوننەکانی نەینەوا بەتایبەت، پێویستیان بە دڵنیایی تەواو هەیە لەوەی کە بەرژەوەندییە پێویستەکانیان بەرجەستە بکرێ لە موسڵی نوێ و نەینەوادا. بەڵام چی دەربارەی هاوڵاتیانی کوردی نەینەوا (بەلایەنگرانی پارتە جیاوازەکانەوە) هاوشێوەی عەرەبە شیعەکان و هەروەها تورکمانە شیعە و سوننەکان و ئێزدی و مەسیحی و شەبەک و ژمرەیەک خێڵ و پێکهاتەی تر.

باشترین ئامراز بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بریتی دەبێ لە ئەنجومەنی پارێزگا وەک ئەوەی کە لە ساڵی (٢٠٠٣) پێکهێنرا و لەرێی پرۆسەیەکی هاوشێوەی گشتگیر. گرنگترین شت، میلیشیا شیعەکان رۆڵ نابینن لە قۆناغی دوای داعش و دەسەڵاتدا. لەبەرئەوەی نەینەوا و پارێزگا عەرەبیە سوننەکانی دیکەی عێراق بەدەست کەمیی سەرچاوەی وزەوە دەناڵێنن، شێوازی ئۆتۆنۆمی دەستورییانەی کوردەکانیش بژاردەیەک نیە قابیلی جێبەجێکردن بێت. جگە لەوەش، بەغدا حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران پێویستیان بەوەیە ئامادە بن بۆ پابەندبونی رونتر لەبارەی ئاستی سەرچاوەکان، هەروەها رەنگە گرەنتی ئەوە بدات کە ئۆتۆنۆمیەکی گەورەتر بدات لە دیاریکردنی خەرجییەکاندا. ئەو ئەرکەی روبەڕوی عەبادی دەبێتەوە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام تاکە رێگا بۆ بەرەوپێشچون بریتییە لە روبەڕبونەوەی پێشهاتەکان و کارکردن بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکان و فشارخستنەسەر لایەنە ناکۆکەکان بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ قەیرانەکان بەپشتیوانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا.

پرۆسەی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی قۆناغی دوای داعش قورس و ئاڵۆز دەبێ. بەڵام شکستهێنان بە داعش و دابینکردنی گەورەترین بڕە داهات بۆ دڵنیابون لە هێنانەکایەی سەرکەوتنی زیاتر و دەستپێشخەری دوبارە بنیاتنانەوە، ویلایەتە

## بەشی چوارەم

یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هاوئاهەنگ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی کاریگەریی بەرچاویان دەبێ لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانەکان و پێویستیش دەکات کە مومارەسەی ئەو کاریگەرییانە بکات.

سەرچاوە - واشنتۆن پۆست

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## بەشی چوارەم

# قۆناغی ئازادکردنەوەی موسڵ کۆتایی داعش نییە



کیسرا ئەحمەد

دو ساڵ زیاترە لەهەمو سەردەمەکانی تر، زیاتر مرۆڤ لەم ناوچەیە کوژراوە، قەتڵوعام کراوە، بەهەزاران چەکی جۆراوجۆر لەم ناوچەیەدا تاقیکراونەتەوەو نراوە بەگروپە توندڕەوەکانەوە، لەسەرو هەمویانەوەو بەپلەی یەکەم داعش.

دو ساڵ زیاترە جگە لەخۆمان کە لەپێشی پێشەوەین، سەرباری هەمو ئەمانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەدورەوە کەوتونەتە نارەحەتیو دەستی داعشو ئەمسالەکانی پێگەیشتوە، بەڵام لەو ماوەیەدا هەنگاوەکان وەک پێویست نەبونو لەدیفاکتۆدا نەهاتونەتە پێشەوە، جموجوڵەکانی ئێستا بۆ رزگارکردنەوەی موسڵ بەتایبەت لەهەفتەی رابردووەوە گەرموگوڕیی تێکەوتوەو سەردانو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەخۆڕا نین، سەردانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو نوێنەری ئۆباماو تەرخانکردنی بڕە پارەیەک بۆ ئاوارەکان لەچاوەڕوانی دەستپێکی پرۆسەکەدا، لەچوارچێوەی ئەو پلانەیە کە بەجدییەت ئەمجارە گیراوەتە بەر.

لەلایەکی ترەوە گفتوگۆکانی جۆبایدن لەگەڵ مەسعود بارزانیو حەیدەر عەبادیو دواتر پەیوەندیی نێوان هەردوکیان لەسەر پرۆسەی ئازادکردنەوەکە، دیوێکی تری ئەو هەوڵانەیە کە ئەمریکا دەخوازێتو گرتویەتییەبەر بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە بۆئەوەی لەگەڵ دەستپێکدا کەمترین گرفت روبەڕوی ئەو هێزانە ببنەوە کە بەشداری پرۆسەکە دەکەن کە بێگومان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق دو کارەکتەری سەرەکی دەبن.

گەرموگوڕی ئەم هەوڵانەی ئەمریکا لەم ساتەوەختەدا رەنگبێت پەیوەندی بەنزیکبونەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکاشەوە هەبێت، پێدەچێت دیموکراتەکانی دەسەڵاتدار بیکەنە دەستکەوتێکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی

## بەشی چوارەم

ئەمریکییەکان لەهەڵبژاردنی داهاتوی سەرۆکایەتیدا تاکو جارێکی تر سەرکەوتن بەدەستبهێننەوە بەرامبەر بەدۆناڵد ترەمپی کاندیدی کۆمارییە رکابەرەکەیان.

بەهەرحاڵ، پرۆسەی رزگارکردنەوەی شاری موسڵ قورسترین پرۆسە دەبێت، بەوپێیەی دووەم گەورەترین شاری عیراقە، هەروەها ماوەی دو ساڵیشە داعشەکان لەوێنو شوێن پێی خۆیان تیادا قاییم کردوە، شەڕی موسڵ بەبێ قوربانییەکی گەورە کۆتایی نایەت، هەم ئەو هێزانەی بەشداری شەڕەکە دەکەن، هەمیش لەناو شاری موسڵدا چ لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە بێت یاخود ئەو بارمتەو دیلانەی کە چەند ساڵێکە داعش گرتونیو دەستبەسەری کردون، چونکە سروشتی گروپە تیرۆریستییەکان بەوشێوەیەیە، لەگەڵ شکستدا دەستبەرداری دیلەکان دەبنو لەکۆتا خولەکیشدا بێت کاری توندڕەوی خۆیانیان بەرامبەر دەکەن، دەبێت هەمو لایەک خۆی بۆ ئەو قوربانیدانە ئامادەکردبێت، لەگەڵیشیدا ناتوانرێت بەزوترین کات شاری موسڵ ئازاد بکرێتەوە، هەمیشە پرۆسەی ئازادکردنەوەکان لەشەڕی دژی داعشدا خاون، ئەویش بەهۆی ئەو بۆمبو تەقەمەنیانەی دەیچێنن یاخود ئەو تونێلانەی دروستیان کردوەو زەویان بۆ کەندر کردوە، ئەمانە هەمو ئاستەنگێکن کە روبەڕوی هێزەکان دەبنەوەو بونەتەوە لەشوێنەکانی تر، چ جای ئەوەی لەشارێکی گەورەی وەک موسڵدا کە دو ساڵە دەستی بەسەردا گیراوە.

ئەوەی تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوەو کێشەی زۆری دروستکردوە، مەسەلەی چەکدارەکانی تری وەک حەشدەکانن، بەوەتەنیو شەعبییەوەو تورکمانیش لەولاوە بوەستێت، ئەمانیش دەیانوێت پشکی خۆیان لەو شەڕەدا بەرکەوێت.

رۆژی شەممە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق بەسەردانێک گەیشتە گەیارەی تازە رزگارکراو و گەڕانێکی بەناو کوچەو کۆڵانەکاندا کرد. دوای ئەوەی لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکاندا لەوێ کۆبۆوە، گەڕایەوە بەغدا.. ئێوارەی هەمان ئەو رۆژەش بەسەدان سەربازی ئەمریکی گەیشتنە گەیارە کە پێشتریش بنکەیەکی سەربازی ئەمریکییەکانی لێبو لەدوای پرۆسەی ئازای عیراقەوە.

بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکا لەوبارەیەوە وتیان، سەدان سەربازی ئەمریکا گەیشتونەتە بنکەی سەربازی گەیارە بۆئەوەی پشتیوانی لۆجستی هێزە عیراقییەکان بکەن کاتێک پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ دەستپێدەکات، ئەوەشیان وتوە ئەمریکا پلانی هەیە ئەو بنکەیە سەرلەنوێ تازە بکاتەوەو فرۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانانی تیادا جێگیر بکات، چاوەڕوانیش کراوە مانگی داهاتو سەعاتی سفر بێت بۆ دەستپێکی پرۆسەکە. پێشبینیشیان کردوە ئێستا چوار هەزارو پێنج سەد چەکداری داعش لەناو شاری موسڵدا بن.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

ئامادەکارییەکان لەلایەنی سەربازییەوە بەردەوامن، هەروەها لەلایەنی مرۆییشەوە خەمی ئەو خەڵکە دەخورێت کە ئاوارە دەبنەوەو چاوەڕوانی هەوایەکی ئازادی دەکەن لەدوای ئازادکردنی شارەکەیان کە دو ساڵە لەژێر ئازارو میحنەتی داعشدا دەناڵێنن، چاوەڕوانییەکان ئەوەن زیاتر لەیەک ملیۆن هاوڵاتی ئاوارەبن ئەگەر بەسەلامەتی لەچنگی داعش رزگاریان ببێت.

دەرەنجام ئەوەیە، داعش بەرزگارکردنی موسڵ کۆتایی نایەت، پێویستە ئەم هێزانە لەسوریاو رۆژئاوای کوردستانیش بەهەمانشێوە پلانی بەشداریو هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکان دابنێت نەک بەڵایەک لەخۆمان دوربخرێتەوەو بنێردرێت بۆ شوێنێکی تر، پێویستە لەوێش لەرەگو ریشەوە هەڵبکەنرێن، سەعاتی سفر بۆ لێدانی داعش سەعاتی سفر بێت لەهەمو ئەو ناوچانەی زیاتر لەدو ساڵە مرۆڤ دەکوژرێتو دەردەپەرێنرێت.. کەواتە قۆناغی ئازادکردنەوەی موسڵ قۆناغی کۆتایی داعشو بەڵای تیرۆر نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر نیوز - رێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ئازادکردنەوەی موسڵ کۆتایی داعش نییە



**سەروەت هەڵەبجەیی**

چەند ساڵێکە وشەی داعش بەشێکی دانەبڕاوی هەواڵ و راپۆرتی میدیاکان و بابەت و نووسینی شرۆڤەکاران و لێکۆڵەرانی عیراق، ناوچەکە و جیهانە. کردەوە تۆقێنەر و دژە مرۆڤانەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستییە وایکردووە بە هەڕەشەیەک لە سەر کۆی گشتی وڵاتانی جیهان دابنرێت. تیرۆری داعش وایکردووە لە سوریا، عیراق و لیبیا تا فەرەنسا، بەلجیکا، ئەڵمانیا و ئەمریکا خەڵک هەست بەم مەترسییە گەورەیە بکەن و پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەشی بخرێتە چوارچێوەی پلان و بەرنامەکانی وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی زلهێز و کاریگەر.

ئەوەتا دەبینین لە چەندین هاوپەیمانێتیدا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵی بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی ئەم گرووپە تیرۆریستییە دەدرێت. لە لایەکەوە ئەمریکا سەرکردایەتی بەرەیەکی دژ بە داعش دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە روسیا بە پێکهاتەیەکی دیکە و ستراتیژێکی جیاواز هەنگاو بەرەو ئەم ئامانجە دەنێت.

درەنگ یان زوو داعش لە رووی سەربازییەوە تووشی شکستێکی گەورە دەبێت و لە ئێستاشدا ئەو لاوازبوونەی پێوە دەبینرێت و توانای هێرشکردنی نەماوە و چووەتە قۆناغی بەرگرییەوە، چاوەڕوانیش دەکرێت بە کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە لە سوریا و موسڵ لە عیراق ورەی داعش لە ڕووی سەربازییەوە برووخێت. ئەمە تا چەندە مسۆگەر دەبێت یان نە، دەتوانین بڵێین کە داعش لە پاش کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بەرەو کۆتایی ناڕوات. هۆکارەکانی ئەمەش زۆرن و دەتوانین ئاماژە بە چەندین هۆکاری گرنگیان بدەین.

بمانەوێت یان نەمانەوێت داعش بووەتە بیر و هزرێک و لایەنگریشی هەیە، کەواتە دەبێت وەک چۆن لە رووی سەربازییەوە

## بەشی چوارەم

هەوڵی دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی داعش دەدرێت، بە پێویستیش دادەنرێت لە رووی ئایدۆلۆژیاشەوە دژایەتی ئەم بیر و هزرە توندڕۆ و تەکفیرییە بکرێت کە بە بۆچوونی من تا ئێستا وەها هەوڵێک سەرکەوتوو نەبووە یان بە لاوازی جێبەجێ کراوە.

لە لایەکی دیکەوە یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکان لە گەشە و چالاکی داعش وەک گرووپێکی تیرۆریستی، سەرچاوە داراییەکانی بووە. هەرچەندە دەوترێت داعش دەستی بە سەر کێڵگە نەوتییەکاندا گرتووە و بازرگانی بە نەوتەوە دەکات و تەنانەت هەندێک رێوشوێنی دیکەی بە مەبەستی دابینکردنی بودجەی پێویست بە خۆی گرتووەتەبەر، بەڵام بابەتێکی روون و ئاشکرایە کە دەستێکی دیکە لە پاڵ ئەمەوە دەبینرێت و داعش لای ئەوانەوە پاڵپشتی دارایی و سەربازی دەکرێت. واتە تا ئەو کاتەی ئەم سەرچاوانە وشک نەکرێن و داعش توانای خۆڕێکخستن و گەشەی هەبێت، هەمان هەڕەشە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

شانە نوستووەکانی داعش لە عیراق بە یەکێکی دیکە لە هەڕەشەکانی ئەم گرووپە لە پاش ئازادکردنەوەی موسڵ دادەنرێت و پێویست بە هەوڵێکی هەمەلایەنەی هێزە ئەمنییەکان دەکات و بێگومان وەک چۆن لە ماوەی چەندین مانگی ڕابردووش بینراوە و تەقینەوە و کردەوە خۆکوژییەکانی بەغداش پیشانی داوە، دەتوانین بڵێین کە لە داهاتووشدا داعش لە عیراق وەک هەڕەشەیەک لە سەر هاووڵاتیان دەمێنێت و نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە داعش بە ئازادکردنەوەی موسڵ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە عیراق و عیراقییەکان دەکات.

هاوکات بەستێنی ململانێکان لە عیراقی ئەمڕۆ وایکردووە ئەگەری گرژی و ئاڵۆزییەکان لە پاش شەڕی موسڵیش لە ئارادا بێت، لەم ماوەدا ئەوەمان بینی کە حکومەتی عیراق و هەندێک لایەنی ئەم وڵاتە باسیان لەوەدەکرد کە پێویستە پێشمەرگە واز لەو ناوچانە بێنێت کە لە شەڕی داعش کۆنترۆڵی کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەزانین هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە خوێنی خۆیان سەر و ماڵی هاووڵاتیانیان لەو ناوچانە پاراستووە و تێچوویەکی زۆریان لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەرکەوتووە.

لە لایەکی دیکەشەوە هەردەم لە عیراقی پاش ۲۰۰۳ ململانێ و کێشەی نێوان سوننە و شیعە هەبووە و بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبیش بووەتە مایەی نیگەرانی لایەنی سوننە.

ئەگەر لێکدانەوەیەکی کورتیش بۆ ڕەوشی ئێستای لایەنە سیاسییەکان و ناکۆکییەکانیان سەبارەت بە شەڕی موسڵ و

## بەشی چوارەم

پاشەڕۆژی ئەو شارە بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەمان ناکۆکی و خاڵی جیاواز بوونی هەیە و ئەمەش دەرفەتێکی لەبارە بۆ داعش کە کەڵکی پێویستی لێوەربگرێت و دیسانەوە خۆی ڕێکبخاتەوە و لە داهاتووشدا ئەگەر وەک ساڵی ٢٠١٤ نەبینرێت ڕەنگە بە کردەوەی خۆکوژی و تەقینەوەکان دیسانەوە عیراق و عیراقییەکان بکاتە ئامانج.

ئەگەرچی ئازادکردنەوەی موسڵ و شکستی داعش هەواڵێکی خۆشە و خەڵکێکی زۆریش لە چاوەڕوانی وەها ڕۆژێکن، بەڵام نەبوونی پلانێکی بەهێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدۆلۆژیای داعش، بەردەوامی پاڵپشتی هەندێک وڵات و دەستی شاراوەی یارمەتیدەری داعش لە رووی دارایی و سەربازی و بەستێنی ئامادەکراو بۆ چالاکییەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستییە لە داهاتووی عیراق وایکردووە کە بڵێین ئازادکردنەوەی موسڵ کۆتایی داعش نییەو ڕەنگە بۆ ماوەیەک شێوازی کار و چالاکی ئەم گرووپە بگۆڕێت، بەڵام مەترسییە گەورەکەی هەر لە سەر عیراق و عیراقییەکان دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ئاماژە شەڕی موسڵ و مەرجەکانی هەرێم




**فەرید ئەسەسەرد**

بەبێ ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسی، وەک هەرێم دەیویست، سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردنی پارێزگای نەینەوا پاش ڕزگارکردنی لە داعش، بێتە دی، هەرێم ڕەزامەندیی لەسەر بەشداری کردن لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ نیشاندا. ڕەزامەندییەکە خۆی لەخۆیدا لاوازیی دیپلوماسیەتی هەرێم دەردەخا، چونکە هەرێم پێشتر نەیدەویست بەبێ مەرج بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بکات. دواتر، هیچ مەرجێکی سەرەکیی بۆ نەچوە سەرو وردە وردە دەستبەرداری یەک بەیەکی مەرجەکانی بوو.

لە ڕوی ئاسایشی نەتەوەیەوە، هەرێم بە دورکەوتنەوەی داعش لە سنورەکەی، بڕێکی زۆرتری سەقامگیری بۆ خۆی دابین دەکاو لە هەڕەشەی بەردەوامی تیرۆر ڕزگاری دەبێ. ئەم ئامانجە بە بەشداریکردنو بەشداری نەکردنی هێزی پێشمەرگە هەر دەهاتە دی. بەڵام، لەلایەکی ترەوە، پێشنازکردنی چەردەیەک مەرج لەلایەن هەرێمەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهێنا کە بەرامبەر بە وازهێنان لەو مەرجانە، مووچەی هێزی پێشمەرگە تا دوای تەواوبونی ئۆپەراسیۆنی موسڵ دابین بکات.

هەرچەند ڕەزامەندیی ئەمریکا لەسەر دابین کردنی ئەو موچەیەی هێزی پێشمەرگە کە حکومەتی هەرێم پێی دابین ناکرێ، خۆی لە خۆیدا بایەخی خۆی هەیەو لە هەلومەرجی قەیرانی داراییدا هەر دەبێ بە دەستکەوت بژمێردرێ، بەڵام ئەو زیانەی کە بە وازهێنانی هەرێم لە مەرجەکانی بەری کەوتووە، گەورەترە لە دەستکەوتی دابین کردنی مووچەی هێزی پێشمەرگە بۆ چەند مانگێک.

هەرێم دەیویست پێش ئۆپەراسیۆنەکە ڕێککەوتنێکی سیاسی سەبارەت بەشێوەی بەڕێوەبردنی تەواوی پارێزگای نەینەوا


سەرچاوە Serchawe

بێنێته دی كه تێیدا هەرێم ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکە بە هاوبەشی لە قۆناغی یەکەمداو لە دیاری کردنی چارەنوسیدا لە قۆناغی دووەمدا هەبێ. بەڵام ئەم پێشنیازە لەلایەن بەغداو بەشێکی گروپەکانی پارێزگاکەوە ڕەت کرایەوەو ئەمریکییەکانیش بەدڵیان نەبوو، بەتایبەتی کە گومان هەبوو هەندێ لایەنی دەرەکیو هەندێ گروپی ناو موسڵ بتوانن ڕێککەوتنەکە بە ئاراستەیەکی خراپدا ببەن. سەرباری ئەوەی کە ڕێککەوتنە پێشنیازکراوەکە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا نەدەهێشتەوەو ڕەوشێکی ئاڵۆزی لە پارێزگاکەدا دەهێنایە دی.

هەرێم بیرۆکەی دابەشکردنی نەینەوای بەسەر چەند پارێزگایەکدا هێنایە پێشو لەم ڕووەوە زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوو پێش ڕزگارکردنی موسڵ پارێزگای تازە لە سنوری پارێزگای نەینەوا پێک بهێنرێ. کاتێک ئەم پێشنیازە ڕەت کرایەوە، هەرێم هەموو هەوڵەکانی لەسەر ئەوە چڕ کردەوەکە بەڵێنی پێ بدرێ کە دەمو دەست پاش ڕزگارکردنی موسڵو پێش ئەوەی پارێزگاکە ببێ بە هەرێم، دەست بە دابەش کردنی پارێزگاکە بکرێ. بەڵام هەرێم هیچ بەڵێنێکی لەو جۆرەی پێ نەدرا. پێشبینی دەکرێ نەینەوا پاش ڕزگارکردنی، هەنگاو بۆ دروست کردنی هەرێم بنێ. لە دۆخێکی وادا قەزاکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبن بە پارێزگا بەڵام ئەوسا مافی ئەوەیان نابێ یەکلایەنە بڕیار لە جیابونەوە بدەن. هەرێم زۆرتر مەبەستی بوو دوو پارێزگا، یەکێک لە شنگالو ئەوی تر لە دەشتی نەینەوا لە قەزاکانی شێخانو تلکێفو قەرەقوش پێک بهێنرێ.

ئەو ڕێککەوتنەی کە هەرێم لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا واژۆی کردووە، ئەوە بەسەر هێزی پێشمەرگەدا دەسەپێنێ کە پاش شەڕەکە لە هەموو زەوییەکان بکشێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی لێدوانەکانی لەمەوبەرە کە تێیدا دەوترا هەر زەوییەک هێزی پێشمەرگە بە خوێن بیگرێ، نادرێتەوە.

هەرێم هەر لە سەرەتاوە دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی وەستایەوە بەڵام لە کۆتاییدا دستی لەم مەرجە هەڵگرت.
پێشی خۆش نەبوو، هێزی پێشمەرگە ملکەچی سەرکردایەتیی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکە بێ بەڵام ئەمریکییەکان هانیان دا پێ لەسەر ئەم مەرجە دانەگرێ.

دوو گروپ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا دەکەن کە هەولێر حەز ناکا بەشداری بکەن، یەکێکیان هێزەکانی حەشدی ئێزدییەکانەو ئەوی دیکە هەندێ یەکەی پەکەکەیە. سەرباری ئەوەی کە گروپەکەی نوجەیفیو لە پشت ئەوەوە هەندێ لایەنی ناو هەرێم، هەوڵی لێبڕاوانەیان بۆ بەشداری پێکردنی هێزە تورکییەکانی سەربازگەی بەعشیقە دا، بەڵام هەوڵەکەیان هیچی لێ سەوز نەبوو.

## بەشی چوارەم

لە ئۆپەراسیونی موسڵ ئومێدێکی زۆر لەسەر توانای شەڕکەرانەی هێزەکانی نوجەیفی هەڵناچنرێ. هێزی پێشمەرگەش، بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەولێر دەیویست، زۆرتر رۆڵی پشتیوانی پێ سپێردراوەو سنوری جموجوڵی بۆ دیاری کراوە، وا دانراوە کە تەنها لە کاتی پێویستدا رێی پێ بدرێ بچێتە ناو موسڵ، دواتریش هەر کات داوای لێ کرا دەبێ چۆڵی بکات.

شەڕی موسڵ شەڕێکی چارەنوسسازەو پاش یەکلابونەوەی دەبێتە مایەی کردنەوەی چەند فایلێکی هەستیار لەوانە فایلی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ داعش لەکاتی گرتنی موسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ و فایلی کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگاکەو فایلی چۆڵ کردنی شنگالو چەند فایلێکی دیکەی هەستیار. ئەمە بەم واتایە دێت کە رزگارکردنی موسڵ لێی رادەبینرێ شەڕی سیاسیی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە بەدڵنیاییەوە کاریگەری زۆری لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## بەشی چوارەم

# قۆناغی دوای داعشو چارەنووسی کورد



**رەسوڵ بۆسکێنی**

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەک ڕووداوێکی لە ناکاو سەریهەڵدا و لە ١٠ - ٦ - ٢٠١٤ شاری موسڵی داگیر کرد و لە ماوەیەکی کەمدا سنوورێکی فراوان لە ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد.

ئەگەرچی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا داعش لە عیراق دووچاری شکستێکی گەورە بۆتەوە و ناوچەیەکی زۆری لە دەستداوە کە پێشتر داگیری کردبوو، بەڵام هێشتا شاری موسڵ و چەند ناوچەیەکی تری بەدەستەوەیە.

هێزە عیراقیەکان بەهاوکاری هاوپەیمانان لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شارەدان، هێرشە پچڕپچڕەکانی سوپای عیراق لە باشووری پارێزگای نەینەوا و باکووری سەلاحەدین لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندایە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی ئازادکردنی شاری موسڵ.

ئامانجی داهاتووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و عیراق ڕزگارکردنی شاری موسڵە کە بە حەشارگەی سەرەکی داعش هەژمار دەکرێت.

بە پێی زانیارییە ئەمنییەکان و لێدوانی بەرپرسانی سەربازی عیراقی و ئەمریکی لە ماوەیەکی نزیکدا شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ و ڕزگارکردنی لە دەست داعش دەستپێدەکات، بە هۆی ئەو شەڕەوە پێشبینی دەکرێت نزیکەی یەک ملیۆن کەسی دیکە لەو پارێزگایە ئاوارەی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی تر بن.

دوای سەردانێکی بۆ عیراق (یولخیم رۆکەر) دیپلۆماتکاری ناوداری ئەڵمانی و نوێنەری هەمیشەیی ئەڵمانیا لە ڕێکخراوی

## بەشی چوارەم

نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ئاماژەی بەوەكرد، مەزندە دەكرێت زیاتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتیی عیراقی ناچاربن ماڵەكانی خۆیان جێبهێڵن بە هۆی شەڕی داعشەوە، دوورنییە بارودۆخی خراپی داعش هەندێك لە خەڵكانی خۆیان بە تایبەتی ئەو كەس و مندالآنەی لە سەر مەشق ڕاهێنراون، خۆیان بخزێننە كاروانی ئاوارەكان و بێن لە كوردستان وەك ئاوارەیەك نیشتەجێ بن، ئەمەش مەترسیەكی گەورەیە لە داهاتوودا كاریگەری نەك لەسەر عەرەبە ئاوارەكان، بەڵكو كاریگەریان لەسەر كوردیش هەبێت.

بەهار عەبدولڕەحمان بڕیاردەری لیژنەی پێشمەرگە لەپەرلەمانی كوردستان رایگەیاند: پێشبینی دەكرێت چەكدارەكانی داعش ئەو مندالآنەی لە فێرگەكانی ئەو ڕێكخراوە ڕاهێنانیان پێكراوە، خۆیان بخەنە ناو ئەو ئاوارانە روو لە هەرێمی كوردستان بكەن، وەك ئەوەی ڕوویان لە ئەوروپا كردووە. وتیشی گرنگە لایەنی ئەمنی كوردستان ئەو پرسە بە گرنگ وەربگرێت و خۆی بۆ ئامادە بكات، چونكە پرسی ئاوارە و پرسی ئەمنی دوو بابەتی لە یەكتر جیاوازن.

هەرێمی كوردستان بە هۆی حەواندنەوەی ئاوارە و كاركردن بۆیان ناوبانگی زۆری لە دنیا پەیداكردووە و زۆربەی هاوكاریەكانی ولآتانیش بەو هۆیەوە بووە، بەڵام پرسی ئەمنی بابەتێكی جیایە، باشتروایە ئاوارەكان كەمپی تایبەت بەخۆیان هەبێت و تێكەڵ بە خەڵكی هەرێمی كوردستان نەكرێن، بە كەمپەكان زیاتر دەتوانرێ كۆنترۆڵی ئەو كەسانە بكرێت كە داعشن، یان هەڵگری بیروڕای داعشن و لە بەرگی ئاوارەدا ڕوو لە كوردستان دەكەن.

سوپای عیراق بە هاوكاری گروپە چەكدارەكانی تر و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی زۆرێك لە خاكی ژێر چنگی داعشیان ئازاد كردووە.

هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بۆ كۆنترۆڵ كردنەوەی موسڵ لە كۆبونەوەیەكی فراواندا لە ئەمریكا بەبێ نوێنەرایەتی كورد تاوتوێی هەنگاوەكانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڕێكخراوەیان كرد، ئەوەش كاردانەوەی بەرپرسانی هەرێمی كوردستانی لێكەوتەوە، چونكە كورد لایەنێكی سەرەكی ئەو شەڕەیە، پشتگوێ خستن و خەمساردی بەرامبەر بە كورد زیان بە پرۆسەكە دەگەیەنێت، بێگومان دوای جەنگی داعشیش بارودۆخی ناوچەكە بابەتێكی ئاڵۆزە بە تێڕوانین لە كێشە ناوخۆییەكان ئەوە ڕەچاو دەكرێت بۆ لە مەودوای شەڕی داعش سروشتی بەردەوامی ململانێكان و گۆڕانكاری جوگرافی سیاسی ناوچەكە بەردەوام بێت.

ئێمە قسەمان لەسەر موسڵ و هەرێمی كوردستانە، لە ڕووكەشدا شەڕەكە دژی داعشە، بەڵام لە راستیدا شەڕێكی مەزهەبی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

ئیتنییە، گۆڕەپانی شەڕەکەش ناوچەی سوننەنشین و خاکی کوردە، هەرچەندە کورد لە شەڕی داعش قارەمانی زۆری نواند و قوربانی زۆریداوە، گورزی بەهێزیشی لە داعشداوە، ڕەوتی ڕووداوەکان ئاماژە بۆ لاوازبوونی داعش و لە دەستدانی بەشێکی زۆر لەتواناکانی لە پاشەکشێدایە، ئەمریکا و ڕۆژئاواش بەپەلەیە لە کۆتایی هێنان بە باڵادەستی سەربازی داعش لەناوچەکە یان هەرنەبێت بۆ ئەم قۆناغە.

لە ئێستادا ناوچەکە لە بەردەم گۆڕانکاریی قۆناغێکی نوێدایە ئەویش قۆناغی دوای داعشە، قۆناغی دوای داعش قۆناغێکی ئاڵۆزدەبێت، بە پێی ئاماژەکان گرژی و ئاڵۆزیی نێوان سوننەکان و شیعە بەردەوام دەبێت، بێ مەرجەعی شیعە و هەر گروپە ڕووی لە لایەک ئەوەش کێشەیەکی ترە، لە لایەکی دیکە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ئەگەرچی بەقارەمانێتی و گیانبازیی پێشمەرگەی کوردستان لە دەستی داعش دەرهێنراون و لەلایەن پێشمەرگەوە سەرپەرشتی دەکرێن، تائێستا وەکو کێشەیەکی ئاڵۆز و هەڵواسراو ماوەتەوە و چارەنووسی دیار نییە.

ئێستا داعش هۆکارێکە بۆ داپۆشینی هەموو ئەگەرەکان لە نێوان حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان هەموو هەستە شاراوەکان و بوغز و کینە نهێنیەکانی ناو دڵی دەسەڵاتدارانی بەغدا کپکراون، هەر کاتێک شەڕی داعش نەما ئەوا ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ بەغدا دەست پێدەکەن.

لەبەر ئەوە کورد پێویستە قۆناغی دوای داعش لەبەرچاو بگرێت و بەرچاوی روون بێت لە وەی پاش شەڕی داعش گۆڕانکاریەکان چۆن دەبن و چی ڕوودەدات، پاش قۆناغی شەڕی داعش یەکێک لە ئاماژەکان ئەوەیە فیدراڵی بۆ سوننەکان دروست بێت، ئەوەش بۆ خۆی کێشەیەکی دیکەیە.

پرسی ڕزگارکردنی موسڵ و مامەڵەکردن لەگەڵیدا پرسێکی ئاڵۆزە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لایەنە ناوخۆییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پێش ڕزگارکردنی موسڵ، ڕێکەوتن بکرێت لە نێوان حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆجێی موسڵ لە ڕووی سیاسی و سەربازی، پێویستی بەلێک تێگەیشتنی لایەنی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراق و حکومەتی خۆجێی موسڵ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەیە.

لەلایەکی ترەوە، بەرامبەر بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کوردی عیراق هەقە دیراسەیەکی وردی بۆ بکەن، چونکە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان لانی کەم ئەم ناوچەیەی ئێمە لە نێوان دەستێوەردانی خۆرئاوایی و سیستەمی خێڵەکی و مۆدێرنەتەیەکی شەرمن سەرگەردانە.

## بەشی چوارەم

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆژئاوا لە پشتگیری عەرەبێکی خێڵەکی و ئیشتراکی و ئەمڕۆش پشتگیری گروپی ئیسلامی و سیاسییە جۆراو جۆرەکان لە هەڵبەز و دابەزدا بووە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەش بە درێژایی ماوەی جەنگی سارد و ئێستا چەندین گۆڕانکاری لە پەیوەندی وڵاتانی ناوچەکە و خۆرئاوا هاتۆتە ئاراوە.

ئەگەرچی ئێستا زۆر کەس کورد و نیشتمانەکەی بە پێویستییەکی جیۆپۆلەتیکی دەزانن بۆ رۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا، بەهۆی بوونی هەڵکەوتەی جوگرافی و سامانێکی زۆری سروشتی و سامانێکی مرۆیی بە پیت لە بواری سەربازی، بەڵام مەترسی گەورە ئەوەیە شەڕی داعش کۆتایی بێت، لە دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ کورد مایەپوچ بێت و نەیتوانیبێت خۆی کۆبکاتەوە و هیچ بڕیارێکی نەدابێت.

لەبەر ئەوە گرنگە پێش کۆتایی هاتنی شەڕی داعش کورد بڕیاری کۆتایی خۆی دابێت، چونکە دوای کۆتایی هاتنی داعش مەترسی ئەوە هەیە ڕووداوەکان هێندە خێرابن کورد فریا نەکەوێت لەو کارانە بدوێت.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە ناکۆکیی توندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمە، جیاوازیان لە چەندین لایەنی وەکو سەرۆکایەتی هەرێم و سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم و چەندین شتی تر هەیە، دوورنییە بەهۆی دابەش بوونی هێزە ناوچەییەکان بێت، کە لایەنە سیاسیەکانی کوردی بەسەر دابەش بووە، زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا کورد مامەڵەیەکی لەبار و تەندروست بکات نەیەڵێت ململانێکان بە ئاقاری لاوەکی و نەشیاودا هەنگاو بنێن و مەبەستە سەرەکیەکە لە بار ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## دوای داعش، شەڕی دیکەی کورد



عەتا کەریم

لەدوای داعش، ئەگەر گۆڕانکاریی رووبدات، کورد چی دەچنێتەوە و چی بەردەکەوێت؟لەکاتێکدا چەند ئاماژەیەکی روون «فەرامۆشکردنی کورد» نیشان دەدەن، بەوەی لە کۆنگرە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان کە» هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدژی تیرۆر» سازیان دەکات، نوێنەری هەرێم بانگهێشت ناکرێت و تەنیا بانگهێشتی شەڕ دەکرێت لەدژی داعش!!. کە رەنگە ئەمریکا و هاوپەیمانان، بەدەستی بەتاڵەوە پێشمەرگە و کورد لە دوای داعش بکەنەوە دەرەوە و تەنیا رۆڵی کۆمبارسی ئۆپەراسیۆنی شەڕی دژبەتیرۆر بە کورد بسپێرن، ئەویش لەدەرەوەی وەرەقەی ئیمزاکراوی باوەڕپێکراو لەسەر ماف و داوای کورد لەجەنگی دوای داعش.

لەبیریشمان نەچێت هەرێمی کوردستانیش لە دۆخێکی خراپیش سیاسی و ئیداریی و ئابووری و داراییدایە، بۆشایی دەسەڵات و یاسایی هەیە و لەسەر ئاستی ناوخۆش پێشبینییەکان بۆ ئەوەن کە بڕکردن و قبوڵکردنی لە شەڕی دوای داعش، پێکەوە کۆتاییان دێت!. ئەوجا دیوەکانی ئەو خوێندنەوانەش «ئەگەر تا ئەوکات بەچارەسەرنەکراوی بمێننەوە» دڵخۆشکەر نابن.

داعش، کە پارێزگای نەینەوای لە عیراق کردۆتە سەنتەری دەوڵەتی خەلافەتەکەی، بەڵام سنوری هەڕەشە و مەترسییەکانی تەنیا لەو پارێزگایەی عیراقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چڕ نەبۆتەوە، بەڵکو سنووری ترسەکەی هەموو جیهانی تەنیوە.

داعش، جیا لەوەی وەک گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامی خۆی بەیان و وێناکردووە، ئەوا ژمارەیەکیشە کە هاوکێشە سیاسیی و هاوپەیمانێتی و گۆڕانکارییەکانیش قورس و سوک دەکات، بەرەی داعش و دژە داعشی لەسەر نەخشەی سەربازی و سیاسیی و

## بەشی چوارەم

کێکی بەرژەوەندییەکانیش هێناوەتە ئاراوە، بەجۆرێک ئەم دەوڵەتەی تیرۆریستان هاوپشتی راستەوخۆی نییە، بەڵام چەندین دەوڵەتی پشتیوانی و هێزی سێبەری نێودەوڵەتی هەیە، کە ئاسانکاریی بۆ دەکەن و هەروەها پشتیوانی دارایی و سەربازیش دەکرێن.

هەرێمی کوردستان، هاوسێی دەوڵەتە مەترسیدارەکەی داعشە لە رووی جوگرافییەوە، هەروەها نزیکەی دوو ساڵە لە شەڕدایە و قوربانی و شەهیدی زۆریشی هەیە، ئەم شەڕەش پێشمەرگەی کوردستانی کردە سیمبوڵی ئازایەتی و جەنگاوەری دیموکراسی، ئەوە «هێز و ئازایەتی پێشمەرگە» یە، کە کوردی خستۆتە نێو هاوپەیمانی دژە تیرۆر و وەزیر بەرگری وڵاتان و بەرپرسانی باڵا بۆ هەرێم کێش دەکات، ئەمریکا کە سەرکردایەتی ئەو بەرەی هاوپەیمانێتییەی دژ بە داعش دەکات، لەو راستیە گەیشتووە و تەنیا رێککەوتنیش کە کرابێت لەسەر پێشمەرگەیە کە رۆژی ١٢ - ٧ - ٢٠١٦ لە سەری رەش ، بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان ئێلیزا سلۆتکین، یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا کرا کە ٤١٥ ملیۆن دۆلار بەکۆمەڵێک پێشمەرج بە پێشمەرگە دەدرێت بۆ بەشداریکردنی لە ئازادکردنەوەی موسڵ .!

لەو یاداشتە بترازێت، هەرێمی کوردستان هیچ رێککەوتننامەیەکی ئیمزاکراوی نییە، هەم بۆ کۆتایی شەڕی داعش لەناوچەکە، کە گەرەنتینامەیەک بێت بۆ مافی کورد و چارەنووسی ئەو ناوچانەی پێشمەرگە ئازادیکردوون و ئازادیان دەکات! هەمیش چارەنووسی موسڵیش لەدوای شەڕی داعش نادیارە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر ناوچەی ناو موسڵ و دەوروبەری نەینەوا خاکی کورد و کوردنشینن!

هێشتا دەرفەت لەبەردەم سەرکردایەتی سیاسیی کورد دا ماوە، کە کۆدەنگی لەسەر «پرۆژەی ماف بۆ کورد لە دوای داعش» ئامادەبکەن و بیخەنەسەر مێزی گفتوگۆی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش و حکومەتی عیراق، شەڕی ماف و خاک بۆ کوردستان بکەن.. ئەمە شەڕی سیاسییەکانە و پێشمەرگەش شەڕی خۆی دەکات، ناکرێت کورد لەشەڕی دژ بەداعش براوەبێت، سەرکردایەتیش لەشەڕی سیاسیی بۆ مافی کورد دۆڕاوبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# موسڵو هەڵبژاردنو مراوی شەل



**سەربەست جیهاد**

وادەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ لەتشرینی یەکەمدایە. ئەگەر هیچ گۆڕانێکی دراماتیکی لەسەرزەوی بەدی نەیە وا دوو هەفتەی کۆتایی مانگی داهاتوو عەمەلیاتی ئازادسازی موسڵ دەستپێدەکات. ئەگەر شیمانەی شەڕی دەروونیو پڕوپاگەندەی جەنگ لەو خەبەرە دەرکەینو وادابنێین کە ئۆپەراسیۆنەکە لەوکاتە دەستپێدەکا وا ئازادسازی موسڵ هاوزەمان دەبێ لەگەڵ بێنەوبەردەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکاو دوای هەڵبژاردنو سوێندخواردنی سەرۆکی نوێ.

هەڵبژادن لەیەکەم سێشەممەی تشرینی دووەم بەڕێوەدەچێ، بەڵام تا ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو، سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو دەستبەکارنابێو سەرۆکی پێشوو کاروباری وڵات بەڕێوەدەبات. لەو فەترەیەدا سەرۆکو دەوڵەتو دامەزراوەکانی هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بەتایبەتی لەسیاسەتی دەرەوە نادەن (مەگەر شتێکی چاوەڕێنەکراوی وەک هەڵایسانی جەنگ دژی ئەمریکا یان هاوپەیمانێکی)و چاوەڕێ دەکەن سەرۆکی داهاتوو بەپێی نەخشەو ئەجێندای خۆیو ستافەکەی هەموو ئەو پرسانە یەکلاکاتەوە کە لە ١٠ هەفتەی دوای هەڵبژاردن بەهەڵواسراوی ماونەتەوەو پێویستیان بەبڕیارلێدانە. ئەمە شتێکە ئەمریکا ئولفەتی پێوەگرتووەو لەهەموو دەورەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک هەروا هاتووە. زاراوەی مەجازی (مراوی شەل) کە بۆ سەرۆکی کاربەڕێکەر بەکاردێ، تەعبیرە لەپەککەوتنی (کاتی) سەرۆکو سیاسەتو قەرارەکانی.

جا ئەگەر گریمانەکەمان راست بێتو لەناوەڕاستی تشرینی یەکەمدا شەڕی ئازادی موسڵ دەستپێبکات، وا خودی جەنگەکەو چۆنێتی ئیدارەدانیو پاشەوارو ئاسەوارو دەستکەوتو زیانەکانی، دەکەونە کاتێکەوە کاتی خمولو تەمبەڵی ئەمریکایە، ئەمریکا کە قسەو کردەی یەکەمو کۆتایی لەو جەنگە هەیەو بەبێ ئەوو هێزی سەربازیی ئەوو توانای دیپلۆماتی ئەو،

## بەشی چوارەم

کۆنترۆڵکردنەوەو دووبارە ژیاندنەوەو بوژاندنەوەو ڕێکخستنەوەو ئیدارەدانەوەی ئەگەر مەحاڵ نەبێ وا زۆر دژوارە.

ناچارم ئەوە دووپاتبکەمەوە موسڵ وەک دواهەمینو گەورەترینو قایمترین قەڵای دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراقو مەسرەحی لێکهاڵانی بەرژەوەندیی ئیقلیمیو جیهانیو ململانێی توندی قەومیو دینیو تائیفی ناوخۆیی، لەڕادەبەدەر حەساسەو ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنیشی زۆر مەترسیدارە. ڕەنگە مەترسیی مقاوەمەی داعشو خۆتەقاندنەوەو مینرێژکردنو کیمیاباران‌و.. هتد لەچاو مەترسیی گرژبوون تا ئاستی ئەگەری تەقینەوەی ململانێی ئیقلیمیو قەومیو تائیفی چ لەکاتی شەڕی دەرپەڕاندنی داعشو دوای شەڕەکەش، هەر هیچ نەبێ. جا لەو کاتی ئەمریکا بەهۆی هەڵبژاردنەوە دەستی کۆتا دەبێو توانای بڕیاردانی یەکلاکەرەوەی لەسەر بەرزەفتکردنی ئەو هەموو لایەنە ناکۆکو دژبەیەکە لەکەمو کاسی دەدا، وا مەترسییەکە گەورەتر دەبێت.

هەرێمی ئێمەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەشەڕی ئازادکرنی موسڵو دوای ئازادکردنیشی، بەشێک لەقورساییەکەی دەچێتە سەرشانیو بڕێک لەمەترسییەکەی پێدەبڕێ، هێزی سەربازیی ئەمریکاو وزەی دیپلۆماتی ئەو زلهێزە لەسوککردنی بارگرانیی سەر هەرێمەکەمانو گەلەکەمانو پێشمەرگەکانمان، نەخشی زۆر کاریگەری دەبێت، جا گرەوەکە لەسەر ئەوەیە، ئەو کاتی ئەمریکا خاوخلیچک دەبێتەوەو سەرۆک بڕیاری یەکلاکەرەوە ناداتو لایەنە ناوخۆییو ئیقلیمییەکان ئەو فرسەتە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەوزیف دەکەن، ئێمە چۆن بەکەمترین زیان زۆرترین دەستکەوتمان بەنسیب دەبێ.

فرسەتەکە بۆ هەمووان هەیەو لەسەرینی قوربانیدانمانو بەرگرییو قارەمانێتیی پێشمەرگە، چانسی مە لە نەیارو ڕکابەرو دوژمنانمان باشترە، جا با گەمەکە بەباشی بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

**بەشی چوارەم**

## موسڵی رزگارکراو چی پێیە بۆ کورد؟



**نەوزادی موهەندیس**

دوو ساڵی تەواوە کەوا پارێزگای موسڵ بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش ناو شاری موسڵ کەوتۆتە ژێر دەستی چەتەکانی داعشەوە و لەو ماوەیەشدا دەیان کارەساتی مرۆیی جەرگبڕ لەسەر دەستی داعشدا دژ بە دانیشتووانی سڤیلی ئەو ناوچانە کراون و هەر لە کوشتن و گرتن و راوەدوونان و بەدیلگرتن و بێسەروشوێنکردن و هەڵگرتنی کچان و ژنان و فرۆشتنەوەیان وەک بەندە و سەبایا. کوشتوبڕین و دڕندەیی مامەڵەی داعش لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچانەدا بێ جیاوازی بووە لە نەتەوە و ئایین و مەزهەبدا و هەموان وەکو یەک رووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە و ماڵ و حاڵیان کاول کراوە و بەزۆرەملێ و لە ترسی گیانی خۆیان گوند و شار و شارۆچکەکانیان چۆڵ کردوە و ئاوارەی هەرێمی کوردستان و تورکیا و وڵاتانی تری ناوچەکە بوون.

موسڵ چ وەک شار و چ وەک پارێزگاش گرنگی و کاریگەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی خۆی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقیش، چونکە پارێزگای موسڵ سێیەم شاری گەورەی عێراقە لە دوای بەغداد و بەسرەوە لە ژمارەی دانیشتووان و گەورەیی جوگرافیا و دەوڵەمەندی لە سامانە سروشتییەکانی و کشتوکاڵ و مەڕ و ماڵاتدا و کەوتوشەتە سەر سنووری هەر سێ وڵاتی عێراق و سوریا و تورکیا و شارێکی دێرین و مێژووییە و لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە تێکەڵەیەکە لە نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان و ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی و مەزهەبەکانی شیعە و سوننە و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەک و ئاشوری و کلدان و هتد.

بەهاتنی داعش و داگیرکردنی موسڵ و شنگال و خازەر و باشیک و هتد. تەواوی ئەو تێکەڵاوی و تانوپۆیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سەربازیانەی تێکدا و لە شارێکی برایەتی و پێکەوەژیان و دەوڵەمەند و زیندوو و کاریگەرەوە کردیە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

شارێکی خامۆش و وێرانە و دوژمن بەیەکتری، داعش بۆخۆی بەڵایەکی ترسێنەر و تۆقێنەرە لەهەر جێگەیەکدا بێت و هیچ کات بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ئازادی و دیموکراسی نییە و تەنها بیر لە جێبەجێکردنی پیلانی ئەو وڵات و دەزگا جاسوسیانە دەکاتەوە کە هانی دەدەن و هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی دەکەن، ئاشکراشە کە وڵاتانی ناوچەکە لە تورکیا و ئێران و سعودیە و قەتەر و هتد. هەریەکە بەشێوەیەک و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا هانی داعشیان داوە و پیلان و مەرامەکانی خۆیان پێ جێبەجێکردوە لەسەر حسابی گەلانی بەش مەینەتی عێراق و سوریا، کە بوونەتە دوو گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش. بەهەمان شێوە دەزگا جاسوسیەکانی زلهێزەکانیش لە ئەمریکا و روسیا و فەڕەنسا و بەریتانیاو هتد. دەستیان هەبووە لە گەشەکردن و دروستبوونی داعش و هاوشێوەکانی تری لە قاعیدە و جەبهەی نوسرە و ئەوانی تریشدا. خۆشبەختانە داعش چەندە دوژمنی گەلانی ناوچەکە بووە و بۆتە مۆتەکە و ملۆزمیان، بەهەمان شێوەش ئێستا و دوای کۆچکردنی زیاد لە سێ ملیۆن کەس لە سوریا و عێراقەوە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا و هتد. شانە نووستووەکانی داعش گوازرانەوە بۆ ناو جەرگەی ئەو وڵاتانە و ئێستا بۆخۆیان کەوتونەتە بەر مەترسی داعشەوە و ئەو زنجیرە تەقینەوە خۆکوژیانەی کە روویاندا لە هەریەک لە بەلجیکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئەمریکادا، نموونەی زیندووی بوون و کاریگەری داعشن لەو وڵاتانەدا.

### یارمەتی دەرانی داعش

ئەو وڵاتەی کە زۆر یارمەتی داعشی دەدا بە ئاشکرا و بەنهێنی بریتی بوو لە تورکیای ئەردۆگان کە تائێستاش بەجدی کاردەکات بۆ گەشەکردن و بەردەوام بوونی داعش، تەنها و تەنهاش لە پێناوی وەستانەوەیەتی دژ بە خواست و ویست و مافە رەواکانی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستاندا، تورکیا رۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕێت لەو نێوەندا و گەرەکێتی بەهەر شێوەیەک بووە کورد نەگاتە سەرکەوتن و خواست و ئاواتەکانی لە پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا لە هیچ پارچەیەکی کوردستانی گەورەدا و لەو پێناوەشدا بە ئاشکرا و بێ سڵەمینەوە و راستەوخۆ بە سوپا بەشداری ئەو دژایەتی و پیلانە دەکات لە رۆژئاوای کوردستان، بە داگیرکردنی جەرابولس لە ٢٤ - ٨ - ٢٠١٦ و لە باشووریشدا و زیاد لە سێ هەزار سوپا و چەک و تەقەمەنی و زرێپۆشی هێناوەتە باشووری کوردستان، هەر لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە و تا ئێستاش لە ناوچەی بادینان لە بامەڕنێ و باشیک جێگیریکردوون، بۆئەوەی لە کاتی پێویستدا بوونی هەبێت و هەژموون و دەسەڵاتی خۆی و پیلانەکانی بسەپێنێت و بەشی خۆی هەبێت لە دەستکەوت و قازانجی دوای شەڕەکاندا و پارێزگاریش لە ئەمنی نەتەوەیی و سنوورەکانی خۆی بکات.

## بەشی چوارەم

### هەوڵەکان بۆ رزگارکردنی موسڵ

ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ رزگارکردنی موسڵ خراونەتە گەڕ بەسەرکردایەتی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان و جموجۆڵ و کۆبوونەوەی هەمئاهەنگی بەردەوام هەیە لە نێوان ئەمریکیەکان و سەرانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا، چونکە گرتنەوە و رزگارکردنی شاری موسڵ هێندە ئاسان و سانا نییە و ناشبێت چونکە داعش لە دوای شاری رەقەوە لە سوریا موسڵی وەکو پایتەختی دووەمی خۆی حساب کردووە و زۆرینەی هێز و دەسەڵاتەکانیشی تیادا کۆکردۆتەوە.

هەربۆیە رزگارکردنی موسڵ هەمئاهەنگی گەرموگوڕ و وردی لە نێوان هەمووواندا گەرەکە، ئێستا ئەو هێزانەی بوونیان هەیە لەسەر زەوی موسڵ و پارێزگاکە بریتین لە سوپای عێراق و حەشدی سوننی و حەشدی شەعبی شیعەی عێراق لەلایەک و هێزە هاوپەیمانەکان لەلایەکی ترەوە و لەلای سێهەمیشەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی چەکدارانی ئێزیدی، کە لە دوای داگیرکردنی شنگال و جینۆسایدکردنی ئێزیدیانەوە دامەزراوە و مەسیحیەکان و هەروەها هێزی گەریلای پەکەکەش بوونیان هەیە، بۆیە کارێکی ئاسان نییە کە هەمووان پێکەوە رێکبکەوون لەسەر پلانەکانی رزگارکردن و هەمووانیش بەمافی خۆیانی دەزانن کە بەشداربن، چونکە هەمووان ماوەی دوو ساڵە بەرگری و مقاوەمەتێکی گەورەیان نواندووە لە رزگارکردنی شنگال و ناوچەکانی تردا و تەواوی بەرەکانی جەنگەکەدا و قوربانی بێوێنەیان پێشکەشکردووە، بۆیە ناکرێت هیچ لایەک بکرێتە دەرەوەی بازنەکە و حسابی بۆ نەکرێت، بە تایبەتیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە رۆڵێکی گەورە و بەرچاوی بینیوە لە رزگارکردنەوەی زۆر جێگەدا و بەدەستهێنانی سەرکەوتنە بەردەوامەکان لە تەواوی بەرەکانی جەنگدا، هەر لەو پێناوەشدا ئەمریکا و هەرێم رێکەوتنێکی سەربازییان واژۆکرد بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی مادی هێزی پێشمەرگە لە پێناوی بەشدارکردنیدا لە پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵدا. هەرچەندە ئەوەیان سەپاندووە کە نابێت بچنە ناو شاری موسڵەوە و لە دوای پرۆسەی رزگارکردنەکەش دەبێت بکشێنەوە، کە ئەمە بۆخۆی مانایەکی نابەجێ دەگەیەنێت بۆ رۆڵ و قوربانیەکانی پێشمەرگە و کورد و لەم رێگەیەوە گەرەکیانە رێگە لە کورد بگرن لە گێڕانەوەی خاکی مێژوویی کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

تورکیاش بەهەمان شێوە گەرەکێتی بەشداربێت و بەشی هەبێت لە غەنیمەکانی دوای رزگارکردندا، هەروەک چۆن ماوەی دوو ساڵە بە ئاشکرا و بەنهێنی لەگەڵ داعش و هێزی دیکەدا بەشدارن لە بەتاڵانبردنی نەوت و غازی سروشتی کێڵگە نەوتیەکانی زومار و عەین زالە و هتد.

## گرنگی رزگارکردنی موسڵ بۆ هەرێم

رزگارکردنی موسڵ بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش گەلێک گرنگ و کاریگەرە و دەبێتە هۆی دەرکردنی داعش لە تەواوی عێراق و بچووکردنەوە و نەمانی بۆ هەتاهەتایە و لاوازبوونی بەشێوەیەکی بەرچاو و بەرتەسککردنەوەی جوگرافیای چالاکی و دەسەڵاتەکانێتی و دۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە هەرێم و عێراقیشدا تارادەیەکی باش جێگیر و ئاسایی دەبێتەوە و ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانیش دەگەڕێنەوە و خەرجی گەورە و گران لە ئەستۆی هەرێم و عێراق کەم دەبێتەوە و داهاتی نەوت و غازی سروشتی ئەو ناوچانەش دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و کاریگەری ئابووری باشی دەبێت بۆ ئایندە و لەگەڵ بەشی رۆژئاوای کوردستانیشدا دەروازەی زیاتر دەکرێتەوە و دەتوانرێت هاوکاری مادی و مەعنەوی ئەو بەشەش بکرێت و لەلایەکی تریشەوە هیچ بیانویەک بۆ تورکیا نامێنێتەوە کە ئەو هێزانەی هانیویەتیە ناو خاکی کوردستان و عێراقەوە بمێنێتەوە. بەڵام ئەو راستیەش لە بیر نەکەین بە رزگارکردنەوەی موسڵ هێز و توانا و مەترسییەکانی سوپا و حەشدەکانی سوننە و شیعە بۆ ناوچە کوردیەکانی هەرێم زیاتر دەبێت و مامەڵە و گوتار و کرداری بەغدادیش لەگەڵ هەرێمدا بەو نەرمییەی ئێستا نامێنێتەوە.

هەربۆیە سیناریۆکانی دوای رزگارکردنەوەی موسڵیش بەهێندەی ئێستا ئاڵۆز و تێکچڕژاون و بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکە و ئایین و مەزهەبەکانیش زیاتر توند دەبنەوە و هەریەکەیان هەوڵی پاراستنی بوون و بەرژەوەندیەکانی ئێستا و ئایندەی خۆیان دەدەن. بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کوردیش زۆر وردبین و دووربین بێت و هاوهەڵوێست و یەک و یەکگرتوو بێت و دوور بکەوێتەوە لە خۆخۆری و ناتەبایی و دوژمنایەتی یەکتر کردن، چونکە ئیدی مەترسییەکان دێنە بەردەرکی ماڵی کورد و بواری بیرکردنەوە و نەخشەدانان نامێنێتەوە، گەر لەئێستاوە نەکەونەخۆ بۆ پتەوکردنەوە و رێکخستنەوەی نێوماڵی کورد، بە تایبەتی لە باشوور و دواتریش لەگەڵ رۆژئاوا و باکوردا لەم قۆناغەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## خەونی تورکتازی لە دەروازەی موسڵ



سەربەست جیهاد

ئەردۆگان بەنیازی شەڕە، لەحنی قسەکردنو ئەدەبی دەربڕینو شێوازی رەفتارو گوفتاری، ئەوەی لێدەکاڵێتەوە.

ئەوەی بەقەڵەمی دیمۆکراسی بەو پلەو پایە گەیشتووە، وا دیموکراسی دەکاتە قوربانی خەونەکانی. تەحەممولی یارو نەیارانی ناکات، چون وەک هەر دیکتاتۆرێکی تر گەرەکێتی تاکو تەنیا سوارەی مەیدانی قەراری جەنگو خوێنرێژی بێ.. کوان یارەکانی (عەبدوڵڵا گویل، بولەند ئارینج، فەتحوڵڵا گویلەن، داود ئۆغلو... هتد) ئەی نەیارانی لەکوێن؟ رەحمی بەکەس نەکرد، دۆستو دوژمنی وەدەرنان، تا بەتەنیا وەک خۆی دەڵێ: دووبارە مێژووی خۆرهەڵات بەرێنووسێکی تر بنوسێتەوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا، تورکیا واریدی جەنگی سوریاو عیراق بووە، جاران ئەگەر بەمقاشەکانی ئاگری شەڕو خوێنرێژی خۆش دەکرد، وا ئەمڕۆ بەنیازە خۆی ئاگر بەربداتە خۆرهەڵات.

درێژکردنەوەی مۆڵەتی دەستوەردانی سەربازی لەسوریاو عیراق، هەوڵدان بۆ بەرفراوانکردنی نفوزی سەربازی لەجەرابلوس، کۆششی دەرپەڕاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەلو دووبارە پەڕاندنەوەیان بۆ ئەمبەری فورات، پێداگریی لەسەر بەشداری لەشەڕی موسڵو رەئیدان لەبارەی چۆنێتی ئیدارەدانی، هەموویان موئەشیری روونن کە ئیتر تورکیا راستەوخۆ هاتۆتە نێو شەڕەکەوە، تا ئەگەر بۆی بلوێو بەردی ساردو گەرمی شەڕو ئاسەوارەکانی تەگەرەی بۆ دروستنەکەن، قسەو فەرمانی فەسلی لەجەنگو دوای جەنگ، هەبێ.

## بەشی چوارەم

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵو لێدوانی سەرۆک کۆمار لەسەر پێویستیی بەشداریی عەرەبیو سوننەو تورکمانو نارەزایەتی لەبارەی بەشداریی حەشدی شەعبی، ئەردۆگان نیازی خۆشی لەسەر ئایندەی جەنگو سەرەنجامو دەستکەوتەکانی بەجەسارەتێکی چاوەڕێنەکراوەوە ئاشکرادەکات، هەم پێداگری لەسەر بەشداریی سوپای تورکیا لەعەمەلیاتەکەدا دەکاتو هەم بە تیل نیشان (تەلمیح) داوای پشکەبەشی غەنیمەتی شەڕ دەکات.

هەر بۆیە لەو سەروبەندەدایە پەیماننامەی (لۆزان) دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دەردەدڵ لەو غەدرە گەورەیە دەکات، کە زلهێزەکان لەدابەشینی قەڵەمڕەوی عوسمانی لەتورکیایان کردووە، وەکو ئاماژەیەک بۆ کۆتایی ئەو پەیمانەو دڕاندنو لەناوبردنیو پێویستیی نووسینەوەی پەیماننامەیەکی نوێ. جا ئەگەر ئەوە بۆ تورکیاو سەرۆکەکەی سەربگرێت، وا پەیماننامەی ئەمجارە تورکیایەکی براوەی جەنگ تێیدا تەرەفەو بەو پێودانگەش داوای دەستکەوت دەکات.

گومان نییە بۆ تورکیاو بۆ سەرۆکەکەی، دەستکەوتی جەنگی دژی تیرۆر هەر رووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامیو بنبڕکردنی ئیرهاب نییە، گێڕانەوەی خاکو سامانو سەروەریی لەدەستچووی سەدەیەک لەمەوبەر دغدغەی خەیاڵو خەونەکانی دیکتاتۆر دەدات، بەڵام مەرج نییە وزەو قودرەتی عەمەلیکردنی نەخشەو روئیایەکەی پێ ببەخشێت، لای کەم مێژووی سیاسەتو شەڕ بەتایبەت لەم خۆرهەڵاتە گڕگرتووە بایی ئەوە دەرسی قاسی تێدایە، بە ئەردۆگانو هاوڕێبازەکانی بسەلمێنێت رابردوو رابوورد.

جیلی نەگبەتی ئێمە مخابن شاهیدی دڕاندنی رێککەوتنێک بووین کە 23 ساڵ شەڕو ماڵوێرانی بەدواوە بوو، وا خەریکە دڕاندنی رێککەوتنێکی دیکەش دەبینین.

سەدام؛ رێکەوتننامەی جەزائیری لەتو پارەکرد، خۆی رۆیشتو ماڵوێرانیو دەردیسەریو ئیرهابی دوای خۆی جێهێشت، وا ئەردۆگانیش بەنیازە لەدەروازەی موسڵ پەیماننامەی لۆزان بدڕێنێت، ئەویش دەڕوات، بەڵام جارێ مەعلوم نییە داخوا لەدوای خۆی چی جێدێڵێت؟.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

## دوای گرتنەوەی مووسڵ لە ناوچەکەدا چی ڕوو دەدات؟



**باز ئەحمەد**

ڕۆژانە لە هەڵمەتی هێزەکان بۆ سەر داعش، لە شاری مووسڵ نزیک دەبینەوە، بەهەر جۆرێک بێ ئۆباما دەیەوێ کۆتا کاری خۆی لە پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا، ڕزگارکردنی مووسڵ بێ لە چنگی داعش و بەمە شانازییەکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار دەکات و ڕێگەیش بۆ کاندیدی حزبەکەی خۆش بکات تا لەسەر کورسییەکەی ئەو دابنیشێت.

هەرچەندە گرتنەوەی مووسڵ دوو سوودی زۆرباش بە کابینەی ئۆباما و حزبی دیموکرات دەگەیەنێت، هاوکات دەرگە بە ڕووی کۆمەڵێک کێشەی تردا دەکاتەوە کە ئەگەر بە دانوستاندن و گفتوگۆ ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، ئەگەری هەڵایسانی ئاگری تەنگژەیەکی گەورەتر لەوەی داعش لە عێراق هەڵگیرسا، دێنێتە ئاراوە.

گرتنەوەی مووسڵ، هەر کۆنترۆڵکرنەوەی شارێک نییە، بەڵکو گرتنەوەی پێوەستە بە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی و بەرکەوتنی زیاتری کێکی عێراق بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی، کەوایە ئەگەر وێنە گەورەکە ڕوونتر بخەینە ڕوو، ڕووداوەکە و کۆتای داعش لەو شارە پێوەستە بە سەرەتای دابەشکردنی عێراقەوە، بۆیە هێزە ئامادەبووەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق لەلایەک و هێزەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەلایەکی تر، دەیانەوێ دابەشکارییەکە بۆ بەرژەوەندیی زیاتری خۆیان بەکۆتا بێنن.

پارێزگای نەینەوا ڕووبەرەکەی ٢٥ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتووانی سێ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس بوو پێش داعش، لە ڕووی نەتەوەییەوە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و کلدان تێیدا نیشتەجێن، لە ڕووی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

پێکهاتەی ئاینیشەوە سونە، شیعە، مەسیحی، ئێزیدی، شەبەک و سابیئەی مەندائی بوونیان هەیە.

**دوای گرتنەوەی مووسڵ و دەرکردنی داعش بە تەواوەتی لە پارێزگای نەینەوا، سیناریۆکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن.**

**یەکەم**: سونە، عەرەبە سونەکان بە پشتیوانی تورکیا و سعوودیە و وڵاتانی تری سونە مەزەو، دەیانەوێ دوای نەهێشتنی داعش، پارێزگای نەینەوا بکەن بە مەڵبەندی هەرێمێکی تایبەت بۆ سونەکان لە عێراقدا، لەو پێناوەشدا تورکیا ژمارەیەک راهێنەر و هێزی تایبەتی رەوانەی سەربازگەی زەلکان لە سنووری بەعشیقە کردووە تا مەشق و راهێنان بە هێزەکانی حەشدی نیشتمانی بکات کە لە سونەکانی پارێزگاکە پێک دێن و ئەسیل نوجێفی پارێزگاری پێشووی نەینەوا سەرۆکایەتییان دەکات.

وەدیهێنانی ئەو بیرۆکەیە خەونێکی گەورەی تورکیایە، چونکە ئێستەش ئەنکەرە بە ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات کە ویلایەتی مووسڵی سەردەمی عوسمانییەکان لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان بە زۆر لە تورکیای ئەمڕۆ دابڕێنرا، هێزەکانی بەریتانیا بەبێ شەڕ و دوای راگەیاندنی ئاگربەستی مۆدرۆس، ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کرد.

لەو نێوەندەدا وڵاتانی وەک سعوودیە و کوێت و ئیمارات و قەتەر، کۆک و تەبان لەگەڵ سەپاندنی ئەو سیناریۆیە دوای گرتنەوەی مووسڵ، بەڵام ئەگەرەکانیشیان بە کراوەیی هێشتووەتەوە و بەتەواوی خۆیان پێوەست و یەکلا نەکردووەتەوە بۆ ئەو سیناریۆیە.

**دووەم**: شیعە و بەغدا، حکوومەتی بەغدا راستەوخۆ و بێ سڵەمینەوە پلان و بیرۆکە و نەخشەکانی تاران جێبەجێ دەکات و لەو رووەیشەوە تاران دەیەوێت، وەک چۆن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی توانییان پارێزگا سونییەکانی تری عێراق "سەلاحەدین و ئەنبار" کۆنترۆڵ بکەن، بەهەمان شێوە مووسڵیش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، تاران بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستوەردان بکات لە رێی میلیشیاکانی شیعە و حکوومەتی بەغداوە، بە تەواوی کورسیی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر ئاستی دنیا بۆ ویستەکانی خۆی دەجووڵێنێت، چونکە ئێستە هەڵوێستەکانی بەغدا و تاران لەسەر پرسە گرنگ و هەستیارەکانی ناوچەکە و دنیا بەگشتی، بە نزیکەیی "وەک یەکە"، تەنیا جیاوازی ئەوەیە هەڵوێستی تاران بە زمانی فارسییە و هەڵوێستی بەغداش بە عەرەبی.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

ویستی تاران و شیعە بەشداری میلیشیاکان و سەرکوتکردنی سونە و مانەوەی عێراقە بەهەمان ئەو نەخشەیەی ئێستە هەیەتی، تاران سەری مارەکەی کۆنترۆڵ کردووە کە بەغدایە، قەد و کلکی مارەکە هەرچەند درێژ و گەورە بێ لە بەرژەوەندیی ئەودایە. رووسیاش لەمەدا پشتیوانی مانەوەی هاوکێشەی عێراق بەهەمان شێوەی پێش هاتنی داعش بۆ عێراق، بۆ مۆسکۆ کۆنترۆڵکردنی بەغدا لەلایەن تارانی هاوپەیمانی باشتر و چاکترە لەوەی عێراق جارێکی تر بکەوێتە دەست تورکیا و ئەمەریکا و رۆژئاوا.

پشتیوانیکردنی تاران و ئەنکەرە لە شیعە و سونەی عێراق، هەمان ململانێکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دێننەوە یادمان، بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، بەردەوام تاران و ئەنکەرە شیعە و سونەی عێراقیان بەکار هێناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بەغدا و مووسڵ بە تەواوەتی و دوورخستنەوەی دەستی یەکێکیان لەسەر خاکی وڵاتی دۆڵی رافیدەین.

**سێیەم**: سیناریۆی کورد، لەو نێوەندەدا کورد کە خاوەنی هەرێمێکی دەستوورییە لە عێراقدا، بەگوێرەی دەستوور و ناوچەکانی دەرەوەی کارگێڕیی هەرێمی کوردستانیش بە بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی کوردستان دەزانێت، کورد دەیەوێ دوای ئازادکردنەوەی مووسڵ، ناوچەکانی سنووری مادەی ١٤٠ بگەڕێنێتەوە سەر خاکی باشووری کوردستان و لە رێی کەشی پێکەوەژیان و فەرهەنگی لێبوردەیی و هێزی ناتوندوتیژی مەزەوی و نەتەوەپەرستی، هانی مەسیحی و تورکمانەکانی ناوچەی مووسڵ بدات، لەو بڕاردانەی لە پێشیانە، کوردستان هەڵبژێرن، دواتریش دەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەمە لە هێزی کورددایە، بەڵام تا چەند کاری بۆ کردووە و تا چەند دەتوانێ بیکات ڕوون نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە توانیویەتی بە کاریگەریی زۆرەوە شوێن پێی خۆی لەو ناوچانەی دەوروبەری مووسڵ جێگیر بکات، بەڵام نەبوونی کۆدەنگی لەناو خۆی کورددا، کێشە هەرە گەورەکەیە.

بەگشتی کورد چاوی لەسەر سەنتەری مووسڵ نییە، بەڵکو چاوی لە ناوچەکانی باکوری و باکوری رۆژهەڵات و رۆژئاوای مووسڵە کە شوێنی کوردانی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەک و بەشێک لە تورکمانەکانە، بۆ ئەمەش پێشمەرگە توانیویەتی دڵی خەڵکی ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر بەدەست بێنێت، بەڵام لە راستیدا هەموو ئەو کارانە ڕیسەکەی کورد دەکاتەوە بەخوری، ئەگەر بە کۆدەنگی و یەکدەنگییەوە بڕیار لەبارەی داهاتووی خۆیانەوە نەدەن.

کورد ئێستە لەناو خۆیدا ناکۆکی و ئاڵۆزیی قووڵیان هەیە، ئەو ناکۆکییانە لەم کاتە هەستیارەدا بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، شەڕ و ململانێی میرنشینە کوردەکانم دێنێتەوە یاد کاتێک بە دەستی سەفەوی و عوسمانییەکان بەگژ یەکدا دەچوونەوە، لە کاتێکدا لە خوێن و گۆشتی یەکتر بوون، شمشێریان بەڕووی یەکدا بەرز دەکردەوە و لە ئەنجامیشدا دوو میرنشینی کورد

## بەشی چوارەم

لەناو دەچوون و گۆڕەپانەکەی بۆ سەفەوی و عوسمانییەکان چۆڵ دەکردەوە، یانیش میرنشینێکیان بەسەر ئەوی تردا سەردەکەوت و بەناوی سوڵتانی عوسمانی یان پادشای سەفەوییەکانەوە حوکمی ناوچەکەی دەکرد و هیچ سەربەخۆییەکی نەبوو.

ئێستەش دۆخەکان لەیەک دەچن، بەشێکی کورد خەریکە لە ڕێی پێوەندیی دیپلۆماسی و بەکارهێنانی واقیعی پێگەی کورد لە شەڕی دژ بە تیرۆر کار بۆ وەچنگخستنی مافەکان دەکات، بەڵام بەشێکی تریشی بەردەوام حەزی لە مانەوەیە لەگەڵ بەغدا و پێوەندی تۆکمەی هەیە لەگەڵ تاران و دەیەوێ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بە ڕاستەوخۆش ناڵێ بەهۆی کاریگەری ئێران لەسەریانەوە نایانەوێ جیا ببنەوە، بەڵکو بەردەوام کاتەکە بە نەگونجاو دەزانن و دەیانەوێ سیستەم و دەستوور و پارەی تەواو و هیچ کێشە و تەنگوچەڵەمەیەک نەمێنێ، ئەوکات دەوڵەت ڕابگەیەنن، ئەمەش لە قوتووی هیچ عەتارێک و لە هیچ قاموسێکدا نەبووە و نابێ، هەموو ئەوانەی ئێستە لەسەر گۆی زەوین لەوکاتەی لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی پێگە و قەوارەی سەربەخۆیی خۆیاندا بوونە، بە دنیایەک کێشە و کۆسپ دەورە درابوون، بەڵام سەرکێشی و بوێریی زۆریان کردووە و ڕژد بوونە لەسەر بەدیهێنانی مافەکانیان و دواتر پایەکانی دەوڵەتیان بە وردی دامەزراندووە، بۆ ئەمەش دەکرێ نموونەی کۆسۆڤۆ و سەنگاپوور و مالیزیا، کۆریای باشوور، ئەفریقای باشوور و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بهێنینە بەرچاوی خۆمان.

پرسەکە لێرەوەیە ئایا کورد وەک سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکان لە خەودا دەبێ کاتێک سەفەوی و عوسمانییە نوێکان لەژێر ناوی تورکیا و ئێران بەغدا و مووسڵ بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەنەوە و بابان و ئەردەڵان لەگەڵ بادینان و سۆرانی کۆن بەناوی هەولێر و سلێمانی ئێستە بەگژ یەکتردا دەبەنەوە، بۆ ئەوەی کورد غافڵگیر بکەن و بیگەڕێننەوە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو؟.

**چوارەم**: سیناریۆی ئەمەریکا، هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا لە وتەیەکیدا دەڵێ، کاری ئەمەریکا چارەسەرکردنی کێشە نییە، بەڵکو هەڵگیرساندنی کێشە و درێژکردنەوەی مەودای کێشەکەیە تا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئەو قسەیەی کیسنجەر ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری لە پشتە، بۆیە ئەمەریکا کاتێک لەگەڵ هەریەک لە سونە و شیعە و کورد دادەنیشێ و لەگەڵ داوا و ویستی هەرسێ پێکهاتەکەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستە ئەمەریکا کار بۆ دروستکردنی کێشەیەکی تر و بەرزکردنەوەی ستوونێکی تر لە عێراق دەکات، ئەویش پێکهاتەی مەسیحییەکانە.

لەم ڕۆژانەی ڕابردوو لە نیویۆرکدا، کۆنگرەیەک بۆ داهاتووی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا ئەنجام درا و تێیدا زۆرێک لە

## بەشی چوارەم

کۆنگرێسمان و سیاسەتوانانی ئەمەریکایی بەشدار لە کۆنفرانسەکە، پشتیوانی خۆیان بۆ دامەزراندنی پارێزگایەکی تایبەت بە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا ڕاگەیاند، دەکرێ ئەمە نەیەتە دی، بەڵام رەنگە ئەمەریکا هەر بە باسکردنی لەکاتی ناچاریدا وەک فشارێک بۆ سەر پێکهاتەکانی تر ئەو بژاردەیە بەکار بهێنێت، ڕەنگە بیکاتە واقیعێکیش و بەوهۆیەوە لایەنی چوارەم لە نێو کێشە و ئاڵۆزییەکانی عێراق دروست بکات و هێندەی تر کێشەکانی عێراق بەرەو گۆشەی چارەسەرنەکردن ببات، داعشیش لە مووسڵ دەربکات و سەرکەوتنێکی گەورە بەرامبەر بە ڕای گشتی ئەمەریکا لەلایەن کارگێڕیی ئۆباماوە بەدەست بهێنرێت.

لە کۆتادا ڕەنگە دوای دەرکردنی داعش لە مووسڵ، هەموو ئەو سیناریۆیانە بەشێکیان جێبەجێ ببن، بەڵام ئەمەریکا رەنگە ڕێگە نەدا تەرازووەکانی هێز لە عێراق لاسەنگ بن و ئەگەر هەریەک لە بکەران و جەمسەرەکانی ئەو سیناریۆیانە ژێرانەتر لە ئەمەریکا رەفتار بکەن، دەشێ ئەوکات ئەنجامەکانیان بەرهەم بێنن، دەنا دۆخەکە وەک خۆی دەبێ و هەرکات ئەمەریکا پێویستی بێت، جارێکی تر دۆخێک دەرەخسێنێت و بەشێک لە داواکان جێبەجێ دەکات و ڕێگە نادا هیچ لایەک بە تەواوی زاڵ بن، تا لق و پۆپ و قەدی ئێران لە عێراقدا نەبڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە Serchawe

## کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ.. پرسی ژن و کچانی ئێزیدی



**تارا شێخ عوسمان**

دوو ساڵ زیاترەو لە دوای داگیرکردنی شەنگال لە لایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) بە دەیان خێزانی ئێزیدی بێ گوناه کەوتنە دەست ئەو چەکدارە تاریک پەرستانە، بە هەزاران ژن و کچی ئیزیدیش لە لایەن داعشەوە بە دیل گیران، هەندێک لەو ژنانە و بەپێی سەرچاوەکان برانە بازاڕی مرۆڤ فرۆشتن و بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەرزان فرۆشکران و وەک کۆیلە و بەندەکانی سەردەمی کۆیلایەتی زنجیر لە دەست و قاچ و گەردن سووکایەتییان پێکرا، هەندێکی تریشیان تا ئێستا لە لای چەکدارانی داعش و لە شاری موسڵ و شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسڵاتی تیرۆریستان دا ماون.

لەسەروبەندی نزیک بونەوەی کۆنترۆلکردنەوەی موسڵدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، دەبێت چارەنوسی ئەو کچ ژنانە بە چی بگات؟ ئایا ئەوانە هیچ هیوایەکیان هەیە بۆ شاد بوونەوەیان بە کەس و کار و زێدی خۆیان ؟ یان دەبێت کەس و کاریان ئێستا ئومێدێک لە دڵیاندا بێت بۆ گەڕانەوەی ئەو مناڵانەیان یان خێزانەکانییان؟ یان شتەکە لەوە گەورەترە؟. بۆنمونە، ئەگەر بیر لە مەودای دڕندەیی داعش بکرێتەوە و هەموان مۆراڵ و عەقڵیەتی شەرەنگێزی ئەو گروپە لەبەر چاو بگرین، دوور نیە بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی کۆنترۆلکردنەوەی موسڵ چەکدارەکان هەموو ئەو دیلانە نەکوژن کە لە لایان دەست بەسەرن، یانیش لەوانەیە ئەو دیلانە لە زۆر شوێندا بکەنە قەڵغانی مرۆیی و بە هۆیەوە جۆرە ئیعلانێکی جەنگیی بۆ خۆیان دروست بکەن، یان ڕەنگە ئەگەر چەکدارەکان کەلێنی دەرچوونیان هەبێت بۆ هەتایە ئەو ژنانە لەگەڵ خۆیان بەرن و بۆ هەتایە لە ژێر دەستی خۆیاندا بیانهێڵنەوە. بەڵام ئەگەر ئەم سیناریۆیانە هیچی وا نەبوو، داعش زۆر بە ئاسانی لە شاری موسڵ چووە دەرەوە و هەموو ئۆپەراسیۆنەکە بە ئاسانی و بە پێچەوانەی ئەوەوە دەرچوو کە باسی لێوە دەکرێت و بە ژن و کچە ئێزیدییە دیلکراوەکان شاد بووینەوە، ئەوا ئەگەرێکی دیکە خۆی دەسەلمێنیت، ئەویش ئەوەیە، ئەم دیلانە ماوەی



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

دوو ساڵ زیاترە لە بن دەست ئەو چەکدارە دڕندانەدا ژیاون و جۆرەها کاری نا مرۆڤانەیان بەرامبەر کراوە، لەبەر ئەوە لە ڕووی جەستەییەوە زۆر ماندوون، لە ڕووی دەروونیشەوە ماندووترن، کەواتە هەر یەکێک لەو خانمانە پێویستیان بە چاودێرییەکی وورد دەبێت بۆ ئەوەی دۆخی دەروونییان ئارام بێتەوە. دوور نییە ئێستا هەندێکیشیان منداڵیان نەبێت، لێرەدا لە رووی یاسایشەوە پێویستیان بە پشتیوانی و پشتگیریی دەبێت.

تێکەڵ بوونەوەی ئەوانە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بە کۆمەڵ کارێکی سەختە و دووبارە پەروەردەکردنەوەشیان لەوە سەختترە.

ئەوەی لە دوای کۆنترۆلکردنەوەی موسڵ ڕوودەدات بە تەنها خۆشی دووبارە بە دەست هێنانەوەی شارێک نییە، بەڵکو دووبارە بە دەستهێنانەوەی هەزاران ژن و کچی ئێزیدییە و دووبارە ژیاندنەوەی هیوایە لای خێزانەکانیان و دووبارە نوسینەوەی تەمەنێکە بۆ ئەوانەی لەو دۆزەخەی تیرۆریستانەوە دێنەوە. ئیدی لە دوای ئەوە چیرۆکەکانی ژنانی ئێزیدیش دەبێتە تەواو کەری زنجیرە چیرۆکی ئەو خانمانەی لە شاڵاوەکانی ئەنفال ڕزگاریان بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## دیالۆگی دووربەدوور



**جەمال ئاریێز**

بەقسەی وتووان، پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ نزیک بۆتەوە، لەگەڵ ئەو نزیکبوونەوەیەشدا لێرەو لەوێ لێدوانی جۆراوجۆر دەدرێت، هەندێک جار وەک شێوەی دیالۆگی راستەوخۆ، هەندێک جاریش دیالۆگی دەستە جەمعیو هەندێک جاریش دیالۆگی دووربەدوور.

چیرۆکێکی کوردەواریی هەیە دەڵێت: «رۆژێک لەگوندی سیسێر دەمەقاڵەیەک دروست دەبێت، پاش لێدانو بگرەو بەردەیەکی زۆر، خەڵکێکی ریشسپیو پیاوماقووڵ دەکەونە بەینی شەڕکەرەکانەوە تا سوڵحیان بکەن، پاش پرسیارو وەڵام لەسەر هۆکاری شەڕەکە، دەردەکەوێت شەڕی گەنجەکانی ئەو گوندە لەسەر ئەوەیە کە بەشێک لەگەنجەکان پێداگرییان کردووە لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ لەگوندی گۆڵێ نۆرەمەڕی فڵانە شوانەو بەشێکیشیان بەپێچەوانەوە باسیان لەشوانێکی تر کردووە، بۆیە بەبێ ئەوەی کە گوێ لە شوانەکانی گوندی گۆڵێ بگرن، ئەمان لەناو خۆیاندا یەکتریان بە لیسو پێمەڕە کەلەپارچە کردووە» ئیتر ئەم چیرۆکە لەو ناوچەیە بۆتە سەرگوزشتەیەک بۆ هەر کێشەیەک کە خەڵکێک دەمەقاڵە لەسەر بابەتێک بکاتو هیچ پەیوەندیی بەوەوە نەبێت، پێی دەڵێن (ئەمە شەڕی سیسێرە لەسەر نۆرەمەڕی گۆڵێ).

ئێستاش کە مەسەلەی رزگارکردنی موسڵ نزیک بۆتەوە، ئەوانەی قسەی لەسەر دەکەن، بەگشتی بەو جۆرەیە، لەلایەک دووربەدوور پەرلەمانی تورکیا بڕیاری هێشتنەوەی هێزەکانی دەدات لەسنووری موسڵو پێداگریی لەسەر بەشدارییکردن دەکات، لەملاشەوە بەغدا کە خۆی بە سێ فیرقە سەربازو دوو فیرقەی پۆلیسی فیدراڵییەوە لەماوەی کەمتر لە ٢٤ سەعاتدا موسڵی بۆ داعش بەجێهێشت، تازە بەتازە بەتورکیا دەڵێت: دەبێت هێزەکەت لەدەوروبەری موسڵو باشیک

بکێشیتەوەو هێزەکەی بەداگیرکەر وەسف دەکات.

ڕۆژێک دوای ئەوە حەیدەر عەبادی هاواری لێ هەڵدەستێتو بە پشت بەستن بە بڕیارەکەی پەرلەمان، هەمان داواکاریی ئاراستەی تورکیا دەکاتەوە، لەولاشەوە بینالی یەڵدرم-ی سەرۆک وەزیرانی تورکیا وەڵامی عەبادیی دەداتەوەو هەردوولاش باڵیۆزی یەکتریی بانگهێشت دەکەن بۆ ڕاگەیاندنی نیگەرانیی بەغداو ئەنقەرە بەیەکتریی.

لەلایەکی دیکەوە یەکەکە پێداگریی لەسەر بەشداریی لەشەڕی ڕزگارکردنی موسڵدا دەکاتو لەولاشەوە وەفدێکی سەربازیی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا لەسەر چۆنێتیی بەشداریی پێشمەرگە لەو پڕۆسەیەدا ڕێکدەکەون کە خەڵکی کوردستان لەملاولاوە وردەکاریی دژەپێکراوی ئەو ڕێکەوتنە دەبیستنو کەس وردەکارییەکەی نازانێت. لەلایەک مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم باسی ئەوە دەکات کە لەسەر وردەکاریی پێشڕەویی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ بەغداو واشنتۆن ڕێکەوتوون، لەولاشەوە مۆفەق روبەیعی دەڵێت: بەپێی ڕێکەوتنەکە دوای ڕزگارکردنی موسڵ پێشمەرگە دەگەڕێتەوە شوێنەکانی پێشتر، کە ئەمەش بۆخۆی دەستەواژەیەکی لاستیکییە، چونکە ئەوەی دەستنیشان نەکردووە کە ئاخۆ گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان بەواتای سنوورەکانی (١٠ - ٦ - ٢٠١٤)یە، یان سنوورەکانی بەرلە دەستپێکردنی پڕۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ؟

مامۆستا سەلاحەدین بەهادینیش دەڵێت: لە بابەتی موسڵدا ناکرێت ڕۆڵو سەنگی تورکیا نادیدە بگیرێت بەپێی (ئاژانسی ئەنادۆڵ.(لەشوێنێکی ترەوە دەبینین فەرەنسا کەشتیگەلی شارڵ دیگۆل دەبزوێنێت بەرەو خۆرهەڵات بۆ بەشدارییکردن لەشەڕی ڕزگارکردنی موسڵو ڕەققەدا، لەولاشەوە مۆسکۆ نوێترین بەرهەمی مووشەکیی خۆی بۆ دیمەشق دەنێرێت، جا ئەو مووشەکە بۆ بەرگرییە لەچی (ئەڵلاهو ئەعلەم.)

لەم هەموو مشتومڕو لێدوانو دژە لێدوانو دیالۆگە دوراودرووورە، هێشتا دیارنییە موسڵاوییەکان خۆیان دەڵێن چی؟ جا ئەمە ناکاتە شەڕی سیسێرێ لەسەر نۆرە مەڕی گۆڵێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## کەرکوکو حەویجەکەی مەترسییەکانی عیراقی دوای داعش



**جۆست هیلتەرمان**

ئەو چەکدارانەی داعش کاتێک گوندەکەی شێخ بورهان مزهەر عاسی-یان لەباکووری عیراق داگیرکرد، تەنیا بەوەوە نەوەستان کە بەشێوەیەکی ئاسان ماڵەکەی لەگەڵ زەویی یەکسان بکەن، بەڵکو تەنانەت کێڵی ئەو گۆڕەکانی ئەو گۆڕستانەشیان تێکشاند کە دایکو باوکی تێیدا نێژراون.

هەنوکە شێخ بورهان مەزهەر عاسی، ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە خاوەنی رێزێکی زۆرە لەناو کەرکوکو ئەنجومەنەکەشدا، ئاوارەیە لەناو کەرکوکدا، دوای ئەوەی داعش کۆنترۆڵی بەشێکی گەورەی ئەو پارێزگایەی کرد لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا، ئەوەش کە لەهەمووی خراپترە ئەوەیە، ئەو پیاوەی کە موڵکو ماڵەکەی شێخی تێکوپێکدا، ئەندامێکی هۆزەکەی خۆی بوو (هۆزی عوبێد.(جا لەم جۆرە رەفتارە شۆکاوییانە لە سەرەتای شەڕی دژی داعشدا زۆر باوو بەربڵاوبوو، هەروەک تیشک دەخاتە سەر راستییەکی نائومێدکەر: لەعیراق داعش لەبنەڕەتدا بۆتە گرفتێکی لۆکاڵیو رێکخراوی داعشە عیراقییەکە ژمارەیەکی کەم چەکداری بیانی لەخۆگرتووە، بەڵکو لەبری ئەوە بۆتە رەنگدانەوەیەکی ریشەیی لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی سوننەدا دژی سیستمی حوکمڕانیی ئێستای عیراق.

ئەو زیانانە تەنها لەوێدا ناوەستن کە دەرهاویشتەی ئەو رووداوانەن کە لە رووکەشدا ئازاریان بەشێخ عاسی گەیاند، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ پیاوپیاوێنەو پێکهێنانی ناسنامەی نوێ سەرهەڵبدات، لەناوچەیەکی عیراقدا کە زۆرترین ناوچەی فرە پێکهاتەو فرە کەلتوورە، تەنانەت وایلێهاتووە کە زۆرێک لە عەرەبە سوننەکانی کە لەلایەک بەرەنگاری (داگیرکاریی ئەمریکا)و لەلایەکی دیکەشەوە دژی ئەو نەخشەکێشانەوەیەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە بوون کە حزبە کوردییەکان دەیانکێشا، ئەمڕۆکە خۆیان لە ئامێزی میوانداریی هەمان ئەو حزبانەدان وەک ئاوارەی ناوخۆییو تازە



سەرچاوە
Serchawe

خۆیان کۆکردۆتەوە.

ئێستا وایلێهاتووە کە ئەوانە زیاتر لەگەڵ خواستەکانی کورددا هەڵدەکەنو وای لێهاتووە خواستەکانیان بۆ وەرگرتنی هاوکاریی لەئەمریکا بۆ ئازادکردنی ناوچەکەیانو ماڵەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی داعش بەتەواوەتی بەرجەستە بووە.

وێڕای ئەوەش بەشێکی زۆر لەکوردەکان هێشتاش گومانیان هەیە سەبارەت بە عەرەبە سوننەکانی نەیاری جارانیانو تەنانەت لەگەڵ داعشدا تێکەڵاویان کردوونو دەیانەوێت نەهامەتییەکەیانی ئێستایان بقۆزنەوە بۆئەوەی گوشاریان بخەنەسەر لەپێناوی بەدەستهێنانی دەستکەوتێک لەو کێشمەکێشە ئیتنیکییەی کە ماوەیەکی درێژە بەردەوامە کە بەمەش دەکەونە بەردەم مەترسیی رێگە خۆشکردن بۆ گەڕێکی داهاتووی کێشەو ململانێ.

## کورد گوشار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵ

ئەم دینامیکییەتە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەکەرکوکدا دەردەکەوێت، داواکاری لەسەر ئەم شارە لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکانو حزبە سیاسییە کوردییەکانی عیراقەوە بەردەوام بووە، چ شارەکەو چ هەموو پارێزگاکەشو بەدرێژایی چەندین دەیە کێشمەکێش لەسەری بەردەوام بووە.

ئەو دەستووری عیراق کە لەدوای داگیرکاریی ئەمریکا دارێژرا، کۆمەڵێک میکانیزمو رێکاری داناوە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی کەرکوک لەداهاتوودا، چ وەکو ناوچەیەکی سەربەخۆ، یان دارشتنی هەندێک رێوشوێنی سیاسیی دیکە، کە تائێستا هیچی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەئەنجامی ئەو بێئومێدبوونەش کە ئەم کەموکوڕییە هێنایە بەرهەم لە وەی هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنرێتو پێشڤەچوونێک بەخۆوە ببینێت، حزبە کوردییەکان گوشاریان کردو بەرەو پێشەوە چوونو توانیان بەرەبەرە کۆنترۆڵی ئیدارەو ئاسایشی شارەکە بگرن بەدەستەوە، ئەمە لەکاتێکدا داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا دەستیگرت بەسەر ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبی سوننەن لەباشوورو خۆرئاوای کەرکوک، هەرچی کوردیشە هێزەکانی خۆیان لەشارەکەو لەو ناوچانە پتەوکرد کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، وەک خۆرهەڵاتو باکووری شارەکەو نزیکەی ٦٠%ی رووبەری شاری کەرکوکی بۆسەر ناوچەکانی خۆی زیادکردووەو ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ هەزار ئاوارە کەوتۆتە دەرەوەی دەسەڵاتی داعشەوەو هەندێکیان هەر لەبنەڕەتدا خەڵکی پارێزگاکەن، بەڵام هەندێکیان لەپارێزگا نزیکەکانی دەوروبەرەوە دێنە کەرکوک، وەک دیالەو سەلاحەدینو ئەنبار. زۆربەی هەرەزۆری ئەو ئاوارانەش لەپێکهاتەی عەرەبی سوننەن کەبەهۆی هاتنی داعشەوە لەگوندو ماڵو حاڵیان رایانکردووە، یاخود بەهۆی ئەو هەوڵە توندوتیژانەی دواتر هێزەکانی حکومەتی



سەرچاوە Serchawe

بەغداو میلیشیا هاوکارەکانیان خستیانەگەڕ بۆ دەستبەسەرداگرتنیان، هەروەها لەهەندێک حاڵەتیشدا نەبوونی ئارامیو سەقامگیری دەبێتە مایەی رێگریی لەو کەسانە لەگەڕانەوە بۆ ماڵو حاڵو ناوچەکانیان. بەدیوێکی دیکەشدا هەندێک جار لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی وەک (میلیشیا شیعەکانو پێشمەرگە) پێیان باشە هەرگیز ئەوانە وا بەئاسانی نەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

### بەهەرحاڵ وێرانکاریی پەلدەهاوێت بۆ حەویجە

ئێستا حەویجە، ئەو شارەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبی سوننەنو لەناو دڵی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەو پارێزگایەدان، بۆتە خاڵی میحوەریی لە ململانێ یەکتربڕەکاندا لەلایەک لەنێوان عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننە، لەلایەکیش لەنێوان کوردو عەرەب لەساڵی ٢٠١٣.

لەو کاتەدا دانیشتووانی ئەو شارە راپەڕین لەبەرامبەر دەستگیرکردنی کوێرانەو فەرامۆشکردنی دامودەزگاکان لەلایەن حکومەتەکەی نوری مالکییەوە، بەڵام ئەو نارەزایەتییانە بە سەرکوتکردن وەڵامدرایەوەو لەماوەی چەند رۆژێکدا نزیکەی ٤٠ کەسی مەدەنی کوژران، لەڕووبەڕووبونەوەی توندیان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا، ئەمەش شارەکەی کردە کۆمەڵگەیەکی کۆکردنەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی ئاسانکاریی بۆ ئەوەی دوای یەک ساڵ لەو وادەیە داعش دەستی بەسەردا بگرێت.

ئەمرۆ داعش وایلێهاتووە زۆرترین دەستکەوتەکانی لەزەویی لەدەستداوە، لەولاشەوە هەڵمەتی ئازادکردنی موسڵو شارۆچکەو گوندەکانی چواردەوری لەسنووری پارێزگای نەینەوا لەئامادەکاریدایە.

بەڵام هێشتا حەویجە لەژێر چنگی ئەو گروپە توندڕەوەدایە، تەنانەت ئەو ناوچەیەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەو گروپەدایە لەکەرکوک لەناوچەکانی دیکەی ژێر دەستی گروپەکە دابڕێنراوە چ لەباکوورییەوە تا دەگاتە سوریا، لەئەنجامی ئەوەشدا دانیشتوانەکەی بەدەست برسێتیو نەبوونی هەلومەرجی ژیانەوە دەناڵێنن، بەهۆی دابڕانیان لە دەوروبەرەکەیانو تەنانەت ئەو ناوچانەی دیکەش کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدانو بازرگانیش لەگەڵیاندا وەستاوە.

بەو هۆیەشەوە ناشێت ئازادبوونی ئەو خەڵکە وا بەزووی بێتەدی، سەبارەت بە دانیشتووانی قەزای حەویجە. بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە کە ئاخۆ ئەوە بەدەست کێیە؟ هەرچی سوپای عیراقە ئارەزووی ئەوەی نییە جارێکی دیکە سەرپەنجەی خۆی داخ بکاتەوە لەوشارە، بگرە ئەو هەموو هەوڵی خۆیی خستۆتەگەڕو ئامادەکارییەکی مەترسیدار دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

موسڵ، بەمجۆرەش دانیشتووانی ناو شارەکەو سیاسییە دەربەدەربووەکان لەبەردەم بژارەیەکی نەخوازراوی میلیشیاکاندا بەجێ هێڵراون، چ هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێنو کە واناسراوە پاکسازیی ئەو ناوچە سوننە نشینانە دەکات کە ئازاددەکرێن، یان هێزی پێشمەرگەی کورد کە ئەوانیش لەهەندێک لەو کردەوانە تێوەگلاون لەدژی دانیشتووانی عەرەب.

خۆ ئەگەر کارەکە بۆ خودی دانیشتووانی حەویجە بەجێ بهێڵرێت، ئەوا هیچ کام لەو دوو ئەڵتەرناتیڤەیان هەڵنەدەبژارد، بەڵکو وایان پێباشتر بوو کە هێزێکیان هەبێت تایبەت بێت بەخۆیان لەو ناوچانەدا. بەڵام میلیشا بەهێزەکان رێگەی نەداوە هێزی تایبەت بەخۆیان دروستبکات، بەجۆرێک ئێستا خزاونەتە ناو هەندێک حساباتی بێهیواییەوە.

کەوابێ ئەوە کوردن کە دێن، دوورنییە کە هەوڵی تۆڵە سەندنەوە بدەن لەو تاوانی لەسێدارەدانە وەحشییانەیەی داعش کە بەرامبەر پێشمەرگە دیلەکان کردیانو لەوانەیە گەندەڵی بڵاوبکەنەوەو وێرانکاریی دروست بکەن، بۆئەوەی بیکەنە رێگرێک لەوەی دانیشتووانە عەرەبەکانی ئەوێ هەر هەوڵێک بدەن بۆ ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم خواستەکانی کورد لە پارێزگای کەرکوک.

هەروەک عەرەبە سوننەکان سڵ لەوە دەکەنەوە کە کورد هەوڵی جیاکردنەوەی ناوچە عەرەبییەکان بدەن لە کەرکوکو بیلکێنن بە پارێزگای سەڵاحەدینی هاوسێیەوە کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوەو لەو رووەشەوە عەرەبە سوننەکانی کەرکوک دژی هەنگاوێکی لەو جۆرەن، چونکە رەنگە ئەمە ببێتە مایەی بێبەشکردنیان لەگەیشتنیان بە بازاڕە دێرینەکەیان کە تایبەتە بەساغکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکەیانو هەروەها بۆ سامانی نەوتی کەرکوک.

هەندێک لە دانیشتووانی حەویجە هیواخوازن بەخت یاوەریان بێتو لەلایەن میلیشیا شیعەکانو حەشدی شەعبییەوە ئازادبکرێن، چونکە ئەو میلیشیایانە ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییەوە کە سوننە بگۆڕن بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەناوچەیەکدا کە شیعەی تێدا نەبێت، سەرباری ئەوەش وای بۆدەچن شارۆچکەکە ناکەوێتە سەر درێژایی ئەو رێگایەی کە وەکیلەکانی ئێران هەوڵی پاککردنەوەو زامنکردنی دەدەن لەنێوان سنووری ئێرانو سوریادا، هەربۆیە هەر پرۆسەیەکی سەربازییش کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی جێبەجێی بکەن، لەلایەن فرۆکەی ئەمریکاوە پشتیوانی ناکرێت، کە بەوە جەنگەکە درێژە دەکێشێت لەگەڵ داعشداو دەبێتە مایەی زیانی گەورە بەشارەکە. هەروەها دانیشتوانی شارەکە لەوەش سڵدەکەنەوە ئەو وێرانکارییە لەهەموو حاڵەتێکدا هەر روودەدات.

## بەشی چوارەم

### مامەڵەی سەرکەوتووەکان لەگەڵ دۆڕاوەکان زۆرشت دیاریی دەکات

وەک ئاشکرایە خەڵکی حەویجەو هەموو ئەو ناوچانەی کە داعش کۆنترۆڵی کردوون شتێکی ئەوتۆیان نییە، شێخ عاسی پێی وتم: ئێمە بەشێک نین لە رژێمی پێشوو، هەروەک ناشبینە بەشێک لەم تۆڕە تیرۆریستییەی ئێستا، بەڵام بەر لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ (واتە ئەو رۆژەی موسڵ کەوتە دەستی تیرۆریستانەوە) تۆمەتبارکراین، جارێک بەوەی لایەنگری سەدامین‌و جارێک بەوەی لایەنگری داعشین. لەڕاستیشدا زۆرینەی هاووڵاتیان وانەبوون‌و هەرگیز بەشێک نەبوون لەهیچکام لەو دووانە، بەڵام هێشتاش ئەو تۆمەتبارکردنە هەر ماوەو هەیە، ئەمەش پشتی بە لۆژیکێک بەستووە کە زۆربەی سەرکردەو کادرەکانی داعش لە ئەفسەرانی ئەمنی سەربە رژێمی پێشوون.

بۆیە چۆنێتی مامەڵەی براوە لەگەڵ دۆڕاوەکاندا سروشتی شەڕەکانی داهاتوو دیاریی دەکەن، لەبەرئەوەش کە هیچ ستراتیژێکی سەربازیی گشتگیر لەعیراقدا نییە بۆ دیاریکردنی چۆنێتی ئەوەی کە پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە داعش کۆنترۆڵی کردوون، یاخود لەسەر دەستی کێدا، بۆیە هەر لایەنێک لەناو جەنگی دژبە داعشدا، هەوڵی ئەوە دەدات ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی بەدیی بهێنێت. ئەگەر ئەو ئامانجانە لەزۆر حاڵەتدا ببێتە مایەی سزای بەکۆمەڵی پێکهاتەی عەرەبی سوننەش، تەنانەت هەندێک جار ئەو سزایە بە رەفتاری وەحشیگەرانەش دەبێت. کە ئەمەش چەندین ئەگەری خەفەکراو لەخۆدەگرێت، کە هەندێکیان مایەی مەترسین.

ئەمەش واتای تێڕوانینە لەهەموو کۆمەڵگە بەوەی کە دابەشبووە بەسەر ئایدیۆلۆژیای دەمارگیرو بکوژی ژمارەیەکی کەم لە ئەندامەکانی ببێتە گرەنتیی ئەوەی کە کەمەکێکی توندڕەوەکان زۆر ببن.

ئەمەش وادەردەکەوێت کە بەهۆی ئەو جۆرە کردەوانەوە ئایندەی گروپگەلی هاوشێوەی داعش‌و قاعیدە گەش بێت، سەرباری ئەو زیانە ئیقلیمییانەی بەر ئەو دوو رێکخراوە دەکەوێت بەم نزیکانە، یاخود هەر بەو هۆیەوە، کە پابەندیی خۆیان بەوەوە سەلماندووە، بەو حوکمەی کاتێک دەستدەگرن بەسەر خاکی هەر ناوچەیەکدا دەبێتە بارگرانییەک بەسەریانەوەو ئەو دوو رێکخراوە ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە کە بتوانن بیبوژێننەوە.

ئەگەر ویستی ئەوە هەبێت کە شکست بەداعش بهێنن‌و پێشکەوتنێکی راستەقینە بەدەست بهێنن، لەجیاتی کردنەوەی دەروازەی قۆناغێکی نوێی کێشمەکێش، ئەوا عیراق پێویستی بەوەیە کە عیراق هێزێکی لۆکاڵی دروست بکات بۆ پارێزگاریی لەو ناوچە عەرەبنشینانەی کە بەمدواییانە ئازادکراون.

بەڵام پاساوی ئەوەی کە دەوترێت رەنگە ئەو ئەندامانی ئەو هێزە هەڵگەڕێنەوەو پەیوەستبن بە داعشەوە، هەر ئەوانە خۆیان ناگرن، چونکە پاش هەموو شتێک مەترسییەکی راستەقینە هەیە لەوەی کە هەموو دانیشتووانەکە پەیوەست ببن بەو گروپە توندڕەوانەوە بەهۆی کەڵەکەبوونی مەینەتییەکان لەژێر فەرمانڕەوایی حەشدی شەعبی شیعە یان لەژێر فەرمانڕەوایی هێزەکانی پێشمەرگەی کورددا.

لەساڵی ٢٠١٤ هەر ئەوەبوو کە روویدا، کاتێک سوپای عیراق - کە لەژێر هەژموونی شیعەدا بوو- هەوڵی بۆ دا، ئەو هێزەی کە دانیشتووانی ئەو ناوچانە بە هێزێکی دوژمنکار لێیان دەڕوانی‌و وەک سەرەنێزەی هێزی بیانی لێیان دەڕوانی، کە هەژموونی خۆیان سەپاندبوو بەسەر موسڵدا لەجیاتی پاراستنیان.

بەرەچاوکردنی ئەو فرەڕەنگییەی کە کەرکوکی لەشارەکانی دیکە پێ جیادەکرێتەوە، بێگومان پاراستنی ئاشتی لەو شارە هەمیشە قورسترە لە بردنەوەی جەنگ. زۆربەی گرووپە لۆکاڵییەکان هەوڵی پێشوەختە دەدەن لەپێناوی پاراستنی پێکهاتەی هاوبەشی کۆمەڵایەتی لەهەرەسهێنان لەسەر دەستی لایەنە دەرەکییەکان کە خاوەنی عەقڵییەتێکی شۆڤێنیستی‌و ئامانجی چاوچنۆکانەن.

کاتێک نەجمەدین کەریم دەرکەوت، کە بۆخۆی پزیشکی مێشکو دەماری خانەنشینە لەویلایەتی ماریلاند، کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وەک حوکمڕانی کەرکوک هەڵیبژارد لەساڵی ٢٠١١دا وەک پاڵەوانێکی چاوەڕوانئەکراو بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵگەی کەرکوکی فرە کەلتوور. کەریم خۆی ئەندامێکی دێرینی بزووتنەوەی کوردە، کە ئەو بزووتنەوەی خۆی بەشێوەیەکی تەقلیدی هەوڵی ئەوەی داوە کەرکوک بۆ کورد مسۆگەر بکاتو پێشی باشبووە لەگەڵ کەمینەیەکی کەمی عەرەبدا بمێنێتەوە، بەڵام شارەزایی لەشێوازی حوکمڕانیی ئەم ناوچە ئاڵۆزەدا لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا وەک بەم دواییانە خۆی بۆی گێڕامەوە، ئەوەی فێرکردووە کە کورد بەتەنها ناتوانن بەئاسانی ویستو ئیرادەی خۆیان بسەپێنن بەسەر ئەوانی دیکەدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوک ئەگەر بەرەسمیش بۆ کورد یەکلایی ببێتەوە، کە وابکەن پارێزگاکە ناچاری ئەوە بکەن بچێتە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانەوە لەرێگەی راپرسییەوە کە مشتومڕی زۆری لەسەرە، کە ئەوە رەنگە بۆ داهاتوو کۆمەڵگەیەکی جەمسەرگیر بەشێوەیەکی قووڵ بەجێ بهێڵێت، بۆیە پێیوابوو «پێویستە ئەو ناوچەیە سەربەخۆیی هەبێت لەناو عیراقدا بۆ ماوەیەکی راگوزەر لەنێوان ٥ - ١٠ ساڵ» ئەمە وەک ئەوەی ئەو پێی وتم.

لەکۆتایی ئەو ماوەیەشدا، نەجمەدین کەریم هیوادارە، خەڵکی کەرکوک جۆرێک لەمتمانە بەیەکتری بەدیبهێننو ئەو کاتە رێگەیان پێ بدرێت کە ئەو شوێنە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت ببێتە نیشتمانیان، جا ژێر حوکمڕانیی بەغدایە، یان



سەرچاوە
Serchawe

ژێر حوکمڕانیی هەولێری پایتەختی حکومەتە کوردییەکەیە، یاخود دەخوازن وەک شوێنێکی خۆبەڕێوەبەریی‌و حاڵەتێکی تایبەتی‌و دەسەڵاتێکی تایبەتی بەڕێوەی بەرێت.

وێڕای ئەوەش نەجمەدین کەریم وتی: «پێویستە حەویجە ببێتە پارێزگایەک لەناو چوارچێوەی ناوچەی کەرکوکدا، بەحکومەتی لۆکاڵی‌و بودجەی تایبەتی خۆیەوە»و بەدەربڕینێکی دیکەش پارێزگاریی لە پەیوەندییە ئیدرایی‌و ئابوورییە گرنگەکانی بکات لەگەڵ کەرکوکدا کە لەژێر هەژموونی کورددایە.

پارێزگار کاتێک ئەم بڕارەیە پێشنیازدەکات، لەکاتێکدایە کە دەزانێت کەرکوک وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ دەشێت سوودی زۆر لە سەروەتو سامانەکەی‌و داهاتەکانی نەوتەکەی بکات وەک ئەوەی ئێستا هەیە، چونکە هەریەکە لەبەغداو هەولێر ئەو شارەیان بێبەشکردووە لەداهاتی نەوتەکەی لەڕێگەی گرێبەستێکی قازانجدارەوە کە تەنها خەڵکی کەرکوک لێی بێبەشن کە ئەمە بۆخۆی شتێکی نامۆیە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی پارێزگاری کەرکوک دەکات لەهەوڵەکانیدا، بەڵام ئەویش‌و کەریمیش سوورن لەسەر ئەوەی کە پێویستە دۆخی کەرکوک رەچاو بکرێت، لانیکەم بەشێوەیەکی رەمزی وەک خاکی کوردستان، وەک ئەو شێوازەی کە سەیری ناوچە کوردییەکانی دیکەی دەرەوەی عیراق دەکرێت کە ناوچەی کوردستانین. سەرباری ئەوەش ئەو فەرمانڕەوایە سوورە لەسەر ئەوەی کە هەر شێوازێکی تایبەت دابنرێت بۆ ئایندەی کەرکوک، دەبێت ملکەچی رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان بێت، کە رەنگە ئەوە ببێتە ئاستەنگێکی گەورە.

ئەم هەڵوێستەی نەجمەدین کەریم تەنانەت خستییە ناکۆکییەوە لەگەڵ حزبەکەی خۆشیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەندامە تووڕەکانی حزبەکەی هەڕەشەی دەرکردنیان لێکرد لەحزبەکەش.

بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێستا لاوازە، بەهۆی نەخۆشیی سەرکردەکەیەوەو بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆییەکانی لەسەر دەسەڵات.

لەلایەکی دیکەشەوە هەستدەکرێت پارێزگاری کەرکوک لەسەر هەقە، کە ئەو پشتگیریی دانیشتووانی شارەکەی هەیە لەناویاندا کوردیش، کە بەنیگەرانییەوە لەحوکمڕانیی حزبە کوردییەکان دەڕوانن بەوەی بێتواناو گەندەڵن، بۆیە لەبەر هەموو ئەوانە، کەوابێ ساتەوەختی یەکلاکردنەوە ئێستایە، هێندەی ئەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەناوچەیەکی ئومێدبڕاو



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

دەبینرێت، بۆیە هێشتا بەشێک لەو سەرکردانەی کە تێڕوانینێکی واقیعییان هەیەو سەرکردەی پراگماتیکینو دەرفەتێکیان هەیە بۆ کێشانی نەخشەڕێگەیەکی ئاشتییانەو هەمەلایەن بەرەو پێشەوە.

هەقوایە کۆمەڵی نێودەوڵەتی پشتگیریی ئەمجۆرە سەرکردانە بکات، بەو پێیەی کلیلی گرەنتیی ئەوەیان پێیە کە شکستهێنانی داعش نەبێتە سەرەتای دەرکەوتنی ئاماژەی چەند جەنگێکی ئیتنیکیو ئایینی نوێ.

سەرچاوە: گۆڤاری فۆرین پولیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## پڕۆسەی رزگارکردنی موسڵ رزگار



رزگار حاجی حەمید

دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، بەپێی مەرامە سیاسیو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، نەخشەیەکی سیاسیان لەم ناوچەیە پراکتیزە کردو کۆمەڵێک دەوڵەتیان دروستکرد، بەبێ گوێدانە خواستی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئیدی ئەو کێشەو جەنگو خوێن رشتنە لەو چرکە ساتەوە تائێستا لە ئەستۆی ئەوانەو خۆیان دارێژەری نەخشەی سنوورەکانو بەرهەمهێنەری ئەو گرفتانەن، بەدرێژای ئەو سەدەیە عیراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە دەستەگوڵی خۆیانە، ئەوەی ئێستا پێی دەوترێت عیراق، سێ ویلایەت بوو هێشتا ویلایەتەکانی بەغدادو موسڵ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون، شەڕ بەردەوام بوو، هاوپەیمانان بەپێی رێکەوتننامەی سایکس - پیکۆی ١٩١٦ لە نێوان خۆیاندا برابەشیان کرد، وەک ئاشکرایە لە ١١ی ئازاری ١٩١٧ دەستیان بەسەر بەغدادا گرتو دوای تەقە وەستاندن لە ساڵی ١٩١٨ دا بەبێ شەڕچوونە ناو موسڵ، بۆیە ئەمەش تائێستا لەلایەن تورکیاوە قسەو باسی زۆری لەسەرە، موسڵ دوایین ویلایەت بوو کە عوسمانییەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم  لە دەستیان دا. رێکەوتنی سنوور لەگەڵ عیراق لە ١٩٢٦ داو عیراقیش لەبەرامبەردا هەڵسا بەپێدانی ١٠%ی نەوتی موسڵ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بۆ تورکیا تا ساڵی ١٩٥٢، پێش ئەوەی دەوڵەتی عیراق دروستبکەن، کورد حکومەتی خۆی هەبوو لە لایەن عوسمانییەکانو بەریتانیاوە دانی پیادانرابوو، بەدامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بۆ کەمینەیەکی عەرەبی سوننە، کوردو شیعە نارازیبوون لە سایەی ئەم دەوڵەتەدا بن، چەندین شۆڕشو راپەڕینیان بەرپاکردو یاداشتی نارەزاییان دایە هاوپەیمانان، هەرچەندە لە گەرمەی کێشەکاندا کۆمەڵێک بەڵێن درا، بەڵام تەنها بۆ فریودانو هێورکردنەوەی رەوشەکە بوو، وێڕای هاتنی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ ناوچەکەو نووسینی راپۆرتیان کە لە بەرژەوەندی عیراق نەبوو، بەڵام ئەمانەش هیچیان لێ سەوز نەبوو و دێزە بەدەرخۆنە کرا، دوای ئەزموونی نزیکەی سەدەیەک دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە، هێشتا ئەگەری هەڵوەشانەوەو لێکترازان زیاترە



سەرچاوە
Serchawe

لە پێکەوە ژیان.

### ئازادکردنی موسڵ

هاتنی داعش بۆ ناوچەکەو کۆنترۆڵکردنی ناوچە سوننیەکانو سەرەتا بەجۆرێک خۆیان نمایش کرد، زۆربوون ئەوانەی کۆمەکو هاوکارییان کرد، جگە لە چەندین هۆکار دیارترینیان چەوسانەوەی سوننەکانو پەراوێزخستنیان لە لایەن دەسەڵاتی شیعەوە بوو، ئەمەش کاردانەوەو تۆڵەکردنەوەیە بەرامبەر عەرەبی سوننەکە لە سەرەتای دامەزراندنی عیراقەوە کەمینەیەکی باڵادەست بوون، دەسەڵاتیان بۆ خۆیان پاوانکرد، لە ساڵانی ١٩٢٠ - ٢٠٠٣ ئیدی بەهاری تەمەنیان ئاوابوو، ئەم دۆخەیان پێ هەرس نەکرا، لێرەو لەوێ گروپی چەکداریان دروستکرد لە دژی حکومەتی نوێو هێزی هاوپەیمانان، هەرچەندە ئەم گروپە چەکدارە تیرۆریستانە دوابەدوای سەدام بەناوی جیاوە خۆیان راگەیاند،

**تا دروستبوونی داعش شرۆڤەو سەرهەڵدانو مێژووی دامەزراندنیان لێرەدا دەرفەت نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین:**

١- بناغەی دروستبوونی گروپی جیهادی توندڕەو لەکاتی بەعسو بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام - دا دروستبوو، کە خۆی کاری بەم رەوتە هەبوو، ئەمەش دەنگی ناڕەزاییو کاردانەوەی نەرێنی لە نێوخۆی بەعسدا دروست کرد، بەتایبەت لای عەلمانییەکان لەوە دەترسان کە گەشە بکەنو جومگەکانی حزبو دەوڵەت بۆ خۆیان پاوان بکەن، ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە کە لە نێو کۆمەڵگەدا ئەم ئایدۆلۆژیایە ئامادەیی هەیە.
٢- رەفتاری هاوپەیمانان لە عیراقدا جێی گلەییو گازەندە بوون، کە بەداگیرکەر ناوزەد دەکران.
٣- هەڵوەشانەوەی سوپای عیراق کە ئەمەش لە لایەک بۆشاییەکی سەربازی دروستبوو، لە لایەکی ترەوە خانەنشینکردنو دەرکردنی ئەفسەرانی خاوەن ئەزموونو شارەزا هەستیان بەنامۆییو پەراوێزخستن دەکرد، بۆیە چوونە پاڵ ئەو گروپە توندڕەوانەو دژی ئەمریکاو دەسەڵاتی ناوەند بوون.
٤- رەفتاری دەسەڵاتی ناوەند کە خۆی لە حوکمی شیعەدا چڕکردۆتەوە، بەنەریتی تۆڵەکردنەوەو چەوساندنەوەی سوننە خۆیان دەسەپێنن، سەدان گروپی چەکداری توندڕەوی جیهادی لەلایەن مەرجەعیەتی مەزهەبییەوە شەرعیەتیان وەرگرتووە بۆ دژایەتی یەکترو هەزاران (عەلیو عومەر) لەو نێوەندەدا کوژران.

کەواتە زەمینەسازی پێشوەخت ئامادەیی هەیەو داعشیش لەمنداڵدانی ئەوانەوە لە دایک بوو، داعش هاتن مەملەکەتیان کردە وێرانەو مێژوویەکی خراپیان تۆمار کردو شیرازەی کۆمەڵگەیان هێندەی تر شێواند، سەدان نەریتی نێگەتیڤو ڤیزەوەنیان هێنایە گۆڕێ، ژێرخانی ئابووری وڵاتیان هێنایە خوار سفرەوە، ملیۆنان سوننەنشینیان ئاوارە کردو لە زێدی



سەرچاوە
Serchawe

باوو باپیریان بەپێ خاوسیو بەڕووتی لە ماڵ هاتنەدەر، هەزاران هاووڵاتی بێگوناهیان لە پیرو ژنو مناڵیان كوشت، چەندین شارو شارۆچكەو گوندیان خاپوور كرد، كۆی هێزە هەرێمیو نێودەوڵەتیو وڵاتانی زلهێزیان لەناوچەكەدا كۆكردەوە، پرۆسەی رزگاركردنی موسڵ شەڕێكی قورسو سەختو خوێناوی دەبێت، چونكە پەناگەی تریان نییە بۆ خۆحەشاردانو مانەوە، لە كۆی پارێزگاكانی تر شكاونو هاتوونەتە ئەم شارەو تیایدا كۆبوونەتەوە، هەرچەندە پێگەی زۆر لاواز بووەو بەرەو رووخانو داتەپینو هەڵوەشانەوە دەچن، بەدڵنیاییەوە لە رووی سەربازییەوە كۆتاییان دێتو خۆریان بەرەو ئاوابوون دەچێت.

**جەنگی موسڵ جیاوازە لە شارەكانی تر، ئەوان لەبەر ئەم هۆكارانە شەڕی مانو نەمان دەكەن:**

١- موسڵ پایتەختی داعشە بۆ هەر دەوڵەتێك پایتەخت گرنگی گەورەی هەیە.
٢- لەدەستدانی موسڵ، ئاوابوونی یەكجارەكی سەربازیانە لەعیراقدا.
٣- كۆی سەركردەو جبەخانەو هێزەكانیان لەم شارەن.
٤- موسڵ دووەم گەورەترین شاری عیراقەو دانیشتووانی زۆری تێدایە بەئێستاشەوە، داعش وەك قەڵغانی مرۆیی بۆ پاراستنی خۆیان بەكاریان دەهێنن .

چۆن بتوانرێ خەڵكی سڤیلو داعش جیابكرێتەوە؟ بۆئەوەی لە رووی مادیو مەعنەوییەوە كەمترین زیان بەر خەڵك بكەوێت، بەهاتنی داعشو داگیركردنی بەشێكی زۆری عیراق بەتایبەت رووبەری سوننەنشین كە دەكاتە زۆرینەی جوگرافیای سوننە لە باكوورو ناوەڕاستو رۆژئاوای عیراق، بەمەش ئەم ناوچەیە كەوتە بەردەم گۆڕانی كۆمەڵایەتیو ئەمنیو دیموكراتی، بەتایبەت بەهۆی ئاوارەبوونو كۆچكردن بەناچاری، لە ترسی داعشو رازی نەبوون بەڕەفتارو سیستەمی سیاسی ئەوان، داعش نەیتوانی هیچ شارێكی كوردو شیعە داگیر بكات، ئەو هێزانەی دژی داعش لە یەك بەرەدا بوون، دوای داعش چی دەكەن؟ كێن ئەو هێزانەی بەشداریی ئازادكردنی موسڵ دەكەن؟ كێن ئەوانەی ئەم شارە دەپارێزنو ئەوانەی شارەكە بەڕێوە دەبەن؟ رۆڵی كورد لەم هاوكێشە سیاسیانەدا چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆچوونی جیاوازو زیاتر لە خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت، لەبەرئەوەی هێزەكان رەنگاو ڕەنگنو بەرژەوەندییەكان زۆرتر هەریەكەو دەجەنگێ بۆ بەهێزكردنی پایەكانیانو مسۆگەركردنی پشكەكانیان، رۆژگاریش باشتر راستییەكان دەخاتەڕوو، پەلەكردنی ئەمریكا لە پراكتیزەكردنی پرۆسەی رزگاركردنی موسڵ پێش كۆتاییهاتنی خولی سەرۆكایەتی ئۆباما، بۆئەوەی ببێتە سەركەوتنی دیموكراتەكانو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا وەك كارتێك بەكاری بهێنن، هەربۆیە زیاتر پەلە دەكەن لە پرۆسەی ئازادكردنی موسڵ، بەردەوام ژمارەی هێز زیاد دەكەن، بنكەی سەربازییان كردۆتە شوێنی جێگیربوونی هێزەكانیان، بەڵام زۆر هێزی تر هەن رای پێچەوانەوەیان هەیەو پێیانوایە زووە بۆ پەلاماردانی موسڵ، بوونی داعش بەم لاوازییە جارێك مانی باشترە، مۆنۆپۆڵكردنی كۆی كایەكان

## بەشی چوارەم

لە لایەن دەسەڵاتی شیعەو عەلەوییەوە لە سوریاو عیراقدا، دوای رزگارکردنەوەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش کە هەموویان سوونەنشین بوون، خراپ مامەڵە لەگەڵ دانیشتووانەکەی کراو ناوچەکەیان کردە وێرانە، جیا لە کوشتنو بڕین، زیانێکی گەورەی ئابوورییان لە ناوچەکەو خەڵکەکەی دا، ئەمەش وایکردووە سونەکان دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی بىن لە پرۆسەی ئازادکرنی موسڵدا، هاوکات عەبادی بەفەرمی داوای لە تورکیا کرد هێزەکانیان لە خاکی عیراق بکشێننەوە، لەولاشەوە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە پێوستە هێزەکانی پێشمەرگەو هێزە چەکدارە عیراقییەکان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵدا لە ژێر فەرمانو کونترۆڵی دەوڵەتی ناوەندیو سوپای عیراقدا چالاکی بکەنو میکانیزمی هەماهەنگیان هەبێ، ئەم لێدوانە نیگەرانی لێکەوتەوەو لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە وەڵام درایەوە،لەکاتێکدا پێشمەرگە دەمێکە هەڵمەتی لە دەوروبەری موسڵ دەستپێکردووەو چەندین شارۆچکەو ناوچەی پاککردۆتەوەو لەهەندێ شوێن تەنها شەش کیلۆمەتر لەشارەکەوە دوورن، نکوڵی لە ئازایەتی پێشمەرگە ناکرێتو لە بری هەموو جیهان لەسەر زەمین شەڕی داعش دەکات، تێکڕا گەواهی ئەم راستییە دەدەن، تەنانەت لە ناوەندی بڕیارو میدیادا دەنگیداوەتەوە، جگە لە سەردانی شاندی باڵا لە ئاستی سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانی بەرگریو دەرەوە .. هتد، کۆمەکی سەربازیو لەو دواییەشدا دابینکردنی مووچەی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن ئەمریکاو رۆژئاواوە نیگەرانییان هەیە لەمەڕ پرسی دیموکراسیو رەوشی مافی مرۆڤ لەهەرێمدا، هەروەها ئەو قەیرانو لێکترازانە لە نێوان حکومەتو لایەنە سیاسییەکانو پەراوێزخستنی پەرلەمان کە سەرچاوەی شەرعی هەرێمی کوردستانەو هەڵبژێردراوی خەڵکە، نەبوونی سازان لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، نەبوونی متمانە لە نێوان خەڵکو حکومەتدا، یاریکردن بەچارەنووسو ژیانو قوتی هاووڵاتیان، تادێ بێزاری زیاتر دەبێتو رەوشەکە لەتەقینەوەدایە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە شیرازەی کۆمەڵگە تێکچووە، لەبەردەم دادگاکاندا کەیسی جیابوونەوە زۆرترە لە هاوسەرگیری، جیا لە کەیسی دزیو شەڕ، پێوستە بەزووترین کات ماڵی کورد رێکبخرێت، حکومەتو پەرلەمان کارا بکرێنو چاوێک بەچارەکە مووچەی چل رۆژیدا بخشێنرێت، دواجار پلانێکی تۆکمە دابنێرێتو کۆی لایەنەکان بەشداربن تیایدا، بەمەرج بەشداری پرۆسەکە بکەن، گرەنتیش بۆ دوای رزگاری موسڵ هەبێت چ لە بەڕێوەبردنو بەشداری راستەقینەی کۆی پێکاتە نەتەوەییو ئایینییەکان، پاراستنی ئاسایشی شارەکە بۆ خەڵکەکە خۆیو چوونە دەرەوەی کۆی هێزە چەکدارەکان لەناو شارەکەدا.

### عیراق دوای داعش

رەوشی عیراق دوای داعش، ئەم زاراوەیە گەرمترین بازاڕی هەیە، کە لەمیدیاکاندا زۆرترین شرۆڤەی بۆ دەکرێو کۆی هێزە سیاسییەکان چاویان تێبڕیوە، ئەویش لە لایەک رزگار بوون لەو هێزە دڕندە مرۆڤ کوژە کە نەک مەترسییە بۆ عیراقو سوریاو ناوچەکە، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ کۆی جیهان، لە لایەکی ترەوە چەسپاندنی هێزو فراونکردنی رووبەری خاکو

## بەشی چوارەم

بەرژەوەندییەکان دێتە گۆڕێ، کە لەڕاستیدا کۆی شەڕەکانو تەنگژەکان گۆڕانی هێزو هاوسەنگی سیاسییە، ئەمە کرۆکی ئامانجەکانیانە، چ تراژیدیایەکە کۆمەڵگەی عیراقی تیادا دەژی، سەرکەوتنێکی گەورە بەڕێوەیە کە دێوەزمەیەکە ترسی خستۆتە رووبەری جوگرافیای دوامالّی جیهان، کەچی لەوە دەترسین شەڕی دوای داعشو پاش سەرکەوتن خوێناوی تر بێت، بەتایبەت بۆ کورد کە هێشتا بەشێکە لە عیراق، چەندین کێشەی بەهەڵپەسێنراویو بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەو مەترسیانەش زیاتر هەڕەشەن لەسەر کورد، لە دوای پڕۆسەی رزگاری عیراقەوە هەرجارێک بەفۆرمێک خۆیان تازە دەکەنەوەو ئامادەییان لەسەر شانۆی سیاسی هەیە، هۆکاری سەرەکیشی دژایەتیکردنی پرسی کوردو هەرێمی کوردستانو پەراوێزخستنی سوننەیە لە عیراقو سوریادا، بەهاتنی داعش لەو ماوەیەدا پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغدا گواستنەوەی زەمینی نەمابوو، تەنها لە رێگەی گواستنەوەی ئاسمانییەوە هاتوچۆ دەکرا، لەسەرەتادا بەدرێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لەشەڕدا بوون لەگەڵ داعشدا، لە باشوورو رۆژئاوای کوردستان بەهێزترین جەنگاوەرن لەسەر زەمین دەجەنگن، بەبێ ئەمان رزگارکردنی رەقەو موسڵ ئاسان نییە، زۆرن ئەوانەی بەشداری ئۆپەراسیۆنی موسڵ دەکەن، وەلێ بەرژەوەندیو ناکۆکیو ململانێکان زیاترن، ئەوەتا حکومەتی عیراقو حەشدی شەعبی دژی بەشداریکردنی تورکیان، هاوکات سوننەکانیش رازی نین میلیشیا بەوەی شیعەکان بەشداربن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانەو گومان لە نێو کۆمەڵگەی عیراقیدا، ئەزموونی پێشتریش ئەم فاکتانەی سەلماندووە، کەواتە گەورەترین پرس گەڕانەوەی متمانەو سەقامگیریو پێکەوەژیانی دوای داعشە، بۆئەوەی کەس هەست بەنامۆیی نەکاتو لە ماڵی خۆیدا میوان نەبێت، گەر ئەم هاوکێشە لاسەنگە هاوسەنگ نەکرێت، بەدڵنیاییەوە هاوشێوەی فۆرمی داعش هێزی تر دێنەگۆڕێ، دێوەزمەی شەڕیش شانۆی سیاسی خوێناوی دەکاتو ئاشتیو ئارامی دەبێتە خەون بۆ عیراقیەکان، ئەوەی پێوستە بوترێ ئەم عیراقەی کە ناوی (متحف الاجناس)ی لێنراوە، تا دابەش نەکرێتەوە بۆ سێ هەرێمی (کوردو سوننەو شیعە)، پێکەوەژیان هەمیشە لەبەردەم مەترسیدایە، عیراقیش بەو پێکهاتەی ئێستایەوە ئەگەری هەڵوەشانەوەی زیاترە نەوەک مانەوەی، درەنگ یان زوو چارەنوسی هەروا دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دەرفەتی سێهەم



عەتا کەریم

زیاتر لە دوو ساڵە، کورد شەڕی دژ بەتیرۆریستانی داعش دەکات و ئەو شەڕەش لە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندایە، کە خاک و خەڵک لە تیرۆریستان دەپارێزن.

لەماوەی شەڕی داعشدا، زیاتر لە دوو هەزار پێشمەرگە شەهیدبوون، هەزارانی دیکەش بریندداربوون، کە ئەمانە قوربانی گیانیین، هەروەها لە رووی مادیيشەوە لەو شەڕەدا «بودجە»یەکی قەبە و زۆر خەرجکراوە، لە پێناوی ئەوەدا کە داعش پێ نەخاتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان.

نێوانی پێشمەرگە و داعش لە خاڵی رووبەڕووبوونەوەدا لەو جێگایانەن کە «ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان»ن و خاکی کوردن و رژێمی بەعس لە سیاسەتی تەعریب و راگواستنی سەردەمی دەسەڵاتیدا دیمۆگرافیاکەی گۆڕیون، لەدوای نەمانیشیەوە هێشتا ئەو ناوچەنە بە کورد نەدراونەتەوە، لەناویاندا پارێزگای کەرکوک.!!

لەرووی کردارییەوە بە هۆکاری شەڕی داعش، پێشمەرگە زۆربەی ئەو ناوچانەی رزگارکردووە و وەک زۆرکات فەرماندە سەربازییەکان دەڵێن: «ئەو ناوچانە چۆڵ ناکەن و خاکی کوردستانن»، بەڵام سەرکردە سیاسییەکان ئەو قسەیە ناکەن!!، بۆیە عیراقیش بە گومان و هەستیارییەوە لەو دۆخە دەڕوانێت، کە پێدەچێت بێدەنگیەکەی تا قۆناغی دوای شەڕی داعش بڕبکات.

ئێستا پێشمەرگە لە سنووری حەمرینە، ئەو شوێنەی کە کورد بە سنوری نێوانی باشووری کوردستان لەگەڵ عیراقی دەزانێت و ئاڵای کوردستانی تێدا دەشەکێتەوە، بۆیە جوڵە سەربازییەکەی کورد لەو جێگایەیە، بەڵام جوڵە سیاسییەکە لەسەر پرسی

بەشی چوارەم

ناوچە جێناکۆکەکان وەکخۆیەتی، ئەگەر پاشەکشەی زیاتریشی نەکردبێت.!

راپەڕین و پرۆسەی ئازادی عیراق، دوو دەرفەتی لە دەستچووی کوردبوون بۆ وەرگرتنەوەی تەواوی خاکی کوردستان لە عیراق، بەڵام نەکران ماوەی نێوان ئەو دوو دەرفەتە دوو دەیە بوو، بەڵام ئایا سەرکردایەتی کورد دەرفەتی سێیەم کە قۆناغی «شەڕی داعش»ە، وەک دوو دەرفەتەکەی دیکە بۆ وەرگرتنەوەی خاکی کوردستان لە دەستدەدات!!، ئەمەش وەڵامەکەی لە دوای شەڕی داعش روون دەبێتەوە، کە ئەوەش لەبەردەم دوو ئەگەردایە.

ئەگەری یەکەمیان، چۆڵ نەکردن و بەکارهێنانی جوڵەی سیاسیی و سەربازییە لەگەڵ عیراق بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە ناوچە جێناکۆکەکانیشەوەیە، کە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور دەکات، ئەگەری دووەمیشیان، کشانەوەیە لەو ناوچانە و دیسانەوە کورد دەرفەتی سێهەمیش لە دەستدەداتەوە و تەنیا قوربانیدانەکانی بۆ مێژوو تۆماردەکات.!!

هەست بەوەدەکرێت کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە ئاست ئەم پرسەدا خەمسارد و بێمشوورن، هێندەی سەرقاڵی پلانی سەربازین بۆ شەڕی داعش، مەشغوڵی ئەوەنین کە چۆن پلان بۆ پاراستن و وەرگرتنەوەی ئەو ناوچە ئازادکراوانە دابنێن کە بەخوێنی رۆڵەی کورد ئازادکراون، دواخستن و ناڕوونی ئەم پرسەش بۆ دوای شەڕی داعش، بۆ کورد قورس و مەحاڵ دەبێت، ئێستا کورد هێزی کاریگەرە و هاوپەیمانان حسابی بۆ دەکەن، هەروەها عیراقیش لە رووی سەربازییەوە پێویستی بەکوردە و خۆی لە ئاژاوە نانەوە بەدوور دەکرێت، بەڵام ئەم جۆرە مامەڵەیەی هاوپەیمانان و عیراقیش لە دوای داعش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، عیراق دەبێتە دەوڵەتی داعش بەزێن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیری زیاتر دەبێت، بەڵام دۆخەکە بۆ کورد جیاواز دەبێت و بێ پشت دەبێت و هاوپشتەکانی داوای پاراستنی یەکپارچەیی عیراقی لێدەکەن، لێرەدا کورد داوای لێدەکرێت نەک کورد داوای هەبێت.!

جێی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسیی وەک خەمی نیشتمانی و خاک و نەتەوە پاکێجی داوای خاک و سنوور بۆ دانیشتنەکانی لەگەڵ عیراق بۆ یەکلاکردنەوە ئامادە بکەن، لە ئاست بەرپرسیارێتی دەرفەتی سێهەمدابن،چونکە خاک لای کوردە و ناکرێت ئەم دەرفەتەش لەدەست بدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان لە دوای شەڕی داعش




**شادمان مەلا حەسەن**

ئەگەر لە ولاتانی دیمۆکراتی زۆر گرنگی بەڕای گشتی یان رای شەقام دەدرێ بۆ ئەوەی جۆرێک لە رەنگ رێژی سیاسەتی حزبی و حوکمی لەسەر ئاراستە بکرێ، ئەوە دیارە لە ولاتانی دیکتاتۆری و خۆسەپێن،رای گشتی و شەقام گرنگ نین. ئەوەی گرنگە دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگریەکان و هێزە چەکدارەکانە ،کە پایەی دەسەلاتەکەیان راگرتووە، بەڵام هەرێمی کوردستان هیچ کام لەوانە نیە، کەچی لە جۆری یەکەم نزیکە . بەڵام هیچ گرنگی بەرای زۆرینە و شەقام نادات،لە جۆری دووەم بیردەکاتەوە هەڵس و کەوت دەکات. بەڵام ئەو دامەزراوە و هێزەشی نیە. کەواتە کورد بەتەمای چیە؟ کەدەڵێین کورد، مەبەستمان کەسایەتیە سیاسیەکان و سەرانی حزبەکانە.

کورد وەکو دەسەلات ئەگەر جاران شانازی بە سیستەمە مەیلە و دیمۆکرات و ئازادەکەیەوە دەکرد، ئێستا ئەمە وەک جاران نەماوەو ئەزموونێکی خراپ نیشان دراوە. رۆژانە پێشێلکردنی مافی گشتی و مافی تاک دەبینرێ، پانتایی ئازادی بەرتەسک بۆتەوە، ئەگەر بەو سەرمایە وگەشەکردنە ئابوریەی چەند ساڵێک هەبوو شانازیمان دەکرد، ئەوە بەدڵنیایەوە وا پوکاوەتەوە زۆر زەحمەتە جارێکی تر لەو پشتی بەقەد نیوەی هەرەتی لاوی راست بکاتەوە. ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەبینرێ دوو ئاراستەی بیرکردنەوەیە، سەرانی کورد روویان لە دەرەوەیە،دڵیان بەو مجامەلانە خۆشە کە دەگوترێ ئێوە ئازان و شەڕی تیرۆر دەکەن لە جیاتی جیهان. بێگومان ئەمەش ووردە ووردە لە کۆتایی فیلمەکە نزیک دەبێتەوە، شەڕی داعش کۆتایی بێت زۆر ئاسایە شەڕێکی تر بەرۆکمان بگرێ . بەڵام لەو شەڕەیان ئەوانەی ئێستا پێمان دەڵێن ئازا ئەوکات، لەوانەیە بلێن رێز لەسەروەری یاسا و بڕیارەکانی حکومەتی مەرکەزی بگرن. ئاراستەی دووەم بیرکردنەوەی زۆرینەی خەلکە، ئەو بیرکردنەوەی رۆژانە لە شەقام و لە میدیا و لە تۆرە کۆمەلایەتیەکان دەیبیستین. ئەو ئاراستەیە چاوی لە کۆتایی هاتنی شەڕی داعشە، پێی وایە ئەو هێزەی لە خوارەوە دێت و دەگاتە سەر سنورەکانمان تۆ بلێی نەبێتە فریاد رەسمان لە

بەشی چوارەم

دەست سیاسەتی خۆماڵی، بێگومان ئەم بیرکردنەوەیان تەندروست نیە. بەڵام بیرکردنەوەی پەرچە کردارە، لەبەرامبەر دەسەلاتی کوردی. ئەو دەسەلاتەی هەتاکو ئێستا ناتوانێ روخسارێکی نیشتمانی پێشکەوتوو نیشان بدات، بۆ ئەوەی کەمێک لە متمانەی خەلک بەدەست بهێنێتەوە. کات زۆر بەخێرایی دەڕوات، نە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە نە لەبەرژەوەندی میللەت، عەقڵیش لەلای بەرپرسانی کورد سڕ کراوە بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی خۆی، بەڵام بۆ بێگانەکان لەوپەڕی هەستیاری و گوێڕایەڵیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# موسڵ لە دوای داعش



**د. هشام هاشمی**

لەبەر چەندین مقۆمقۆ لە پێگەکانی ئینتەرنێتو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی ئایندەی نەینەوا لە دوای داعش، لێدوانە دژەکانی بەغداو هەولێرو هەروەها ناکۆکی نێوان هێزی پێشمەرگەو حەشدی شەعبی، گرنگترین خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیان دەخەینەڕوو:

## ئەو ناوچانەی پێشمەرگە ئازادی کردوون

بە پێی نەخشەی پرۆسەکان کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کێشاویەتی، پێشمەرگە ناوچەکانی باکووری نەینەواو جوگرافییە جێناکۆکەکانی لەگەڵ حکومەتی خۆجێی موسڵ رزگار دەکات، کە لە کۆی ٣١ یەکەی ئیداری، ١٣ یەکەی ئیداری لە لایەن پێشمەرگەوە رزگار کراوەو ئەوەش وای دەبینێت کە سنووری لەگەڵ نەینەوا ئەو سنوورە نییە کە پێش ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بووە، بەڵکو سنوورەکە خوێنی رزگارکەرەکان دەیکێشێت.

دەسەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پتەوکردنی پێگەی خۆی لە ناوچە جێناکۆکەکانو زۆربەی ئەو ناوچانەی لە دەسەڵاتی ناوخۆ داماڵیوەو پەیوەندییان بەحکومەتی فیدراڵەوە نەماوەو هەموو ئەو بەڕێوەبەرانەی دەرکردووە کە پەیوەندییان بە حکومەتی فیدراڵەوە هەیە، تەنها ئەوانە نەبێت کە لەگەڵ کوردستاندا هەماهەنگییان هەیە، بەهۆی ئەوەشەوە لێدوانی توند لە نێوان بەغداو هەولێر روویدا.

ئەوەی پەیوەندی بە کەمایەتییەکانی ناوچە جێناکۆکەکانی نەینەواوە هەیە، رەوشەکە خراپترە، ئەو ناوچانەی نەینەوا لە رووی جوگرافییەوە بە دەوڵەمەندترین دادەنرێن، چونکە کێڵگەی نەوتو زەوی بە پیتی کشتوکاڵیان تێدایە، زۆربەی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

کەمایەتییەکانی نەینەوا لە غەیرە عەرەبن، پێشتر ئەو ناوچانە بەدەست پەراوێز خستنی تەواو لە ژێرخانی ئابووریو خزمەتگوزارییەوە دەیانناڵاند، گەنجەکانیان بەدەست بێکارییەوە دەیانناڵاند، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بری حکومەتی خۆجێی موسڵ هەڵدەبژێرن، بەڵام دانیشتووانی ناوچە جێناکۆکەکان لە پرۆسەی گۆڕانکاریی بە بەرنامە دەترسن لە پێکهاتەی دیمۆگرافییان، لە ڕێی پەیڕەوکردنی نەگەڕاندنەوەی ئاوارەکان.

لە ئاییندەدا تەنگژەی نێوان هەولێرو بەغدا دەبێتە تەنگژەی ئابووریو سەربازی، کاتێک داعش موسڵی داگیرکردو لێدوانە سیاسییە دژ بە یەکەکانو بە گەڕانەوەی هاوپەیمانی نێوان هەولێرو نوجێفی کە بەغدا وەکو شۆکێکی گەورە مامەڵەی لەگەڵ کردو داوای لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیو نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، بەخێرایی دەستوەربدەن بۆ وەستاندنی چوونە پێشەوەی کورد لە جوگرافیای موسڵ، لە بەرامبەریشدا هێزی پێشمەرگە ڕێگەی نەدا بەهێزە هاوبەشەکان لە پێش هەمووشیانەوە هێزەکانی رزگارکردنی موسڵ لە ناوچەی خۆرهەڵاتی زێو گوێر نزیک ببنەوە.

ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە دوای داگیرکردنیەوە لە لایەن داعشەوە موسڵی تیدا دەژیو دوای هەڵوێستی سیاسەتمەدارەکانی لە یەکێتیی نەینەوا، ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر رای گشتی لە بەرامبەر ئەگەری دابەشبوونی نەینەوا بۆ سێ یان چوار پارێزگا بەپێی نەتەوەو ئایینو تایەفەو کۆکردنەوەیان لەهەرێمێکدا کە سەنتەرەکەی موسڵە، دەنگێکی بەرز هەیە کە دەڵێت ریفراندۆم بۆ هەموو قەزاکانی پارێزگاکە بە مەبەستی دیاریکردنی مافی سەربەخۆیی یان مانەوەی لەگەڵ موسڵ یان بچێتە سەر هەرێمی کوردستان، کە ئەوە لە ئیرادەی نێودەوڵەتیو نێونەتەوەییەوە نزیکە، بۆچوونێکیش هەیە کە داوای بوونی هێزە نێودەوڵەتییە بێلایەنەکان دەکات لە ناوچەکانی سەر سنوورو ناوچە جێناکۆکەکان، بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان تا کاتی گەیشتن بە ڕێکەوتنی سیاسی.

بۆ زانینی چارەنووسی پێشبینیکراوی نەینەوا لە دوای شکستی سەربازیی داعشو کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە لەسەر دیمەنی ناوخۆی عیراقیو هەروەها دیمەنی هەرێمیو ئەو پێشکەوتنە خێرایانەی لە دۆسێی هەرێمیدا لەگەڵ پێشچوونەکانی دیمەنی نێودەوڵەتی پەیوەست بەململانێ لەسەر جوگرافیای موسڵ هەیە، ئەوەش لە ڕێی تاوتوێی ئەو بەرەنگارییانەی ڕووبەڕوی نەینەوا دەبێتەوە، لەبەردەم حزبە کۆنترۆڵکەرەکانی دەسەڵاتو ئیدارەو هەروەها سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان لە سێ پێکهاتە گەورەکانی کورد، شیعەو سوننە، ئەوەش دوای دەرخستنی هەندێک زانیاریو ڕاستی پەیوەست بەکاردانەوەی تۆڵە، بەخوێنی سەر تینوو، مەیلی تیرەگەری، میکانیزمی وردی ئەمنی، ناسنامەی لاوەکی ئەو هێزە ئەمنییانەی لە خاکە رزگار کراوەکانن، لەگەڵ بنیاتنانەوەو ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری.

## بەشی چوارەم

### سیناریۆکان:

### یەکەم: لەسەر ئاستی توێژە ناوخۆییەکانی دانیشتووانی نەینەوا

١- تائێستاش توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان گرنگی بە بۆچوونی نزیکەی ٥٠%ی دانیشتووانی نەینەوا دەدەن لە ئاوارەو کۆچبەرەکان، بەڵام زۆرجار گوێبیستی یان بەدواداچوون بۆ نیوەکەی تری ناکرێت، چونکە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان لەگەڵ هۆکاری دیکەش، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بیرکردنەوەکان بۆ تێگەیشتنی راستییەکانو واقیعەکە ناڕوونن، دەبێت گریمانەی جەماوەری هێزە ئەمنییەکان بکەین، کە زیادبوونی جەماوەریان دەرفەتی قبوڵی زیاد کردوون، هەروەها گریمان حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەتی عیراقو حکومەتەکەی دەرفەتێکی گەورە دەدات بۆ گەڕاندنەوەی پەیکەری دامەزراوە حکومییەکانی نەینەواو کاراکردنی رۆڵی مەدەنیانە لەسەر حسابی هەژموونی دەزگا سەربازییەکان کە گریمانەی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە دانیشتووانی پارێزگاکە لە حاڵەتی گونجانو ئینتیماو گوێڕایەڵیو بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیدا بژین، لەگەڵ سازانی نێوان حکومەتو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی موسڵ، هەموو ئەمانەش یارمەتیدەر دەبن لە بەرەنگاربوونەوەی دووبارەبوونەوەی دارمانی سەربازیو ئەمنی وەکو چۆن لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا روویداو ئەوەش دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ پاککردنەوەی گەڕەکو گوندەکان لە گروپە تەکفیریەکانو داعش، لەوێشەوە هەلێکی گەورە بۆ حکومەتی موسڵ دەستەبەر دەکات، لە تەواوکردنی دۆسیێی ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی شارەکەو بەدیهێنانی روانگەی ئایندەی لە لێبووردەییو پێوە ژیان.

٢- کۆنترۆڵکردنی حوکمو ئیدارەی پارێزگاکە لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە لە کاتی نەبوونی متمانەو گومانو پشێوی لە پێکەوە ژیان، وەکو کاردانەوەیەکی فراوان لە قەزاو ناحیەو ناوچەکەندا، کە بۆشاییەکی گەورە دروست دەکاتو بۆ پڕکردنەوەی پێویستیی بە هەوڵێکی زۆر هەیە. رەنگە لە ئایندەدا ببێتە مایەی ئەوەی نەینەوا بچێتە حاڵەتێک لە ململانێی ئایینیو نەتەوەییو خێڵو دابەشبوونی ناوخۆیی.

٣- ئایا عەبادی سەرکەوتوو دەبێت لە خستنە سەر رێی نەینەواو کۆمەڵگە لە ئاگربەستێکی کراوەو یەکلاییکردنەوەی مێژوویی و سازان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عیراق، لە سەروو هەمووشیانەوە حزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەغداو هەولێر کە لە پرۆسەکانی ئەم دواییەی رزگارکردنەوەکاندا بەشدار بوون، کە ئەوەش دەرفەتێکی باشیان دەداتێ بۆ سەپاندنی بەرنامەو بڕیارەکانیان لەسەر ئاستی ناوخۆییو هەرێمیو نێودەوڵەتی.

## بەشی چوارەم

٤- هێزە رزگارکەرەکان پێویستیان بە دامەزراوەی زانیاریو هەواڵگریی پاڵپشت هەیە، تا هەوڵی داعش بۆ خۆێکخستنەوە بەشێوازی جۆراوجۆر نەهێڵێ، رێگرتن لە دزەکردنی تاقمە چەکدارە تازەکان، یان گەر بیانەوێت لە ژێر چەتری خێڵەکاندا بێنە ناوەوە، یان بەنوێکردنەوەی شێوازو جۆری نوێ جفرەی خۆی گۆڕیوە، وەکو هەوڵێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەشێوەی جۆراوجۆر، کە رەنگە گرتنەبەری رێچکەی بەکارهێنانی توندوتیژیو پەنابردنەبەر سیناریۆی تەقینەوەو ئاژاوەگێڕی لە رێی هەڵکوتانەسەرو کردەوەی خۆکوژییەوە بێت، یان تیرۆر کردنی کەسایەتییە سیاسیو ئایینیو هۆزەکان، ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە یاسای لێبووردن یان پرۆژەی ئاشتەوایی تاوتوێ نەکراوو جیاکاری نەتەوەییو ئایینی.

### دووەم: لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکان

١- هەردوو حکومەتی بەغداو هەولێر هاوکارین لە بنیاتنانی نمونەیەک بۆ سەرکردایەتییەکی عەرەبی سوننە کە نوێنەری زۆرینە بێ، ئەوەش پرۆژەیەکی نوێی سیاسی بە نەینەوا دەدات.

٢- حزبەکانی موسڵ هەوڵی دۆزینەوەی خۆگونجانی نوێ بدەنو پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ ئێرانو سعودیەو تورکیا لە بەرژەوەندی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا ببەستنو هەوڵی گۆڕینی بدەن بۆ هاوپەیمانی ئەمنیو سیاسی ئەوتۆ کە شانبەشانی بواری ئابووری، رەهەندی ستراتیژی ئەمنی هەبێت.

٣- پێکهێنانی هاوپەیمانی ستراتیژیی بەهێز لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی نەینەواو بنیاتنانی پەیوەندی نوێ لەگەڵ کورد، بەبەشدارییەکی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانییە گەورەکان لە بەغدا، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوپەیمانەکانی.

٤- هەوڵدان بۆ خۆگونجان لەگەڵ پرۆژەی حکومەتدا بۆ فراوانکردنی لامەرکەزیی لە یەکە ئیدارییەکانو دامەزراندنەوەی پەیکەری دامودەزگاکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتو پەرلەمانو داد، لەگەڵ بەرەودان بە دەستکەوتەکانو شتە پۆزەتیڤەکانو کەمکردنەوەی زیانەکانو شتە نێگەتیڤەکان بەپێی توانا، لەگەڵ چاوپۆشینی لایەنەکان لە گومانیان دەربارەی ترس لە فیدراڵیو دابەشبوون.

### خەمڵاندنی هەڵوێست

بنیاتنانەوەی بەرنامەی جددی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانیو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق، پێویستە سەرکردەکانی

## بەشی چوارەم

پارێزگاكە كار بكەن بۆ تەواوكردنی دامەزراندنی نمونەیەكی خۆیی كە نوێنەرایەتیی ئاشتەوایی نیشتمانیی جددی بكاتو درێژەدان بە تەواوكردنی تۆكمەیی پێكەوە ژیانو لێبوردەییو دەستپێشخەریی بۆ دەستپێكردنی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانیی نوێی تایبەت بە موسڵ، لەگەڵ دارشتنی پرۆژەی گەورەی كۆمەڵگەییو پێكهێنانی هاوپەیمانیی بەهێزو برەودان بەسازانی نێوان لایەنەكانو حزبە جۆراوجۆرەكان، لەگەڵ راكێشانی سۆزی زۆرو بەرچاوی هەرێمیو نێودەوڵەتی كە نەینەوا هەیبووە.

### راسپاردەكان:

- بەهۆی ناكۆكییە ئایینیو نەتەوەییەكانەوە، لە قۆناغی ئێستادا جوگرافیای نەینەوا بەشێوەیەكی زۆر كراوەتە ئامانج، بۆ پرۆژەكانو سیناریۆ پێشنیازكراوەكان لە لایەن دەزگا سیخوڕییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەكانەوە بۆ دابەشبوونی ناوچەكە، دەبێت هەموو هەوڵێكی پێویست بۆ بەرگرتن لە دابەش بوون بگیرێتەبەر، ئەگەر تەنیا بۆ قۆناغی ئێستاش بێت، هەروەها چارەسەركردنی شوێنەوارەكانی داگیركارییەكەی داعش.

- موسڵ كێشەی دۆزینەوەی هاوپەیمانی باشی هەیە، كە بەم دواییانە كەمیی پەیوەندیو هاوڕێو شەراكەتی هاوپەیمانی لە نێوان حزبە سیاسییەكانی موسڵو ژمارەیەك لە حزبە ناوخۆكانو حكومەتە هەرێمییەكان دەركەوتو روون بۆوە كە ئەوانە پەیوەندی كاتینو پەیوەستن بە دۆسێكانی ئێستاوە، نەك ستراتیژی بن، بۆیە دەبێت حزبەكانی نەینەوا هاوڕێیەتیو شەراكەتی نیشتمانیی نوێو راستەقینە لەگەڵ حزبە دەسەڵاتدارەكانی بەغداو هەرێم بنیات بنێن، بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتە گۆشەگیرییەی بەسەریدا سەپێنراوە.

- پێویستیی متمانە لە نێوان هێزە ئەمنییە ناوخۆكانو فیدراڵی بنیات بنرێتەوەو پەلە بكرێت لەو بۆشاییانەی داعش بەرهەمی هێناون.

- حكومەتی ناوخۆی موسڵ مافی خۆیەتی لە لێپرسینەوەی هەموو ئەوانەی بەشداربوونو یان پلانیان دارشتووە یان پشتیوانی داراییو هاوكارییان پێشكەش بەداعش كردووە، لەگەڵ وریابوون لە دادپەروەریو پێشێل نەكردنی یاسا لە مامەڵە كردن لەگەڵ تۆمەتبارانـدا، یان خۆخستنە ناو حاڵەتی تۆڵە سەندنەوەو رووخاندنی خانوو و سەپاندنی یاسای هەرەمەكی خێڵەكی، لەگەڵ دەركردنی بە پەلەی بەرهەمی لێكۆڵینەوەكانو پێشكەش كردنیان بە رای گشتی ناوخۆو بەكارهێنانی شێوازی یاسایی بۆ ئاشكرا كردنی تیرۆریستان.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

- گرنگیی بنیاتنانەوەی پەیکەری ژمارەیەک لە دامەزراوە حکومییەکانی موسڵ، لە سەروو هەمووشیانەوە دەزگا ئەمنیو سەربازییەکانو دادگا، کە لە قۆناغی داگیرکاریی داعشدا لاوازی زۆر لە ژمارەیەک لەو دەزگایانە دەرکەوت.

- گرنگیدان بە گەڕاندنەوەی خزمەتگوزاریو ژێرخانی ئابووری نەینەوا.

- هێنانەوەی بەرنامەی پەروەردەییو فێرکردنو مەنهەجەکانی قوتابخانەو پەیمانگەو وەقفی سوننیو سوود وەرگرتن لە رۆڵی زانایانو پیاوانی ئایینی لە دەستنیشان کردنی فکری توندڕەویو بەرەنگاربوونەوەیو چارەسەرکردنی هۆکارەکانی.

وەرگێڕانی: دیاری سابیر

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## موسڵ و سەرەداوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران



**سمایل شەرەفی**

مووسڵ، ئەم شارە کێشە لەسەرەی کە بە درێژایی دوو سەدەی رابردوو بۆتە ناوەندی کۆمەڵێک ململانێی جیهانی و ناوچەیی. شارێک کە لە شەڕی جیهانی یەکەم و لە ئاکامی قەرارداده شوومەکەی سایکس - پیکۆدا کە کوردستانی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرا، بە وڵاتی تازە دروستکراوی عێراقەوە لکێندراو بووبە ناوەندی ناکۆکییەکان؛ لەلایەک لە نێوان بریتانیاو فەڕانسەو لە لایەکی دیکەیشەوە نێوان عێراق و تورکیە.

ئێستا و راست لە ١٠٠ ساڵەی درووستبوونی ئەسڵی ناکۆکییەکان دا دیسان مووسڵ ناوەندی کێشەکانە. ئێستاش موسڵ هەمان چیروکی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستای خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەو جیاوازییەوە کە چاوی دوو وڵاتی دیکەی واتە ئامریکاوئێرانیشی لە سەرە.

لە گەڵ ئەوەیکە ئێران تا ئێستا (نە لە رابردوو نە لە ئێستادا) چاوی تەماحی نەبڕیوەتە موسڵ. بەڵام ئەمجارەیان بابەتەکە بە جۆرێکی دیکەیە! مووسڵ کە دوای بەغدا دووهەمین شاری سوننی نشینی عێراقەو هێندێک لە رکەبەرانی ئێرانیش بەدەوریدا مڵوومۆیانە، بۆ رێژیمی شیعە مەزهەبی خاوەن نەیار و رەقیبی وەک فەڕانسە، بریتانیاو ئامریکاو تورکیە، مانایەکی تایبەتی هەیە. بۆیە ئێران نەدەتوانێ بێتەفاوەت دانیشێ و لە دوورەوە سەیری چارەنووسی مووسڵ بکات و نە دەشتوانێ راستەوخۆ وەک تورکیە بێتە نێو مەیدانی رکەبەریەکانەوە! بۆیە گومان لەوەدا نیە کە هێندێک لەو هێز و لایەنانەی کە هەوڵی بەشداری لە شەڕی مووسڵ دەدەن دەتوانێ ئادرەسێکی ئاشکرا بێت بۆ دۆزینەوەی پیلان و ئامانجەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نیسبەت پرسی مووسڵەوە.

## بەشی چوارەم

حەشدی شەعبی سەرەداوێکی روون و ئاشکرایە بۆ خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی ئێران لە سەر داهاتووی مووسڵ. سەرەڕای دژایەتیی زۆرێک لە لایەنەکانی پێوەندیدار بە پرسی موسڵ، بە وڵاتانی زلهێزو ناوچەییەوە، پێداگریی حەشدی شەعبی لە بەشداریکردنی لە پرۆسەی ئازادیی! موسڵ و هەروەها قسەکردن لە بەڕێوەبردنی مووسڵ - دوای بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی ئازادی - بە شێوەی هاوبەش لە لایەن "رزگارکەران"ی موسڵ، دەری دەخات کە بە دوای بەشی خۆیدا دەگەڕێ.

گومان لەوەدا نیە کە بەشی ئێران ناتوانێ بریتی بێت لە بەشداریپێدانی لە بەڕێوەبردنی موسڵ دوای ئازادکردنی!. کەوابوو ئێران بێ مەیل نیە لەوەیکە حەشدی شەعبی لە شەڕی موسڵ دا وەک کارتێکی گوشار بەکار بێنێ.

تورکیەی میراتگری عوسمانی یەکێک لەو لایەنە ناوچەیییانەیە کە ڕاشکاوانە، سەرەڕای دژایەتی کردنی رەسمیی دەوڵەتی عێراق، هەوڵی بەشداریکردنی لە پرۆسەی ئازادی موسڵ دەداو هەر زۆر بە ئاشکرایش دەڵێ کە "هێزەکانم دوای رزگاریی موسڵیش لە دەوروبەری موسڵ ناکشێنمەوە!".

راستە کە ئێران ناتوانێ هەم لە پرۆسەی ئازادی موسل و هەم دوای ئازادیی ئەمشارە لە چنگی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش)، بەشێکی لە رۆڵگێڕان و بەشداریدا هەبێ، بەڵام لە کەس شاراوە نیە کە بۆی گرینگە کە چۆن و لە لایەن چ لایەن و دەوڵەتانێکەوە رزگار دەکرێ و لە کۆتاییدا بەڕێوەبردی بەر کێ دەکەوێ.

حزووری نیزامیی تورکیەو هەوڵدانی بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی رزگاری موسڵ و تەماحی لە مێژینەی ئەم وڵاتە لە چارەنووسی کۆتایی ئەم شارە، یەکێک لە نیگەرانیەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بە واتایەکی دیکە ئێران لە نیەتی تورکیە بەرانبەر بە موسڵ بە تایبەتی و بەگشتی بەرانبەر بە وڵاتی عێراق، نیگەرانەو حەز بە پێشڕەوەییەکانی تورکیە لەم وڵاتەدا ناکات. بۆیە بە هەر جۆرێک کە بوێ بکرێ، هەوڵ دەدات پاشەکشە بەم وڵاتەو نیەتەکانی لە فراوانخوازیدا بکات.

حەشدی شەعبی و کۆمەڵە هێزێکی دیکەی نەیاری دەوڵەتی تورکیە، وەک پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکمەنە شیعەمەزهەبەکان کە نزیکن لە ئێران و، بەشێکیان پێداگری لەسەر بەشداریکردنیان لە پرۆسەی ئازادی موسڵ دا دەکەن، دەتوانن کارتێکی گونجاو بن بۆ ئێران لەم پێوەندییەدا.

لەم نێوەدا حەشدی شەعبی وەک هێزێکی "شیعە" و "عێراقی" دەتوانێ گونجاوترین کارتی ئێران بێ. چونکی لە لایەک وەک

## بەشی چوارەم

هێزێکی عێراقی ئەو ڕەوایەیە بە خۆی دەدا کە بەشداری شەڕەکە بێت و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵە دەنگێک بە دژی بەشداریکردنی لە شەڕەکە لە ئارادایە کە لە کۆتاییدا دەکرێ بەرانبەر بە ڕاگرتنی تورکیە کە بەشداری شەڕەکە نەبێت، مامەڵەی لە سەر بکرێت. ڕێگای ئەم مامەڵەیەش لە سەر پاشگەزکردنەوەی حەشد لە بەشداریکردنی شەڕ، بێگومان ئێران دەبێت.

هەڵبەت پێداگریی پارتی کریکارانی کوردستان(پەکەکە) لە پرۆسەی ئازادی موسڵ و دژایەتی تورکیەیش بەرانبەر بەم هەوڵەی پەکەکە، ناوتوانێ بە دوور بێ لە هەوڵی شوێندانەریی ئێران لەم کێشەیەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## لە وەهابییەتەوە تا داعش



سمکۆ عبدالکریم

### ئەلسرورییە وەک رەوتێکی بەیەکەوە گرێدان

بەشی یەکەم

ئەگەر ١١ی سپتێمبەر ئەو ڕووداوە گەورەو مێژووییە بووبێت کە تێگەیشتن و ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکای بەرووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕی، بەومانایەی، ئەگەر تا ئەو ساتیش تێگەیشتنی ئەمریکا وابووبێت، کە ئیسلامی سوننە بە بەراوورد بە مزهەبەکانی دیکەی ئیسلام گونجاوترو لەبارترن، ئەوە دوای ئەو ڕووداوە هاوکێشەکە قەلپ بۆتەوە بە ئاراستەی پشتکردنە سوننە و ڕووکردنە شیعە.

لەبەرامبەردا دەتوانین جەنگی یەکەمی خەلیج-یش (١٩٩٠ - ١٩٩١) کە دوای داگیرکردنی کوییت لە لایەن عێراقی ئەوکاتی سەدام حسین دا ڕوویدا، بە ڕووداوێکی گەورەتر و مێژوویی تر لە ١١ی سپتێمبەر هەژمار بکەین، چونکە گۆڕانکاری و ڕووداوە هاوکێشییەکان، بە ئاراستەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لێرەوە دەست پێدەکەن.

لێرەوە بزووتنەوە ئیسلامییەکان پێیان نایە قۆناغێکی دیکەی هەستیاری فکری و سیاسی، لە هەمانکاتدا جۆرێک لە پەرتەوازەییش لە بیر و بۆچوونی سەرکردە ئیسلامییەکان سەری هەڵدا، بە تایبەتی ئەوکاتەی سوپای عێراق گەیشتە سەر سنووری سعودیەو هەرچەند شەو رۆژێک لە (ریاز)ی پایتەختی ئەم وڵاتە و چەند هەنگاوێک لە بنکەی سەربازی (زەهران)وە دوور بوو. ئەم ڕووداوە سعودیەی خستە بەردەم مەترسییەکی گەورە، هەر ئەو مەترسییەش بووە هۆی ئەوەی،

میرنشینی سعودیە زەوی و ئاسمانی وڵاتەکەی بەڕووی هێزی هاوپەیمانان، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکادا بکاتەوە.

## لەڕووی شەرعییەت و شەریعەتی ئیسلامییەوە

ئەم هەنگاوەی میرنشینی سعودییە جۆرێک لە شلەژانی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتی لەڕووی شەرعییەت و شەریعەتی ئیسلامییەوە، چونکە لە بنچینەدا ئەم سعودیەیە لە سەر بنچینەی گرێبەستیکی هاوسەنگ لە نێوان محەمەد بن سعود و محەمەد بن عەبدولوەهاب دامەزراوە و بە سێ قۆناغی جیاوازیشدا تێپەڕیووە، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی یەکەمی سعودیە لە ساڵی ١٧٤٥ز تا دەگاتەی دەوڵەتی دووەمی سعودیە لە ساڵی ١٨٤٣ز دواتریش دامەزراندنی ئەم سعودیەی ئێستا بە ناوی (المملکه العربیه السعودیه) لە ساڵی ١٩٣٢ز.

بە پێی ئەو گرێبەستەی سعودیەی لەسەر دامەزراوە هەم بنەماڵەی ئال سعود، هەم پیاوانی ئاینی شوێنکەوتووی وەهابییەت تا ئەم ساتەش توانیویانە لە یەک کاتدا هەم بەیەکەوە هەڵکەن، هەم ئیدارەی ملمڵانێکانیان بدەن، کە زۆرجار بە هۆی هەڵویستە سیاسیی و کۆمەڵاتی و ئابوری و فکرییەکان هاتۆتە رێیان. هەمیشەش لە کاتی تەنگەژەکاندا هەردوولایان پاڵیان وێکداوە و بەرگریان لێک کردوە، هەر ئەمەش وایکردوە هەریەک لە بنەماڵەی ئال سعود و وەهابییەکان بەردەوام وێڕای ئەو هەموو کێشەو گیروگرفتانەی بە درێژایی زیاتر لە دووسەدە و نیوو ڕووبەڕوویان بۆتەوە بتوانن پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆیان بکەن.

ئەمە بەدەر لە هاوکێشەی سیاسی دەرەکی کە لە سەرەتادا ئینگلیز و دواتر ئەمریکا وەک دوو هاوپەیمان و دۆستی نزیکی سعودیە هەمیشە داکۆکیکاری سەرسەختی بنەماڵەی ئال سعود بوونە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە، دەکرێ بڵێم تا ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بە هەموو شێوەیەک لە لایەکەوە چاوپۆشی و لە لایەکی ترەوە پشتیوانی لە سعودیە کراوە.
دەکرێ بڵێم داگیرکردنی کوێیت و دواتر جەنگی خەلیج سەرەتای ئەو وەرتەیەیە کە سعودیە تووشی بوو، ١١ی سپتێمبەر-یش سەرەتایەک بوو بۆ ئەمریکا تا نەخشەرێگاکەی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە بواری جێبەجێکردن، ئەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەی بۆ ئەمریکا هەمیشە وەک خەونێک وابووە، چونکە مەوکین نییە بەبێ بەدەسهێنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا بتوانێ بە خەونی ئیمپراتۆرییەتەکەی بگات.

بۆیە کاتێک سعودیە سەرزەنشتی داگیرکردنی کوێیت-ی کردو ئاسمان و خاکی وڵاتەکەی ئاوالا کرد بۆ هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمریکا، لێرەوە ژاوەژاو لە نێوخۆی سعودیە دروست بوو، سیاسەتبازی و دامارگیری کۆمەڵی «الصحوه»



سەرچاوە Serchawe

زیادی کرد، لە ئەنجامی ئەوەی سعودیە داوای یارمەتی لە ئەمریکا کردوە بۆ پاراستنی دین و وڵات و میللەتەکەی. ئەم ڕووداوە وەک ژان گرتنێک وابوو، بۆ لە دایکبوونی «سەلەفییەتی جیهادی و تەنزیمی قاعیدە»

جگە لە بیری وەهابییەت لە سعودیە کە میرنشین بەبەشێک لە خۆی دەزانێت، هیچ جۆرە ڕێکخراو و گروپێک، بە تایبەتی ئەگەر سیمایەکی سیاسی هەبێت بە ئاشکرا بوونی نییە، بەڵام چەندین جۆری بیرکردنەوە و چالاکی ئیسلامی بوونی هەیە.

چالاکترین ڕەوتی ئیسلامی کە تا ئەم ساتەش کاریگەری هەیە لە ڕەوتی وەهابییەت لە سعودیە «السروریە یان سەلەفییەتی حەرەکی» یە کە لە حەفتاکانەوە ناسراوە و لە ناوەڕاستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکان لەوپەڕی برەودا بووە.

فەلسەفەی ئەم ڕەوتە ئیسلامییە لە سعودیە لەوەدایە کە (شێخ محەمەد سرور بن نایف زین ئەلعابدین- لە دایکبووی ١٩٣٨ - حوران - ی سوریا - نیشتەجێی ئێستای ئوردن) کە دامەزرێنەری ئەم ڕەوتەیە، توانیویەتی «سەلەفییەتی وەهابی و حەرەکییەتی ئیخوانی» بەیەکەوە گرێبدات، بەم شێوەیە هەردووکیانی ئاوێتەی یەکتر کردوە و ڕەوت و هێزێکی دیکەی ئیسلامی بەرهەمهێناوە بەناوی «ئەلسروریە» کە هەندێ لێکۆلەر ئەم ئاوێتەکردنە بە بۆمبێکی کاریگەرتر لە «وەهابییەت و ئیخوان» دەشوبهێنن، لەوەی هەوڵی داوە دوو توخمی ئیسلامی کە بە دوو توخمی بنەڕەتی ئیسلامی دادەنرێن لێک بدات و توخمێکی کاریگەرتر بەرهەم بێنێت، بەم هۆیەشەوە کە «شێخ محەمەد سرور» سەرەتا وەک ئیخوانییەک دەرکەوتووە، دواتر لێیان جیا بۆتەوە و تێکەڵ بە وەهابییەت بووە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٥ سوریا ی شوێنی لە دایکبوونی جێدێلێت و ڕوودەکاتە سعودیە و لە «بەریدە»ی ناوچەی قەصیم وەک ماموستا لە پەیمانگەی زانستی نیشتەجێ دەبێت، لەو روانگەوەی کە هاوەڵانی لە سەلەفی تەقلیدی بە چەق بەستوو وەسف دەکات، بناغەی هێڵی ئۆپۆزسیونی سعودیە لەسەر بنەمای دژە هێمنی و ئارام گرتن، دادەنێت.

### ڕەخنەیەکی زۆر توندیان لە فەرمانڕەوای سعودیە گرت

لە ماوەی مانەوەی لە سعودیە یەکێ لەو خوێندکارانەی لەسەر دەستی ئەو دەرکەوت «شێخ سەلمان ئەلعودە» بوو، کە تا ئێستاش لە پاڵ «سفر ئەلحەولی و عائز ئەلقەڕنی و ناصر ئەلعەمر» بە یەکێ لە دیارترین ڕموزەکانی «صحوە» دادەنرێن کە لە جەنگی خەلیج ڕەخنەیەکی زۆر توندیان لە فەرمانڕەوای سعودیە گرت لە بەرامبەر هاوکاریکردنی سعودیە لە گەڵ ئەمریکا، هەروەها ساڵی ١٩٩٣ یەکێک بوو لەوانەی ئیمزای لەسەر ئەو یاداشتەکرد کە داوای چاکسازی قانونی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنیان دەکرد لە چوارچێوەی بنەماکانی ئیسلام. بەم هۆیەشەوە چەندین جار زیندانی کراوە،



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

ساڵی ١٩٩٤ تاکو ١٩٩٩ لە چوارچێوەی ڕاودونانی «ڕموزەکانی صحوە» خرایە زیندان لە ساڵی ٢٠١٣ لە وتارێکی کراوەدا داوای لە وەزارەتی ناوخۆی سعودیە کرد هەموو ئەو زیندانیانە ئازادکات کە لەسەر بیروڕا دەستگیرکراون.

محەمەد سرور دوای ماوەیەک مانەوە لە سعودیە دەچێتە کوێیت و دواتریش لە لەندەن دەگیرسێتەوە، هەر لەوێ ساڵی ١٩٨٦ لە گەڵ «دکتۆر محەمەد عەبدە» یەکێ لە ڕموزە دیارەکانی سرورییەی سعودیە «مونتەدای ئیسلامی» دادەمەزرێنن، لە پاڵ ئەوەشدا چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی دروست دەکەن، هەر لە لەندەن دوو بڵاوکراوەیان دەردەکرد بە ناوی «بەیان و سووننە»محەمەد سرور لە ناوەڕاستی هەشتاکان توانی پێگەیەکی گەورە و بەهێز لە نێو گەنجانی هەرزەکار دروست بکات، بەشێوەیەک بە یەکێ لە ڕێکخراوە هەرە چالاکەکان دادەنرێت کە لەو ماوەیەدا بەردەوام گەنجی هەرزەکاریان ڕاهێناوە و خۆبەختکارانە بە ناوی جیهادەوە ڕەوانەی سەر خاکی جیهاد کراون، لە « ئەفغانستان و شیشان و بۆسنە و هرسک» بۆیە دەکرێ بڵێین، سروری بە تێکەڵکردنێکی کیمیاوی لە نێوان ئەو ئیخوانە موسلمانانەی کە لە میسرو سوریاوە دەهاتن لە گەڵ سەلەفییە موعتادەکانی سعودیە، توانی سەلەفییەکی نوێ خۆتەقێنەر دروست بکات. دواتریش ڕەوتی «صحوە» لە ڕاگەیاندنەکاندا بە «سروریە» ناسران کە زۆر بە خیرایی لە نێو کۆمەڵگەیی سعودی بڵاوبووەوە، بە شێوەیەک کە «وەک ئەوەی پووش ئاگری گرتبێت» وابوو سروری «ناوکی وەهابیەتی» لە گەڵ خەبات و تێکۆشانی «سەید قوتب و محەمەد قوتب» کۆکردەوە، تا بووە ئەم کەسایەتەیە گرنگە، ئەو مەرجەعە دیارەی جوولانەوەی گەنجانی «صحوە»ی سعودی، ئەمەش بە هۆی بەدەستەوە گرتنی کتابی «تەوحید»ی وەهابییەت بە دەستی ڕاست و کتابی «فی الضلال»ی سید قوتب بە دەستی چەپی، واتە بە هۆی ئەوەی قورئانی کردە پێوەر لە نێوان وەهابییەت و قوتبییەتدا»

سەرەنجام شتێک لە دایک بوو پێ وترا «ئەلسرورییە».

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## گۆڕانکاری گەوەر بەڕێوەیە!



**د. ئاکۆ حمەکەریم**

ماوەیەکە، هەندێک لە موحەلیلی سیاسی و  ڕۆژنامەنوس و سیاستمەدار و سەرکردە و کادرە حیزبییەکان لەکۆڕو کۆبونەوەکان و لەڕاگەیاندنەکاندا باس لەوە دەکەن کە گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە و ناوچەکە لەبەردەم هەژانی گەورەدایە و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت، هەندێک پێیانوایە لەدوای جەنگی موسڵ و هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمریکا زۆر شت روو دەدەن و کورد هەلی گەورەی لەبەردەمە تابتوانێت شتێک بۆخۆی بچڕێت.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە هیچ یەکێک لەوانە پێمان ناڵێن: ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەیی کە بەڕێوەیە چییە؟ ناوەڕۆک و چوارچیوەی گۆڕانەکە چۆنە؟ یاخود ڕۆڵی کورد لەو گۆڕانکارییانەدا چین؟ یان ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە روویدا کاریگەرییە ئیجابی و سلبییەکانی چی دەبن لەسەر کورد؟ ئایا ڕەوشی سیاسی و ئابووری هەرێم دەگۆڕێت؟ بەداخەوە مرۆڤ جگە لەهەندێک قسەی سواو و بریقەدار هیچی تری دەست ناکەوێت.

**دەمەوێت لەم رووەوە چەند تێبینیەک بخەمەڕوو:**

**یەکەم**: گرنگە بۆ کورد لەسیستمی هەرێمی و نێودەوڵەتی تێبگات، چونکە بەردەوام رووداوە ناوخۆییەکان پەیوەستن بەگۆڕانکارییە دەرەکییەکان و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بەڵام قەبەکردنی رووداو و پێشهاتەکان بەو شێوەیە موبالەغە و هەڵەن و وادەکات وێنەکە زۆر گەورەتر لەقەبارەی خۆی ببینرێت. زۆرجاریش ئەم قەبەکردنە مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە و بۆ بێ بایەخکردن یان شاردنەوەی رووداوە ناوخۆیەکانن.

**دووەم**: ئەگەر مەبەست لەگۆڕانکارییەکە ئەوە بێت: کە روخانی داعش و دەرکردنی لەموسڵ هەل بەکورد دەدات و دەبێتە هۆی بەهێز بوونی پێگەی هەرێمی کوردستان. ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە، هاتنی داعش بۆ عێراق لە ٢٠١٤ و داگیرکردنی موسڵ و ئەنبار و سەلاحەددین و بەشێک لەکەرکوک و نزیک بوونەوەی لەبەغدا جوگرافی عێراقی گۆڕی و واقعێکی نوێی هێنایەئاراوە، بەتایبەتیش بۆ کورد کە لەشەو رۆژێکدا سنوری هەرێمی کوردستان گۆڕا، ئەم گۆڕانکاریەش لەدوو خاڵدا خۆی دەبینییەوە، یەکەم: کورد بەشی هەرە زۆری ناوەچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کۆنترۆڵ کرد. دووەم: هەرێم تارادەیەک سنور و پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە نەما و بووە هاوسێ دەوڵەتی داعش.

بۆیە گۆڕانکاری گەورە بۆ کورد ئەوە بوو کەداعش کردی، بەشێوەیەک هەلی بۆ کورد رەخساند کە سنوری خۆی فراوان بکات و خۆی بچەسپێنێت کەبەدرێژایی خەباتی چەکداری و سیاسی خۆی نەیتوانیوە ئەنجامبدات.

لەناوچوونی داعش بەمانای گەڕانەوەیە بۆ سنوری پێش ٢٠١٤ و بەهێزبونی بەغدا و ناچاربونە بە بەستنەوە پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە. پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشەوە: ئایندەی ناوچە جێ ناکۆکانە چۆن دەبێت؟ ئایا لەژێر دەست حکومەتی هەرێم دەبن وەک ئێستا؟ ئایا وەک جارانی لێدێتەوە و دەگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق؟ یاخود ئیدارەیەکی سەربەخۆیان دەبێت؟ وەڵام ئەم پرسیارانە روون نییە، بەڵام بەدووری نازانم دەسەڵاتدارنی هەرێم ئەو ناوچانە رادەست حکومەتی عێراق بکاتەوە.

پرسیارێکی تر ئەوەیە دوای داعش، هەرێم چۆن مامەڵە لەگەڵ ملیشیا شیعی و سونەکان دەکات بەتایبەتیش حەشدی شەعبی کە دوور نییە کورد رووبەڕووی شەڕی توند بێتەوە لەگەڵیان.

**سێهەم**: دابەش بوونی عێراق لەدوای داعش بۆ سێ دەوڵەت و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی تەنها وەهم و خیاڵە و زۆرجار پارتی بۆ جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی خەڵک و شاردنەوەی پرسە گرنگەکانی تر ئەم بابەتە بەکاردەهێنێت. لەئێستا و لەئایندەیەکی نزیکدا هیچ پرۆژەیەکی لەو شێوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەئارادا نییە، بگەر رەنگە تاکە شتێک ئەمریکا، روسیا، تورکیا، ئێران و وڵاتانی عەرەبی لەسەری کۆکن یەک پارچەیی خاکی عێراقە.

**چوارەم**: هیچ کات کورد نە یاریکەری سەرەکی بووە و نە بەشدار بوە لەداڕشتنەوەی نەخشەکە، بەڵکو بەردەوام کورد ئامراز و کارت بووە و بەکارهاتوە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی دەوڵەتانی تر. ئەمڕۆش هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر لەئێستادا لەبەر شەڕی داعش و بەشداری پێکردنی هێزی پێشمەرگە لەگرتنەوەی موسڵ موجامەلەی کورد بکەن و هەندێک

یارمەتی بدەن، ئەوا لە دوای شەڕەکە پێویستییان بەکورد نامێنێت.

**پێنجەم**: لەدوای داعش، قەیرانی دارایی نەک هەر بەردەوام دەبێت بگرە خراپتریش دەبێت، ئەم قەیرانە لەئەنجامی سیاسەتی نەوتی پارتییەوە دروست بووە کە وەک خۆیان دەیان ووت لەرێگەی نەوتەوە دەوڵەتی سەربەخۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەم سیاسەتە شکستی هێناو و دەرکەوت ئەو بانگەشانە راست نەبوون و کوردستانیان بەم دۆخە گەیاند.

هەتا پارتی سیاسەتی نەوتی نەگۆڕێت قەیرانی دارایی چارەسەر نابێت و لەئێستاشدا بەهۆی ئەو گرێبەستە هەرزان فرۆشانەی کە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کرد، هەروەها بەهۆی ئەو رێککەوتنە پەنجا ساڵەیەی کە لەگەڵ تورکیا کراوە، پارتی ئامادە نییە سیاسەتی نەوتی بگۆڕێت یان وەک خۆیان دەڵێن کۆنترۆڵ نەوت تەسلیم بە بەغدا ناکەن.

**شەشەم**: هەموو گۆڕانکارییەک بەئیرادە و هێز و یەکگرتووی دەکرێت، کە بەداخەوە ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا بوونیان نییە، بەهۆی پرسی سەرۆکایەتییەوە، حکومەتی هەرێم لەرووی جوگرافی و ئیداری دابەش بووەو هەروەک چۆن هێز و لایەنەکانیش دابەش بوون.

لەکۆتاییدا، پێموانییە لەدوای داعش گۆڕانکاری گەورە رووبدات چ لەناوخۆ چ لەدەرەوە یاخود رەوشی هەرێم باش ببێت. بگرە لەگەڵ کۆتایی هاتنی داعش دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم، رەنگە لەباشترین حاڵەتدا کورد بتوانێت پارێزگاری لەبەشێک لەو ناوچە جێناکۆکانە بکات کە لەدوای ٢٠١٤ کۆنترۆڵی کردوون کە ئەمەش ئەگەرێکی دوورە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کی ئین ئین - رێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## داعش بەپلانی چواردە سەدە لەمەوبەر بەرگری لەپایتەختەكەی دەكات تەپڵی شەڕ لەدەروازەی موسڵ



**نیقاش**

ورده ورده دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی موسڵ نزیک دەبێتەوە، لەبەرامبەریشدا داعش دەگەڕێتەوە بۆ پلانی چوارده سەده پێش ئێستاو دەستی بەهەڵكەندنی خەندەق كردووە.

چەكدارانی داعش شەوو رۆژ خەریكی هەڵچنینی دیواری بەرزو هەڵكەندنی خەندەقی دوورودرێژو دروستكردنی تۆڕی تونێلی بەربڵاون وەک ئامادەكارییەک بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشەی هێزەكانی عێراقو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەخشەی ئەنجامدانی دادەرێژن بۆ كۆنترۆڵكردنەوەی موسڵ كە گرنگترینو گەورەترین مۆڵگەی ئەو رێكخراوە توندڕەوەیە لەعێراقدا.

توندڕەوەكان لەسەر زەویو لەمینبەرەكانەوە خۆیان بۆ شەڕێک ئامادە دەكەن كە رەنگە شەڕی مانو نەمانیان بێت، چونكە دوو هەفتەیە ئامێرەكانیان بێدەنگ نەبوونو لەپشت ئەوانیشەوە بوقە میدیاییەكانی داعش هەموو توانایەكیان خستۆتە ئامادەباشیەوە بۆ بانگەشەكردن بۆ ئەو شەڕە.

لەبەری باشووری شارەكە كە گەڕەكەكانی مەئمونو تەل رومانو مەنسور بەناحیەی گەیارەوە دەبەسرێنەوەو مانگی رابردوو سوپای عێراق ناحیەكەی كۆنترۆڵكردووەتەوە، كرێكارەكانی سەر بەداعش بنیاتنانی دیوارێكیان تەواو كرد كە بەرزیەكەی دەگاتە سێ مەتر.

سەرچاوەیەک لەموسڵەوە لەرێی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە بە«نیقاش»ی وت «بارهەڵگرەكانی سەر بەشارەوانی موسڵو

## بەشی چوارەم

فەرمانگە خزمەتگوزارییەكانی دیكە ژمارەیەكی زۆر بەربەستی كۆنكرێتی بۆ دەوروبەری شارەكە دەگوازنەوەو لەوێش بەسلنگی گەورە دادەگیرێن، هاوشێوەی ئەو بەربەستانەی هێزە ئەمنییەكانی عێراق ریز دەكرێن كە كاتێك موسڵیان لەژێر دەستدا بوو دایاننابوون».

شایەتحاڵێكی تر دووپاتی كردەوە كە هاوشێوەی ئەو دیوارە لەبەری خۆرهەڵاتی شارەكەش بنیات نراوە لەگەڕەكەكانی سۆمەرو دۆمیزو فەلەستینو ناوچەی كۆكجەلی، لەبەری باكووریش لەلای ناوچەی «بینای ئامادە» بنیاتنراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە كە ئابڵوقەیەكی نیمچە بازنەیی بەدەوری شارەكەدا سەپاندووە.

موسڵ دووەم گەورە شاری عێراقە لەدوای بەغدا، بەپێی داتاكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەزگای ناوەندی ئامار لەساڵی ٢٠٠٩دا رووبەرەكەی نزیكەی (١٨٠٠ كیلۆمەتر چوارگۆشە) بووە، لەبەر ئەوە توندڕەوەكان ناتوانن دیوارێكی تەواوی بەدەوردا بنیات بنێن، بۆیە پەنایان بۆ دەستنیشانكردنی چەند شوێنێكی دیاریكراو بردووە كە بریتین لەدەروازە سەرەكییەكانی شارەكەو ناوچەكانی نزیكیان، ئەو شوێنانەی پێشبینی دەكرێت هێزە ئەمنییەكانی عێراق هێرشیان لێوە بكەن.

سەیر ئەوەیە چەكدارانی داعش دوای ئەوەی لەحوزەیرانی ٢٠١٤ موسڵیان كۆنترۆڵ كرد هەڵمەتێكی فراوانیان بۆ گواستنەوەی ئەو بەربەستە كۆنكرێتیانە بۆ دەرەوەی شارەكە ئەنجامدا كە هێزە ئەمنیەكان خۆیان پێدەپاراستنو رایشیانگەیاند هیچ پێویستییەكیان پێیان نەماوە، چونكە ئاسایش لە«دەوڵەتی خەلافەت»دا بەرقەرار دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ پێشبینییەكان گۆڕاون.

هاوشانی ئەوەش هەڵمەتێكی راگەیاندنی فراوان لەئارادایە كە وتاربێژەكانی سەر بە داعش، یاخود كەسانی لایەنگریان بەڕێوەی دەبەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی شەڕە چاوەڕوانكراوەكە، یەكێك لەوانەش گەنجێكی ٣٠ ساڵان بوو كاتێك بەتوڕەییەوە هاواری بۆ دەیان نوێژخوێن دەكردو دەیوت «جەنگ بەڕێوەیەو مانەوەو نەمانی خەلافەتیش بەندە بەخۆڕاگری موسڵ بەرووی كافرەكاندا».

ئەو وتاربێژە لەمینبەری مزگەوتی عومەری كوڕی خەتاب لەگەڕەكی نەهرەوانی خۆرئاوای شارەكەوە دەیوت «هیچتان بیستووە لەسەر ئەو شەڕەی مسوڵمانان بەسەركردایەتی محەمەد پێغەمبەر لەدژی كافرەكان لەساڵی (٦٢٧ی زاینی) كردیان؟ ئەوە شەڕی خەندەق بوو، ناوەكەی لەخەندەقێكەوە وەرگیراوە كە مسوڵمانان بەدەوری شاری یەسریبدا لێیاندابوو، لەو شارەی

کردبوویانە بارەگای خۆیانو تیایدا پێغەمبەر پەیامەکەی بۆ جیهان رادەگەیاند».

گەنجەکە هەردوو دەستی لەهەوادا وڵاکردو بەبەگوڕوتینەوە پرسی «دەزانن چۆن محەمەد پێغەمبەرو پشتیوانانی سەرکەوتن؟ چونکە موسوڵمانان لەدەوری سەرکردەکەیان کۆبوونەوەو ناپاکیان بەرامبەر نەکرد، بۆیە دەبێت رۆڵەکانی موسڵ ئارام بگرن لەسەر برسێتیو تینوێتیو ترسو پشتی دەوڵەتی خەلافەت بگرن تا بەسەر کافرەکاندا سەربکەوێتو رێ لە هاتنەناوەوەیان بگرێت» بەم دەستەواژەیەش کۆتایی بەوتارەکەی هێنا.

ئەندامانی داعشو لایەنگرانیان هەموو پێکەوە بەشداری لەو هەڵمەتی راگەیاندنەدا دەکەن، لەوبارەیەشەوە »نیقاش» چاودێری چەند تویتێکی لەتویتەر کردووە کە لایەنگرانی داعش لەژێر هاشتاگی (#شەڕی خەندەق) بڵاویدەکەنەوەو دەڵێن دەوڵەتی خەلافەت تێیدا سەردەکەوێت، وەک چۆن مسوڵمانان ١٤ سەدە لەمەوبەر سەرکەوتن.

پلانی داعش بۆ قایمکردنی موسڵ بەچەند جۆرێکە، لەهەندێ ناوچە دیواری کۆنکرێتی بەتەنیشت خەندەقێکی قووڵەوە دادەنێن، لەهەمان کاتدا زۆربەی گەڕەکەکانیان بەتۆڕێکی تونێل پێکەوە گرێداوە، ئەو خەندەقەی هەڵیانکەندووە پانیەکەی دوومەترەو بەهەمان شێوە دوومەتریش قووڵییەکەیەتی، زیاتریش داعش لەبەری خۆرهەڵاتو باکووری شارەکە بەئامێرەکانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوو شارەوانیو دامەزراوەکانی تر هەڵیان دەکەنێت.

پلانی بەرگرییەکە تازە نیە، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا رێکخراوەکە هەڵمەتێکی بۆ هەڵکەندنی خەندەقو سەنگەر لەچەند شوێنێک دەستپێکرد کە نزیکەی (١٠ کم) لەشارەکەوە دووربوون، بەڵام فڕۆکەکانی «هاوپەیمانی نێودەوڵەتی» بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیان هەڵکەندنی ئەو خەندەقە رابگرن دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر ئامێریان تێکشکاند، دواتر داعش پەنای بۆ گرێبەست لەگەڵ بەڵێندەری ناوخۆیی لایەنگری خۆی برد بۆ درێژەدان بەهەڵکەندن لەدەوروبەری موسڵ.

خەندەقەکە پچڕ پچڕەو پێکەوە گرێنەدراوە، لەناوچە تەختانیەکانی وەک ناوچەی کۆکجەلی خۆرهەڵاتی شارەکەدا دیارەو لەناوچە سەختەکانیشدا دیارنامێنێت، چونکە ئامانجی ئاستەنگ دروستکردنە بۆ ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانو رێگریکردن لەپێشڕەویی هێزە عێراقییەکان لەکاتی هەڵکوتانە سەر شارەکە.

هەڵکەندنی تۆڕێک تونێل بەشی دووەمی پلانە سەربازییەکەیە، ئەم تونێلانە بۆ شەڕی کۆڵانەو کۆڵان داندراون، لەمبارەشدا

**بەشی چوارەم**

داعش چڕی دانیشتووان دەقۆزێتەوە، چونکە ئێستا ژمارەی دانیشتووانی موسڵ بەنزیکەی ١.٥ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت.

پێغەمبەرو پشتیوانانی کاتێک «شەڕی خەندەق»یان کردووە کە شێوازی جەنگ سەرەتایی بووە، بەڵام ئەمڕۆ پێوەرەکان جیاوازن، بۆیە تیۆری نوێی سەربازی دەڵێت «ئەوەی ئاسمان کۆنترۆڵ بکات زەویش کۆنترۆڵ دەکات» فڕۆکەکانیش دەتوانن بەهێزترین بەربەستی سروشتیو دروستکراو ببەزێنن.

پێناچێت ئەو دیوارو خەندەقانە بتوانن ڕێگری لەهێزە عێراقییەکان بکەن تا بچنە موسڵەوە، بەتایبەتی کە لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی دەکرێن.

ئەو پلانەی داعش لەموسڵ دایناوە ئەوە دەردەخات کە خۆیان بۆ شەڕێکی سەخت ئامادە دەکەن، بەڵام ئەوەش روونە ئەوپەڕی توانای ئەم پلانە ئەوەیە کۆتاییەکەیان بۆ چەند هەفتە یان چەندمانگێکی کەم دوابخات، هەموو چاوەکانیش لەسەر دەوروبەری باشووری شارەکە دەبن کە پێشبینی دەکرێت ئەندامانی داعش لێیەوە بەرەو سوریا هەڵبێن وەک ئەوەی لەفەلوجەو تکریت روویدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نیقاش - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی (جەنگی موسڵ)



**کاروان یاروەیس**

هێشتا جەنگی رزگارکردنی موسڵ، دەستپێنەکردووە، لەجیاتی ئامادەکاریی لۆجستیو سەربازی بۆ سەرکەوتنی جەنگەکە، شەڕێکی میدیاییو هەواڵگریی لەسەر چۆنێتی شەڕەکەو بەشداربوونی وڵاتانو هێزە جیاجیاکان دەستپێکردووە.

سووربوونی وڵاتانو هێزەکان بۆ بەشداری لەجەنگەکەدا, لەپەرۆشییان بۆ سەرکەوتنی جەنگەکەو تێکشکاندنی داعش نییە، بەڵکو هەڵپەیە بۆ بەرژەوەندیو فراوانکردنی هەژموونیان لەئایندەی ناوچەکەو هاوکێشە سیاسییەکاندا. ئەگینا زیاتر لەدوو ساڵە جەنگی تێکشکاندنی داعش بەردەوامەو کاراکتەرەکانی دیارنو هەڵوێستی هەندێک وڵاتیشە روونە. نەخشەو پلانی جەنگی موسڵو ئەوانەی بەشداری دەکەن لەلایەن ئەمریکییەکانەوە براوەتەوە، ئەوەی تر, کە هەیە، هەرای ناو میدیاکانەو هیچی تر.
وڵاتێکی وەک تورکیاش، کە سنوورەکانی ببوون بەڕێڕەوی پەڕینەوەی تیرۆریستان بۆ ناو خاکی سوریاو عیراقو چاوپۆشی لەجموجۆڵیان دەکرد، ئێستا بە چ پێوەرو لۆژیکێک دەیەوێ یەکێک بێت لەبەشداره سەرەکییەکانی جەنگەکە، لەکاتێکدا تورکیا, پەیوەندییەکی سیاسیو بەرژەوەندییەکی ئابووریی گەورەی لەگەڵ پارتی دا هەیە، کەچی کاتێک تینی ئاگری داعش لەناو هەولێر هەستی پێدەکراو مەخمور داگیرکرا، ئامادەی هیچ هاوکارییەک نەبوو.

جیالەوەش ناوەندە دەستووریو رەسمییەکانی عیراقو سوپاو حەشدی شەعبی، رەتیانکردۆتەوە تورکیا بەشداریی جەنگی رزگارکردنی موسڵ بکات. ئەگەرچی وڵاتێکی وەک ئێران، کە هەژموونێکی بەهێزی لەعیراقدا هەیە، بێدەنگە لەئاستی تورکیا، بەڵام ئێران دەیەوێت ناڕاستەوخۆ لەڕێگای هێزە شیعییەکانو حەشدی شەعبی-یەوە، ئەو پەیامە بەتورکیا بگەیەنێت.

## بەشی چوارەم

بەدەر لەمانە، ئەمریکییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ کوردو دەوڵەتی عیراقدا، بەشی زۆری بابەتە پەیوەندیدارەکانیان بەجەنگی رزگارکردنی موسڵ؛ کۆتایی لەکاتژمێری سفردایە، هەرچی داعش-یشە، زانیارییەکان لەبارەی ئامادەکارییەکانیان بۆ روبەڕوبونەوەی جەنگەکە ئاماژەن بۆ ئەوەی، دەیانەوێ بەئاسانی موسڵ بەجێنەهێڵن، چونکە پێگەی سەرەکییانەو بەدەستەوەدانی بەبێ بەرگریی، ورەی تیرۆریستەکانیان دەڕوخێنێتو کاریگەریشی لەسەر شەڕی ڕەققەش دەبێت, بۆیە لەجیاتی (شەڕ) هەندێک لەشارەزایانی سەربازی (جەنگ) بەکاردەهێنن.

داعش نزیکەی پێنج هەزار تیرۆریستی لەناو موسڵ هەیە، خەندەقی بەدەوری شارەکەدا لێداوەو بەربەستی کۆنکرێتی لەزۆر شوێن داناوە، پرۆسەیەکی چڕی گرتنو کوشتنی هاووڵاتیانو ئەفسەرو پلەدارەکانی پێشووی بەعسی دەستپێکردووە، کە ئەمانە هێمان بۆ ئەوەی داعش دەترسێ لەناوخۆی شارەکەدا راپەڕینی جەماوەری رووبدات، یان شانەی چەکداری نووستوو هەبنو لەجەنگی موسڵدا بێنە دەست.

لەدوو ساڵی رابردوودا، کورد لەبەرەکانی جەنگدا, لەباشوورو رۆژئاوای کوردستان گورزی کەمەرشکێنی لەداعشدا، رزگارکردنی مەخمورو شەنگالو جەلەولاو ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوکو پاراستنی دووز لەباشوورو سەرکەوتنی کۆبانێو رزگارکردنی گرێسپیو مەنبەج لەڕۆژئاوا، توانای سەربازیی داعشی لاوازکردو لەڕووی جێوەستراتیژیو داراییشەوە زیانی گەورەی لێدان، بەجۆرێک, کە داعش زۆر سەرچاوەی داهاتو رێگاو رێڕەوی ستراتیژیشی لەدەستدا. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیش بەهێرشی ئاسمانیو لەناوبردنی سەرکردە سەرەکییەکانی داعش, شەڕی گرتنەوەی موسڵو ڕەققەشی ئاسانتر کردووە.

جەنگی موسڵ لەباری سەربازییەوە ئاسانترە، بەڵام هاوکێشە سیاسیو دەستتێوەردانەکانو شەڕی هەژموونگەرایی ئاڵۆزترە، واتا پرۆسەکە بەتەنها سەربازی نییە، بەڵکو ئاڵاوە بەچەندین هاوکێشەی سیاسیو بەرژەوەندیی وڵاتانەوە، بۆیە هەرای گەورە پێش گرتنی موسڵ دروستبووە.

کورد پاڵەوانی جەنگی تێکشکاندنی داعشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، لەپاش جەنگەکە، بەرهەمی ئەم پاڵەوانێتیو قوربانیدانە دەچنێتەوەو لەهاوکێشە سیاسییە گۆڕاوەکانو ئایندەی پرۆسەی سیاسیدا رۆڵی چی دەبێت؟، بەدڵنیاییەوە بەنێومالێکی پەرتەوازەو ریزێکی شێواوو پەرلەمانێکی پەکخراوو حکومەتێکی نیمچە ئیفلیجەوە، ئاسۆیەکی روون بەدی ناکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## موسڵ و دەبەرێکڕاچوونی بەرژەوەندییەکان



**دڵشاد مستەفا وەسانی**

ئەجندای چەندان بەرژەوەندی هەن، دەیانەوێت قسەیان لەبارەی ئازادکردنی موسڵەوە هەبێت و بەشداربن، لەبەرئەوەی لە عێراق دەستوور وەلانراوە و دەوڵەت نەبۆتە دەوڵەتی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان، بواری زیاتر بۆ هاتنەپێشەوەی بەرژەوەندیی هێزە ئیقلیمییەکان رەخساوە، وەک ئێران و تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو، بەتایبەتیش سعودیە، لەسەرووی هەموو ئەو هێزە ئیقلیمییانەشەوە، هێزە گەورەکانی جیهان هەن، بەتایبەتیش ئەمەریکا و روسیا و ئەوروپاییەکان، لە نێوخۆی عێراقیشدا بەرژەوەندییەک بەناوی گەلی عێراقەوە نەماوە، بەڵکو بەرژەوەندیی پێکهاتەکان هەیە، سێ پێکهاتەی سەرەکی( کورد و شیعە و سوننە) کە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقیان بەسەردا دابەشکراوە، لەگەڵ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی وەک کلدۆ ئاشور، مەسیحی، کوردی ئێزدی و شەبەک و تورکمانی سوننە و شیعە و ئەوانی دی.

کەواتە لەناو عێراقدا چەندان بەرژەوەندی هەن، هەموو ئەو بەرژەوەندییانەش بە بەرژەوەندیی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانەوە گرێدراون، گەورەترین ناکۆکی کە لەگەڵ نزیک بوونەوە لە سەعاتی سفر قووڵتر دەبێتەوە، ناکۆکیی سوننە و شیعەیە، سوننەکان هەموو جووڵەیەکی بەغدا بۆ گرتنەوەی مووسڵ لە بەرژەوندیی شیعەدا دەبینن، بۆیە ترسێکی زۆریان بەتایبەتی لە بەشداریکردنی حەشدی شەعبی هەیە، لەولاشەوە تورکیا هێزی لە نزیک موسڵ هەیە و پێ لەسەر بەشداریکردنی شەڕی گرتنەوەی موسڵ دادەگرێت، ئەمەش شیعەکانی تورە کردووە، سەرۆکی عەسائیبی ئەهلی حەق کە پێکهاتەیەکی حەشدی شەعبییە، وەڵامی تورکیا و سوننەکانی بەوە دایەوە کە ئەوان دەچن لە موسڵ تۆڵەی ئیمام حوسێن دەکەنەوە.

ئەمەریکا رایگەیاندووە کە عێراق بڕیار لەسەر هەر هێزێک بۆ بەشداریی شەڕی موسڵ دەدات، هەروەها ئەوەشی راگەیاندووە

## بەشی چوارەم

کە تورکیا لە هاوپەیمانی شەڕی داعش نییە و پەکەکەش بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنە ناکات. دەبەرێکڕاچوونی بەرژەوەندییەکان، جۆرێک لە ئاڵۆزیی دروست کردووە، کورد کە هێزی پێشمەرگەی هەیە و لەسەر زەویدا هێزێکی بەوەجە، ئایا لە نێو ئەو هەموو ئەجندا و دەبەرێکڕاچوونی بەرژەوەندییەکاندا، لە کوێدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئەوەی کورد لە ڕێی هەموو ئەو دیدارانەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندی هاوپەیمانان و عێراقی و هێزە ئیقلیمییەکاندا باسی کردووە، قۆناغی دوای داعشە، بۆیە هەموو ڕێککەوتنەکانی هەرێم و عێراق بە سەرپەرشتی ئەمەریکاییەکان بۆ قۆناغی دوای نەمانی داعشە لە ناوچەکەدا، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە لەسەر بنەمای واقیعێکی نوێ مامەڵە بکرێ، ئەگەر بەپێی بەشداریی هێزیش بێت، کورد بەشدارێکی کارایە، کەواتە بەو پێوەرە بێت، نابێت کێکەکەمان بەرنەکەوێت، بەڵام لە عێراقیشدا ڕێزنەگرتن لە ئیمزا و پەشیمان بوونەوە کولتوورێکە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی داعش



عومەر عەلی غەفور

### ١- دیاردەی بەکۆیلەکردن

یەکێک لە کارە نامۆ و نامرۆڤانەکانی داعش کە مرۆڤایەتیی حەپەساند و داعش وەک نوێکردنەوەی نەریتێکی ڕەسەنی ئیسلامی شانازیی پێوە دەکرد، دیاردەی بەکۆیلەکردنی ئافرەتانی ئێزدی بوو، کە وەک سەبایا بردنی و کردنیە کەنیزەک و بەسەر میر و چەکدارانیدا بەخشینەوە یان لە بازاڕی کۆیلەفرۆشیدا فرۆشتنی. ئەم بەکۆیلەکردنە بوختانێک نییە بۆ داعش هەڵبەسترابێ، بەڵکو خۆیان لە بڵاوکراوە و گرتە ڤیدیۆییەکانیاندا بەشانازییەوە باسی دەکەن.

ئەم ڕەفتارە کە لەلایەن ناوەندە ئایینییە ئیسلامیەکانیشەوە سەرکۆنە کراوە لەو ڕووەوە کۆیلایەتی نەماوە و هیچ پاساوێک بۆ زیندووکردنەوەی نییە لەکاتێکدا ئیسلام کاتی خۆی هەوڵی نەهێشتنی داوە، داعش بە پشتبەستن بە دەق و مێژوو کردوویەتی، کە پێی وایە کۆیلایەتی لە ئیسلامدا حەرام نەکراوە، بگرە ڕێگەپێدراوە و ئەمیر بۆی هەیە دیلەکانی جەنگ بگاتە کۆیلە، کە لەو بارەدا ئافرەتەکانیان وەک جاریە بەسەر (موجاهیدان)دا دابەش دەکرێن و هەر عەقد و نیکاحێکی پێشوویان بەتاڵ دەبێتەوە.

### بەکۆیلەکردن لە ئیسلامدا چۆنە؟

لەبارەی بەکۆیلەکردنی دیلی جەنگ و دیاردەی کۆیلایەتی بەگشتی لێکدانەوەیەکی باو لە ناوەندی فیکری ئیسلامیی نوێدا هەیە کە لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی لەبارەی حەرامنەکردنی کۆیلایەتی لە ئیسلامدا دەگیرێن جەخت لەوە دەکا، ئیسلام

کۆیلایەتی (الرق)ی دانەهێناوە بەڵکو ئازادکردن (العتق)ی داهێناوە. سەرچاوەکانی کۆیلایەتیی وشک کردووە و تەنها سەرچاوەی دیلی جەنگی هێشتووەتەوە و چەندین ڕێگەیشی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتی داناوە و پلە بەپلە کاری بۆ بنبڕکردنی کردووە. پاساویشیان بۆ حەرامنەکردنی ئەوەیە دەڵێن ئەو کاتە کۆیلایەتی دیاردەیەکی باو و ڕیشەداکوتاو بووە لە دنیادا و ئیسلام نەیدەتوانی بەتەنیا هەڵیبوەشێنێتەوە. لەبەرئەوە قەدەغەکردنی کۆیلایەتی پێچەوانەی ویستی ئیسلام نییە.

بەندە هیچ دەقێکم لە قورئان و سوننە نەدیوە بڵێ بەکۆیلەکردن فەرزە، یان بڵێ هەڵوەشاندنەوەی حەرامە، بەڵام هیچ دەقێکیشم نەدیوە بڵێ تاکە سەرچاوەی بەکۆیلەکردن دیلی جەنگە و هەموو سەرچاوەیەکی تر حەرامە، یان تەنانەت ببەستێتەوە بە جەنگەوە. بە سەرنجدانێک لە کۆی ئەو ئایەتانەی باسی کۆیلە و کەنیزەک دەکەن کە بە (ملك يمين) ناویان هاتووە، نەمدی هیچ کامیان قەرینەیەکی وایان تێدا بێ ببەستێتەوە بە دیلی جەنگەوە.

ئەوە ڕاستە بەلای ئیسلامەوە کۆیلە هاوشێوەی توێژە بەشمەینەتەکانی تری کۆمەڵگە، جێی بەزەییە و خێرە مرۆڤ کار بۆ ڕزگارکردنی لەو زەبوونییە بکا، زۆر ئایەت و حەدیس لەوبارەوە هەن، بەڵام بە دەقێکی (سەحیح و سەریح) حەرام نەکراوە. ئەحکامی تایبەتیان بۆ دانراوە. کۆیلە و کەنیزەک، تەنانەت موسڵمانیش، کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە. تەنانەت حیجاب تایبەت بووە بە ئافرەتانی ئازاد و کەنیزەک لە حوکمی پۆشتەییش بەخشراون لەبەرئەوەی ئەوان وەک کاڵا فرۆشراون و دەبوو کڕیار بیانبینێ.

ئەز ئەو پاساوەم زۆر بەلاوە لاوازە کە زۆر جار لەو جێبەندەدا وەک پاساو بۆ هێشتنەوەی کۆیلایەتی دەهێنرێتەوە کە دەڵێ: "ئیسلام نەیدەتوانی یان نەدەکرا کۆیلایەتی حەرام بکا لەبەرئەوەی ڕیشەداکوتاو بوو". ئەو قسەیە تانەدانە لە توانای خودا و وردی بکەینەوە گوناهێکی گەورەیشە، چونکە کە ئێمە باسی ئیسلام دەکەین، واتە باسی دەسەڵاتی خودا دەکەین کە بەسەر هەموو شتێکدا توانایە. کە باسی قورئان دەکەین وەک موعجیزە پیشانی دەدەین. ئیدی چۆن دەکرێ بڵێین (ئیسلامی موعجیزە) نەیدەتوانی کۆیلایەتی حەرام بکا لەبەرئەوەی زەحمەت بوو؟! جا ئەگەر ئەو کارە بەو نەکرێ ئەی بە کێ دەکرێ؟! زۆر دیاردە هەبوون لە کۆمەڵگەی نەفامیدا ڕیشەداکوتا بوون، ئیسلام حەرامی کردن، لەوانە مەیخواردنەوە، سوو، زیندەبەچاڵکردنی کچان، هەڵگرتنەوە (تبنی)، لە سەرووی هەموویشیانەوە بتپەرستی. پێم وانیە کۆیلایەتی لە هەموو ئەوانە ڕیشەداکوتاوتر و زەحمەتتر بووبێ؟. خۆ ڕەنگە دیاردەکانی تریش پاش حەرامکردنیان هێشتا بەتەواوی بنبڕ نەبووبن، بەڵام ئیشی ئایین دانانی ئەحکام و یاسایە، ئیتر جێبەجێکردن یان نەکردنی بە مرۆڤەوە پەیوەستە. خۆ ئەو ڕەفتارە بەدانەی تریش پاش حەرامکردنیان هەر بنبڕ نەبوون، بەڵام گرنگ حوکمی ئایینەکەیە کە حەرامی کردوون.

ئەم حەرامنەکردنە راشکاوەی کۆیلایەتی لە دەقەکاندا، دەرفەتی داوە بەوەی سەرباری هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ کەمکردنەوەی رێژەکە و دزێویەکەی دراون، بنبڕ نەبێت و پاش هەڵوەشاندنەوە و قەدەغەکردنیشی لەسەر ئاستی جیهان، لە سەدەی بیست و یەکەمدا داعش بێت و بەناوی جێبەجێکردنی شەریعەت و ویستی خوداوە، زیندووی بکاتەوە، ئەوەیش بە سەروەرییەک بۆ خۆی بزانێ کە بەر لە هاتنی قیامەت شەعیرەیەکی شەرعی زیندوو کردۆتەوە، ئەویش بەکۆیلەکردنی کچانە تا کەنیزەک سەرگەورەی خۆی بخاتەوە (ان تلد الامه ربتها).

دەوڵەتی ئیسلامیی داعش لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (دابق) کە بە زمانی ئینگلیزی لە هاوینی ٢٠١٤ و ماوەیەک پاش گرتنی شەنگال و ناوچە کوردستانیەکانی تر دەریکرد، لە وتارێکدا بە ناونیشانی: زیندووکردنەوەی کۆیلایەتی بەر لە هاتنی قیامەت (احیاو العبودیه قبل اوان الساعه) بەبێ سڵەمینەوە، بگرە بەشانازیەوە باس بەکۆیلەکردنی کچانی ئێزدی و دابەشکردنیان - بەگوێرەی ئەحکامی شەریعەت - وەک زیندەتاڵانی جەنگ بەسەر چەکدارانیدا دەکات و ئەوەیش بە "یەکەمین کردەی بەرفراوانی بەکۆیلەکردنی خێزانە موشریکەکان لە کاتی وەستانی کارکردن بەو حوکمەوە" لەقەڵەم دەدا، کە تێیدا "دەوڵەتی ئیسلامی بە بەکۆیلەکردنی خەڵک، بەشێک لە شەریعەتی ئیسلامی بۆ مانای ئەسڵیی خۆی گێڕایەوە"، ئەگەرچی پێشتر لە فیلیپین و نەیجیریا لەلایەن "موجاهیدانی ئەوێوە" کراونەتە کۆیلە، بەڵام ئەوە "کردەیەکی زۆر بچوک" بووە.

داعش ناڵێ ئێمە وەک تۆڵەکردنەوە یان دەستدرێژیی سێکسی ئەو کارەمان کردووە، بەڵکو کارەکە بە جێبەجێکردنێکی نەزیهانەی ئەحکامی شەرعی تایبەت بەو خەڵکە بێباوەڕانەی بەشەڕ دەکەونە دەست سوپای ئیسلامی، دادەنێ و وشە و زاراوەکانی ئەو بوارە بەکار دێنێ. دەڵێ: "خەڵک لە ئەهلی کیتاب و شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکانی وەک مەسیحیەت و جولەکایەتی بۆیان هەیە جیزیەدان یان موسڵمانبوون هەڵبژێرن، بەڵام ئەمە ئێزدیەکان ناگرێتەوە.. شتێکی ناسروشتییە کەمینەی ئێزدی لە دەشتی نەینەوا و عێراق و شام بمێنن.. کە شەیتان پەرستن" هەربۆیە ئافرەت و منداڵانیان بەتاڵان برد و بەپێی ئەحکامی سەبایا، پێنجیەک (خمس)یان دراونەتە (دەوڵەتی ئیسلامی) و ئەوانی تریش بەو چەکدارانەی بەشداریی شەڕی گرتنی شەنگالیان کردووە.

تەنها ئەو وتارە نییە کە داعش تێیدا راشکاوانە دان بە رەوایی بەکۆیلەکردن و فرۆشتنیاندا دەنێ، ئەبو محەمەد عەدنانی گوتەبێژی رەسمیی رێکخراوەکە - کە لە کۆتایی ئابی رابردوو (٢٠١٦) لە حەلەب کوژرا - لە لێدوانێکی هەڕەشەئامێزیدا بۆ دوژمنانی و بەتایبەت خۆرئاوا ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە دواین شەڕ دەبێ.. غەزوی رۆما دەکرێ و ئافرەتانی سەبی دەکرێن و دەفرۆشرێن، کە ئەوە بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە بەکۆیلەکردن لای داعش بەشێکە لە سیاسەتی شەرعی.

بەشی چوارەم

ڕاستییەکەی داعش تەنها بەشێکە لەو ئۆردووە ئایینییەی باوەڕی بەوە هەیە دیاردەی کۆیلایەتی لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە و قەدەغەکردنی پێچەوانەی ویستی ئیسلامە.

شێخ عەلیانی لە بەرپەرچدانەوەی د.وەهبە ئەلزوحێلیدا کە لە کتێبێکیدا باس لەوە دەکا قەدەغەکردنی کۆیلایەتی لەگەڵ ویستی ئیسلامدا لێک نادا، دەڵێ: زوحێلی دەقەکانی شەریعەت دەشێوێنێ تا لەگەڵ بڕیاری دەوڵەتانی کافردا بگونجێ.

عەلیانی دەڵێ ئەوەی زوحێلی دەیڵێ "درۆیەکی ئاشکرا و هەڵبەستنە بەدەم ئیسلامەوە، چۆن دەڵێ: دەقێک نە لە قورئان و نە لە سوننەدا نییە بۆ ڕێگەدان بە کۆیلایەتی لەکاتێکدا کتێبەکانی زانایان پڕن لە ئەحکامی تایبەت بە کۆیلەکان و ئازادکردنیان و ماڵ و سامانیان و ئیجماع لەسەر دروستیی بەکۆیلەکردنی کافر دامەزراوە، بگرە تەنانەت ئەو موسڵمانەیش باوکی کۆیلەیە هەر کۆیلەیە مەگەر ئازاد بکرێ."

**جا دەڵێ:** "ئایا ئەم نووسەرە پێی وایە موسڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە تا ساڵی ١٨٤٢ کاتێ ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی ئیمزا کرا و کۆیلایەتی قەدەغە کرا، کارێکی ڕێپێنەدراویان کردووە؟ پەنا دەگرین بە خوا لەم شێواندنە دزێوە و لەو تۆمەتە پڕوپووچانەی ئاراستەی باشترین سەدە دەکرێ."

١- زۆر زانا و بیرمەندیتر هەمان ئەم بۆچوونەیان دەربڕیوە، لەوانە شێخ محەمەد ئەبو زەهرە، شێخ مەحمود شەلتوت، ڕەشید ڕەزا، محەمەد قوتب، محەمەد غەزالی و چەندینیتر.

**لەو بارەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

الوحي المحمدي، رشيد رضا - الإسلام والاستبداد السياسي، محمد الغزالي - حقوق الانسان في الاسلام، علي عبدالواحد وافي - آثار الحرب، وهبة الزحيلي - شبهات حول الاسلام، محمد قطب - الرق، عبدالسلام الترمانيني.

٢- بڕوانە: النساو: ٣ و ٢٤ و ٢٥ و ٣٦ - النور: ٣٣ و ٥٨ - الروم: ٢٨ - النحل: ٧١، المؤمنون: ٦ - الاحزاب: ٥٠ - المعارج: ٣٠.

٣- بڕوانە: النساو: ٩٢ - المائدە: ٨٩ - المجادلە: ٣ - البلد: ١٣.

١- لەوبارەوە بڕوانە کتێبی: کۆیلایەتی، عبدالسلام الترمانینی، وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفور، ٢٠١٥.

١- أهميه الجهاد، العليانی ٣٧٣ - ٣٧٤. ئەو کتێبە نامەیەکە بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زانکۆی (أم القرى)ی شاری مەککە پێشکەش کراوە، تاوتوێ کراوە و خاوەنەکەی بڕوانامەی دکتۆرای بە پلەی نایاب پێ بەخشراوە.!

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## لە وەهابییەتەوە تا داعش



سمکۆ عبدالکریم

### ئەلسروریيە وەک رەوتێکی بەیەکەوە گرێدان

### بەشی دووەم

### ئاماژەیەکی پێویست

(دوای سەردەرهێنانی داعش وەک جێگرەوەی رێکخراوی قاعیدەکەی بن لادن لە ناوچەکە، کەوتمە خولیای ئەو نووسینەم کە سەرەنجام لە دووتوێی کتێبێکدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەی پەیوەندی بە سەرەتاکانی وەهابییەت و دامەزران و هەرسیَ فۆناغەکەی دەوڵەتی سعودییەوە هەیە، پێشتر چەند بەشێکیم بڵاوکردتەوە، بەڵام دوای دەرچوونی قانوونی «جاستا» لەمەڕ تێوەگلانی سعودیە لە ڕووداوەکەی ١١ی سپتێمبەر، دوای ١٥ ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو ڕووداوەدا، بە پێویستم زانی لە ڕێگەی کوردستانی نویَ-وە بە چەند ئەلقەیەک جوولانەوەی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سعودیە بخەمە بەرباس، بە ئامانجی روونکردنەوە و تیشک خستنە سەر هەندیَ لایەنی حەرەکی ئیسلامی کە کەمترین رۆشنایی خراوەتەسەر، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕەوتی «ئەلسروریيە» کە کەسانێکی زۆری شارەزا لە بواری ئیسلامی سیاسیش کەمترین شارەزاییان لەبارەوە هەیە، بەشێوەک هەیە هەر گوێبیستی ئەو ڕەوتە هەر نەبووە، لە کاتێکدا ئەو ڕەوتە، لە مەسەلەی گرێدانی ڕەوتە ئیسلامییە جیاجیاکان و گەیاندنەوەیان بە یەکتر، هەم زۆر شاراوەیە، هەم زۆر گرنگە، چ لە نێوان وەهابییەت و ئیخوانەکان، چ لە نێوان وەهابییەت و ئەلقاعیدە و دواتریش داعش).

کاتێک لە دوو دەیەی پەنجاکان و شەستەکاندا فکری وەهابی لە عەرەبستانی سعودیە ڕووبەڕووی جۆرێک لە شلەژان بووەوە،

## بەشی چوارەم

سەرهەڵدانی بیرو ڕەوتی «صەحوەییەکان و سرورییەکان» وەک بیرێکی نوێی چالاک و کاریگەر، نەک هەر لە سەرئاستی سعودیە، بەڵکو لە تەواوی نیمچەدورگەی عەرەبیدا، وەک بیرێکی توندڕۆی بەرفراوان سەری هەڵدا. بەشێوەیەک ئامادەگی و پێشـوەچوونەکانی ئەو ڕەوتە وەک مەترسییەکی گەورە تەماشاکرا، بە تایبەتی لە روانگەی بوونی مەیلیان بەلای تەکفیرکردنی نەیارەکانیان و وەرگرتنی هەڵوێستی توند لەبەرامبەر میرنشینی سعودیە، هەروەها لە روانگەی ئەوەی کە وەک ژێنگەیەکی بە پیت وابوون بۆ ئەندێشەی قاعیدەییەکان.

هەرچەندە بیری (صەحوە سرورییەکان) لە «تەخدیر» و» قاعیدەییەکان»یش لە «تەکفیر»وە سەرچاوەیان گرتبوو، بەڵام هەندێ کەسی شارەزا پێیان وابوو پەیوەندیەکی زۆر تۆکمە لە نێوان «تەخدیرو تەکفیر»دا هەیە، تا ئەوپەڕی تەواوکەری یەکترین، بۆیە دەبینین لەمڕووەوە شێواز و ڕەوت و بیرێکی نوێی ئیسلامی لە نێوخۆی سعودیە سەر دەردێنێ و کۆتایی بەو چەق بەستییە دەهێنێ و قۆناغێکی تازە لە رەوتی وەهابییەت لەم ناوچەیە دەست پێدەکات، کە دەکرێ ناوبنرێ قۆناغی «بەسیاسیکردنی ئیسلامی وەهابی» ئەمەش لەو ڕێگەیەوە، کەوەک چۆن «سرورییەت» لە رابردوودا توانی وەهابییەتی سەلەفی و ئیخوانی حەرەکی ئاوێتەی یەکتر بکات، ئەمجارەشیان بووە پردی پەیوەندی لە نێوان شوێنکەوتوانی فکری محەمەد عەبدولوەهاب و قاعیدەییەکانی سعودیە، کە تا ئێستاش ئەم فکرە رۆڵی کاریگەرو دیار و ئامادەییەکی بەهێزی لە نێو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی سعودیەدا هەیە و پێڕەوی لە بیروبۆچوونە سیاسییەکانی دەکات لە نێوخۆی میرنشینی سعودیەدا، ئەمەش بەگرتنەبەری جۆرێک لە تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی واقعی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی سعودیە لە لایەک و لە نێوان ئەم رەوتە ئیسلامییە وەهابییەو دەسەڵاتی سعودیە لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێگەیەوە پێگەی خۆیان، هەم بپارێزن، هەم بەهێز بکەن.

### چاکسازیخوازەکان و تووندڕۆکان

لە کۆتاییەکانی نەوەدی سەدەی بیستەمدا لە سعودیە دوو ڕەوتی سەرەکی سەردەردێنن، «چاکسازیخوازەکان و تووندڕۆکان». کۆمەڵێک ڕەوتی جیاوازی ئیسلامی بەرەی چاکسازیخوازان پێکدێنن، لەسەرووی هەموویانەوە هەندێ لە ئەندامانی ڕەوتی «صحوەی سروری» کە خاوەنی جەماوەرو پێگەیەکی بەهێز بوون، هەروەها پاشماوەی ئیخوانەکان و پیاوانی ئاینی لە دەزگا دینییەکان لەوبەرەیە دەبن، ئەمە جگە لەوانەی بە ئیسلامی لیبرال و پێشکەوتوخوازانی سوننەو لیبرالی ناسرابوون، ئەو «شیعانەش» کە ناوەناوە دەردەکەوتن. لە لایەن خۆشەیەوە دەوڵەتی سعودیە سەرکەوتوو بوو لەخۆنزیکردنەوە و ڕێککەوتنەوە لە گەڵ بەشێک لەو ڕەوتە ئیسلامیانەی پێشتر لەگەڵ دەوڵەت ناکۆک بوون، بەتایبەتی لەگەڵ «حسن السقاف» وەک مەرجەعێکی دیاری سعودی و ئەو ڕەوتەی بە مەدخەلی ناودەبران وەک شوێنکەوتووی «محەمەد بن هادی

ئەلمەدخەلی» کە پێشتر (ئەلجامییە)یان پێدەگوترا و لە (محمد امان الجامی) سەرچاوەیان گرتبوو.

## درووستکردنی دەرزێکی گەورە

فتواکەی (شێخ عەبدولعەزیز بن باز - «١٩١٠ - ١٩٩٩» موفتی گشتی میرنشینی سعودیە - ساڵی ١٩٦٧ شوێنکەوتووی محەمەد عەبدولوەهاب - کە لەسەر دەستی ئەو وەهابییەت لەسەردەمی ئەودا وێستگەیەکی بەهێزی دەسەڵات بوو) بووە هۆی درووستکردنی دەرزێکی گەورە لە نێوان ڕەوتە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانی سعودیە، بەهۆی ئەوەی ناوبراو لە فتواکەیدا (استعانە) کردن بە کافر، پەنابردنە بەر بێگانەی بۆ بەرگریگردن لە خۆ بە شەرعی و ڕێگەپێدراو دانا، ئەمەش بووە سەرچاوەی ئەو ناکۆکیانە، کە سعودیە لەو سەردەمدا بەخۆیەوە بینی.

بەشێوەیەک دەکرێ هاتنەپێشی ئەو ناکۆکیانە و دروستبوونی بیروڕای جیاواز، لەمەڕ (ئیستیعانە) پەنابردنە بەر بێگانە، بە قسەی نەیارەکانی(کوفار) بەسەرەتایەکی دیکەی جیاوازی سەرهەڵدانی ڕەوتی توندوتیژی ئیسلامی دابنرێ، کە دواتر « ڕێکخراوی قاعیدە»ی لێکەوتەوە، ئەو ڕێکخراوەی سەرەتا بە ناوی (المجاهدین فی جزیرە العرب) خۆیان ناساند.
هەموو ئەو ڕەوتە ئیسلامییە توندڕۆیانە، کە هەندێکیان لە ژێر کاریگەری ئەزموونی «جوهەیمان ئەلعوتیبی» و هەندێکیش لە ژێر کاریگەری فکری جیهادی مصری و سەید قوتب-دا بوون ئامانجیان هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا و ئەمریکا بوو لە نێوخۆی سعودیەدا، لە سەرووی هەموشیانەوە (ڕەوتی صەحوەییەکان) کە زۆرجار جەدەلی توند لە نێوان هەندێ لە ڕموزەکانی صحوە و یوسف ئەلعییری دروست دەبوو.
(یوسف ئەلعییری - ١٩٧٤ - ٢٠٠٣ - بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆلینەوە و توێژینەوەی ئیسلامی لە نێوخۆی سعودیە، دامەزرێنەری لقی سعودیەی ڕێکخراوی قاعیدە، بەناوی «تنقیم القاعدە فی بلاد الحرمین» تا ئەو کاتەی لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ لە لایەن دەسەڵاتی سعودیەوە، واتە دوو ساڵێک دوای ١١ی سێپتێمبەر، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەک ئەندازیاری هەڵمەتە تیرۆرستییەکانی نێوخۆی سعودیە لە ساڵی ٢٠٠٣ تۆمەتبار کرا، کوژرا).

## خۆیان بەو ڕەوتە نەناسێنن

واتە تا ئەو کاتەی لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٣ پەرلامارە تیرۆرییەکان سعودیەی نەگرتەوە، ئەم وڵاتە هەنگاوی جدی هەڵنەهێنا بۆ لانی کەم ڕێگریکردن لە تەشەنکردن و زیاتر گەشەکردنی خەلایەکانی گروپە ئیسلامییە توندڕۆکان، چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیە بەشێک لە ئەمیرە سعودییەکان خزابوونە نێو ئەو ڕەوتە ئیسلامییە توندڕۆیانە، ئەمە لە کاتێکدا «ڕەوتی صەحوەی سروری» لەوپەڕی بەهێزیدا بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک هیچ لایەنگرو ئەندامێکی ئەو ڕەوتە

نەیانوێراوە، یان نەیان ویستوە، یان کارەکە وابووە، خۆیان بەو ڕەوتە نەناسێنن، بەومانایە تەنیا وەهابییەت ئەبێت وەک پێناسەی سیاسی ئیسلامی کە دەوڵەت پشتیوانی دەکات، ڕێگە پێدراوی بە ئاشکرا بێت.

سەرەنجام بەشێکی زۆری ئەو بیروبۆچوونە جیاواز و پەنابردنە بەر توندوتیژیانە، لەو «ئیستیعانە»یەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کە داگیرکردنی کوێیت لە لایەن عێراق-ەوە بە دوای خۆیدا هێنا.
لەم چوارچێوەیەدا هەموو ئەو ئیسلامییانەی پشتیوانیان لە «بن باز» دەکرد ئەو وەهابییە سەلەفییە ئیسلاحییانە بوون، کە بە هەموو شێوەیەک پشتگیریان لەفکری پشتیوانیکردن لە فەرمانڕەوا دەکرد، بەشێوەیەک هەرجۆرە ئۆپۆزسیون بوونێک لەبەرامبەر دەسەڵاتدا جائیز نەبوو، وەک چۆن پێچەوانەکەشی بەلادەرو دەرچوو»خەوارج» دادەنرا، چونکە سەلەفییە مەدخەلییەکان موسلمانانیان لە چوارچێوەی دەوڵەت و سوڵتاندا تەماشا دەکرد، واتە: کۆمەڵی موسڵمان ئەوانەن کە لە دەوری سوڵتانەکەیان کۆبوونەتەوە، بەومانایەی (هاوڵاتی موسلمان، بە هەموو شێوەیەک دەبێت، گوێ ڕایەلی فەرمانڕەوا بێت، نابێت سەرپێچی فرمانەکانی بکات و لێی هەڵگەڕێتەوە) ئەمەش بەپشت بەستن بە مەزهەبی «حەنبەلی و ئەوزاعی» ئەو مەزهەبەی وەهابییەتی لەسەر داهێنراوە، لە کاتێکدا هەریەک لە «ئەبی حەنیفە و ئەلشافعی و مالک و ئیبن حزم» دەرچوون لە دەسەڵاتداری زاڵم بە ڕەواو ڕێگەپێدراو دەزانن، کە ئەوانی تر ئەم حاڵەتەش بە جائیز نازانن.
لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین یەکێک لەو هۆکارانەی بنەماڵەی ئاڵ سعودی وەک فەرمانڕەوای هەمیشەیی لە دەسەڵاتدا هێشتۆتەوە، مەزهەبەکانی «حەنبەلی و ئەوزاعی»ن کە کاتی خۆشی هەر لەسەر ئەو بنەمایە محەممەد بن عەبدولعەزیز و محەممەد بن عەبدولوەهاب توانیان لەگەڵ یەک هاوپەیمانیەتی ببەستن.

## وەک مەزهەبێکی ئیسلامی سوونەی سەلەفی دژ بەحزبایەتی

لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕەوەتە ئیسلامییانەی پشتیوانیان لە فتواکەی «بن باز» کرد «سەلەفییە مەدخەلییە»کان بوون، کە یەکێ لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتەش، وەک مەزهەبێکی ئیسلامی سوونەی سەلەفی دژ بەحزبایەتی، وەک وتمان بۆداگیرکردنی کوێیت لە لایەن عێراق دەگەڕێتەوە، کاتێک سوپای عێراق دەستی بەسەر کوێیت داگرت و سوپاکەی لەسەر سنووری سعودیە جێگیرکرد، دەوڵەتی سعودیە داوای «استعانە»ی لە ئەمریکاو هاوپەیمانان کرد «مەدخەلییەکان»یش ئەو ڕەوتە ئیسلامییە دیارە بوون، کە پشتیوانیان لەو «استعانە»یە کردو لەم ڕووەوە لە گەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکانی دیکە کەوتنە وەڵامدانەوەی یەکترو بەیەک هەڵشاخان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## جەنگی موسڵ



ئامانج هەرتەلی

جەنگی موصل ئەو جەنگەی گەلێک هاوکێشەی گەورە دەگۆڕێت زۆر هاوکێشە لەبنەڕەتەوە هەڵدەگێڕێتەوە، بەتایبەت سەبارەت بەدۆزی کورد، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کورد چ دەباتەوە و چ لەدەست دەدات؟

لەماوەی ڕابردوو مشتومڕێکی گەرم لە نێوان عێراق و تورکیا تائێستا بەردەوامە، لەسەر پرۆسەی جەنگی مووسل و هاتنی سووپای تورکیا و جێگیر بوونی لە محیوەری باشیک، لەوێش لەڕەبیکانی پێشەوەی بەرەی جەنگ، من لێرە نامەوێت بچمە قوڵای ستراتیجی ئەم ململانێ یەوە، بەڵکو ئەوەی لەم جەنگەدا لەڕووی ستراتیجیەوە یاریکە دەباتەوە لەپێش هەموو هێزەکان، pkk یە، pkk بەحوکمی بەشداری جەنگی مووسڵ، پێگەیەکی گەورە لەستراتیجیەتی جیهانی مسۆگەر دەکات، لەسەر ئاستی کوردستانیش بەهێزێکی گەورەتر دەچێتە قۆناغی بەرەنگاری نەیارانی، لەهەڵبژاردنی ئایندەش لەسنوری پارێزگای مووسڵ لە ئەنجومەنی نوێنەران جێگا بەوهێزانە لێژدەکات کەزۆرینەی موسڵ بوون وەک کورد، کەچی ڕۆژێک نەیانتوانی پارێزگاری لەخەڵکی سڤیل بکەن، ئەمە سەڕای ڕێگری لەتەزویرات، بۆ پەرلەمانی عیراقیش نوێنەری دەگاتە پەرلەمان.

سەڕای ئەوەی هێزی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی دەنەخشێنێت، دبێتە شورایەکی قایم و لەخشتەبردنی نەخشەی دەوڵەتی تورکیا کەزەمەنێکە خەونی پێوە دەبینێت، ئەویش گێڕانەوەی ویلایەتی مووسلە بۆسەر تورکیا، جێگیرکردنی هێزی لە سنوری زۆنی زەرد و هێنانی نزیکەی دووهەزار سەرباز بۆ باشیک، هەڕەشەکانی ئۆردۆغان بۆ بەشداری جەنگی مووسڵ مانەوە و جێگیر کردنی لەوێ، دەیەوێت دەست بگرێتەوە بەسەر ولایەتی مووسڵ، برسی کردنی هاوڵاتیانی هەرێم لەوچوار چێوەیەدێت کە لەئەنجامی پەلاماردانی هەرێم خەڵکی هەرێم نەتوانێ مقاوەمە بکات، بەڵام بەشداری pkk لەبنەڕەتدا ئەم

پلانە لەبار دەبات.

سەرای ئەوەش ململانێکانی نێوان بەغداد و ئەنقەرە گەرمتر دەبێت، ڕەنگە لە جەنگی مووسڵدا لەنێوان هێزە شیعەکان و سووپای تورکیا پێکدادان ڕوبدات و ناوچەکە ململانێ گەرمبێت، ئەمەش دەرفەت بۆ داعش خۆشبکات بۆ ئەوەی باشتر خۆی ڕێکخاتەوە،

دواجار تورکیا بخرێتە نێو چوارچێوەیەکی توند و هاوکارانیش توشی مەترسی گەورەبن، لە ناویشیاندا پارتی، پارتی لەئێستادا سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمیش داگیر کردوە، ئەمە مەترسی گەورە دەبێت بۆسەر هەرێم لەچوار چێوەی هەوڵە سەقەت و نەزانەکانی پارتی کە تورکیا بەڕێوەی دەبات.

ئەم جەنگە لەسەر ئاستی دەولیش، کاریگەری خۆی دەبێت لەچوارچێوەی هاوپەیمانی داعش، لەسەر هێزە بەشدارەکانی ئەم شەڕە، هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە، ئەوەی بۆتە کێشە هێزەکانی تورکیایە،

پێدەچێت ئەمریکاوهاوپەیمانان لەلایەک و ڕووسیا لەلایەکیتر لەغاوی تورکیا لەم جەنگە شل بکەن تادەیخەنە گێژاوی ململانێ، لەئێستا تورکیا بۆ تە گونی قۆڕ بۆ ناتۆ و ڕووسیا، بۆیە پێدەچێت تورکیا ناچار بە چونەدەر لەناتۆبکەن، لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشیش بەهۆی پێشێلکاری و سنور بەزاندنی عیراق و هاوکاری داعش توشی گەمارۆ و سزای نێودەوڵەتی ببێتەوە، دواجار حکومەتی عیراقی بەقورسیش بێت سەرکەوتنی گەورە مسۆگەر دەکات، ڕەوتی شیعە لە عێراق مەڵبەندی گەورەی سونی پەرتەوازە دەکات، ئەوەی پشتاو دەبێت لەم گەمەیە هەرێم و پارتیە، دواجاریش دەکەوێتە چوارچێوەی گووشارێکی گەورە، هێزەکانی pkk لە خۆرئاواو باکور و خۆرهەڵات لەلایەن خەڵکی سلێمانی و لەباشوریشەوە حکومەتی عیراق، بەمەش پارتی دەبێت واز لەم هەموو بووغرایە بێنێت کە تورکیا توشی کردوە،

لەبەر ئەوەی تورکیا توشی گرفتی گەورەدەبێت بەهۆی عێراق و وڵاتانی جیهانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە pkk، بەمەش پارتی دەبێت لەئاست میللەت و بەغداد چۆکدابدات، چونکە خەونی بەمەلیک بوونی بەپاڵ پشتی تورکیا لەباردەچێت و تورکیاش ناگات بەئاواتی گێڕانەوەی ولایەتی مووسڵ.

ئەوەی براوەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، ئێرانە ئەو زووحاکەی دەستی لە قوڕگی بەرژەوەندی دوونیای سەرمایەداری



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

ناوەو ڕێگاش بۆ گەڕانەوەی جارێکیتری ڕووسیا خۆشدەکات لەگەمەکانی خۆرهەڵات و ئەمریکا ناچار بەپاشە کشەی گەورەدەکات، دواجاریش هەموو ئەم هاوکێشانە ئاواژ و دەبنەوە، کە زەمەنێکە نەخشەکانیان دەکێشرێت و بەبەتاڵی دەستیان لەبنی هەمبانەکە دەردەچێت، ئەوەی جێگای دڵخۆشیە، بۆکورد، بەهۆی قارەمانی پێشمەرگەو گەریلاکان، بەتایبەتیش گەریلاکان گەلی کورد لە هەرێم پارسەنگی سیاسی بۆڕاگرێت، ئەگینا بەهۆی سیاسەتی خۆسەپێن و خولیای مەلیکایەتی هەرێم غەرقی قەیرانێکی قوڵ و شەڕێکی خوێناوی گەورە دەبێتەوە،

هەم لەڕێگای حەشدی شەعبی و هەموو ئەوعەرەبانەی جێگیرکراون لەهەرێم بێ ئاوڕدانەوە بۆ سنوردار کردنیە، دەسکەوتەکانی کورد لەباشور فرۆشتنی خوێنی پێشمەرگەیە بەرامبەر جەنگی داعش بەبڕی ٤١٥ ملیۆن دینار، ئیدی هەرێم لەقەیرانی قوڵی بێ ستراتیجیەتی سەرکردە سلسارەکانیاندایە،


جەنگی موسڵ جەنگی گۆڕانی هاوکێشەو بەرنامەو جوانی بەخشین بەهەندێک هێز و ڕووتکردنەوەی هێزی ترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# گەشبین داعش‌و ڕۆژگاری لەدەستدانی سەران



حەسەن یاسین

كە ئەم دێڕانە دەنووسم لەسەروبەندی هێرشی بەربڵاوی هێزەكانی عیراق، هێزەكانی پێشمەرگەو گەریلا، كە دەیانەوێ شاری موسڵ لە ژێر چنگی داعش دەربێننو لە ماوەیەكی كەمی داهاتوودا ئەو شارە لە داعش پاكسازی دەكرێ. نامەوێ جارێ لەسەر موسڵو داعش بنووسم، چونكە ئەمە پێویستی بەبابەتێكی كەمێك درێژتر هەیەو تاكە وتارێك ناتوانێ هەموو لایەنەكانی شرۆڤە بكات.

ئەوەی ئەمڕۆ دەمەوێ لەسەری بووەستم، مەسەلەی لەدەستدانی سەرانی داعشە، كە لە ماوەی رابردوودا بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش زیادی كردووەو كاریگەریی لەسەر ئەو ڕێكخراوە تیرۆریستییە داناوە.

با باسی زاراوەی سەر لە نێو داعش بكەین، سەر یان سەركردە یان ئەمیر، واتە كاراكتەری كاریگەرو خاوەن بڕیارو سەركردە لە نێو داعشدا. داعش لەو جۆرە ڕێكخراوانەیە كە سەرانو سەركردەكان ڕۆڵی دیارو یەكلاكەرەوەیان هەیە، هەر ئەمەش وایكردووە زاراوەی ئەمیر كە پلەیەكی سەربازیی ئیسلامییەو پێشتریش پلەیەكی سەربازیی عەرەبی بووە، لە نێو داعشدا بۆ سەركردە لە هەموو ئاستەكاندا بەكاربێت.

ئەمیر لە نێو داعش، هەر بەباڵاو دەسەڵاتی ئەبوبەكری بەغدادی-دا نەبڕاوە، بەڵكو لەو بەرەوخوار، بەئاستی جیاجیا ئەمیر هەن، هەر یەكەشیان لە ئاستی خۆی ڕۆڵی بەرپرسیارێتیو یەكلاكەرەوەی هەیەو تاكڕەوانە دەتوانێ بڕیار بداتو ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان، تەنیا بۆیان هەیە فەرمانەكانی جێبەجێ بكەن، نە بۆیان هەیە گفتوگۆی لەگەڵ بكەن لە بارەی بڕیارەكەو نە بۆشیان هەیە ڕەتی بكەنەوە، تاكە شت كە لە دەسەڵاتی ئەواندایە ئەوەیە، كە گوێڕایەڵی

بەشی چوارەم

بڕیارەکانی ئەمیر بن.
لە ماوەی کەمی رابردوودا داعش ئەبو محەمەد ئەلفورقانی لەدەستدا، ئەلفورقان ناوی راستەقینەی وائیل عادل حەسەن سەلمان ئەلفەییازە، کە لە نێو داعشدا (ئەمیری دیوانی راگەیاندنی ناوەندی)، واتە لێپرسراوی دەزگای راگەیاندنی داعش بووە.

لە ماوەی کەمی رابردوودا داعش بەڕەسمی کوژرانی ئەلفورقانی راگەیاند، هەروەها لە مانگی ئابی رابردوودا کوژرانی ئەبو محەمەد ئەلعەدنانی راگەیاند، کە لە شاری حەلەب لە کاتی بەسەرکردنەوەی بنکە سەربازییەکانی داعش کوژراوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا رایگەیاند کە ئەلعەدنانی لە هێرشێکی فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆ سەر پارێزگای رەققەی سوریا کوژراوە، مۆسکۆش کوژرانەکەی پشتڕاست کردەوە.
یەکێکی تر لە ئەمیرە دیارەکانی داعش ئەبو عومەر چیچانی بوو، کە لە شەڕەکانی نێوان هێزەکانی عیراق‌و داعش لە ناوچەی شەرگاتی نزیک موسڵ کوژراو راگەیاندنی داعش خۆشیان کوژرانەکەیان پشتڕاست کردەوە، ئەگەرچی پێشتر پنتاگۆن رایگەیاندبوو کە (وەزیری بەرگری)ی داعش لە شەرگات کوژراوە.
هەر لە مانگەکانی سەرەتای ئەمساڵدا ستیف وارن وتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کوژرانی ماهیر بیلاویی سەرکردەی رێکخراوەکەی لە شاری فەللوجە راگەیاند، کە هاوکات لەگەڵ ئەودا بەهێرشی فڕۆکەکانی ئەمریکا ٧٠ چەکداری دیکەی داعش کوژران.

هەر لە مانگی ئەیلولی رابردوودا ئەبو نەبیل عیراقی لە لیبیا کوژرا، کە گوایە عیراقییەو ناوی باسم ویسام نەجم عەبد زەید ئەلزبێدییە. وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا رایگەیاند کە کوژرانی ئەبو نەبیل عیراقی کاریگەریی زۆری دەبێ نەک هەر، بەڵکو کاریگەریی دەبێت بۆ لاوازبوونی توانای داعش لە راکێشانی توخمی نوێ بۆ ناو داعش لە لیبیاو کەمکردنەوەی توانای داعش لە خۆسازدان بۆ هێرشکردنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەم چەند نموونەیە بۆ ئەوەن کە بڵێین سەرو سەرکردە لە نێو داعش کاریگەریی گەورەو قووڵیان هەیەو بوونیان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش‌و لە هەمان کاتیشدا کوژرانیان دەبێتە هۆی لاوازکردنی داعش لە زۆر رووەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## رزگارکردنی مووسڵ و ناکۆکییەکانی داهاتوو



**سەنا شەفیق**

بۆ تێگەیشتنی بنەمای دژایەتی حکوومەتی عیراق بۆ بەشداریکردنی تورکیا لە شەڕی رزگارکردنی مووسڵدا پێویست دەکات چاوێک بە مێژووی نزیکمان بخشێنینەوە. تورکەکان کە هەر لە ساڵی ١١١٨ز مووسڵ وەک ویلایەتێک لە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان ١٥١٧ز بوو بە شێک لە دەسەڵاتی عوسمانی، مووسڵیان بە مولکی خۆیان زانیوە. لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم کە ئیمپراتۆری عوسمانی بڵاوبووەوە، بە گوێرەی مادەی حەوتی رێککەوتنی "موندریس" مووسڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا.

بەو هۆیەوە لە نێوان تورکەکان و ئینگلیز ململانێیەکی توند لەسەر مووسڵ دروست بوو. بۆ هەردوو لا دیاربوو ئەم کێشەیە بە شەڕ چارەسەر ناکرێت، دواخرا بۆ کۆنگرەی لۆزان ساڵی ١٩٢٣. لەوێش بە تەواوی یەکلا نەبووەوە تا ساڵی ١٩٢٦ لە کۆنگرەی ئەنقەرە هەردوولا ریککەوتن و مووسڵ بوو بەشێک لە عێراق کە تازە دامەزرا و لەژێر دەسەڵاتی ئنتیدابی بریتانیا بوو، بەڵام سەرباری ئەم رێککەوتنە، تورکەکان بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە کەرکووک و مووسڵ خاکی خۆیانە.

لەگەڵ داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعش حوزەیرانی ٢٠١٤، تورکیا جارێکی تر کەوتە ورووژاندنی ئەم بابەتە و لەگەڵ عەرەبی سونە و تورکمان و تا ئاستێک دەسەڵاتی کوردی کاری کرد بۆ زیادکردنی هێزی خۆی لەو دەڤەرە. هەر لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هێزەکانی ناردە دەڤەری باشیک کە سەربە مووسڵە. هێزە کانی تورکیا لە ئەنجامی رێککەوتنێک لەگەڵ عێراق بۆ پەروەردە و پشتیوانی لۆجستی هاتوون، بەڵام لە ژێرەوە تورکیا کار لەسەر سوونە دەکات بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکات. بەرامبەر بەمە حکوومەتی عێراق کە تیایدا شیعە باڵادەستە و لایەنگری ئێرانن، دژی ئەم پلانەی تورکیا

بەشی چوارەم

وەستاون. تا ئەو ئاستەی ئەمەریکایش پشتیوانی هەڵوێستی عیراقە. لە ئەنجامی ئەم ناکۆکیانە بوونی هێزەکانی تورکیا لە باشیک و پرسی بەشداریکردنی تورکیا لە کردەوەگەلی ئازادکردنی مووسڵ کە ئەمڕۆ دەستی پێ کرد. بووەتە ڕۆژەڤ.

ئەمە لە کاتێکدایە لە تورکیا جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ میراتی عوسمانی گەشەی کردووە، بزاڤێکی لاوانی تورک بە ناوی "لاوانی عوسمانی نوێ" سەری هەڵداوە و کۆمەڵ و ڕێکخراوی نوێ بە ناوی عوسمانییە هاوچەرخەکان درووست بوون. ئەندامانی ئەم بزاڤە دزەیان کردووەتە ناو داوودەزگاکانی دەوڵەت. پارتی دەسەڵاتدار AKP پشتیوان و هاندەری ئەم بزاڤەیە، بە تایبەتی سەرکۆمار ئەردۆگان ئەم مشتومڕەی گەرمتر کردووە کاتێک رای گەیاند "ڕێککەوتنی لۆزان وەک سەرکەوتنێک دەرخواردی ئێمە درا، بەڵام دەپرسم: ئایا لۆزان سەرکەوتن بوو یان بە ڕاستی تێکشکان و رووخان؟". ئەم قسانەی ئەردۆگان باسەکەی لەناو تورکەکان گەرمتر کرد.

دەکرێت بگوترێت ئارەزوویەکی کۆن و حەسرەتی مووسڵ لە ناخی تورکەکان شاراوەیە. دەسەڵاتی AKP ئەم ئارەزووە دەووروژێنێت. لەمبارەوە جڤاکی تورکیا هاودەنگ نییە و بووەتە دوو بەش، کەسانی چەپ، سۆشیال دیموکرات و عیلمانی دژی لەشکرکێشین و بەشداری تورکیا لەم شەڕەدا لە زیانی تورکیا دەبینین، تەنانەت پەرینەوەی هێزی تورکیا بۆ سووریاش بە هەڵە دەزانن. هەرچی دەسەڵات و لایەنگیرانی AKP بەشێوەیەکی تر بلێین عوسمانیە نوێکان، خوازیاری بەشداریکردنن لەم شەڕەدا. بە دیدی لایەنگرانی شەڕ دووای رزگار بوونی مووسڵ و کۆتاهاتنی دەسەڵاتی داعش، تورکیا روڵی لە ناوچەکە دەبێت و قسەی خۆی دەبێت لە داهاتووی عێراق و ناوچەکە.

تورکیا خوازیاری ئەوەیە لەم ناوچەیە لە عەرەبە سوونەکان و تورکمانەکان هێزێک درووست بکات و لە داهاتوو ئەم هێزە وەک فشار بەکار بێنێت بەرامبەر دەسەڵاتی شیعەی عێراق. بە بۆچوونی تورکیا مووسڵ کە زۆربەی دانیشتووانی سوونە مەزەون، زەحمەتە بە ئاسانی بچنە ژێر باری دەسەڵاتی شیعە، بۆیە تورکیا دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و ڕێگری لە بەرفراوانبوونی هێزی شیعی ئێرانی بکات، لەلایەکی ترەوە بەهێزبوونی تورکیا لە مووسڵ دەتووانێت وەک فشارێک بەرامبەر دەسەڵاتی کوردیش بەکار بێنێت.

ئەگەر بێت و تورکیا لەم شەڕەدا بەشدار بێت، رەنگە ئێران و لایەنگرە شیعەکانی عێراقیش بەشداری بە "پ ک ک" بکەن، ئەمەش واتە دەرگا والاکردن لە پێش شەڕێکی تر. دیارە ئەم ناکۆکیانە دوای داعش زیاتر گەرم دەبن، بەڵام دەسەڵاتی کورستان لەم بارەدا چ هەڵوێستێکی دەبێت هێشتان دیار نیە. ئەگەر تورکیا بەشداریەکی سەرەکی ئەم شەڕە بێت ئەوا دوای داعش پێگەیەکی بەهێزی لە مووسڵ دەبێت، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی لاوازی دەسەڵاتی شیعەی بەغدا و دەسەڵاتی

بەسەر خەڵکی مووسڵ لاواز دەبێت کە زۆرینەی سوونەن، واتە زەوینە بۆ تورکیا خۆش دەبێت تا هێزێکی سوونە لە عەرەب و تورکمانەکان دروست بکات.

بێگومان لەلایەکی ترەوە فاکتەری ئێران هەیە، تورکیا و ئێران لە ڕابردوو هەر چەند ناکوکیش بوون، بەڵام دژی کورد ڕێککەوتوون و لەگەڵ شام و بەغدا پلانی هاوبەش دژ بە کوردیان دارشتووە. لەم ساڵانەی دوایی کە قورسایی کورد لە هاوکێشەکاندا گۆڕا، هەریەکە لە تورکیا و ئێران لە هەوڵی ئەوەدان کاریگەریی زیاتریان لەسەر هێزە کوردییەکان هەبێت. ئەمیش دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان هەردوو لا، واتە وەک جاران تەنیا لەسەر دژایەتی کورد ناتوانن گشت ناکوکییەکانیان بەلاوە بنێن، بەڵکو بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەت دژی یەکتر دەوەستن. ئێران لەسەر بنەمای شیعە و تورکیا لەسەر بنەمای سونە سیاسەتیان بنیات دەنێن. بۆیە لە کردەوەگەلی رزگارکردنی مووسڵ هەردوولا دەخوازن بە دەسکەوتی باشتر دەربچن.

لەم هەلومەرجەی ئێستا ئێران لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبینرێت، بەڵام هەردوو وڵات هەندێک جار بە ئاشکرا و جارجاریش بە نهێنی مانۆری دژی لایەنی تر دەکات. ئێران کە وەک تورکیا نکۆڵی لە بوونی کورد ناکات و تەنانەت بەرامبەر بە مافە کولتوورییەکانی کوردیش کراوەترە، بواری زیاتری بۆ سیاسەت لە دەڤەری کوردی هەیە. هەرچی تورکیایە کە ئێستا بە تەواوی دەرگای لە پێش پرۆسەی چارەسەری داخستووە لە رەوشێکی سەختدا دەبینرێت. ململانێی هەردوو دەوڵەت لە دوای شەڕی مووسڵ بەردەوام دەبن، بۆیە دەبێت ئەوە بوروژێنین بەرامبەر ئەم رەوشە کورد چۆن سیاسەتێک پێڕەو دەکەن؟ ئایا کورد ستراتیژێکی بۆ ئەم رەوشە هەیە یان نا؟

بە ئاشکرا هێشتان هەڵوێست و سیاسەتی کورد دیار نییە، پارچە پارچەبوونی هێزە کوردیەکان و بەردەوامبوونی ناکۆکیەکانی نێوانیان نیشانەی باش نین، ئەم پارچەبوونە ئەوە دەردەخات کە کورد ناتوانێت سیاسەتێکی یەکگرتوو پێڕەو بکات، ئێران کاریگەریی بەهێزی لەسەر بەشێکی هێزە کوردییەکانی عێراق هەیە. کورد کە رۆڵێکی کاریگەریی لە شەڕی داعش هەبووە، لە بەرەی هەرە پێشەوە سەنگەریان گرتووە لە رزگارکردنی مووسڵیشدا هێزی سەرەکین، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەسکەوتی کورد دوای ئەم شەڕە چی دەبێت؟ ئایا کورد تەنیا وەکو هێزی سەربازی کاریگەر دەبێت و دوای کۆتاهاتنی شەڕ رۆڵی کز دەبێت، یان کورد دەتوانێت لە ئەزموون مێژووی خۆی وەربگرێت و بۆ دوای شەڕحیسابی خۆی کردووە؟ گرنگ ئەوەیە دەسکەوتی سیاسی کورد لەم شەڕە چ دەبێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە هێشتا ڕوون نییە، هەندێک لێدوان و شرۆڤەی سیاسی دەڵێن کورد و هاوپەیمانان، هەروەها کورد و حکوومەتی عێراق لەسەر قۆناغی دوای داعش و داهاتووی مووسڵ ڕێککەوتوون، بەڵام ئەمانە تەنیا لێدووانی میدیایی و

قسەی راگەیاندنەکانن و پرۆتۆکۆلێکی فەرمی لەبەردەست نییە. بەسەرهاتێکی تورکی هەیە دەڵێت "چووینە دەمیات - دەمیات شارێکی تورکیایە بۆ برنج کڕین خەڵک دەچن، بەڵام با ئاگادار بین ساوارکەشمان لە دەست نەچێ".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# ئۆپەراسیۆنی موسڵ



**بورهان شێخ ڕەئوف**

ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ دەستپێکرد، ئەو شارەی ئەبوبەکر بەغدادی بانگی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی تێدا داو کۆتایی بەپەیماننامەی سایکس - بیکۆ هێناو سنوورەکانی نێوان عیراقو سووریای سڕییەوە قوولەی پاسەوانەکانی سەر ئەو سنوورانەی ڕمان لەدوای سەد ساڵ.

بەڵێ موسڵ ئەو شارە گرنگو ئیستراتیجییە کە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەرسێ وڵاتی عیراقو سوریاو تورکیاو هەرێمی کوردستانیشە گەورەترین شاری بندەستی دەوڵەتی ئیسلامیەو سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوریی‌و داهات بوو بۆ دەوڵەتەکەیان کەچەندین بیری نەوتو سەرچاوەی سروشتی تری تێدایە، هەروەها هەروەکو عەرەبە سوونەکان دەڵێن دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگە ئاورێشمەی کەئێران دەگەیەنێتە سەر دەریای ناوەڕاست لەڕێگەی سووریاوە هەر بۆیە وڵاتانی ناوچەکە لەململانێی ئەوەدان بەشداری ئەو جەنگەبنو بەشی خۆیان لەدەستکەوتو غەنیمەکانی ئەو جەنگە بەربکەوێت.

لەبیرمە ئەوکاتەی موسڵ لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٤ کەوتەدەست تیرۆریستانی داعش ئەمریکیەکان وتیان ڕزگارکردنی موسڵ زیاتر لەدووساڵی گەرەکە بەڵێ وائێستاش لەدوای زیاتر لەدووساڵ ئەمریکییەکانو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش لەهەوڵی ئازادکردنی موسڵدان کە بەبەشداری زیاتر لە ٦٠٠ ڕاوێژکاری ئەمریکی نزیکەی ٧٠٠٠ جەنگاوەر لەهێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عیراقی‌و حەشدی شەعبی حەشدی نیشتمانی سونەو وڵاتانی تری بەشدار لەهاوپەیمانێتیەکە لەدوای ئامادەکارییەکی زۆر وردو دەستپێکرد.

بەڵی بڕیاری ئۆپەراسیۆنی موسڵ بڕیارێکی ئەمریکیە بەئیمتیاز کە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا

## بەشی چوارەم

لەمانگی داهاتوودا و پێش کۆتایی هاتنی ولایەتی سەرۆک ئۆباما ئەنجام بدرێت، ئەوانیش ئەمریکیەکان سوپای عیراقو هێزی پێشمەرگەیان وەکو دوو هێزی کاریگەرو بنەڕەتی دیاریکردووە بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە لەبەر چەند هۆیەک لەوانە:

١- جێگیرکردنی جێ پێی خۆیان (ئەمریکا) لەقووڵایی خاکی عیراقو بەدیاریکراوی لەبنکەی سەربازی گەیارە کە ٥٨ کم لەموسڵ-ەوە دوورە، کە لەماوەی ڕابردوودا لەدەستی داعش ڕزگارکراو، هەروەها وەکو باسدەکرێت بەم هەنگاوەیان ڕێگە لەهەژموونو دەستێوەردانی ئێران لەعیراق دەگرن.

٢- هەروەها وەکو سەرکەوتنێکی سەربازی گەورە بۆ ئۆباما تۆماربکرێت کەکاریگەری دەبێت لەسەرکەوتنی پاڵێوراوی دیموکراتەکان هیلاری کلینتۆن بۆ گەیشتن بەکۆشکی سپی.

٣- پەیامێکە بۆ رووسیا کە سەرۆکی ئەمریکا هەرچەندە لەدواڕۆژەکانی حوکمیشیدا بێت دەتوانێت بڕیاری ئیستراتیجیو جەنگ بدات.

لەوەیە شرۆڤەکارانو چاودێرانی سیاسی ناوچەکە هەڵەنەبن کەشەڕی موسڵ بەشەڕێکی ئاسان وەسفنەکەن لەبەرئەوەی لەلایەک وەکو بەشکردنێکی ناوچەی هەژموونو دەستەلات لەنێوان روسیاو ئەمریکادا ڕەنگبداتەوە، چونکە لەیەککاتدا لەسوریا پەلاماری حەلەب دەدرێت بەپشتیوانی روسیاو لەعیراقیش پەلاماری موسڵ بەپشتیوانی ئەمریکا لەهەمانکاتدا کۆکردنەوەی هەموو ئەو هێزە ناکۆکانە بۆ شەڕی مووسڵ لەوانەیە بەرەو شەڕی ئێتنیکیو تائیفی بڕوات، دۆخەکە نەک شەڕی داعش، هەرچەندە ئەمریکیەکان بۆ بەر پەرچدانەوەی سوکایەتیەکانی ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا بەعەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق رایگەیاند کەهەر هێزێک بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بکلات دەبێت بە ڕەزامەندی حکومەتی عیراق بێت.

لەلایەکی ترەوە هەندێک لەشرۆڤەکارانی تورک لەو بڕوایەدان کەنیگەرانیەکانی ئەردۆگان لەسەر چۆنیەتی شەڕەکە نیە بەقەدەر ئەوەی ترسە لەو هاوکێشەی هێزەی دوای ئۆپەراسیۆنەکە دێتە ئاراوەو ئەردۆگان نەیشاردەوە کەوتی ئێمە ڕازی نابین جگە لە عەرەبی سوونە کەسی تر حوکمی موسڵ بکات، بەڵام ئێستا ترس لەکورد کەقوربانی گەورەیان داوە لەشەڕی تیرۆرو بەتەمای بەشی شێرن لەغەنیمەو دەستکەوتەکانی جەنگو هەروەها لە شیعەش لەوەدەترسن تەلعەفەر بکەنە بنکەیەکی خۆیان نزیک لەسنورەکانی تورکیا.

سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرە سیاسیو کۆمەڵایەتی سەربازی جیۆگرافیانەی کە شەڕی موسڵیان ئاڵۆز کردووەو سوپای عیراق

## بەشی چوارەم

لەکاتی ڕزگارکردنی شارەکانی ڕومادیی‌و تکریتو فەلوجەو روتبەو ئەوانی تر لەدەستی داعش توشی ئەو کێشانە نەبوون لەبەرئەوەی ئەو شارانە هەموو دانیشتووانەکەی عەرەبی سوونە بوون، بەڵام موسڵ کەدانیشتتوانەکەی نزیکەی ٣ ملیۆن کەسە کە پێکهاتووە لەکوردو عەرەبو مسیحی‌و یەزیدیی‌و شەبەکو تورکمانو زەردەشتی‌و سابیئەو کاکەیی‌و هی تریش، بۆیە ترسی ئەوە هەیە ئەم فرە جۆری جیاوازیانە ببنە کێشەو قەیرانی قورس لەدوای داعش، چونکە داعش لەدووساڵی ڕابردوودا جینۆسایدی هەموو پێکهاتە ئێتنیکیەکانی تری کردووە کەکەسیان متمانەیان بەعەرەبی سوونە نەماوە چ مەسیحی‌و چ کوردو چ تورکمانو چ شیعەو شەبەک.

لەکۆتایی ئەم بەشەی وتارەکەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەئەگەر دەڵێن کەرکوک عیراقی بچووکەو موسڵیش عێراقی بچووکە، هەموو پێکهاتەکانی تێدایە کێشەکانی بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە نەوە بۆ نەوە خوێنی لەبەر دەڕوات، ئەگەر لەڕابردوودا بەعس بەهۆکاری زانراو هەموو تاوانەکان خرایەملی ئەوان خۆ ئێستا بەعس نەماوە، بەڵام لەبەعس ترسناکتر سەریهەڵداوە قاعیدەی ناوە ئەویش لەبەین برا لە لە ٢٠٠٧ بەدواوە، دواتر دەوڵەتی ئیسلامی لەدایک بوو چ کارەساتێکیان خوڵقاند، هەموو جیهان هاتووەتە مەیدان تاوەکو بەریان لێبگرنو سنورێک بۆ تاوانەکانیان دابنێن ئێستاش وا لەدوای ساتو ڕۆژو چرکەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامیداین، ئەگەر چارەسەری بنەڕەتی‌و یەکجارەکی بۆ هەموو کێشە ئێتنیکی‌و مەزهەبی نەتەوەییەکانی ناوچەکە دانەنرێت، دڵنیام هێزو ڕەوتی لەداعش سامناکتر سەرهەڵدەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## داهاتووی موسڵو ململانێی وڵاتانی ئیقلیمیو نێو دەوڵەتی لەسەر ناوچەکە



بۆتان بەکر

موسڵ؛ کەناوەندی پایتەختی نەینەوایەو دووەم گەورەترین شاری عێراقی-یە لەدوای بەغدا لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە کە بەنزیکەیی دوو ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێت، بە مەسافەی ٤٦٥ کیلۆمەتر لەبەغدای پایتەختەوە دوورە، ئەم شارە نێوبانگی دەرکردوە بە کاری بازرگانی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی سوریاو تورکیا ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەیەوە، وە دانیشتوانی موسڵ بە شێوەزاری موسڵاوی قسە دەکەن و شێوازی ئاخاوتنیان نزیکە لە دانیشتوانی باکوری سوریا، ئەم شێوازی ئاخاوتنە وای لە دانیشتوانی ئەم شارە کردوە کە جیاواز بن و ئیحتیفاز بەناسنامەو کلتوری جیاوازی خۆیان بکەن، وەهەروەها زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارە عەرەبی سوننەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێکدێن لە پێنج هۆزی سەرەکی کە بریتین لە (شەمەری، جبوری، دلیمی، وەتائی، بقاری) لەپاڵ ئەمانەش هەریەک لە نەتەوەکانی تری وەک (مەسیحی، کورد، تورکمان و شەبەک) تێیدا دەژین بەدرێژای مێژوی ئەو شارە.

### مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە لەم شارە.

ویلایەتی موسڵ کێشەیەکی نەبڕاوە و ململانێی بەهێزی نێوان تورکیاو بەریتانیاو عێراق بووە. واز نەهێنان و چاوتێبڕینی تورکیا بەدرێژای سەد ساڵی ڕابردوو لەم شارە و لەکاتی ئێستادا جێگیربوونی ٢ هەزار چەکداری تورکی لەنزیک شارەکە بۆتە سەرەتای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو بەغدا بۆ داهاتووی موسڵ.

بەتێڕوانین لە مێژووی ڕابردووی شاری موسڵ دەگەینەوە ئەوەی بەتایبەت پاش ساڵی ١٩١٨ کاتێ بەریتانیا بەبێ گوێدانە بەندەکانی پەیمانی (مۆندرۆس) هێرشی کردە سەر ویلایەتی موسڵ و تەواوی کوردستانی باشووری داگیر کرد، پاش



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

ڕووبەڕووبەنەوەی لە ٢٥ ی تەمموری ١٩١٩ جەنگ و پێکدادانی بەهێز ڕوویدا لەنێوان سوپای ئەوکاتەی دەوڵەتی بەریتانی و هێزەکانی شێخ محمود لەنزیک سلێمانی، دوای بەدیل گرتنی شێخ محمودو نەفی کردنی بۆ هندستان دەبینین جارێکی تر بەریتانیا لەبەرامبەر کەمکردنەوەی نفوزی تورکەکان ناچار بوو لە ٢٣ ی ئەیلولی ١٩٢٢ شێخ محمود بۆ کوردستان بگەڕێنیتەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین دەستپێکی ململانێ ی (ویلایەتی موسڵ) بووە کرۆکی خاڵی ناکۆکی نێوان بەریتانیاو تورکیا، ماددەی سێیەم لە (ڕێککەوتنامەی لۆزان) جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەگەر هاتوو هەر یەک لە دەوڵەتانی (بەریتانیاو تورکیا) بۆ چوونە نێو ویلایەتی موسڵ لەماوەی نۆ مانگدا، هەڵبەت دوای بەرواری بەستنی پەیماننامەکە نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتن و ڕێگە چارەیەک؛ ئەوا کێشەی ویلایەتی موسڵ بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی پۆزەتیڤ و گونجاو دەنێردرێت بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئەمەش دوای ئەوەی هەریەک لەوڵاتانی سەرەوە نەگەیشتنە ڕێکەوتن لەماوەی دیارکراو، کێشەو ململانێی ویلایەتی موسڵ زیاتر زەق بۆوە، ئەوە بوو بەپێی پەیماننامەی لۆزان لە ٣٠ی نیسانی ١٩٢٤ ئەم پرسە خرایە بەر دیدی کۆمەڵەی نەتەوەکان. لەبەرواری ئاماژە بۆ کراو (کۆمسیۆنێک) بەبەشداری وڵاتانی ئەندامی نێو کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهات.

لە ١١ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٥ دەرنجامی ئەم کۆبونەوەیە بڵاوبۆوە بەوەی کە؛ ویلایەتی موسڵ بکەوێتە ژێر کۆنترۆلی (کۆمیتەی نێودەوڵەتی) بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، لەهەمانکاتدا زمانی کوردی زمانی فەرمی بێتو نەتەوەی کورد ئیدارەی بکات، بەڵام لەدوایی کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ - ١٢ - ١٩٢٥ بڕیاریدا بەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەسەڵاتی شانشینی عێراقی و سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆی لەلایەن بەریتانیاوە، بەمەرجێک مافەکانی کورد لەبەرچاو بگیرێن، ئەوە بوو بەشێوەیەکی فەرمیو بەناچاری تورکیا لە بەرواری ٥ - ١ - ١٩٢٦ دانی نا بەوەی کە ویلایەتی موسڵ سەر بە عێراق بێت.

بەسەیرکردنی مێژووی سەد ساڵەی ڕابردوی ئەو شارەو بەدیاریکراوی پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی، دەبینین نەتەوەکان یەک لەدوای یەک سەربەخۆی خۆیان بەدەستهێنا، ئەمەش لەسەر بیرو بنەمای ناسیۆنالیستی و نیشتیمان - پەروەری بووە وەک لەسەر ئەساسو بناغەی تایفی و دینی، بەڵام لەگەڵئەوەشدا دەبینین بیرو فکرەی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیی تورک لەگەڵ نەتەوەی کورد زۆر بەتوندی ڕووبەرووی بۆوە، ئاکام کارەساتی گەورەو دڵتەزێنی لێکەوتەوە هەر لەکوشتنی ئەرمەنەکان و کوردەکان لەساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٣٥.

بەباسکردنی هەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەدوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ تێڕوانینو چاوتێبڕینو تەماعی تورکیا بەرامبەر شاری موسڵ، لەیەکەمیاندا؛ بەهۆی نزیکی سنوورەکەی، ئەمەش لەلایەک ئەمنیەت و ئاشتی موسڵ بۆ ئەو وڵاتە گرنگە، لەلایەکی ترەوە ڕووە بازرگانیەکەیەتی لەگەڵ وڵاتانی نێودەوڵەتی وێڕای هەبوونی چەندین بیرە نەوتی

## بەشی چوارەم

گەوره لەم شارەدا. دووەمین هۆکار بریتیە لەوەی کە تورکیا هەمیشە ئیدیعای دەکات لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩١٨ ەوە تاوەکو ئێستا، بریتیە لەپاراستنی ئەو تورکمانانەی کەلەو شارە دەژین (هەمان بیاو بۆ شاری کەرکوک)، ئەمەو لەکاتی ئێستادا تخمین دەکرێن بە ٣ هەزار هاوڵاتی تورکمان کە هەندێ سەرچاوەی مێژووی ئەووەمان پێدەڵێن ئەو تورکمانانەی کەلەو ناوچەیە دا دەژین تورکمانی ئاسیای ناوەڕاستن.

ئەمەو وێڕای بیانوو لەدەستی وڵاتی تورکیا بۆ دابەشبوونی خاکی عێراق بۆتە دیفاکتۆو ئەمری واقع، بۆیە ئەو هەڵە مێژووییەی کە تورکیا کاتی خۆی لەدەستی دا بۆ سەرکەوتن لەوەرگرتنی ویلایەتی موسڵ ، دەبینین لەکاتی ئێستادا بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەتی هێزی سەربازی و چەکداری لەنزیک موسڵ جێگیر کردوە، هەر ئەمانە بونەتە هۆکاری سەرەکی ئیسراربوونی تورکیا لەنەکشانەوەی هێزەکانی لەناوچەکەو سەرەتای تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی عێراقدا. بەمەش ئەگەری شەڕێکی گەورە دەکرێت لەنێوان تورکیا و عێراق لەسەر داهاتووی ئەم شارە، ئەمەو لەکاتێکدا ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بێ دەنگی بنوێنێ.

ئەگەرێکی تری داهاتووی شاری موسڵ ڕەنگە زۆر ئاڵۆز بێت بەنسبەت دانیشتوانەکەی؛ نەک تەنها بەهۆی ئەووەی کۆمەڵێک وڵاتانی نێودەوڵەتی چاویان لەخێرو بێرەکەی تێبڕیوە؛ بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کەدانیشتوانی ئەو شارە زیاتر لەدوو ساڵە لەژیانێکی زۆر زەحمەتو کوڵەمەرگیو لەژێر زەبری دەسەڵاتی داعشی تیرۆرست دەژین، ئەووش بەو مانایەی کەتەسلیمکردنی ئەو شارە بەشێوەیەکی زۆر ئاسان بۆ چەکدارانی تیرۆرست کە جێهێڵدرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوپای عێراقی، بۆیە خۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەرینی خەڵکی شارەکەو دەسەڵاتگرتنە دەست و ڕاگەیاندنی هەرێمێکی سەربەخۆ لەلایەن دانیشتوانی شارەکە ئەگەرێکی زۆر چاوەڕوانکراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

## ئەردوگان لە رزگارکردنی موسڵ پلانی (بی) بەکاردێنێت؟



عیماد عەلی

دیارە پلانی ئەی بۆ ئەردوگان نوچووە سەر کە بریتی بوو لە بەشداریکردنی هێزەکانی تورکیا لە بەعشیقە و چەندین سەربازگەی تر لە دەوروبەری و، حەشدی نیشتیمانی سەر بە ئەسیل نوجەیفی شێخی بەرماڵی ئەردوگان لە شەری رزگارکردنی موسڵ. بەڵام وا دەرکەوت کە لە سەرەتاوە هیچ بوارێکیان بەم پلانەنەداوە و بە تایبەتی لە لایەنئەمریکاوە رێگەیان لێگراوە کە بە تاکە جەندرمەیەکیش بەشداری بکات لە کاتی دەستپێکردنی پرۆسەکە، بەڵام دواتر بەهەر شێوەیەک و ناوێکیش بێت خۆی لەقەرەی ئەم ئامانجەی دەدات.

بۆیە، وەک خۆی پێشتر رایگەیاند، ئەردوگان پشت بە پلانی (بی) دەبەستێت، کە بەو پێیو و هەندێک ناوەندی ستراتیجی جیهانی بڵاویان کردۆتەوە، دەیەوێت شوێن پێیەک بۆ داعش لە بەشێکی پارێزگای نەینەوا بە یارمەتی هێزی تورکیا بهێڵێتەوە و دواتر بە هەمان شێوەی سوریا و بە جوڵەیەک لە قۆناغێکی دیاریکراو لە کتوپرێک و بە زەمینەسازی بیەوێت زۆنی ئارام بە قسەی خۆی لە باکوری عیراقیش بسەپێنێت بە تایبەتی بە پاساوی هێرشکردنی پەکەکەوە، لەمەشدا وا دەردەکەوێت کە هەموو جموجوڵەکانی تورکیا بۆ ئەوە بێت موسڵ لە سوریا دابرێت و بتوانێت کۆنترۆڵی پەیوەندی و هاتوچۆی نیوان بەشەکانی کوردستان بکات و، تەنها مەبەستی لێدانی بەرژەوەندیەکانی کوردە لە و ناوچانەدا. بۆیە پلانی (بی) خۆی لە پشتگیری هێزەکانی داعش دەبینێتەوە بە نهێنی و بەهەر ناوێکەوە بێت لەگەڵ هێزی بەناو حەشدی نیشتمانی لە روبەرێکی گونجاودا هاوکارین، کە دواتر بەو بۆنەیەوە مەبەستی خۆی جێبەجێ بکات. زۆرینەی چاودێران لەوباوەرەدان کە شوێنە تورکمان نشینەکانی دەوروبەری موسڵ بۆ ئەو پلانە ڤێزەونەی بەکار بێنێت و باشترین جێگاش بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنانی شاری تەلەعفەر و دەوروبەری و چەندین وردە شارۆچکە و دێهاتی ترە کە لەوێوە

## بەشی چوارەم

پلانە درێژخایەنەکەی جێبەجێ بکات، سەرەتا بە توانا و ئیماکنیاتی مادی خۆی و بیروعەقڵ و رەفتار و کردەوەی داعش و هێزە هاوپەیمانەکانی و، دواتر مەرجەکانی خۆی فەرز بکات لەسەر هەمووان لەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستان و پاڵنانی بۆ هاوکاری لە شەرکردن دژی پەکەکە لە ئۆپەراسیۆنێکی فراوانی گەورەی ئامادەکراودا. بۆ جێبەجێ کردنیئەو پیلانەی بە پاساوی بونی هێزەکانی پەکەکە لەم ناوچانەوە تاوەکو تەنانەت دەیەوێت دەست درێژی بکاتە سەر قەندیلیش. لەو بارەوە پارتی چەند هاوکاری دەبێت، ئەمەش لەسەر مانەوەی بەرژەوەندیەکانی پارتی وەستاوە کە چەند وابەستەیی بە تورکیاوە دەمێنێت و دوور دەبێت لە لایەنە عیراقی و کوردستانیەکان، ئەمەش رۆژگار بۆمان دەریدەخات. بەڵام پێویستە لەم بارەوە سەرەرای ئەوەی هێزە کوردستانیەکان بەرپرسیارێتی خۆیان لە هێشتنەوەی پارتی لە بازنەی کوردستان بخەنەگەر و زیاتر پاڵ بە پارتیەوە بنێن کە لە ناوەندی عراقەوە نزیک بێت و پەیوەندیەکانیان ئاسایی بکەنەوە، هەر هیچ نەبێت بۆ زیاتر ملکەچ نەبون بۆ تورکیا و هاوکاریی نەکردنی بۆ وەستان دژی بەرژەوەندیە باڵاکانی کورد، لەگەڵ قازانجە ئابوری و سیاسیەکان بۆ کوردستانی باشوریش لەم وەزعەیدا کە قەیرانی ئابووری جوڵەی لەکوردستان بریوە.

بۆیە پێویستە لەسەر هەمووان لەم کاتەدا هەر هیچ نەبێت پارتی ناچار بکەن کە لە جێبەجێ کردنی پلانی (بی) ی تورکیا هاوکار نەبێت ئەویش بە:

* هەوڵدان بۆ نزیککردنەوەی لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ومانەوەی لە روبەری کرودستانی و دورخستنەوەی لە رەفتاری پاشکۆیەتی تەواو بۆ تورکیا و، بواردان بۆ هێشتنەوەی لەم پێگەیەی کە لە گرێژنە دەرنەچووە لە رەفتارەکانیداتاوەکو ئەم ساتەش.

* هەوڵدان و یارمەتیدانی بۆ نزیککردنەوە و رێککەوتنی لەگەڵ بەغدادا، بۆ دوورخستنەوەی لە تورکیا بە رادەیەک تاوەکو بەیەکجاری خۆی نەخاتە باوەشی و، بۆ ئەوەی زیاتر ملکەچی داواکاری و فەرمانەکانی نەبێت و بە ئاسانی یارمەتی جێبەجێکردنی پیلانەکانی نەدات و خۆی لە پلانی (بی) ی تورکیا دوور بخاتەوە.

* لە پرسە نێوخۆییەکاندا بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە پێستی خۆی دەرنەچێت و، بەهەر جۆرێک بێت ناچارنەکرێت رەفتاری نابەجێ و هەڵەی گەورەتر و خیانەتی لە جۆری ٣١ی ئاب دووبارە بکاتەوە.

هەوڵێکی هەمەگیر بدرێت بۆ نزیکبونەوەی لایەنە سەرەکیەکانی کوردستان، پارتی و یەکێتی و گۆران بۆ خستنەوەی دەسەڵاتی کوردستان بۆ سەر سکەی خۆی هەر هیچ نەبێت بەکەموکورتیەکانی پێشویەوە تاوەکو لەم قۆناغە بە سەلامەتی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

دەپەرینەوە، ئەمەش بە یارمەتی و نەرمی نواندنی گۆران و یەکگرتویی بەک بریاریی یەکێتی دەبێت لەم کاتەدا.

بۆیە لەم کاتەدا بە خوێندنەوەی پێشهاتەکان و مەرامە درندەییانەکانی تورکیا، ئەرکی زۆر دەکەوێتە سەر سەرجەم هێزەکانی کوردستان بەسەرجەم بەشەکانیەوە بە تایبەتی هێزەکانی کوردستانی باشوور و پەکەکە و یەپەگە، کە چاو لە زۆر بەرژەوەندی بچوکی حزبی داخەن و ئەم قۆناغە و پێداویستیەکانی بخوێننەوە و بە لە خۆبردووی لەهەڵەی یەکتر خۆشبن کە گەورەییە بۆ هەر یەکەیان بەرژەوەدی میلەت بخاتە پێش بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە بە کردەوە نەک تەنها بە لێدوان و بانگەشە، ئەگینا تەنها تورکیا و وڵاتانی داگیرکەر قازانج دەکەن و بەس .

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# هەرێمی کوردستان لەپاش شەڕی موسڵ



کامەران فەتاح

ماوەی تەمەنی جیلێکە کورد شۆڕش دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافێک کە لێی بێبەشکرابوو ئەویش سەربەخۆییە دەتوانین بڵێین سەربەخۆیی خوازانی کورد ڕێگای زۆریان بڕیووە بەوەی لەکوردستانی باشور ماوەی ٢٥ ساڵە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ پێکهاتووەو لەکوردستانی ڕۆژئاواش بەهەمان شێوە بەهاری عەربی دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساند بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ئەگەرچی دانیشی پێدا نەنرابێت.

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی مەزهەبی شیعی لەعێراق جڵەوی دەسەڵاتی ناوچەکەی قۆرخ کردووەو بەهۆی لاوازی سوونەکانەوە بەردەوام پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزبووە لەناوچەکە پاشان دەسەڵاتی شیعە لەعێراق زۆر بەهێز نەبووە هۆکارەکەشی ئەوەبووە کە لەڕووی سەربازییەوە ناوچەکە لەژێر هەیمەنەی ئەمریکییەکاندا بۆیان دروستکرابوو لەبەرئەم هۆکارە هیچ کات نەیانتوانیوە ببنە هەڕەشە بۆسەر هەرێمی کوردستان، پاش ئەوەی داعش لەناوچەکە دەرکەوت بەهەرهۆکارێک بێت ئایا زوڵم و ستەمی شیعە وای لەسوننە کرد باوەش بۆ داعش بکەنەوە یان دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق خۆی کارئاسانی کرد بۆ داعش و موێڵی پێبەخشی یان وڵاتانی ناوچەکە هۆکاربوون یان ئەوەی بارودۆخی سوریا کاریگەری هەبوو لەسەر عێراق بەهەر یەکێک لەم هۆکارانە دەرکەوتنی داعش لەسەرەتادا لاوازییەک بوو بۆ دەسەڵاتی شیعە لەعێراق بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەنجامەکەی بە بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی عەبادی کۆتایی پێدێت، چونکە شەرعییەتی فراوانبوونی دەسەڵاتی مەرکەز بۆ بەغداد دروست بووە کە توانراوە بە قوربانی دان ئەوناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە ئەمەش مانای وایە دەسەڵاتی بەغدا لەڕووی هێزی سەربازییەوە زیادی کردووە و نزیکە ببێتە مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان، جاران ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا سوونە لەنێوانیاندا هەبوویێت لەپاش کۆنترۆڵکردنەوەی موێڵ سنورەکان تێکەڵ

## بەشی چوارەم

دەبن، بۆئەمەش ناتوانین بڵێین دەسەڵاتی عەبادی دەتوانێت کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بکات کە ئەمە هیچ کاتێک ڕوونادات ئەویش بەهۆی هەبوونی بەرژەوەندی وڵاتان لەهەرێمی کوردستان و خۆڕاگری و ئازایەتی پێشمەرگە بۆ پاراستنی سنورەکان، بەڵام ئەوەی ڕوودەدات و هەرێمی کوردستان گیرۆدەی دەبێت ئەوەیە لەپاش شەڕی موسڵ هیچ کاتێک هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەئارامی و بێخەمی هەنگاوەکانی بنێت بەڵکو بەردەوام دەڕواتە قۆناغی پارێزگاری کردن و پاساوهێنانەوە لەوەی کەدەستی کەوتووە و پێویستە بیپارێزێت لەڕوویەکی دیکەشەوە پەستانە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن بۆ سەر دەسەڵات و داوای مافە خوراوەکانیان دەکەن، لەم نێوەندەشدا حکومەتی بەغدا بەردەوام هەوڵی سنوردارکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەدات و بەهۆی بەهێزی پێگەی بەغداد لەناوچەکە زۆر دور نییە هەرێمی کوردستان بگەڕێنرێتەوە بۆ سنورەکانی پێش شەڕی داعش هەرچەندە ئەمە ئەگەرێکی زۆر بەهێزنییە تا ئەوکاتەی داعش بەتەواوی لەسوریاش لەناو نەبرێن چونکە بەپاساوی هەبوونی داعش وڵاتان هاوکارییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان ناوەستێنن بەڵام بۆ دژایەتی داعش نەک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بەغدا بەومانایەی ئاڕاستەی لایەنگیری هەرێم و بەغداد لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانی زیاتر بۆ بەغدایە نەک هەرێم، کەواتە لەپاش شەڕی موێڵ کوردستان ڕووبەڕوی ململانێی زیاتر دەبێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی بەغداد ئەمەش پێویستی دەکات لەسەر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بدات لەگەڵ لایەنەکانی تر چونکە مامەڵەی نێوان بەغداد و هەرێم دەڕواتە قۆناغێکی دەستوری و پێویست بەوەدەکات سەرجەم لایەنەکان هاوکارو پشتگیری یەکتری بن، بەپێچەوانە ماندووبوون و خوێنڕشتنەکانی پێشمەرگە وەک پێویست جێگەی خۆی ناگرێت و کوردستان ڕووبەڕوی کارەسات دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## داعش لەدوای موسڵ بەرەو کوێ سەرهەڵدەگرێت؟



زوبێر ڕەسوڵ عەلی

هەڵمەتی ڕزگارکردنی موسڵ لەدەستی تیرۆریستانی داعش دوای ماوەیەک لەئامادەسازی حکومەتی عیراقیو کوردو وڵاتە یەکگرتووەکانو چەندین لایەنی تر، ڕۆژی دووشەمە بەفەرمی دەستیپێکرد.

بەر لەدەستپێکی هەڵمەتەکە، تورکیا دەیەویست بەشداری سەربازی لەشەڕەکەدا بکاتو وڵاتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانانیش خوازیاری بەشداریکردنی زیاتری هێزە زەمینیەکانی خۆیان بوون.

لەلایەکی ترەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ بیروڕای جۆراوجۆر سەبارەت بەبەشداریکردن یان نەکردنی حەشدی شەعبیو پێشمەرگە هەبوو، بەجۆرێک کە بەشێک لەعەرەبەکان دژی بەشداریکردنی کوردو سوننەکانیش دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی.

بێگومان شتێکی شاراوە نیە کە زۆرێک لەو هێزانەی ئێستا بەشدارن لەڕزگارکردنی موسڵ لەهێنانی داعش بۆ عیراقیش چەند ساڵێک لەمەوبەر نەخشیان هەبووە، وڵاتە یەکگرتووەکان، تورکیا، سعودیە، ئێران... لەسەروی لیستی ئەو وڵاتانەن کە پەنجەی تۆمەتی دروستکردنو پاڵپشتیکردنو بەهێزکردنی داعشیان لێرەو لەوێ بۆ رادەکێشرێت.

تورکیا ئەوەی پێی کرا دریخی نەکرد لەهێنانی داعش لەئەوروپاو ئاسیای ناوەڕاست، بەرەو عیراقو سوریاو کردنەوەی سنورەکانی بەڕویانداو مەشقپێکردنیان لەناو خاکی خۆیو کۆمەکی دارایی و سەربازیکردنیان، تورکیا تائەوکاتەی بەرژەوەندی ئابوری لەگەڵیاندا هەبوو و نەوتی بەقاچاغ براوی بەنرخێکی هەرزان لێ دەکرینو چەکو تەقەمەنی پێ دەفرۆشتن خۆی کردبوو بەماری مردوو، بەڵام لەئێستادا کە دەرکردنی داعش لەعیراق بووەتە شتێکی حەتمی خێرە پێشتر

## بەشی چوارەم

لەگەڵیان یارو ئێستاش بەڕووکەش نەیار؟!

وڵاتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانان دەیانتوانی بەماوەیەکی کەم داعش لەناوچەکە وەدەرنێن، بەڵام بەرژەوەندی ئابوریی‌و سیاسی ڕێگەی بەوەها کارێک نەدەدا، ئەوان چەکەکانیان لەسەر خاکو گەلانی ناوچەکە تاقیکردەوەو لەلایەکی تریش چەکو کەرەسەی سەربازیان ساغ دەکردەوەو هەروەها حکومەتی عیراقیان ناچار بەملدان بەهەیمەنەی ئەمریکا کردو ژێرخانی ناوچەکەش بەوێرانی دەدەنەوە دەست حکومەتی عیراق.

لەسیاسەتدا بەرژەوەندی بەردەوام گرنگە نەک دۆستایەتی بەردەوام، مایەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێین هاوپەیمانانو وڵاتەیەکگرتووەکان بیریان لەڕاگواستنی داعش کردبێت بەرەو شوێنێکی تر، بڵاوبوونەوەی هەواڵی پێشنیارێکی سعودی ئەمریکی بۆ ڕاگواستنی داعش لەعیراق بەرەو وڵاتێکی تر لەڕاگەیاندنەکانو لەهەفتەی ڕابردوودا، ئەو پێشنیارە کە هەرزوو بەپراکتیکی بەدیارکەوتو ڕۆیشتنی بەرپرسانی داعشو خانەوادەکانیان بەرەو ڕەقەی سوریا لەچەند ڕۆژی ڕابردوو و ڕاگواستنی زۆربەی فەرماندە بەرزەکانی بەرەو بوکمالو حمسو دیرالزورو دانانی فەرماندە عیراقیەکان لەشوێنی ئەوان دەرخەری ئەو ڕاستیەن.

بۆیە تەواوبوونی کارەکانی داعش لەعیراقو وەدەرنانیان لەعیراق ئاماژەی کۆتاییهاتنی ئەو گروپە نییە، بەڵکو بەبڕوای زۆر لەچاودێران داعش تەنها ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانو لەدوای عیراق نۆرەی شوێنێکی ترە.

دەست بەسەرداگرتنی گوندکانی باکوری حەلەبو دابقو تەواوی ناوچەکە بەئاسانیو بەبێ بەرگری توندی داعش لەلایەن هێزەکانی درع الفراتی سەر بەتورکیاو چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە بەبێ شەڕ لەلایەن داعشو هەروەها ڕاگواستنی خانەوادەی فەرماندەکانی داعش مانگێک لەمەوبەر بەرەو ڕەقە جگە لەگومانی ڕێکەوتنێکی داعشو تورکیا شتێکی تر نییە.

بەمشێوەیە وەدەرنانی داعش لەعیراق ئەگەر کۆتایی گروپێکی تیرۆریستی بێت لەعیراق، ئەوا تەیارکردنیانو ئاڕاستەکردنیان بەرەو لایەکی تر مەترسی خستوەتە دڵی وڵاتانی ناوچەکەو لەوانەیە دەستپێکی قۆناغیکی خوێنین بێت لەوڵاتیکی تر، جا ئەو وڵاتە تورکیا، سعودیە، ئێران... یان هەر وڵاتێکی تر، داهاتوو ئەوە ڕۆشنتر دەکاتەوەو کورد وتەنی ئاگرە سورە لەخۆم دوورە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## بەشی چوارەم

# ئەجێندای کورد بۆ قۆناغی دوای داعش



هونەر رەسوڵ

### راپۆرتی؛ کەناڵی گەلی کوردستان

جەنگ لە دژی داعش زەمینەیەکی لەباری دروستکرد تا کورد بگات بە بەشێک لە مافە رەواکانی، لەئێستاشدا تا دێت ئاماژەکانی کۆتایی داعش لە عیراق نزیکتر دەبنەوە، بەڵام نازانرێت دەستکەوتەکانی کورد لەدوای ئەو جەنگە چی دەبێتو بەگشتی کورد بە یەکگرتوویی خاوەنی ئەجێندایەکی روون نییە بۆ قۆناغی دوای داعش.

### دوورخستنەوەی داعش

لە ئێستاداو لەم قۆناغەدا کۆتاییهێنان بە داعش لە عیراقدا بە گشتیو لە موسڵ بەتایبەتی بووە بە پرسێکو تەنها لەسەر وادەی دەستپێکردنی وەستاوە، چونکە داعش بە جۆرێک مەترسی هەیە، جگە لە دوورخستنەوەی یان لەناوبردنی هیچ بژاردەیەکی تری نییە، ئەوەش هۆکاری سەرەکییە کە وڵاتانی هاوپەیمانان لە دژی داعش سووربن لەسەر ئەوەی داعش لە عیراق دەبێ دووربخرێتەوەو شەڕی موسڵیش کە تا دێت نزیکتر دەبێتەوە، ئەو گورزە کاریگەرە دەبێت کە ئیتر داعش بە یەکجاری لاواز دەکات.

ئەم جەنگە بۆ دانیشتوانی موسڵ ئەو ساتە هەستیارو گرنگەیە کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە لە چاوەڕوانیدانو بۆ حکومەتی فیدراڵو بەتایبەتی تریش بۆ خودی عەبادی دەستکەوتی گرنگی هەیەو، بۆ هاوپەیمانانو لەناویشدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاڵێکی گرنگو ئیجابییەو دەستکەوتێکی گرنگیشە بۆ خودی باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە

یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

لەدوای تەواوبوونی داعش، ئەوەی تا ئێستا دەستكەوتەكانی روون نین كوردە، كە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا زەرەمەندی سەرەكی سەرهەڵدانی داعش‌و جەنگەكە بووە، بەڵام نازانرێ دەستكەوتەكانی لە دوای داعش چۆن‌و چی دەبێت، جگە لەم نا روونییەش زۆر پرسی تری گرنگیش، لەدوای جەنگی موسڵ بۆ كورد دێنە پێشەوە، كە سەرجەمیان پێویستی بە یەكرێزی نێو ماڵی كوردە.

## بوونی پلانی پێشوەخت

موەفەق میراودەلی رۆژنامەنووس لە لێدوانێكیدا رایگەیاند: دوای رزگاركردنی موسڵ لە دەستی تیرۆریستانی داعش دیارە گۆڕانكاریی‌و پێشهاتی تازە دێتە پێشەوە كە پێویستە كورد پلانی پێشوەختەی هەبێت بۆ ئەو گۆڕانكاریانە، بە حوكمی ئەوەی كە ئێمە كێشەیەكی ریشەیی‌و دێرینی سنوورمان هەیە، سنووری جوگرافی‌و خاك لە گەڵ عەرەبی سوننە، كە پێم وایە ئەگەر موسڵ رزگاركرا، تێڕوانینی ئەوان جارێكی تر پێداچوونەوەیەك بەخۆیان دەكەن لە پەیوەندییەكانیان لە رووی سنوورییەوە لەگەڵ هەرێمی كوردستان، بۆیە پێشوەخت پێویستە سەركردایەتی سیاسی كوردو حزبە سیاسییەكان لە كوردستان جۆرێك لە لێكتێگەیشتن‌و پەیوەندی بەهێزیان هەبێت‌و خۆیان ئامادەبكەن بۆ هەر پێشهاتێك كە دەكرێت دوای كۆتاییهێنان بە داعش بێنە ئاراوە.

## كورد بە یەكگرتوویی خۆی ئامادە بكات

هەروەها ئەرسەلان مەحمودی رۆژنامەنووسیش لەو بارەیەوە ئاماژەی كرد بەوەی جەنگی موسڵ لە پێشە ئەوەش وەرچەرخانێكی گرنگ دێنێتە ئاراوە هەم لە هەرێمی كوردستان‌و عیراق‌و، هەمیش لە سەر ئاستی ناوچەكەو جیهان. ئەوەش دیسانەوە دەبێتە فاكتەرێك بۆ ئەوەی جارێكی تر پرسەكان بەجۆرێكی تر رێكبخرێنەوە لەسەر ئەو ئاستەنەدا كە ئاماژەیان بۆكرا، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت كورد باشتر و بە بەرنامەترو بە یەكگرتوویی لە رووی وتاری سیاسی‌و یەكخستنی كاری پێكەوەییەوە خۆی ئامادە بكات، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەوە نەكات، دەستكەوتەكانمان زۆر كەمتر دەبن لەوەی كە قوربانیمان بۆی بەخشیوە بەتایبەتی لە بەشداری كارای كورد لە جەنگی دژ بە داعشدا، ئەوەش ئاشكرایە كە لەماوەی رابردوودا بەهێزو قورساییەكی زۆرەوە بەشداری كارامان كرد لە جەنگی دژ بە داعش، بەڵام لەبەر ئەوەی وتاری سیاسی كورد، وتارێكی پەرش‌و بڵاوو ناكۆكو نا یەكگرتوو بوو، ئەوا نەمانتوانی دەستكەوتە گەورەكان بچنینەوە.

## بەشی چوارەم

### دەربازبوون لە ململانێکان

چاودێرێکی سیاسیش سەبارەت بەو پرسە ئەوەی خستەڕوو، لەکاتێکدا پڕۆسەی ئازادی موسڵ لە نزیک بوونەوەدایە، ئا لەو کاتەدا دەسەڵاتی سیاسی کورد موژدەیەکی خۆشی پێبێت بۆ هاووڵاتییەکانی ئامادەکارییەکی باش بکاتو خۆی دەرباز بکات لەو ململانێ سیاسییەی کە لەنێوانیاندا بەتایبەتی حزبە سیاییەکان دروست بووە، کە ئەوەش پەیوەندی بە تاک بە تاکی میللەتەکەمانەوە هەیە، بۆیە ناکرێت ئەو ململانێ سیاسییە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو پرسە چارەنووسسازە کە پرسی خۆ ئامادەکردنە بۆ قۆناغی دوای داعش، بۆیە ئەبێت ئەو دوو پرسە تێکەڵ بەیەکتر نەکرێن.

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا جەنگی داعش زەمینەیەکی لەباری دەستەبەرکرد بۆ ئەوەی کورد بەشێک لە مافە رەواکانی خۆی بەدەستبهێنێت، چونکە بەهۆی ئەو جەنگەوە زۆرینەی ولاتانی زلهێز بازنەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوان کردو، پرسی سەربەخۆیش لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بوو بە بابەتێکی گەرم، بەڵام نەسازانی هەندێک لایەنو ناکۆکی ناوخۆو پەکخستنی دامودەزگا شەرعییەکانی هەرێم بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان، زۆربەی دەرفەتەکانی لەناوبرد، لە ئێستاشدا سەرەڕای بەردەوامیی ناکۆکییەکان لەناوخۆدا، کورد یەکگرتوو و خاوەن ئەجێندایەکی روون نییە بۆ دوای کۆتاییهێنان بە تیرۆریستانی داعش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## موسڵ لە دوای داعش




**شادمان مەلا حەسەن**

شاری موسڵ لە مێژووی ناوچەکە و عیراقدا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆ کوردستانیش زیاد لە پێویست گرنگە، چونکە موسڵ ئەگەر شارێکی کوردیش نەبێ،لە مێژوودا زۆر بەڵگە ئەوەیان سەلماندوە کە کورد زۆرینەی شاری موسڵی پێک هێناوە. لە ڕووی جوگرافیەوە بەلایەنی کەمەوە موسڵ سێ لای کوردستانە،هەمیشە شارێک بووە گرنگی ئابوری خۆی هەبووە و هەیە. ئابوریەکەشی زیاتر بە کوردستانەوە بەستراوەتەوە.

لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی عیراق، موسڵ بووە ناوەندێکی کاریگەر لە پێکهاتەی دەوڵەتی عیراق و سوپاکەی. بەتایبەت لە ٣٥ ساڵەی تەمەنی بەعس بڕبڕەی پشتی هێزی بەعس عەرەبی موسلاوی بوون، بەلام لە دوای روخانی رژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە هاوکێشەکە، دەوڵەتی عیراق زیاتر ناسنامەیەکی شیعە مەزهەبی بەخۆیەوە بینی،کوردیش قولایی خۆی بردە ناو موسڵ. لە زۆرکاتدا کورد جگە لە دەشتی نەینەواو شنگال ،خاوەن دەسەڵاتی ناوەندی موسڵیش بوو. کاتێ داعش لە ساڵی ٢٠١٤ هاتە عیراقەوە، موسڵ زۆر بەئاسانی کەوتە دەستی داعش. زۆرینەی دانیشتوانی موسڵ کە عەرەبی سوننە مەزهەبن، داعشیان وەک فریاد ڕەسی خۆیان زانی. هەر بۆیەش پەلاماری دەشتی نەینەواو شنگالیاندا، وەک جۆرێک لە تۆڵە کردنەوە. لە ئێستادا پرۆسەی ئازادی موسڵ دەستی پێکردوە، بەدلنیایەوە ئەوەی ئەمجارە دەبێتە خاوەنی موسڵ عەرەبی سوننە نیە، بەڵکو حکومەتی ناوەندیە، ئەو حکومەتە جیاواز دەبێ لەوەی کە ٢٠٠٣ دەسەڵاتی هەبووە، بەڵکو ئەمجارە پێکهاتەکانی نەینەوا هەریکەی جۆرە ستاتۆیەک بۆخۆی دابنێ. ئەگەرێکی بەهێزیشە شنگالی ئێزیدیەکان و دەشتی نەینەوای مەسیحی و شەبکەک و ئێزیدی و کاکەیی هەریەکەی جۆرە ستاتۆیەکی بۆ دروست بکرێ، بۆ عەرەبی سوننە ئەو خەونەیان تەواو لە گۆڕدەنرێ کەوا دەیان ویست سەردەمی بەعس بۆخۆیان بگێڕنەوە، بۆ کوردیش زەحمەتە وەک ئەو هەژموونەی کە هەیبوو دوای ساڵی ٢٠٠٣ تاکو هاتنی داعش بۆی بگەڕێتەوە.

## بەشی چوارەم

بەدڵنیایەوە ئەمەریکیەکان نەک هەر قسە بەڵکو پلان و بڕیاری خۆیان دەبێ بۆ نەینەوا، چۆن عیراقیان خستە سەر ئەو شێوە پێکهاتەی کە ئێستا نەخشی خۆی گرتووە. لە هەمان کات هێزی تازە دروست بووە وەک بەشێک لە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان، بۆیە نەخشەسازی موسڵ لە دوای شەڕی ڕزگارکردن ئالۆز دەبێ و کاتی زۆری دەوێ، چونکە بەتاڵکردنەوەی خەون و نەخشەی چەند دەوڵەتێکی پشتیوان و هاوکاری عەرەبی سوننەیە. لەهەمان کات ڕێکخستنەوەیی ویست و داخوازی چەندین وڵات و پێکهاتەی تێددایە، بۆیە ڕێکخستنەوەی دوای شەڕ قورسترە لە ڕزگارکردنی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دوا قۆناغی شەڕ و دەرئەنجامی بەرگری و قوربانیدانی پێشمەرگەیە



**قارەمان مەهدی**

دووساڵ و زیاتر لە چوار مانگ بەر لەئێستا داعش لە موسڵەوە هەڵتۆقی و ئەو شارە لەلایەن سوپاکەی مالیکیەوە درایە دەست داعش و هەرئەمەش بووە زەمینەو پاڵنەری ئەو پیلانەی کە داعش بە هەڵهاتنی ئەو سوپایەو بەوەرگرتنی ئەو چەک و جبەخانە زۆرەی ئەوسوپا تەسلیم بوە خۆی دروست بکات و دواتر روەو کوردستان ئاراستە بکرێت.

موسڵ بۆ داعش بووە دەروازەو قورسایی هەڵکشان و پێگەی ئەو رێکخراوە پۆست تیرۆرستیە، بۆعێراقیش بووە رەمزی شکستی سەربازی و فاشیل بوونی سیاسی و ئیداریی دەسەڵاتەکەی مالیکی، بۆ کوردیش بووە خاڵی پیادەکردنی پیلانێکی سازکراو لە دژی دەسەڵاتە خۆجێیەکەی باشوری کوردستان کە بە گۆڕینی ئاراستەی داعش لە بن قوڕگی بەغداوە بۆسەر شنگالی کوردستان دەستپێکراو لە سەرەتادا توانیان ستەمێکی وەحشیانە بە تایبەتی لە کوردانی ئێزیدی بکەن، بەڵام هەر زوو کەوتنە بەر نەعرەتەی پێشمەرگەو لە دەڤەری شنگالەوە پیلان و پەلامارەکانیان راگیراو پێشمەرگە پاڵەوانانە هەیبەتی ئەو رێکخراوە تیرۆرستیەی شکاند. بۆیە ئۆپەراسیۆنی موسڵ بۆ کورد ماناو ئەولەویەتی خۆی هەیە کە لەناوبردنی ئەو پیلانەو دەرپەڕاندنی ئەو رێکخراوە خوێنڕێژو تاوانبارەیە، هەروها دیوەکەی تری ئەولەویەتەکەی کورد نەتەوەییەو وابەستەیە بەخاک و مافی خاوەندارێتی و پاراستنی جوگرافیای نیشتیمانەکەی و رێگرییەکی ستراتیژی لە دروستنەبونەوەی ئەو جۆرە پیلان و زوڵمە دڕندانەیەی کە لە موسڵی تەسلیمکراوەوە ئاراستەی ناوچە کوردستانیەکانی ئەو دەڤەرەو کوردە رەسەنەکانی ناوچەکە کرا. دوو ساڵ و نزیکەی یەک مانگە پێشمەرگە بە شاهیدی هەموو جیهان تاکە هێزی مەیدانی و سەرکەوتوی شەڕی داعشەو بە فیداکاری و گیانەبەخشین بەرگری لە خاک و نەتەوەکەی و لە ئازادی و سەقامگیری ئەم وڵاتەو لە ئاسایشی جیهان و لە مرۆڤایەتی کردووە. لە تەواوی ئەو ناوچانەی هەنوکە بوەتە مەیدانی دوا ئۆپەراسینی کۆتایی ئەم شەڕە تا داعش تیایاندا لە جوڵەو پەلاماردانداBوو تەنها پێشمەرگە بوو خۆڕاگرانە رووبەڕووی بوەوەو بە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

ئیمکانیاتێکی سەربازی ناهەوسەنگەوە شەڕێکی مەردانەو کەمەر شکێنی بەرامبەر ئەورێکخراوە پڕ چەک و تیرۆرستیە کرد. ئەوەتا ئێستاش بەتایبەتی لە سنوری موسڵ پێشمەرگە (٦٥٠) کیلۆمەتر هێڵی بەرگری و سەنگەری بەرامبەر داعش هەیەو لە 6 بەرەی هێرشەکانیش بۆ ئازادکردنی ئەو شارە (٥) یان لە دەست پێشمەرگەدان و هاوکات سەرۆک مەسعود بارزانی سەرپەرشتیاری راستەوخۆو مەیدانی دوا ئۆپەراسیۆنی کۆتایی شەڕەکەو وەدەرنانی داعشە، ئەو هێزانەشی هاتونە بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکە بە مۆڵەت و ڕێککەوتن لەگەڵ پێشمەرگەدا هاتوون، کە ئەمانەش بەڵگەن بۆ رۆڵی دژە تیرۆری کوردو پێشەنگی پێشمەرگە لە بەرگری دوو ساڵەو لە پێگەی سەرەکی و شەرعی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا.گرنگی ئازادکردنی موسڵ بۆ کورد تەنها دوورکەوتنەوەی شەڕو زەمانەتی ئەمنی و مەرگی داعش نیە، بەڵکو دواقۆناغی شەڕێکە کە پێشمەرگە داینەمۆی بەرگری و پێشڕەوییەکانە تیایداو قوربانیەکی زۆری تێدا بەخشی. هاوکات بەشێکی زۆری سنوری ئەو پارێزگایە خاکی کوردستانەو سەدان هەزار کوردو کوردستاننشین لەو سنورەدا دەژین، پێشتر بەشێکی زۆر لەو خاکە کوردستانیە بە ناوچە دابڕێنراوەکان دادەنرا، وەلێ لەم شەڕەدا بە ئازایەتی پێشمەرگە رزگارکران و ئاڵای کوردستانیان تیا دەشەکێتەوە، سەرکردایەتی سیاسی و پێشمەرگەش مکوڕن لە نەکشانەوە لەو ناوچانەی کە بە خوێنی پێشمەرگە ئازادکراون وخاکی کوردستانن. بە هەموو پێوەرەکانیش مافی پێشمەرگەو خاک ونەتەوەکەی پێشمەرگەیە بەهرەمەندی یەکەمی سەرکەوتن بەسەر ئەو هێزەتاریک بەخشەداو براوەی براوەکانی ئەم شەڕە بێت، چ بۆ ماف و خواستەکانی گەل و نیشتیمانەکەی چ بۆ خۆی وەک هێزێکی سەربازی کە رێز لە ئازایەتی و سەرکەوتنەکانی بگیرێ و لە داهاتوو قەرەبوی رۆژە سەختەکانی ئەرکەکەی بکرێتەوەو ببێتە لەشکرێکی ستاندار. بە گشتی بۆ کورد چەندە کۆتایی ئەو شەڕە گرنگە زیاتریش دەرئەنجام و هەلومەرجی دوای شەڕەکەش جێی بایەخ و بەهەند وەرگرتنە، کە بۆ ئەمەش هەڵوێست و خواستی سەرکردایەتی کوردستان و پێشمەرگە روونەو چاوەڕوانی چەسپاندنی دەسکەوتە جوگرافیەکان و ئایندەیەکی سوودمەند بۆ کوردو پێشمەرگەو بۆ ئازادی و پێکەوە ژیان ودژە تیرۆر بوون دەکرێت لەو ناوچە هەستیارو فرە رەنگەدا. بە سەقامگیربوونی ئەم خواستە چاوەڕوانکراوانە کورد لە ئایندەدا زیاتر کاریگەری دەبێت لە دژایەتی تیرۆرو داکۆکیکردن لە ئازادی و پێکەوە ژیان و هاوکات لە باشوری کوردستان ئەم گەلە مەزڵومە وەک هەقێکی شەرعی و دیموکراتی دەچێتە قۆناغێکی پێشڤەچوی سیاسی و ئیدارییەوە کە پێگەی داهاتووی قەوارە ئازادیپەروەرو فیدراڵیەکەی فراوانترو بەهێزتر دەکات و زەمینەی

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## یەکبێژ تورکیا، لە چاوەڕوانی دۆڕاندا



**هیوا محەمەد**

ئەگەر تورکیا بتوانێت تەنها بەهێزی چەند ١٠٠ کەسێک لە باشیک کۆنترۆڵی شەڕی موسڵو گۆڕەپانی بکات، ئەوە پیرۆزی بێتو وەک عەرەب دەڵێت (اللی جاب نقش عوافی).

بەڵام قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەتوانن یان نا، بەڵکو بوونی سوپای تورکیاو پێداگری لەسەر بەشداریکردن لە شەڕی موسڵ تەنها نمایشی عەزەڵاتەو زەنگی خۆسەپاندنەو هیچی تر، ئەوان دەیانەوێت بڵین ئێمەش هەینو بێ ئێمە نابێت هەنگاو بنێن، دەنا نە ئەو شەڕکەرەیەو نە خوازیاری شەڕی داعشە.

سەرەتا تورکیا راستییەکەی وت ئەویش ئەوە بوو کە بەڕەزامەندی بارزانی هاتوون، لای خۆشیانەوە وتەبێژی سەرۆکی حکومەت وتی بە ئاگاداری حکومەتی عیراق هاتوون، وەزیری دیفاعەکەی عیراق وتی من رازی نەبووم، حکومەتی عیراقیش هەروەها، ئەردۆغانیش چونکە مۆڵەتەکەی کە پێی هاتووە نا موعتەبەر بوو، کەوتە عینادیو وتی کێ خۆی بەپیاو دەزانێ با بێتە پێش، ئێمە هاتووینو ناکشێینەوەو پێویستمان بە مۆڵەتی کەس نییە.

تورکیا لەکاتێکدا هەرچی پیرۆزیی هەیەتی لە خۆی داماڵییەوە، تەنها بۆئەوەی ئەوروپا رازی بکات بیخاتە ناو بەلەمی یەکێتییەکەیەوە، کەچی بەبەرچاوی هەموو نێوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە سوپای وڵاتەکەی هێناوەتە ناو هەرێمو عیراق، بێ ئەوەی بە پرۆتۆکۆلێکی فەرمی هەبێت، دەڵێت دەمەوێت لە داعش بدەم بەڵام قبوڵی نییە ببێتە ئەندامی هاوپەیمانی لە دژی داعش.

لە هاتنی داعشییەکان بۆ موسڵ هیچ زیانێک بە کونسوڵخانەی تورکەکان نەکەوت، هەزاران خەڵکی بێتاوانی ئیزیدیو مەسیحیو شەبەکو شیعە جینۆساید کران، بەڵام هەموو کارمەندەکانی ئەو کونسوڵخانەیە لە دوای چەند رۆژێک زۆر بە ئارامیو ئاشتییانە رادەستی تورکیا کرانەوە، کەچی سەیر لەوەدایە لە پرۆسەی لێدانی داعشییەکانو وەدەرنانیان لەو شارە، تورکیا دەڵێت هاتووم سنوورو پیاوە تورکەکانی خۆم دەپارێزم! وڵاتێکی عەرەبی رۆژێک لە رۆژان خۆی خزاندە ناو ماردینو بڵێت دەچم پێکهاتەی عەرەبی لەو شارە دەپارێزم؟ ئاخر لە هاتنی داعشییەکان چەند زیانیان پێکەوتووە تا لە تێکشاکنیان پێیان بگات؟

ئەوەی بۆ کوردی هەرێم گرنگە بیزانن ئەوەیە کە حکومەتی عیراق بە پاڵپشتی کۆمکاری عەرەبیو نێوەندە نێودەوڵەتییەکانیشەوە کە خۆشی ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تا ئێستا نەیتوانیوە تورکیا ناچار بکات بکشێتەوە، ئیدی چۆن هەرێم دەتوانێت ئەگەر رۆژێک شتێکی بە دڵ نەبوو فەرزی بکات بەسەر تورکیادا؟

تورکیا بەم هەڵسوکەتانەی کە لەم دواییانەدا دەیکات، هەر لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ رووداوی کودەتاکەی ١٥ تەموزو پاشماوەکانی تا ئێستاو لەشکرکێشی بۆ سەر شارە کوردەکانی باکوورو دەرکردنی سەرۆک شارەوانییە کوردەکانو رەشبگیری سیاسیو بۆردوومانەکانی قەندیل، لەملاشەوە شینی لابردنی ڤیزا بۆ تورکییەکان دەکات لە چوونیان بۆ ئەورووپاو رۆژێک لەگەڵ ئەڵمانیا تێکیدەداتو رۆژێک لەگەڵ فەرەنسا، دۆستی ئێرانو دڵداری سعودیەو کۆنەژنی ئیسرائیلو مارەبڕی روسیاو پاشەڵ پیسیی لە باشیکو بامەڕنی، هەموو ئەمانە دەڵێن ئەردۆغانو حزبەکەی هەرچی ئەخلاقی سیاسییە نییانەو بەدەستێکی کەشفەوە هەنگاوی تەماع ئامێزییان دەنێن لە فراوان کردنی دەستەڵاتەکانیان لە ناوچەکەو هەمووشی لە دژی کوردە، دەنا لەناوچەکەدا پەیوەندییە سەلەفییە ئایینییەکە چاک پێکەوە گرێیان دەداتەوە.

زۆرمان باس لە پلانەکانیان کردووەو نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، تەنها بۆ بیرهێنانەوە دەڵێین تورکیا لە بری سعودیە ئەمە دەکات لە هەرێمو عیراقدا، لە رێگەی پیاوە کوردە بازرگانە ئیسلامییەکانەوە، کە ئەڵقە لە گوێی خۆیانو جەماعەتی حەبلەکەی ئیخوانن، ئەوانەن کە نزیکەی ١٥٠٠ ساڵە کوردیان کردۆتە پاشگری ململانێکانی شیعەو سوننە.

سەیر لەوەدایە حزب هەیە لە هەرێمی کوردستان تاکەکانی کوردنو ناویشیان هەر کوردستانییە، کەچی پەیوەندییان لەگەڵ حزبەکەی ئەردۆغانو تورکیادا لە لوتکەدایە، ئەوان بەڕێشی مەردانەی تورکیا قەسەم دەخۆنو لە هەرێمیش فەتوای ئیسلامیو قەومی دەردەکەنو پەیڕەوانی ئایینن، ئەوان شوێنهەڵگرانی ئەردۆغانەکانن کە ئیدارەی وڵاتێک دەکەن لە پایتەختەکەیدا ژمارەی ( شوێنی ئاشکرای لەشفرۆشان جگە لە مەیخانە نیوە سێکسییەکانو کارخانەکانو گەرماوە زەیتییەکان

## بەشی چوارەم

کە خانمان پیاوان دەشۆنو بەپێچەوانەشەوە) ١٠٠ بەرامبەری ژمارەی مزگەوتو شوێنە ئاینییەکانە، ئیدی نازانم بەئاییینی بوونی ئەمانە لەکوێدایە، ئەوە خۆ سەرۆکەکەی لەمەڕ زانایانی ئیسلامی جیهان ئۆکسجینی هەناسەشی لە ئەنقەرەوە بۆ دەچێت.

گەلۆ دەبێت ئەم ئیسلامییانە چۆن بیر لە بوونی هێزێکی داگیرکەری دژ بەکوردی وەک تورک بکەنەوە؟ رەنگە بڵێن خۆ ئەوەی کە دەستی گرتوونو بۆتە چاوساغیان بەرەو هەرێمو عیراق قولایی هەرێمو عیراق ئیسلامیی نینو بەخێریێ حزبی قەومین، ئەدی بۆ وادەکەن؟ وەڵام ئەوەیە کە ئەم هەنگاوانە دەبنە پەڵەی مێژوو، ئەگەر چەند دەیەیەکیش بچێتە سەر ئاخرییەکەی کۆتایی دێت، سەرانی تورکیاو شوێنکەوتووەکانیان پێکەوە لە خەونی قوڵ رادەچڵەکێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# رۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی موسڵدا



جەزا ئەحمەد فارس

ئەو بارودۆخەی کە هێزی سەربازی عێراقی تێکەوتوە ئەکرێت بڵێین وەکو ماڵی کورد وایە لەهەرێمی کوردستان، پەرتەوازەییەکی زۆری پێوە دیارە ئەمەش رۆڵ و کاریگەری هێزە عێراقیە عەرەبەکان بە (سونەو شیعەشەوە) کەم دەکاتەوە. لەم قۆناغەدا تاکە هێزێک کە لە عێراقدا ئامادە بێت بۆ قوربانیدان لە شەڕی داعش و کاریگەری دیار بێت هەر لەیەکەم ساتەکانەوە هێزی پێشمەرگەیە، کە لە توانایدا هەیە رۆڵی کاریگەرو یەکلاکەرەوە ببینێت لەم شەڕەدا.

لە پاڵ ئەوەی هێزی پێشمەرگە تاکە هێزە لە پێشتردا توانیبێتی زۆرترین سەرکەوتن بەسەر داعش تۆمار بکات و پێشڕەویەکانی بوەستێنێت لەعێراق لەکۆی (٦) پێگەی ستراتیژی کە لێوەی هێرش دەکرێتەسەر داعش لە موسڵ (5)یان بە دەست هێزی پێشمەرگەوەیە، پێگەکانیش ئەمانەن (سەدی موسڵ، کسکی، خازر، گوێر، ناوران) تاکە شوێنێک کە هێزە عێراقیە عەرەبەکان بتوانن هێرشی لێوە بکەنە سەر داعش لە موسڵ (گەیارە)یە. کەواتە لەم کاتەدا تەنها یەک رێگە بەدەست هێزە عێراقیەکانەوەیە بۆ ئەوەی هێزە عەرەبەکان بتوانن سەرکەوتو بن لە هێرشەکەیان دەبێت پشت بە هێزی پێشمەرگە ببەستن کە لەو خاڵە ستراتیژیانەی بەدەستیانەوەیە هێرش بکەنە سەر داعش لە مووسڵ .

بەپێی ستراتیژیەتی شەڕ ئەگەر لە چەند بەرەیەکەوە هێرشت کردە سەر، ئەوە توانای بەرگریکردنی کەمدەبێتەوەو پەرتەوازەیی و ناڕێکی باڵدەکێشێت بە سەریدا و ئەگەری تێکشکاندنی زۆر دەبێت، هێزە عێراقیە عەرەبیەکان ئەم ستراتیژیەتە بەکار دەهێنن و سود لە پێشمەرگە دەبینن بۆ ئەوەی چانسی سەرکەوتنیان زۆر بێت.

## بەشی چوارەم

ئەوەی جێگەی نیگەرانیە بریتیە لەوەی کە ئێمە تازە لە سەرەتای ئەم شەڕەداین و پۆلێک پێشمەرگە بریندارو شەهید بون، ئەو پرسیارە گرنگانەی لێرەدا دێنە پێشەوە ئەوەیە؛ کورد بۆچی بەشداری ئەم شەڕە دەکات؟ ئایا دەستکەوتەکانی ئەم شەڕە لەئاست ئەو هەمو قوربانیدانەدان؟ پێموایە لە بەرئەوەی ماڵی ناوخۆی کورد لە هەرێمی کوردستان توشی پەرتەوازەیەکی گەورە بوە ئێمە ناتوانین دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتیمانی بە دەست بهێنین لە سەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی لەم شەڕەدا.

ئەگەر بەشداری پێکردنی پێشمەرگەش لەسەر ئەو بنەمایە بێت بۆ ئەوەی هێزو توانای پێشمەرگە پیشانی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بدرێت ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەگەر هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لە ماوەی رابردودا ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگەیان نەدی بێت ئەوە بڕوا ناکەم بەم سەرکەوتنەش بزانن. دەبوایە سەرکردایەتی کورد بەرلەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بجوڵێنن بەرەو سنورەکانی موسڵ لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق کۆمەڵێک رێککەوتنی بکردایە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان بەسونەو شیعەکانەوە ئەم رێککەوتنانە لەپێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی نیشتیمانی بە تایبەت ناوچە کێشە لەسەرەکان.

هەمو ئاماژەکان ئەو راستیەمان پێدەڵێن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەبێت بە قوربانی یەکەم لەم شەڕەداو زۆرترین قوربانیشمان دەبێت، بەڵام کارەساتی گەورە لەوەدایە نەتوانین دەستکەوتی نیشتیمانی بەدەست بهێنین چ لە سەر ئاستی ناوخۆ یان لەسەر ئاستی دەرەکی، چونکە لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لە ناوخۆیاندا ناکۆکن. راستە کورد لە سەر ئاستی هێزی پێشمەرگە بە یەک هێز بەشداری ئەکات کە هەمو رەنگ و دەنگەکانی تیادایە بەڵام لە سەر ئاستی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لایەنە عەرەبەکان بە پەرتەوازەیی پەیوەندیەکان دروست ئەکات بۆیە ناتوانین وەک پێویست سەنگ و قورسایمان هەبێت. کاتێکیش نەتوانین بە قورسایی و سەنگەوە لە سەر ئاستی پەیوەندییە سیاسیەکان دەربکەوینەوە بەهۆی چارەسەرنەکردنی ناکۆکیە ناوخۆیەکانمانەوە ئەوە بێگومان قوربانیەکانیشمان هەرچەند زۆربن لە شەڕی موسڵدا ناتوانین دەستکەوتی نەتەوەیی بەدەست بهێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

بەشی چوارەم

## تورکیا بۆ مکوڕە لە بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ؟



شێرکۆ کرمانج

بەکورتی:

**یەکەم؛** تورکیا وەک چۆن لە هەوڵی ڕێگریکردنە لە یەکگرتنەوەی کانتۆنەکانی عەفرینو کۆبانێ بەهەمانشێوەش دەیەوێت باشوری کوردستانو ڕۆژئاڤا لە یەکداببڕێتو ناوچەیەکی خالی لە کورد لەو نێوەدا دروستبکات. تورکیا هەر ئەوە نابینێت کە ئێستا پارتی کە حاکمی بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانەو هاوپەیمانی تورکیایەو ناتەبایە لەگەڵ ڕۆژاڤا بەڵکو ئەو تەماشای دوارۆژ دەکاتو بیرلەوەدەکاتەوە کە لەوانەیە ڕۆژێک دابێت کە پارتی هاوپەیمانی ئەو نەبێت یان ئەوەتا ڕۆژێک بێت کە پارتی حاکمی ئەو ناوچانە نەبێت، بۆیە تورکیا دەیەوێت ناوچە کوردییەکان یەکپارچە نەبنو نزیکنەبنەوە لە دەریا.

**دووەم؛** تورکیا دەیەوێت لەو هاوکێشانەی کە لە ناوچەکە لە ماوەیە دروستدەبن سەنگی هەبێت، تاکە هیوایەکیش کە هەیبێت لەم پرسە پشتیوانیکردنە لەو هێزانەی کە ئەسیل نوجەیفی سەرکردایەتیان دەکات چونکە بەبێ تورکیا هێزەکانی ئەسیل نوجەیفی لەبەرابەر سوپای عێراقو حەشدی شەعبیو پێشمەرگە سەنگێکی وای نابێت، بۆیە تورکیا پێیوایە کە دەبێت ئەو بەشداربێت تاوەکو بتوانێت پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانی بکات.

**سێیەم؛** تورکیا دەیەوێت بچێتە ناو موسڵ بۆ ئەوەی دەستیبگات بە هەر بەڵگەیەک کە پەیوەندییەکانی نێوان داعشو تورکیا ئاشکرا دەکات بەتایبەتی لە مەسەلەی ئازادکردنی ستافی قونسڵیەی تورکی لە موسڵ. بۆیە تورکیا دەیەوێت ئەو بەڵگانە بفەوتێنێو بسوتێنێ نەکا ئاشکرا بن.

## بەشی چوارەم

**چوارەم؛** تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردو چەندان کەسی سەر بە دەزگا ئەمنییەکانی خۆی ڕەوانەی ناو داعش کردوە، هەم بۆ کاری سیخوڕی هەم بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژو کۆمەک بە داعش. تورکیا دەیەوێت دەستی بگات بەو کەسانەو ڕزگاریان بکات.

**پێنجەم؛** تورکیا دەیەوێت لە دەرفەتێکدا گورزێک لە هێزەکانی پەکەکەو ئەو لایەنو گروپانەی کە نزیکن لە پەکەکە، چ لە شەنگال چ لە مەخمور، بوەشێنێت. ئەگەر بۆشی بکرێت گەریلاو پەکەکەو لایەنگرەکانی لە چیای شەنگالو دەوروبەری دەرکات.

**شەشەم؛** تورکیا کە خۆی بە موختاری ناوچەکە داناوەو چاوەڕوانە ببێتەوە بە سوڵتانی دەڤەرەکە پێی شەرمە یان بۆی هەرسناکرێت یان هەر ناکرێت کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنێک نەکات کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بنەماکانی دواڕۆژی ناوچەکەی لەسەر دابڕێژرێتەوە.

**حەوتەم؛** تورکیا دەیەوێت بەرگری لە هێزەکانی پارتی بکات لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. دیارە نەک لەبەر چاوی ڕەشی پارتی بەڵکو لە دژی نەیارەکانی پارتی کە بەگشتی دوژمنی تورکیان.

ئەمانە بە کورتی ئەو هۆکارانەن لە پشت هاتنی تورکیا. ئەی دەبێت بێدەنگبوون لە بوونی هێزێک کە ئەو هەموو پلانە دژ بە کوردو پرۆ داعشەی لەژێر سەردابێت لە پای چ بێت؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## كورد چۆن رووبەڕووی دۆخی دوای موسڵ دەبێتەوە؟



تەحسین تەها چۆمانی

شەڕی دوو ساڵەی تیرۆر، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە عیراقدا، جگە لەو كارەساتە مرۆییانەی كە بەدوای خۆیدا هێنان، دەكرێت بڵێین نەخشەو هاوكێشەی هێزیشی لە عیراق، لە نێوان (كورد، شیعەو سوننە)دا گۆڕی. بەجۆرێك كە ئەم گۆڕانە بەتایبەت لەسەر ئاستی هێزی سەربازیدا كاریگەری زۆری خستەسەر خودی پرۆسەی سیاسی لە نێوان پێكهاتەكانی عیراقدا، بۆ نموونە هێزێكی وەك سوونە بەو پێیەی كە هێزێكی رێكخراوو بەتوانای سەربازی نەبوو، لەسەر ئاستە سیاسییەكەشیدا نەیتوانی لەو هەلومەرجەدا بتوانێت رۆڵی هێزێكی كاریگەر لەگەڵ دوو هێزەكەی تردا ببینێت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە لە ساتەوەختی داگیركردنی موسڵو بەشێكی زۆری خاكی عیراق لە لایەن داعشەوە، پێشمەرجی رۆڵگێڕانی هەر هێزێكی سیاسی، بریتی بوو لە هێزە سەربازییەكەی، بۆیە ئەم گۆڕانە لە مەسەلەی هێزدا، وایكرد كە بەشێك لە پێكهاتەكان پەیوەست بە دۆخی دوو ساڵی رابردووی جەنگی داعش ببنە هەڵگری كۆمەڵێك دروشم سەبارەت بە قۆناغی دوای شەڕی تیرۆر.

دەمەوێت بە دیاریكراوی بێمە سەر ئەو خاڵەی كە كورد لە بەرامبەر چیدا بەشداری شەڕی تیرۆر لە موسڵ دەكات؟ یان ئەوەی كە پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمو بەغدا چۆن پەیوەندییەك دەبێت؟

هەندێك بەئێستاشەوە لەو باوەڕەدان كە عیراقی دوای داعش دەبێت عیراقی سێ پارچەی كورد، شیعە، سوونی بێت، چونكە لەو باوەڕەدان كە مەسەلەی دەوڵەتی عیراقی یەكپارچە ئیتر ناتوانێت وەڵامی دۆخی ئێستاو دوای جەنگی داعش لە عیراق بداتەوە، یان هیچ نەبێت دەوڵەتی ئێستا لەو هەلومەرجەدا نییە كە توانای راگرتنی ئەو باڵانسەی لە نێوان هەر سێ هێزەكەدا هەبێت.

## بەشی چوارەم

لە نێو گوتاری سیاسی کورددا ئەمە بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا کرا، بەتایبەت لە مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکان، کە دەنگێک بەئێستاشەوە پێیوایە ئیتر دەبێت کورد مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات، بەجۆرێک کە هەموو ئەو ناوچە کوردییانەی کە تا بەر لە هاتنی داعش لەبەر دەستی کورددا نەبوونو ئێستا بەهەوڵو گیانفیدایی هێزی پێشمەرگە لەسەر کورد حساب دەکرێن، ئەوا نابێت بەهیچ جۆرێک سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو دەرفەتە لە دەست بداتو جارێکی تر لەو ناوچانە پاشەکشە بکات، بەو مانایەی گەڕانەوەی کورد بۆ دەستوور لە دوای راماڵینی داعش لە عیراق، گەڕانەوەیەکی نائەقڵانی دەبێت، بەو پێیەی کە مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ دەستوور بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بەتایبەت لە ئێستادا، بەمانای دووبارە لە دەستدانەوەی ئەو بەشانەی خاکی کوردستانە.

بەڵام، قسەکە ئەوەیە کە بەڕاستی لە دوای رزگارکردنەوەی موسڵ، کورد هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردییەکان دەکشێنێتەوەو جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ دەستوور، یان ئەوەی کە بە جێگیرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا دەیەوێت کوردستانیی بوونی ئەو ناوچانە بکاتە ئەمری واقیع؟

هەر وەک زۆرێک باس لەوە دەکەن کە لە دوای رامالێینی داعش لە عیراق، کێشەی بەغداو هەرێم بریتیی دەبێت لە مەسەلەی رزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکان لە لایەن پێشمەرگەوە، بەو مانایەی کە بەغدا فشار بخاتە سەر هەرێم بۆ پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ شوێنی سەرەتایان، بەتایبەت سەبارەت بەکێشەی کەرکوک کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە.

گرنگ دەبێت لەوە بڕوانین کە کورد بۆ ئەوە شەڕی موسڵ دەکات تا چەند هەنگاوێک زیاتر بڕواتە پێشەوەو کەمترین هەنگاو بۆ دواوە بێتەوە، یان لەبنەڕەتدا تەواو پاشەکشە دەکات، لەم رووەوە قسەکە بریتی دەبێت لەوەی کە بۆ لەمەودوا کورد یاری لەسەر چی دەکاتو چۆن رووبەڕووی ئەم دۆخە نوێیە دەبێتەوە؟ بەتایبەت کە پەیوەندی سیاسی نێوان حزبی سیاسی لە هەرێمدا، پەیوەندییەکی ئاڵۆزو یەکگرتوو نییە.

بۆیە ناکرێت لەسەر حسابی ئەم پەیوەندییە تەنها لایەنێک لە حزبی سیاسی هەرێم مامەڵە بەبارودۆخی دوای رزگاری موسڵەوە بکات، چونکە لەوەدا دووبارە رووبەڕووی دۆخێک دەبینەوە، کە دواجار سەرەتاو کۆتایی هیچ مەسەلەیەکمان لا روون نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# گرەوی دوای بڕانەوەی داعش



بەدران ئەحمەد حەبیب

ئەو بەرەنگارییەی دوای نیوەشەوی ١٧ چرینی یەکەم ٢٠١٦ بۆ گرتنەوەی شاری مووسڵ دەستی پێ کرد، ئەو هەستە لە لای هەست راگر دەورووژێنێ، کە رێککەوتنێکی ژێربەژێرانە لە نێوان شیعە و سونەدا بە چاودێریی ئەمەریکە لە گۆڕێدا هەبێ لەبەرئەوەی ئەمجارە لە راگەیاندنەوە، کەمترین گازی و ناڵین لەچاو جارانی پێشوو لە عەرەبی سونەوە دێتە گوێ. لە سیاسەتدا ئەوەی لە پشتی پەردەدا هەڵدەسووڕێ زیاترە لەوەی لە پێشی پەردەدا دێتە بەرچاو. تەنیا لایەنێک لە دەرەوەی زانیاری و بەشداریدا مابێتەوە سەرکۆماری تورکیەیە، کە تا رۆژی بەرەنگارییەکەش باسی لە نەخشەی (بێ) دەکرد ئەگەرهاتوو شەڕ بەبێ وی دەستی پێ کرد، بەڵام لە سەرلەبەیانییەکەی رۆژی دواتردا، شەندەیەک لە وەزارەتی دەرەکییەوە لە ئەنقەرە بەرەو بەغدا کەوتە رێ بۆ ئەوەی هەرنەبێ فریای بەشدارییەک لە شەڕ نا بگرە لە ئاخاوتنی لاوەکیدا بکەوێ.

لە رۆژی دەستپێکی بەرەنگارییەکەوە تا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکە تەنیا سێ حەوتوو نێوانە. دەشیا ساڵێک بەر لەم مێژووە، ئەم بەرەنگارییە بۆ وەرگرتنەوەی مووسڵ دەستی پێ بکردایە ئەگەر پرسەکە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بوایە و نەبوایە بە بەشێک لە بانگەشەی سیاسەت و ململانەی هەڵبژاردن. بەڵام کەس گلە و سکاڵا لە ئەمەریکە ناکا و هەموومان کۆکین لەوەی سیاسەت دواجار بەرژەوەندی لە دواوە هەڵی دەسووڕێنێ. بردنەوەی بەرەنگارییەکەش بۆ عێراق، هیچ لێڵییەکی بەسەرەوە نییە ئەویش نەک تەنیا لەبەرئەوەی رەنگە بەشێکی گەورەی هێزی هۆنینەوەی دەوڵەتی ئیسلامی کشابێتەوە دەرەوەی گۆڕەپانی شەڕ بگرە لەبەرئەوەش، کە یەکەمین جارە لە مێژووی دەسەڵاتی حەیدەر عەبادیدا عێراق وا هێزدار و یەکگرتوو خۆی بنوێنێ. کوردیش لە لایەنی خۆیەوە بەشدارییەکی کارا لەم بەرەنگارییەدا دەکات هەرچەندە دیار نییە ئاخۆ دەسکەوتێک لە داهاتووی نەینەوادا دەچنێتەوە یانەخۆ ئەودەم لە دەشتەوەی بڕیاری چارەنووسییانەدا دەبێت. دیسانەوە دیار

نییە، کورد ئاخۆ دوای داعش دەرووی خێری بەسەردا دەبێتەوە یان دەردەکەوێ ئەم هۆنینەوەیە پەردەیەکی بەسەر مەترسیی لە خۆی گەورەتر دادابووەوە.

دوای ئەم بەرەنگارییە، کە ئەگەرێکی بەتینە حەیدەر عەبادی دەسکەگوڵی یەکەمی سەرکەوتنی تێدا ببإتەوە، روون نییە گشت ئەو کێشە و تەنگژە هەڵئاوێسییانەی نێوان هەولێر و بەغدا بە چ پشوویێک دێنەوە سەر بەرەی دانوستاندن. کوردستان هەرچەندە بەشدارییەکی کاراشی هەبێت، لە سۆنگەی شڵەژانی ماڵی ناوەخۆییەوە دیوارێکی پتەوی نییە لە بەردەم تەکان و پاڵەسووی بەغدادا نەخاسمە لە بارەی پرسی ناوچەیلی جێناکۆکییەوە. دیاریش نییە ئاخۆ ئەمەریکە رۆڵی ناوبژێکەرانە دەبینێتەوە یان نا؟ بینیمان چۆن پاش کێشانەوەی سوپای خۆی لە عێراق لە ٢٠٠٩ پشتی کردە هەموو لایەک و بە دەردی خۆوە بەجێی هێڵان. لەبەرئەمانە، گەرێکی ئەمجارە گەرمتری خولخواردنەوە لەو بازنە بەتاڵەی شەش ساڵە لە نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵدا هەیە، ئەگەرێکی لەگوێنە دەست پێ بکاتەوە لە دەمێکدا باری ئەمجارەی هەرێم لارترە لە سۆنگەی نەمانی یەکرێزیی سیاسی و شەپرێویی ئابوورییەوە، کە زۆربەی ئەمانە بە هۆی شەڕی هۆنینەوەی دەوڵەتی ئیسلامییەوە سەریان هەڵدا و گەورە بوونەوە. سەبارەت بەمە، وا چاترە هەرێمی کوردستان ئەمجارە بە پشوویێکی ترەوە ململانەی خۆی لەگەڵ بەغدادا بەڕێوە ببات و کەمتر بە لای کرژیدا لاری بکاتەوە. دەسەڵات لە بەغدا دەسەڵاتێکی تایفەییە، وێڕای ئەمە دەسەڵاتێکە سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، هەر کیهە لە سەرکردەیلی شیعە لە دەسەڵاتدا بن، ناتوانێ لە سوورگەی کۆماری ئیسلامی بێتە دەرەوە. نەمانی نووری مالیکی و هاتنی حەیدەر عەبادی هیچی لە سیاسەتی بەغدا لە ئاست کوردستاندا نەگۆڕی. کرژی و سەرئێشەیەکی زیادە بوو بۆمان، کە بووین بە بەشێک لە ململانەی ماڵی ناوەخۆی شیعە. پرسێکی لەمە گرینگتر ئەوەیە کوردستان چەند خۆی لە هەڤاڵەتیی سونە بەدوور بکاتەوە بەسوودترە. سەرکردایەتیی سونە، ئەوانەیان لە بەغدا بەشداری دەسەڵاتن و ئەوانەشیان کوردستان داڵدەی داون و هەروەها ئەوانەشیان لە مووسڵ سەر بە داعشن، هەموویان یەک بیرکردنەوە و یەک سیاسەتیان لە ئاست هەرێمی کوردستاندا هەبووە و هەیە و دەبێ. هەمووشیان لەگەڵ عەبادیدا کۆک بوون پێشمەرگە پێ نەنێتە ناو شاری مووسڵەوە. لەو نێوانەدا ، کارەساتی شنکاڵی بۆ مایەوە کورد، با هەر خۆی برنێتەوە.

ئەمانە ئەو هەڵە سیاسییە زلانە بوون هەرێمی کوردستانیان تێ کەوت و هیچ بیانوویێک نییە جاری تر روو بدەنەوە. بە پێچەوانەوە، دەبێ ئەو هەنگاوە راستانە روو بدەنەوە، کە کوردستانیان گەیاندبوو بە لووتکەی گەشە و پێشکەوتن. لووتکەی هەرێمی کوردستان لە نێوان ٢٠٠٣ تا ٢٠٠١٢دا بوو لە هەردوو بواری گەشەدانی ئابووری و هێوریی ناوەخۆدا. ئەو گەشە و بووژانەوە ئابوورییەی ئەو دە ساڵە، ئەگەر هەڵەشەیی نەبوایە، کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد بە تاجی سەری هەرێمەکەی. وەک نەریت، هەموو گەشەیەکی ئابووری دەتباتەوە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، لۆجیک و وتەنی رابردووە، کە

## بەشی چوارەم

هەموو کلۆڵییەکی ئابووریش دەتباتەوە بۆ ژێردەستەیی. مێژوو دەڵێ گەلان لە تێریدا دەوڵەت زاون نەک لە برسێتیدا. لایەنی دووەم و گرینگ، کە لە زاینی دەوڵەتی کوردیدا کارا بێ، هێوریی ناوەخۆیە. هەرێمی کوردستان دەبێ لەم پرسەدا بەخۆداچوونەیەکی ورد بکات و تا زووە فریا کەوێت نەبادا ئەوەندەی ماویشە لە داهاتوویێکی نێزیکدا لە دەستی بداتەوە. گشت ناکۆکییەلی ناوەخۆ بە هۆی چاوەڕوانیی بەرەنگارییەکەی مووسڵەوە بەردیان نراوەتە سەر و ڕەنگە دوای ئەمە چڕ ببنەوە.

بە کورتی، گرتنەوەی مووسڵ لە لایەکەوە ترۆپک و تۆقەڵانێکی بڵندە لە سەرکەوتن بە رووی تیرۆریزم و هەڕەشەی بوونەکی لە ئاست کورددا، کە نەبەزینێکی دیرۆکییانەی تێدا تۆمار کرد، لە لایەکی ترەوە دوور نییە گرتنەوەکە دەرک و دەروازەی دۆژەهی بە سەردا بکاتەوە. بە نەمانی هەڕەشە بوونەکییەکەی داعش، چەندان هەڕەشەی تر، کە هەندێکیان بەدەردانەوەی هەر ئەم هەڕەشەیە خۆین، هەندێکی تریان کۆنترن لێی و ئەوانی پاشماوەش لە سەردەمی هەڕەشەکەدا سەریان هەڵداوە وەک ئەوانەی پێوەندییان بە باری ئابووری و هەڵوەشانەوەی یەکڕیزیی ناوەخۆوە هەیە، ئەمانە گشتیان دووری مەبینە یەک بگرنەوە و هەڕەشە بوونەکییەکە جارێکی تر بهێننەوە پێشەوە. کورد چۆن بتوانێ بەرۆکی ئەم هەموو گرەوە بەجارێک راتەکێنێ؟ پرسیارێکە وەک کێوێک لە بەردەمدا، وەڵامەکەشی هەر وەک کێوێک وایە بەسەر دەمی گەورە و چووکەوە دەگەڕێ. بۆ ئەوەی دەسکەگوڵی دووەم لە بەرنگارییەکەی گرتنەوەی مووسڵدا، کورد دوای عەبادی بیچنێتەوە، هەر گەڕانەوەیە بۆ سیاسەتەکەی نێوان ۲۰۰۳ و ۲۰۰۱۲، کە کوردستانی گەیاندبووە بناری سەربەخۆیی، ئەمەیە گرەوی دوای گرەوی بڕینەوەی داعش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ۲۰ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦



سەرچاوە Serchawe

## دوای مووسڵ و نائومێدی



باخان عەلی

هەرچەندە هێشتا زووە باس لە نەمانی داعش بکرێت لە مووسڵ، بەڵام کورد گوتەنی مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەوەی ئێستە لێمانەوە دیارە شەڕی قورس شەڕی داعش نییە، بەڵکو شەڕی هەمەلایەنەیە لە مووسڵ.

بەشبەحاڵی خۆم لەبارەی داهاتوو بۆ کورد نائومێدی و تاریکی بەدی دەکەم و پێم وایە، شەڕی داعش لەگەڵ کورد کە سێ ساڵی خایاند بە هەموو زیانەکانیەوە، هێشتا ئاسانترە لەو گژاو و کێشمەکێشەی داهاتوویەکی نزیک بەرۆکی کورد دەگرێت، چونکە وەک دەبینین زلهێزان هێشتا کلاسیکی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری و پێگەی سیاسی بیر دەکەنەوە نەک مرۆڤایەتی و مافەکانی. سووریا نموونەیەکە لە بەرچاومان کە دەبینین لە پێناو بەرژەوەندی، شەڕ و ماڵوێرانی و خوێنڕشتن بەردەوامە. ئەگەر ژیان و ماڵ و گیانی مرۆڤ لەبەرچاو بگیرایە، خەڵکی سووریا ئاوای بەسەر نەدەهات.

بۆ کورد جگە لە زلهێزانی دنیا دیسانەوە وڵاتانی هەرێمایەتیش خراپتر بیر دەکەنەوە و نەخشە دادەنێن، وەک دەبینین ئێران و تورکیا و عەرەبی عێراقیش بەتایبەتی شیعە کە ئەجیندای ئێران جێبەجێ دەکەن، سونەش جاری هیچیان بەدەستەوە نییە، بۆیە هیچ ناڵێن، ئەوان ٧٠% داعشن کە ئەو هەموو کوردەیان سەربڕی، کۆی گشتی عەرەب و تورک و فارس لەسەر هەموو شتێک ناکۆک بن، بۆ دژایەتی و لێدان و لەناوبردنی کورد، کۆکن.

پێم وایە باری ئابووری باشتر نابێت، خۆ ئەگەر نەوتیش نرخی بەرز ببێتەوە، ئەوا ئەگەری زۆرە لەو تاریکییەی داهاتوو لە سەرهەڵدانی شەڕ لەو ناوچانەدا، ڕێگە لە بۆرییە نەوتەکانی کوردستانیش بگیرێت، گەڕانەوە بۆ بەغدایش چارەسەر

## بەشی چوارەم

نییە، چونکە تازەترین قسەی سەرانی بەغدا ئەوەیە کە دەبێت کورد لەو ناوچانەی ئازادی کردوون پاشەکشە بکات! واتە ئەوەی سێ ساڵە خوێنی بۆ دەدرێت بیدەنەوە دەست بەغدا، پاشان لە دوای داعش و سەرهەڵدانی شەڕی مووسڵ عێراق وێران دەبێت، تا ئێستە وڵاتان دەستیان بە عێراقەوە بووە، بەڵام پێ ناچێت بۆ شەڕی مەزەوی هەر بەو شێوەیە ئاگاداری عێراق بن و ئەو شەڕەش لە شەڕی داعش قورستر و گرانترە بۆ بەغدا، بۆیە پێشبینی دەکرێت عێراقیش تووشی تەنگژەی سەختی دارایی ببێتەوە، لەوانەیە لە کەنداویش لەلایەن سعوودیەوە کێشە بۆ فرۆشی نەوتەکەی بەغدا دروست ببێت.

### کورد چی بکات؟

هێزە کوردییەکان کە وەک دەڵێن ئینتیمای کوردایەتیمان زیاترە لە حزبایەتی، بەڵام وایش نەبوو، با لە ئێستەوە کوردایەتی بکەن بە هەموو حزبەکانەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمڕۆ ڕۆژی کوردایەتییە با کەمێک ئاوڕ لە رابردووی خۆیان بدەنەوە و بزانن لەو ململانێیەی لەگەڵ یەکتر کردیان، زیانی هەبووە و هیچ سوودی نەبووە، زیانی بۆ هاووڵاتییان و حزبەکان خۆیشیان هەبووە، بە پێچەوانەوە هیچ سوودێکیان بەرجەستە نەکردووە، ناحەزان ئاشنا بوون، کەواتە دەبێت لە رووی زیانەکانەوە هەنگاو بنێن بۆ دەسکەوت بەو پێوەرەی بە دژایەتی یەکتر زیانیان کرد، با دۆستایەتی یەکتر بکەن و ستراتیجێک دابڕێژن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داهاتوو.

### کۆنگرەی نەتەوەیی

پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت و هەر حزبە و ددان بە هەڵە و شکستی خۆیدا بنێت، هەموویان بە پەکەکە و پەیەدە و دیموکرات و پارتی و یەکێتی و گۆڕانەوە، شکست و هەڵەیان هەیە کە زیانی گەورەی لە پێشدا لە کورد داوە، بۆیە دەکرێت ببێت بە وانەیەک بۆ فێربوون لێوەی و دانانی گوتارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی و دروستکردنی هێڵێکی بەرگریی لە کوردستان بە تایبەتی ئێستە لە باشوور.

کورد دەڵێت چۆلەکەیەک بە دەستەوە، لە ١٠ چۆلەکە بەسەر دارەوە بە نرخترە، ئێستە ئەو چۆلەکەیەی کە بەدەستەوەیە باشوورە، جا ئەمەت لە دەست بچێت، ئەوا بۆ تا هەتایە دەبێت پارچەکانی تر ئەی رەقیب بڵێن لە ئەشکەوتەکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# شەڕی دژی داعشو مەترسیەکانی سەر خەڵکی موسڵ



**ئاسۆ کەمال**

شەڕ لەگەڵ داعشدا دو ساڵەدرێژەی هەیەو شەڕی موسڵ خاڵێکی وەرچەرخان دەبێت لەم شەڕەدا، هەرچەند لەئێستادا مەترسی سەر خەڵکی موسڵ جێگای نیگەرانی گەورەیە، بەڵام مەسەلەی موسڵ بەشکستی داعش چارەسەر نابێو ئەو هێزانەی داعش لەموسڵ دەردەکەن خۆیان موسڵ وەک بەشێک لەکێشەی نێوان شیعەو سونە لەعێراقو ناوچەکەدا مامەڵە دەکەنو ئایندەیەکی نادیاری هەیە.

## هەڵوێست لەسەر شەڕی دژی داعشو شەڕی قوتبەکان

لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوە هەڵوێستێکی هەڵە ڕاگەیەندراوە کە دژی شەڕی ئێستای موسڵو خوازیاری ڕاگرتنی ئەم شەڕەن. ئەم هەڵوێستە هەرچەند بەشێکی لەنیگەرانیەکی جدیەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ئەمڕۆ خەڵکی موسڵ بەبارمتە لای داعش گیراوەو ترسی لەناوچونی ملیۆنێک ئینسان ترسێکە سەرتاپای کۆمەڵگەی بەشەری داگرتوە، بەڵام بەشێکی دژایەتی کردنی شەڕێکە کە دژی داعش دەکرێ.

پرسیار ئەوەیە ئایا نابێ شەڕ لەگەڵ داعش بکرێ؟ ئایا ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ لەناوبردنی داعش جگە لەبەکارهێنانی هێزی عەسکەری و شەڕ؟ ئەگەر وەڵامی ئەمانە نەخێرە. کەواتە دژایەتی شەڕ لەگەڵ داعش بەمانای خوازیاری گرتنەبەری ڕێگا وتوێژ یان قبوڵکردنی مانەوەی داعشە.

ئەگەر کێشە لەوەدایە کەئەوانەی شەڕی داعش دەکەن خۆیان قوتبەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتین. ئەمە ڕاستە بەڵام هەڵوێست

## بەشی چوارەم

لەسەر ئەم دەوڵەتانەی ئەمریکا و تورکیا و ئێران و عەبادی و بارزانی بەمانای دژایەتی شەڕی ئەوان لە موسڵدا لەگەڵ داعش نیە. شەڕی ئەوان لەگەڵ داعش لە دۆستایەتیان باشترە وشکانی داعش لە موسڵ وناوچەکەدا زیانێک بە خەباتی خەڵک بۆ ڕزگاربون لەدەست ئەم قوتبەتیرۆریستیانە ناگەیەنێ. پێویستە پەردە لەسەر بەرژەوەندی و پرۆپاگەندەی ئەم لایەنانە لە شەڕی دژی داعش لەموسڵدا و لەسەر نەخشە و سیاسەتیان سەبارەت بەموسڵ وعێراق و ناوچەکە هەڵدرێتەوە، بەڵام هیچ کام لەم هەڵوێستە دروستانە پاساوی دژایەتی کردنی شەڕی دژی داعش ناکا. ئەمە هەڵە و سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەیە کە بەشێک لە چەپە دژی ئیمپریالیستیەکان لە شەڕی ئەمریکا دژی تالیبان و ئەلقاعیدە لە ٢٠٠١ بانگەشەیان بۆکرد.

### مەترسیەکانی ئێستاو ئاینده

لەکاتێکدا داوای ڕاگرتنی شەڕ دژی داعش ناکەین ئەمە نابێ بەمانای بێ هەڵوێستی بێت لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە ئەم شەڕە بۆ خەڵکی بێ دەسەڵاتی سایەی شەڕ لەموسڵدا دەیهێنێتە پێش. پێویستە فشارێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دابنرێ تاکو دەست نەبەن بۆ بۆمبارانکردنی شارەکە و پلانی ڕزگارکردنی خەڵکی بەربارمتەگیراوی شەڕەکە ئەولەویەت بێت. دەبێ فشار دروست بکرێ تا ڕێگە لەچونی حەشدی شەعبی و هەر میلیشیایەکی تری مەزهەبی بگرێ بۆ ناو موسڵ. دەبێ دژایەتی دەستێوەردانی سوپای تورکیا بکرێ.

مەترسیەکانی دوای ڕزگاربونی موسڵ لەدەستی داعش زۆرن و لەپێشیانەوە مەترسی سیناریۆی "بەحەڵەب" بونی موسڵە. ئەو هێزانەی بە حساب موسڵ لە داعش ڕزگاردەکەن خۆیان سەرچاوەی دروست بون وگەشەی داعش بون. دروست بونی داعش و کەوتنی موسڵ خۆیان ئەنجام بون نەک سەرچاوەی ئەم وەزعەی ئەمڕۆ. چ دەوڵەتی ئیسلامی شیعەو چ ئەحزابی سونەی سەربە سعودیەو قەتەر لە ململانێ لەسەر دەسەڵاتدا عێراقو شکستی مۆدیلی دابەشکردنی مەزهەبی و قەومی دەسەڵات ئەم زۆنگاوی شەڕ و تیرۆرەی دروستکردوە.

ئێستا لانی کەم دووساڵە ئەم جیابونەوەیە بەکردەوە لە نێوان ئەم ناوچانەی دەسەڵاتدا ڕویداوە و ڕێگاچارەی " یۆگۆسلاڤی کردنی عێراق "و جیاکردنەوەی هەرێمەکان بە ڕێکەوتنی سیاسی، دەتوانێ ئایندەی موسڵ و شوێنەکانی تریش سەقامگیربکا.ئەگەر ئەم پرۆسە سیاسیە لەعێراقدا دەست پێ نەکا ئەوا هیچ شوێنێکی عیراق ئارامی بەخۆیەوە نابینێ لەسایەی شەڕی قوتبەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕوسیا و تورکیا و سعودیە لەگەڵ ئێراندا. ئەمریکا ئەگەر لە موسڵدا سیناریۆی پڕچەکردنی میلیشیا سونەکان بەرێتەپێش وەک لە سوریا دەیکا ئەوا نەک عێراق بەڵکو ناوچەکەش دەکاتە بەرمیلێک

## بەشی چوارەم

باروتی تەقاوە.

ئەمڕۆ عێراق و سوریا و کوردستان پێویستیان بە هێزێکی جەماوەری ئازادیخوازە کە بێتەمەیدان و نەخشە و سیناریۆی ئەم هێزە دینی و قەومیانە و ئەم قوتبە ناوچەیی و جیهانیانەی ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیان کردۆتەجەهەنەم بەجەهەنەم بسپێرێ.ئەم بزوتنەوە سیاسیە جەماوەریە پێویستە نەک ئالای کۆتایی هێنانی شەڕی دژی داعش بەرزنەکاتەوە وخوازیاری تەواو ڕامالینی داعش بێت، بەڵکو دژ بە نەخشە و پیلانی ئەم دەوڵەت و میلیشیایانە بوەستێ کە شەڕی تایفی ومەزهەبی و قەومیان کردۆتە وەسیلەی درێژەدانی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەیان و چارەسەری سیاسی و ئازادی سیاسی وسیستەمی سیاسی ئازاد وەک بەدیلی ئەم دۆخە بسەپێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئایا ستالینگڕادێکی تر دووبارە دەبێتەوە؟



**زوبێر ڕەسول علی**

هەڵمەتی ڕزگارکردنی مووسڵ و دەرهێنانی لە دەستی تیرۆریستانی داعش، بەلای زۆربەی عێراقییەکانەوە جێی دڵخۆشیە و داعش مێژوویەکی دڕندانەی خوێنڕێژی لەسەر خاکی عێراق تۆمار کردووە، بۆیە هەر کاتێک لەلای هاووڵاتییەکی عێراقی ناوی داعش دەبیسترێ لەپاڵیدا (کوشتن، تۆقاندن، سووتاندن، کاولکاری و مامەڵەکردن بە ژنانەوە) لە هۆشیدا هاوپێچ دەکرێت.

هەرچەندە زۆر لە چاودێران گەشبین نین بە ئایندەی عێراقی دوای داعش و بە دەست پێکی سەرهەڵدانەوە و چەکەرەکردنی ناکۆکی تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی پێکهاتەکانی عێراقی دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا مرۆڤ بمێنێ هیوا هەر دەمێنێت و هەر چۆنێک بێت ڕزگار بوون لە دەستی گەورەترین گرووپی تیرۆریستی جیهانی بەلای عێراقییەکانەوە جێی ئومێد و سەرکەوتنێکی گەورەیە.

لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی داعش لە عێراق، ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی دەژین، ئەمانە لەپاڵ مەترسییەکانیان، سەبارەت بە بەکارهێنانیان لەلایەن داعش وەک قەڵغانی مرۆیی، کەوتنە بەر ئامانجی بۆمبارانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراقی لەلایەک و هۆشدارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاوارەبوونی ملیۆنان هاووڵاتی لە سەرەتای وەرزی سەرما و ڕوودانی کارەساتی دڵتەزێنی مرۆیی مایەی نیگەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤن.

داعش دڕندەترین گرووپی تیرۆریستی جیهانە ئێستا، ئەوان نە زمانی گفتوگۆ دەزانن نە ددانپێدانان و خۆبەدەستەوەدان،

## بەشی چوارەم

هەموو تاکتیکەکانی جەنگ دەبەزێنن و لە پێناوی سەرکەوتن هیچ لایەنێکی مرۆڤایەتی و ئاینی لەبەرچاو ناگرن، بۆیە شەڕکردن لەگەڵ گرووپێکی وا کە خۆیان بۆ کوشتن یەکلا کردووەتەوە کارێکی سەختە، لە حاڵی گەمارۆدانیان لەناو خاکی عێراق و ڕێگریان لە ڕاکردن بەرەو سووریا مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتی "ستالینگراد"ی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەکرێت، کە نزیکەی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس بوونە قوربانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هۆشداری کارەساتێکی لەو شێوەیان داوە.

هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئامادەکارییەکانی داعش لە سووریا بۆ پاشەکشەی هەزاران تیرۆریستی داعش بەرەو ڕەقە و ناوچەکانی تری ژێر دەستەڵاتیان لە سووریا دەکەن، دەزگا هەواڵگرییەکانی دیمەشق ئاماژەیان بەو لایەنە کردووە و داعش زیاتر لە مانگێکە خەریکی ئامادەکارییە.

سەرچاوەکانی سەربازی ئەمەریکایش نەیانشاردووەتەوە کە مەبەستی ئەمەریکا وەدەرنانی داعشە لە عێراق، جا چەندە عێراقییەکان دڵخۆشن بە وەدەرنانی تیرۆرستان، سووریا و ڕووسیا و ئێرانی هاوپەیمانیان، دە هێندە نیگەرانن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست شەڕی یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و بەرژەوەندی زلهێزەکانە نەک شەڕی تیرۆر بە تەنیا، بۆیە هەریەک لە ئەمەریکا و ڕووسیا لە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەکەیانن لە ناوچەکە.

ڕۆبەرت فیسک لێکۆڵەری بەناوبانگی بەریتانی لە ڕۆژنامەی "ئیندیپیندت" نووسیویەتی: ڕاوەدونانی چەکدارانی داعش بەرەو سووریا سیناریۆیەکە مایەی ڕەزامەندی واشنتن و ڕاکردنی هەزاران تیرۆریست بەرەو سووریا و ئاڕاستەکردنی لولەی تفەنگەکانیان ڕووەو دیمەشق تەنگ بە ئەسەد و هاوپەیمانەکانی هەڵ دەچنێت.

سوپای سووریا و حزبولڵای لبنانی کە هەزاران چەکداری لەناو خاکی سووریا هەیە، بۆ پارێزگاریکردن لە ڕژێمی ئەسەد دژ بە بەرەی نوسرە و داعش لە شەڕدان و ئێرانیش خۆیان بۆ مەترسییەکانی بەهێزبوون و هێرشەکانی داعش ئامادە کردووە. حەسەن نەسرولڵا لە ڕێوڕەسمی عاشورادا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هۆشداری دووبارەبوونەوەی ڕووداوی فەلوجەی دا کە دوای شەڕی فەلوجە تیرۆریستان بە کۆمەڵ ڕوویان لە سووریا کرد، هەرچەندە جەنەڕاڵ تاوسند کە سەرکردایەتی پێنج هەزار سەربازی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەکات لە بڵاوکراوەی "میلیتری تایمز"ی نزیک لە پنتاگۆن دەڵێت: مەبەستی ئەمەریکا لەناوبردنی چەکدارانی داعشە لە عێراق و سووریا.

بەڵام بەو لێدوانە دڵی ئەسەد و ڕووسیا و هاوپەیمانانیان ئاوی نەخواردووەتەوە و بە سەرنجدان لەو ڕووداو و پێشهاتانەی



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

سەرەوە، بە دوور نازانرێت سوپای سووریا کە لە سەرەتای ڕووداوەکانی سووریاوە زیاد لە ٦٥ هەزار سەربازی لەدەست داوە، بۆ لێدان لە گرووپە توندڕۆکان و سەرنەگرتنی مەرامەکانی ئەمەریکا لە سووریا، شەڕی دەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی حەلەب لە دەستی تیرۆریستان و گرتنەوەی ناوچەکە لەلایەن سوپای سووریا پێش ڕزگارکردنی مووسڵ، بکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ئەگەر موسڵ وەک حەلەبی لێهات



کەنعان بەهادین

حەلەب گەورەترین شاری سووریایە، ژمارەی دانیشتوانی پێش جەنگی ناوەخۆیی سوریا ٤.٥ ملیۆن کەس بوو، بە درێژایی ٣١٠ کیلۆمەتر لە دیمەشقەوە دوورە، کۆنترین و گەورەترین شارە لە وولاتی شام کە تەمەنی ٥٠٠٠ ساڵە.

کاتێ لەساڵی ٢٠١١ جوڵانەوەکانی بەنێوی بەهاری عەرەبی روویدا و کۆمەڵێک وولات لە رووی سیستەمی حوکم و شێوەی دەسەڵات گۆڕانکاری گەورەیان بەسەرداهات، حەلەب ئەو ساڵە جوڵایەوە، دوای فراوانبوونی ئەو جوڵانەوانە، سەرەتای ٢٠١٢ حکومەتی سوریا بەسەرۆکایەتی بەشار ئەسەد کەوتە بۆردوومانی ئەو شارە، کەوتە کووشتنی خەڵکی حەلەب، بۆیە کۆمەڵێک ڕەوتی جیاواز لەوێ دەرکەوتن دژی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، لەوانە سوپای ئازادی سووریا، کە تاکو ئێستا ٤٠٠٠ کەس بەهۆی بۆردوومانەکانەوە لە حەلەب کوژراون و ٢٠٠ هەزار کەسیش ئاوارە بوونە بەرەو وولاتانی ناوچەکەو ئەوروپا.

لەحاڵی ئێستادا، حەلەب بۆتە پێگەی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و ئیقلیمییەکان، هاوشێوەی موسڵ، کاتێک دەبینرێت کۆمەڵێک هێز لە دەوروبەری موسڵن، جیا لە پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق، ئەوانی دی مافی ئەوەیان نیە کە دەست بۆ ئەو شارە ببەن.

پێشمەرگەی کوردستان لە دەوروبەری موسڵ خەریکی پاک کردنەوەی ناوچە کوردییەکانە، سوپای عێراقیش لەلای رۆژئاوای

## بەشی چوارەم

ئەو شارە بە سستی جوڵە دەکات ڕووەو پێشەوە، هاوتای پێشمەرگە نەیتوانیووە ناوچەکە وەک پێویست پاک بکاتەوە.

لەحاڵی ئەوەی ئایا موسڵ وەکو حەلەبی لێدێت کە پرسیارێکە و جددیە، ئەمیش لەم ئان و ساتەوە دێتە پێش کە بارزانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە بەناوبانگەکەی خازر بۆ ڕۆژنامەنووسان گووتی: موسڵ وەکو حەلەبی لێنایەت.

ئەم ئاماژەیەی بارزانی بۆ داهاتووی شاری موسڵ، پەیوەستە بە هەنگاوە کردەییەکانی حکومەتی عێراقی، کە پێویستە لەبەردەم ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ هەولێر بەرپرسیارانە هەڵس و کەوت بکات و ئیستحقاقە یاسایی و دەستوورییەکان بەگرنگییەوە جێ بەجێ بکات.

واتە ئەگەر بەغدا بە کردەیی دەیەوێت لەگەڵ کورد بمێنێتەوە، پێویستە بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە، کە لە دووای کەوتنی حزبی بەعس، دەسەلاتدارانی بەغدا پێڕەویان کردووە و بوونەتە هۆکاری بێ هێزکردنی دەوڵەتی عێراق و دەرکەوتنی داعش و رووخانی سوپاکەی.

ئەگەر بەغدا بەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق کردبا و هەوڵی ئەوەی نەدابا کە دەست بە ڕاوەدوونانی سەرانی سیاسی سووننەکان بکات لەعێراق و هەڵ بدات کورد لاواز بکات و بکەوێتە بەر برینی بودجەو قووت و مووچەی خەڵک و هەوڵدان بۆ پێکنەهاتن، کار نەدەگیشتە ئەوەی عێراق بکەوێتە جەنگێکی وەها گەورەی کە ئەمڕۆ تێی کەوتووە، کە پێموایە دەرەنجامی سیاسەتی هەڵەی سەرانی حزبی دەعوەو پێکهاتەی شیعی بوو لە عێراق، کە ویستی هەژموونی شکستخواردوو و لەناوچووی بەعس دووبارە بکاتەوە.

بۆیە موسڵ خاڵی گۆڕانکاری عێراقێکی تر دەبێت، کە پێم وایە تەنها دابەش بوونە و هیچ شتێک لە سیاسەتەکانی بەغدا گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

## لە وەهابییەتەوە تا داعش
## ئەلسرورییە وەک ڕەوتێکی بەیەکەوە گرێدان



سمکۆ عبدالکریم

بەشی سێیەم

لەم چوارچێوەیەدا من پێم وایە، هەموو ئەو ڕووداوو گۆڕانکاریانەی لە بیری ئیسلامییەکاندا دروست بوون، لە رووی ستراتیژییەوە بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە کە عیراق کوێت-ی داگیرکرد، ئەم کردەیەش بووە هۆکارێک بۆ هاتنی هێزی هاوپەیمانان بە سەرکرایەتی ئەمریکا بۆ خەلیجو دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە نێو خاکی سعودیەو دواتر دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی خەلیج لە ساڵی ١٩٩٠ - ١٩٩١ بۆ وەدەرنانی سوپای عیراق لە کوێتو دواتریش درێژبوونەوەی ئەم جەنگە بۆ سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی خەلیج لە ساڵی ٢٠٠٣، کە بە ڕووخانی ڕژێمی عیراق کۆتایی هات، بەر لەوەش ڕووداوی ١١ی سپتێمبەر کە ڕووداوێکی دیکەی گرنگی زنجیرە ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە بوو.

### سرورییەتو ئەلجامییە

بە لێکدانەوەی هەموو ئەو هاوکێشەو ڕووداوانە، دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە ئەگەر بمانەوێ قسە لە قۆناغو بیری نوێی ئیسلامییەکان بکەین، بەسەرجەم ڕەوتە جۆراوجۆرەکانییەوە، لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەبێت لێرەوە دەست پێبکەین.

چونکە هەم سەرهەڵدانو هەم ناکۆکیو جیاوازییە فکریو سیاسییەکان لە نێوان خودی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە لایەکو لە نێوان دەوڵەتی سعودیەو ئیسلامییەکان لە لایەکی ترەوە، هەر لێرەوە دەست پێدەکات.

## بەشی چوارەم

لێرەوە بوو بۆچوونی توندڕەوانەی سەحوە سرورییەکان گەیشتە لوتکە، بەشێوەیەک ئەوەی لەو ١٠ ساڵەی نەوەدەکاندا روویدا، لە مێژووی سعودیەدا هەرگیز رووی نەداوە، بەجۆرێک لەبەر ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسمان کرد، بۆچوونی سرورییەکان گەیشتە ئاستی تەکفیرکردنی دەسەڵاتداری سعودیە، کە هەر ئەو بیرو بۆچوونە فکرییانەی ئەوانیش بوو سەرەنجام ئوسامە بن لادنو سەلەفییە جیهادییەکانی لێ ئیجادبوو، دواتریش فکری ئەلقاعیدە.

واتە ئەو قوناغە نوێیەی سەرهەڵدانی سەلەفیەتی جیهادی کە بەسەردەمێکی تازەو قۆناغێکی دیکەی راگوزەری جووڵانەوەی ئیسلامی سیاسیو حەرەکی دادەنرێ، دەرهاوێشتەی بیرو بۆچوونە توندەکانی رەوتی سرورییەت بوون.

هەروەک چۆن سەرهەڵدانی «ئەلجامیە، مەدخەلییەکان»یش وەک رەوتێکی لیبراڵ خوازی دژ بەسرورییەکان، بەهەمان شێوە دەرهاویشتەی ئەو رەوتە توندڕۆییەی ئەوان بوون، کە تا ئێستاش ئەم دوو رەوتە »سرورییەتو ئەلجامییە»کان لە سعودییە بە دوو ئاراستەی فکری ئیسلامی سیاسی کاریگەرو چالاک دادەنرێن، بەشێوەیەک جیا لەم دوو رەوتە ناتوانرێ باسی رەوتی دیکەی ئیسلامی لەسعودیەدا بکرێت.

وەک وتمان مەدخەلییەکان بە هەموو شێوەیەک کەوتنە داکۆکی کردن لە دەسەڵاتی سعودیە، کە پێیان وابوو نابێتو جائیز نییە بیر لە هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بکرێتەوە، لەبەرامبەریشدا «سرورییەکان» وەک رەخنەگر، لە بەشێکی هەڵوێستو هەنگاوە ناشەرعییەکانی میرنشینی سعودیە، بەتایبەتی لە بەرامبەر هاتنی هێزی ئەمریکایی بۆ سەر خاکی سعودیە، کە بەبۆچوونی بەشێک لە ئیسلامییە توندڕۆکان ئەم رێگاپێدانە پێچەوانەی بنەما ئیسلامییەکان بوو، کە بەدرێژایی دەیان ساڵەی رابردوو لەسەری پەروەردە ببوون. ناکۆکیو ململانێکانیان چووە قۆناغێکی نوێ.

لەم نێوەدا، ناکۆکیو جیاوازییەکان، بەتایبەتی دوای پەرەسەندنەکانو هەڵکشانی ئۆپۆزسیۆنە چاکسازیخوازەکان، لەسەر ئاستی نێوخۆی سعودیەدا کە زیاتر خۆی لەو راپەرینە ئیسلامییە سەحوییانەدا بینیەوە، کە لە ناوەراستی نەوەدەکاندا لە ساڵی ١٩٩٥ گەیشتە لوتکە، دواتریش زنجیرەیەک تەقینەوەی بەدوادا هات، کە یەکەمجار بوو لەمێژوودا، سعودیە تەقینەوەی وا گەورەو کاریگەر بەخۆیەوە ببینێ، واتە ئەو رووداوانەی لەو ماوەیەدا روویاندا، مەترسیدارترین هەڕەشە بوون بۆ سەر شەرعیەتی دەوڵەتی سعودیە، ئەمە لەکاتێکدا بزووتنەوەی سەحوە تا ئەم کاتە هەرگیز پەنایان نەبردبووە بەر توندوتیژی، بەڵام رەخنەو سەرزەنشتەکانیان بۆ سەر دەوڵەت زۆر کاریگەرترو مەترسیدارتر بوون، لەوەی دەوڵەت بتوانێ بەرگەیان بگرێ.

شڵەژانەکان بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بوون، تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٩٣ دەوڵەتی سعودیە ناچاربوو هەڵمەتی راودوونانو دەستگیرکردنی نەیارەکانی دەست پێبکاتو لە پایزی ١٩٩٤ بگاتە ئاستی رووبەڕووبوونەوەی توند، بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٩٥ راپەرینو خۆپیشاندانو مانگرتن لە«بورەیدە» لە لایەن سەحوەییەکان دەستی پێکرد، لەسەرووی هەمووشیانەوە »شێخ سەلمان ئەلعۆدەو شێخ سفر ئەلحوالی» کە دواتر هەردووکیان لە لایەن دەسەڵاتی سعودییەوە دەستگیر کران

بورەیدە، ئەو گوندەی کەوتۆتە ناوچەی ئیدارەی قەسیم، یەکەم وێستگەی محەمەد سرور بوو کاتێک لە سوریاوە رایکرد لەم گوندە گیرسایەوە، وەک ماموستا لە پەیمانگەی زانستی وانەی ماتماتیکی وتەوە، دواتریش وەک پێگەی سەرەکی سوررییەکان ناسراو زۆربەی رموزە دیارەکانی سەحوەی سرووری لەو گوندە سەریان هەڵدا «سەلمان ئەلعۆدە» خوێندکارێکی دیاری رموزی سەحوەی سروری بوو کە لەم گوندەو لەسەر دەستی محەمەد سرور پێگەیشت، چارەکی دانیشتووانی ئەم گوندەش بریتی بوون لەو کەسانەی سعودی نینو بەهۆکاری جیاجیاوە لە میسرو سوریا روویان کردبووە سعودیە؟

## رەوتی توندڕۆترو کردەوەی توندوتیژتر

دیارە سەحوەییەکان لە چەندین گروپی جوداجودا پێکهاتبوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە دوو رەوەتی سەرەکی تێنەدەپەڕین، کە بەهێزترینو کاریگەرترینیان سرورییەکان بوون، هەروەها بەهۆی ئەوەی لە لایەن دەوڵەتی سعودییەوە رێگەپێدارو نەبوون، تا ئاستی ئەوەی ناوهێنانیشیان قەدەغەکراو بووە، هەربۆیە لێکۆڵەرو میدیاکانیش کەمترین ئاماژەیان بۆ کردوون، هەتا دانانان بە رەوتێکی ئیسلامی بەم ناوە لە لایەن خودی سەرکردەکانیشیانەوە هەست پێناکرێت، کاتێک رۆژنامەنووسێک پرسیاری ئەوە لە »شێخ سەلمان ئەلعۆدە» دەکات، کا ئایا ئەو سوررییە؟ خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسارە دزییەوەو بابەتەکەشی گۆڕی، بەڵام سەرەنجام زۆر لەو گەنجانەی سەر بە رەوتی سروری بوون، لەکۆتایدا نەیانتوانی لەوە زیاتر دان بەخۆیاندا بگرنو خۆیان لەوەها رەوتێک بدزنەوەو ناوی نەهێنن، هەموو ئەمەش لەکاتێکدا روودەدات کە بوونی ئەم رەوتی سوررییە وەک رەوتێکی ئیسلامی لە سعودیە بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

هەموو ئەو رووداوە توندوتیژیانەی لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەی نەوەدەکاندا روویاندا، نەک هەر دەوڵەتی سعودیەیان ناچارکرد کاردانەوەی زۆر توند لە بەرامبەر ئەو رەوتە ئیسلامیانە بنوێنێ، هەر لە راودونانو دەستگیرکردنو ئەشکەنجەدانی زیندانیان، بگرە تۆسقاڵێکیش پاشکەشەی نەکرد لەو هۆکارانەی ئەو دۆخەیان بەرهەم هێنابوو، کە بریتی بوو لە سیاسەتی «ئیستیعانە» کردن بە ئەمریکا بۆ بەرگریکردن لەخۆ.

## بەشی چوارەم

بۆیە ئەم کاردانەوانەی دەوڵەتی سعودیە سەرەنجام بوونە هۆی سەرهەڵدانی رەوتی توندرۆترو کردەوەی توندوتیژتر، کە سەرقافڵەکەیان رێکخراوی ئەلقاعیدە بوو لە لایەن ئوسامە بن لادن-ی سعودی. هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تا ئێستاش هەر ئیسپات نەبووە، کە ئەو زنجیرە تەقینەوانەی لەو سەردەمە لە نێوخۆی سعودیەدا ئەنجامدران چ رەوتێکو گروپێک ئەنجامی داون، ئەگەرچی پەنجەی تۆمەتیش خرایەسەر رێکخراوی ئەلقاعیدە، بەڵام هەموو ئەوانەی بەتۆمەتی ئەنجامدانی ئەو تەقینەوانە دەستگیرکران، بەپێی دانپێدانانەکانیان نەسەلمێنرا، کە رێکخراوی قاعیدە ئەنجامی داون.

### ئەلجامییەو مەدخەلییە

لەم نێوانەدا، لە نێوان «ئەلجامییەو مەدخەلییە» کان وەک لایەنی بەرگریکار لە سیاسەتی دەوڵەتی سعودیەو رێکخراوی ئەلقاعیدە وەک رەوتێکی ناسراو بە ئیرهابیو بەرپرسی ئەنجامدانی سەرجەم کارە تیرۆریستییەکان، سرورییەکان کەوتنە رووبەڕووبوونەوەی هەردوولایان، بەومانایەی کە ناکرێ نەبەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی کە دەسەڵاتی سعودیە بەرامبەر بەشەریعەتی ئیسلام دەیانکات، بێدەنگ بن، نەچاوپۆشی لەو سیاسەتە لە رادەبەدەر توندوتیژییەی ئەلقاعیدە بکەن، بەو هەنگاوو سیاسەتەشیان جارێکی دیکە سرورییەت وەک رەوتێکی تێکەڵە لە فکری وەهابییەتو ئیخوانەکان درێژەی بەسیاسەتی خۆیدا، واتە لە یەک کاتدا دەست هەڵنەگرتنو چاوپۆشی نەکردن لە لادانو ناشەرعییەکانی دەوڵەت، لە لایەکی تریشەوە جەختکردنەوەو تێکۆشانو فشارخستنە سەر دەوڵەتی سعودیە بۆ چوونە ژێرباری ئەنجامدانی چاکسازی لە روانگەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی، دیارترین رموزی ئەو رەوتەش شێخ سەلمان ئەلعودیە، کە دوای چەندین جار زیندانی کردنو دوورخستنەوەی لە کارەکەی، سەرەنجام لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی هەڵوێستی سیاسی بەیەکجاری لە وانەوتنەوەی لە زانکۆ ئیعفاکرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## بۆچی ئێران لە داعش مەترسیدارترە؟



**لۆس ئانجێلێس تایمز - مۆشە یەعلون.**

**وەرگێران: کەماڵ حەسەنپوور**

ڕێبەرانی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە هەر دوو حیزبەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە خۆرهەڵاتی ناوین لەناو بردنی داعش گرنگترین شتە. لە ڕاستی دا ئەوە بە قەد ڕووبەڕوو بوونەوە

لە گەڵ مەترسیی ئێران گرینگ نیە. ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی ڕابردوو لە وانەیە مەترسی بۆمبی ناوەکیی ئێرانی وەدوا خستبێ، بەڵام مەترسیی چەند لایەنەی ئێرانێکی میلیتاریستی، مەهدەوەی ٨٠ میلیۆن کەسی، بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی خۆرئاوا هەڕەشەیەکی گەورەترە لە چەتە و پیاوکوژە سوننیەکانی ڕەققە و موسڵ.

لە دانووستانی ناوەکی پێنج کۆ یەک پێکهاتوو لە وڵاتانی، ئامریکا، ڕوسیا، چین، بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمان، چەند سوودێک تۆمار کران. لەناو ئەو سوودانە دەکرێ باس لە وەدواخستنی پرۆژەی سەربازیی ناوەکیی بۆ ماوەی ١٠ تا ١٥ ساڵ، کەم کردنەوەی ناکۆکی سیاسی لە گەڵ ئێران، کردنەوەی بازاڕی نوێ لە ئێران و وەدەستهێنانی هاوکاریی ئێران لە جەنگی دژی داعش بکەین. تەنیا یەکێک لەوانە واتە وەدواخستنی بەرنامەی ناوەکیی، لە سەر حیسابی ئێران بوو چونکە هەردوو لا حەزیان لە پێکاندنی ئامانجی تر بوو.

لە ڕوانگەی تارانەوە، قازانجەکان گەلێک لەوە زیاتربوون کە ئەوان دەستبەرداری بوون. لە بەرامبەر وەدواخستنی پرۆژەی سەربازیی ناوەکیی، گەلێک لە ئابلۆقە ئابووریەکان هەڵگیران، تەریک کەوتنەوەی سیاسی کۆتایی هات و سنوربەندیەکانی

سەر بەرنامەی موشەکیی بالیستیکی شلتر کرانەوە.

هەروەها لەبەر ترسی زێدەگەورەکراوی وڵاتانی پێنج کۆ یەک کە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک لەوانەیە بیانوو بداتە دەست ئێران کە لە ڕێککەوتنەکە پاشگەز بێتەوە، تاران دەستکەوتی زۆر زیاتری گیر کەوت. یەکێک لەوان بەرفراوانبوونەوەی حەوزەی نفووزی ئێران لە سەرانسەری ناوچەکەیە چونکە چی تر لە "بژاردەی سەربازیی" ویلایەتە یەکگرتووەکان ناترسێ.

بەڵگەکانی ڕەفتاری تاوانکارانەی ئێران لە ڕادەبەدەرن. ئەو پشتیوانی سەرەکی ڕێژیمی کۆمەڵکوژی سوریایە کە بە پارە، چەک و چۆڵ و میلیشیا شیعەکان پاڵپشتی سەرۆککۆمار بەشار ئەسەد دەکا. ئەو چەک و چۆڵ، پارە و ڕاهێنانی سەربازیی بۆ حیزبوڵڵا دابین دەکا و وەک ئامرازێکی ستراتیژیک بەکاری دەهێنێ بۆ لاواز کردنی دەوری یاسایی دەوڵەتی لوبنان. ئێران لە یەمەن بە پشتیوانی کردن لە یاخییبوانی حوثی ئاگری ناکۆکییەکان خۆش دەکا. لە شوێنی تری نیمچە دوورگەی عەرەبی بەکرێگراوانی خۆی بۆ لاواز کردنی بەحرەین و عەرەبستانی سعودی بەکار دێنێ. لە جیرانەتی ئیسرائیل، ئێران پشتیوانی ئابووری لە جیهادی ئیسلامی فەلەستین دەکا و هەندێک لە لایەنەکانی حەماس فێری چۆنیەتی دروست کردنی مووشەک، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و چەکوچۆڵی تر دەکا. هیچ کام لەو ئاکارانە بە دوای ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی کەمیان نەکردووە، بە پێچەوانە ئێران لە هەموو ئەو شوێنانە شەڕئەنگێزتر بووە.
بۆ ئەو ڕێککەوتننامەی کە قەرار بوو تەنیا بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ بەرنامەی سەربازیی ئەتۆمی ئێران بێ، دانوستانکەرە ئێرانییەکان زۆر ژیرانە جوڵانەوە. ئەوان کایەیەکی زۆرباشیان بە دەستە وەرەقێکی زۆر لاواز کرد. ١٤ ساڵی تر کاتێک سنوربەندییەکان (لەسەر بەرنامەی ناوەکیی) هەڵگیران، جیهان لەوانەیە لە خراپترین بارودۆخ دابێ بۆ پێشگرتن بە پرۆژەی ناوەکیی ئێران.

لە مێژوو و سیاسەتی ناونەتەوەیی دا ١٤ ساڵ وەک چاوتروکاندنێک وایە. زۆر هۆکاریش هەن، وەک ڕووداوی جیهانی کە ببێتە هۆی دوورکردنەوەی سەرنجی ناونەتەوەیی لە سەرپێچییەکانی ئێران، کە دەتوانێ ئەو ماوەیە بە شێوەیەکی بەرچاو کورت بکاتەوە.
نەتەوە نیگەرانەکان دەبێ ئێستا پێکەوە هاوکاری بکەن تا پێش بە ئێران بگرن تا نەخشەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی خۆی لە سەرڕا نەکێشێتەوە و سوود لە ناسەقامگیریی ناوچەکە وەرگرێ تا خۆی بە بۆمبی ئەتۆم چ پێش کۆتایی کاتی ڕێککەوتنەکە و چ پاش ئەو ماوەیە تەیار بکا.
یەکێک لەو هەنگاوانە دەتوانێ پشکنینی توندوتۆڵ لە دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێران لە خۆ بگرێ، ئەویش نەک تەنیا لە لایەن ئاژانسی وزەی ئەتۆمییەوە. هەرچی ی ێ بەشی هەرە زۆری سەرپێچییە ناوەکییەکانی ئێران لە لایەن دەزگا

## بەشی چوارەم

هەواڵگرییەکانی رۆژئاوا ئاشکرا کران نەک ئاژانسی وزەی ئەتۆمییەوە. جگە لەوە نەتەوە پەیوەندیدارەکان پێویستە لە مەڕ بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی و پشتیوانیی تیرۆریزم زەخت بخەنە سەر ئێران. هەروەها دەبێ ئەوان هەوڵ بۆ چەسپاندنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی قەدەغە کردنی بڵاو کردنەوەی چەکوچۆڵ لە سەرانسەری ناوچەکەدا لە لایەن ئێرانەوە بدەن. جێی ئاماژەیە کە هیچکام لەو هەنگاوانە سەرپێچی لە مەرجەکانی رێککەوتننامەی ناوەکیی نین.

ئێستاش بۆ راست کردنەوەی ئەو روانگەیەی وڵاتانی رۆژئاوایی، بە رێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، درەنگ نەبووە کە پێی وایە ئێران لە جیاتی سەرچاوەی ناسەقامگیریی و توونددئاژۆیی بێ، بەشێکە لە رێگاچارەی قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوین. بێگومان ئێران شەڕی داعش دەکا، ئەو راستییەی کە توندرەوترین دەوڵەتی شیعەی جیهان لەگەڵ سوننییە توندڕەوەکان بەربەرەکانی دەکا نابێ شتێکی سەرسوڕهێنەر بێ.
بە داخەوە ئەوانەی کە پێیان وابوو کە رێککەوتننامەی ناوەکیی دەبێتە هۆی ئێرانێکی میانڕەوتر، کراوە و رێفۆرمخواز، لە ناوخۆ و لە دەرەوە، تووشی خۆشخەیاڵیی بوون. تا ئەو کاتەی کە ئایەتوڵڵاکان فەرمانڕەوایی رژێمی ئێران دەکەن، هیچ شانسێک بۆ کرانەوەی مەکدۆناڵدز لە تاران نیە. لە جیاتان ئێمە ئیعدامی زۆرتر، سەرکوتی زۆرتر، و ستەمکاریی زۆرتر دەبینین.

ئەوە روانگەیەکی هاوبەشە لەناو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین کە سەردەمێک بەرهەڵستکاری یەکتربوون. لە کاتێکدا کە خەباتی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان درێژەی هەیە، جارێ هەر ئاماژەیەک بە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننی، شتێکی زیادییە. ئێستا عەرەب وئیسرائیلی لە یەک پاپۆڕ دان، کە رووبەڕووی هەڕەشەی جۆراجۆر بە پشتیوانیی ئێران بوونەوە، لە پەیوەندیی لەگەڵ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو هەڕەشانە، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی یەک بۆچوونمان هەیە.
ئەوەی پێویستمانە رێبەریی کردنە لە لایەن هاوپەیمانە نەریتییەکانمان لە رۆژئاوا، بە تایبەتی دۆستە باشەکانمان لە ئامریکا. ئەگەر سەرۆککۆمار ئۆباما یا جێگرەوەکەی ئەولەوییەتەکان بگۆڕێ و رێبەریی کەمپەینێک بۆ زەخت خستنە سەر ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە سیاسەتە گێرەشێوێنانەکەی بگرێتە ئەستۆ، هەمان زەخت کە ئێرانی ناچار کرد لە سەر بەرنامەی ناوەکییەکەی دانوستان بکا، ئەوا هەم لە ناو عەرەبەکان و هەمیش لە ناو ئیسرائیلییەکان دا شەریک پەیدا دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بەشداریی کوردەکان لە شەڕی موسڵ بە دژی داعش دەتوانێ سەربەخۆیی کوردەکانی بەدوا دابێ



نووسەر: سۆفیا سلاتێر

وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕۆژی کورد

ژنەکە پێی گوتم: "ئەمریکا هەر کات کاری پێمانە بانگمان دەکا بەڵام ئایا ئەوان ئەوەی ئێمە بۆ ئەوانمان ئەنجام داوە لە بیریان دەچێتەوە؟".

خۆتا خدر فەرماندەی تیپێکی ژنانی کوردە و ئەو قسەیەی لە هەموو کوردستانی عێراق، لە کاتی لە ئارادابوونی شەڕ بە دژی گرووپی ئیسلامیی داعش لە ئارا دایە و پرسیاری هەموو خەڵکە.

نزیک بە ٢٥ ملیۆن کوردی بێ وڵات لە بەشی تەژی لە نەوتی عێراق، تورکیە، ئێران و سووریەدا دەژین، ئەوان بە هۆی توانایی و لێهاتوویان لە شەڕدا، ناسراون و ماوەیەکی زۆرە وڵاتگەلی تر و بەتایبەتی ئەمریکا بۆ شەڕی نیابەتی بەکاریان دێنن و هەر کاتێک کە چیتر پێویستیان پێیان نیە، وەلایان دەنێن.

ئێستا کوردەکانی عێراق لە شەڕی موسڵدا بەشدار کراون کە لە ١٧ی ئۆکتۆبرەوە دەستی پێکردووە و تێیدا سپای عێراق بەیارمەتیی ئەمریکا بەشدارن. لەگەڵ هەندێ دڵەڕاوکێی تر کە لەلایەن هەندێک هێزەوە هەیە، کوردەکان هیوادارن، خەڵاتی بەشداری کردنیان لەو شەڕە، سەربەخۆییان بێت یان هەر هیچ نەبێ مافی دەسەڵاتیدارەتییەکی زیاتریان پێ بدرێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هاوینی ڕابردوودا بە دەنگی ئەمریکای گوت:

"سەربەخۆیی مافی گەلی ئێمەیە" و گوتیشی: "ئێمە بڕیارمان داوە تا سنوورەکانمان تا ئەو شوێنانەی کە ئازاد کراون، بەرین بکەینەوە".

لە بەختی ڕەشی کوردەکان، ئەوە کۆتاییەک نیە بۆ ئەوان و هیچ کات وەڕاست نەگەڕا، مێژووی کوردەکان، لێوڕێژە لە خیانەتی ڕۆژئاواییەکان. لە ساڵی ۱۹۲۰ دا و دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، بریتانیای گەورە، فەڕانسە، ئیتالیا و ئیمپراتووریی عوسمانی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ڕێککەوتن بەڵام تەنیا ۳ ساڵ دواتر لە ڕێککەوتنێکی تردا، موتەفقین بە بەفەرمی ناسینی مستەفا کەماڵ ئاتاتورک، کوردەکانیان بێ وڵات بەجێهێشت و پشتیان تێکردن.

دوای ئەوە، گرووپگەلێکی زۆر و جیاوازی کورد هەوڵیان داوە بۆ سەربەخۆیی و شکستیان هێناوە.

کوردستانی عێراق: لە سەرەتای ۱۹۷۰، کاتێک کە وڵاتی عێراق لە لایەن سۆڤیەتەوە پێکهات، شای ئێران، قەناعەتی بە ئەمریکا هێنا تا هێزە کوردییەکان بۆ شەڕ بە دژی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر چەکدار بکات. لە کۆتاییدا، ئێران دەستی لە پشتیوانی کردنی کوردەکانی عێراق هەڵگرت هەروەک ئەمریکاش وایکرد و پشتی تێکردن و جارێکی تر کوردەکان هەستیان پێکرد کە خیانەتیان پێکراوە.

دەیەیەک دواتر، دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق، ئەمریکا دەستی کرد بە یارمەتیدانی بەغدا کە ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە واتای یارمەتیدانی سەدام حوسێن بوو تا بتوانێ شەڕێکی درێژخایەن بە دژی کوردەکان وەگەڕ بخاتەوە. ساڵی ۱۹۸۸، لە دوایین ڕۆژەکانی ئەو شەڕ و ناکۆکییەدا، هێزەکانی سەدام حوسێن چەکی کیمیایی و بۆمبی کیمیاییان لەسەر کوردەکان بەکارهێنا.

کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳، وڵاتی کوردەکان وەک ناوچەیەکی نیمچە خودموختار لە باکووری عێراق، بەڕێوە دەچێ. ئەو ناوچەیە لە بەراود لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق تا ڕادەیەکی بەرچاو ئارام و ئاوەدانە. لە دوای سەرهەڵدانی داعش، پێشمەرگەکانی کورد، لە بەربەرەکانی لەگەڵ گرووپە جیهادیەکان لە عێراق، زۆر سەرکەوتوو بوون.

کوردەکانی سووریە، لە هەمبەر داعش زۆر سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتی لە شەڕی کۆبانی کە نزیک لە سنوورەکانی تورکیە هەڵکەوتووە، ئەوان کە ناویان هێزەکانی پاراستنی گەل یان یەپەگەیە بۆ ماوەی ٦ مانگ بە یارمەتیی هێزە

## بەشی چوارەم

سەربازییەکانی ئەمریکا لەگەڵ داعش شەڕیان کرد و لە ئەنجامدا لە مانگی مارسی ٢٠١٥، باژێڕەکەیان لە دەست داعش ئەستاندەوە. لە ڕۆژئاوا، واتا ڕۆژهەڵاتی سووریە، یەپەگە کە سەر بە پ ک کایە، خۆیان ناوچەیەکی خودموختاریان لە دوای دەست پێکردنی شەڕەوە، پێکهێناوە.

ئێستا، دوو ساڵ دوای ئەوەی کە موسڵ کەوتە دەست داعش، کوردەکانی عێراق هیوادارن سەرکەوتن تۆمار بکەن. ئەگەر ئەو یەکگرتنە لە موسڵ سەربکەوێت ئەوا دەتوانێت ئەنجامگەلێکی گرنگی بۆ ئەوان بەدودا بێت. ڕێککەوتنێک لەلایەن ئەمریکاوە واژۆ کراوە کە لە ناویدا بڕیار دراوە یارمەتیی ماڵی بۆ پێشمەرگەکان تەرخان بکرێت. لە هەمان کاتدا، مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە چڕی بەرەو سەربەخۆیی پەل دەهاوێ. لەدوا شەڕی یەک ساڵی دوایی، بارزانی حیزبەکەی خۆی ڕاسپاردووە تا لەسەر گەڵاڵەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کار بکەن. ئەو هەوڵانە دوای ئەوەی کە پارلمانی کوردستان لە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ەوە بە هۆی بەربڵاویی کێشە ئابوورییەکانەوە ڕاوەستاوە، ڕاگیراون، هەربۆیە کوردستان ناتوانێ بە شێوەیەکی یاسایی تا کاتێک کە ئەو گۆڕانکارییانە نەهێنە ئاراوە، گشت پرسییەکە ئەنجام بدات.

بەڵام تەنانەت ئەگەر ڕێبەرانی کوردی عێراق، بتوانن جیاوازییەکانیان وەلانێن، هەندێک شرۆڤەکاری وەک دۆن فریدمەن - بەڕێوەبەری پێشووی نەوتی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە کۆمپانیایەکی تورکی - بریتانیاییە لە بواری وزەدا - باس لەوە دەکا کە کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق، ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی زۆرتر دەبات. ناوبراو لە دوایین نووسراوەی خۆیدا لە سیاسەتی دەرەوە (Foreign Policy) ، نووسیویەتی: "چۆن دەکرێ وڵاتێکی گەمارۆدراو لە ناو ویشکانی کە هەموو شتی بەستراوەتەوە بە هەناردەکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و لە ناو ڕێڕەوێکی تەژی لە تەنگژەدا ئابلۆقە دراوە، خۆی ڕاگرێ؟"

کوردەکان ئەوە زۆر باش دەزانن کە لەوانەیە سەردەمی بەختیان کاتێک دێتە دی کە ئاڵۆزییەک لە ناوچەکەدا هەبێ. کوردەکان بڕوایان وایە بۆ سەربەخۆیی ئامادەن. هەندێ شرۆڤەکاریش هاوڕان. پیتێر گالبرایت، سەفیری پێشووی ئەمریکا کەدوای هاتنە سەر کاری یارمەتی هەرێمی دا تا پیشەسازیی نەوت لە کوردستانی عێراق پێ بگرێت دەڵێ کوردەکان لە عێراق زیاتر لە هەر نەتەوەیەکی تر کە من پێشتر کارم تێدا کردوون بۆ نموونە وەک، تەیمووری ڕۆژهەڵات، کرۆواسی و سوودانی باشوور، ئامادەی سەربەخبوونن،

هۆکاری یەکەم: سەرەڕای دابەش بوونی سیاسی لە ناو گرووپگەلی کوردەکان، هاوڕاییەکی بەهێز بۆ سەربەخۆیی لە نێوانیدا هەیە. لێکۆڵینەوەیەک کە لە مانگی ئاگۆستدا لەلایەن زانکۆی ئەمریکایی کوردستان، ئەنجام دراوە دەریدەخا کە زیاتر لە



سەرچاوە
Serchawe

٨٤.٣ لە سەدی خەڵک لە کوردستانی عێراق، دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن.

هەروەها هەندێ نیشانە هەیە کە دەریدەخا حەزێکی ناونەتەوەیی بۆ پشتگیری کردن لە کوردەکان لە ئارا دایە و بوونی هەیە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جان کێری و ئانتۆنی بلینکێن، بە پێی ئەرکی پێ ئەسپێردراوی، لەو دواییانەدا سەفەرێکی بۆ هەرێم کردووە تا لەگەڵ ڕێبەرانی کورد کۆببێتەوە و هەروەها ڕاسپێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سامانتا پاوێر، بەشێکی بەرچاو لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی "کێشەیەک لە دۆزەخەوە"، کە خەڵاتی ساڵی ٢٠٠٢ی پۆلیتزێری بردۆتەوە، تەرخان کردووە بە کۆمەڵکوژیی کوردەکان و هەروەها یەکێکە لە گەورەترین ڕەخنەگرەکانی هێرشە کیمیاییەکەی سەددام حوسێن بە دژی کوردەکان.

دەوڵەتی ئەمریکا تا ئێستا بە ڕەسمی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردەکان لە عێراق نەکردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ترسێک لە سەرهەڵدانی قەیران و تەنگژەیەکی گەورەتر لە ناوچەکە. بەشێکی تر دەبێ لەگەڵ تورکیە ئەنجام بدرێت، تورکیە ئەندامی ناتۆیە و چەندین دەیەیە لەگەڵ کوردەکان شەڕ دەکا، ئەو ئەندامەی ناتۆ، ماوەیەک بەر لە ئێستا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش چۆتە سووریە بەڵام مەبەستێکی تری، پێشگرتنە لە دەستکەوتەکانی کوردەکان. ئانکارا نیگەرانی ئەوەیە کە ئەگەر بێت و کوردەکانی عێراق سەربەخۆ بن ئەوا کوردەکانی سووریە و تورکیەش بیانهەوێ شتێکی هاوشێوە بکەن، هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایش و هەروەها بۆڕیەکانی ڕاگواستنی نەوت و گاز کە لەو وڵاتەوە تێپەڕ دەبن.

لە مانگی ئاگۆست دا، کاتێک ئەمریکا پشتیوانی لە هاتنە ناوی هێزە سەربازییەکانی تورکیە بۆ سووریە کرد و داوایان لە هێزەکانی ی پ گ کرد تا بەورەو ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فرات پاشەکشە بکات، کوردەکانی سووریە هەستیان بە خیانەتێکی ناسراو و ئاشنا دەرحەق بە خۆیان کرد.

گالبرایت دەڵێ، کوردەکانی عێراق لە چاو ڕابردوو، پەیوەندییەکی زۆر باشتریان لەگەڵ تورکیەدا هەیە. لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردودا، ئەوان نەوتی خاویان لە ڕێگای ئانکاراوە هەناردە کردووە کە گرنگیەکی ستراتژیکی و هەروەها قازانجێکی دوو لایەنەی بۆ هەر دوو لا بەدوادا بووە.

بەڵام نەوت، بۆ کوردەکانی عێراق، نووشداروو (دەرمانی هەموو دەردان) نیە، بەتایبەت کە نرخی نەوت لە ئێستادا دابەزی و داهاتەکەی کەم بووە و کێشەش لەسەر بودجە لەگەڵ عێراق لە ئارا دایە و قووڵ بۆتەوە. لە ئەنجامدا ئەو کەم

## بەشی چوارەم

بوونەوەی داهات هاوکات لەگەڵ تێچووی شەڕ بە دژی داعش، بە توندی باری داڵیی کوردەکانی تێکداوە و ڕزاندوویەتی.

هەندێک شیکار لە بارەی ئەو کۆسپانەوە دەڵێن، ئەگەری هەیە کوردەکان بەرەو سەربەخۆیی ببات. سامۆیێل مۆریس، لێکۆڵەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بنکەیەکی لێکۆڵینەوەیە لە واشنگتۆن، "هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە هەرێمی کوردستان، بە سەرکەوتوویییەوە بەرەو سەربەخۆیی دەڕوات"، "سەربەخۆیی کوردەکان لە ماوەیەکی کورت خایەندا دوور لە ڕاستیە".

بەشێکی زۆر لە کوردەکانی عێراق وەک خدر (Kider)، فەرماندەی تیپی ژنان، وای نابینن. ئەو دەڵێ ئێستا کاتی کردەوەیە (مەبەست سەربەخۆبوونە)، ئەوە ڕاستییەکە مەگەر ئەوەی کە جارێکی تر ئەمریکا پشتیان تێکاتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## حەویجە وەک بەڵایەک بۆ کەرکووک



**عارف قوربانی**

ناوچەی حەویجە لەسەرەتای نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکانەوە تا ئێستا هەمیشە مایەی کێشە بووە بۆ کەرکووک، چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە مایەی بەڵای گەورەتر بۆ ئەو شارە و بۆ ئایندەی کوردستان.

کردنەوەی پرۆژەی ئاودێری و بایەخپێدانی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەم ناوچەیە و کردنی بە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگ و پڕ بەرهەم، بۆ نیشتەجێکردنی مەڕدار و خێڵە کۆچەرییە عەرەبەکان بوو لە سنووری کەرکووک. بناغەی دامەزراندنیشی لە رووی ئیدارییەوە وەکو ناحیە و پاشان کردنی بە قەزا، هەر بۆ مەرامی سیاسی بوو، بەمەبەستی بناغەدانان بۆ پرۆسەی بە عەرەبکردنی کەرکووک.

بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر ئەم ناوچەیەیان کردبووە شوێنی ئیمتیازبەخشین بە عەشیرەت و خێڵە بەدوییەکانی عێراق لە ناوەڕاست و باشوورەوە دەهێنران و زۆرترین زەویوزاری کشتوکاڵییان پێدەبەخشین تا لەناوچەکانی کەرکووک نیشتەجێ بن و ببنە پشتیوانی پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی. ئەنجامەکەشی بەو جۆرە بوو کە عەقڵیەتی شۆڤێنی عەرەبی پێش بەعس و بەعس دەیانویست.

بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ورد وەک کێڵگەی بەرهەمهێنانی عەرەب، هاوشێوەی دەواجنی هەڵهێنانی جووجەڵەی مریشک، ئەم ناوچەیەیان کردە ناوەندێک کە ساڵ لە دوای ساڵ رێژەی گەشەکردنی عەرەب لە کەرکووک بەشێوەی ناسروشتی بەرێتە سەرەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا کەرکووک پێویستی بە پرۆسەی تەعریب نەماوە، چونکە زیاتر لەو ژمارەیەی لە چوارچێوەی تەعریب دەهێنرانە کەرکووک، لە حەویجە بەهۆی گەشەی دانیشتووانەوە ئەو رێژەیە بەدەستدێت. بەپێی داتا و ئامارەکان لە رووخانی بەعسەوە بۆ ئێستا نزیکەی ٢٠٠ هەزار منداڵ لە حەویجە لەدایک بوون، ئەویش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکین و هەر پیاوێک لەو ناوچەیە سێ بۆ چوار ژنی هەیە. چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت لە ئێستاوە بۆ ١٠ ساڵی داهاتوو رێژەی گەشەکردنی عەرەب بە ئەندازەیەکی ترسناک بەرزبێتەوە و مەترسی بخاتە سەر ئایندەی کەرکووک.

ئەمە سەرباری ئەوەی لە ١٠ ساڵی رابردوودا هەرچی ماڵە کوردێک لە حەویجە هەبوون بە تیرۆر و تۆقاندن شاربەدەریان کردن و موڵک و ماڵیان داگیرکرا کە ژمارەیان زیاتر لە ٩٠٠ خێزان بوون. بەوەشەوە نەوستان و حەویجە و حەویجەییەکان بوونە سەرچاوەی هەڕەشە و تیرۆر بۆ کەرکووک.

هەرچی کردەوەی تیرۆریستی هەبووە سەرچاوەکەی حەویجە بووە، مۆڵگەی نەیارانی کورد و تیرۆریستەکان بووە کە بەهۆیەوە زیاتر لە ژمارەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەم دوانزە ساڵەدا هاووڵاتی کەرکووک شەهید کراون. لەدوای هاتنی داعشیشەوە بۆ عێراق، حەویجە زوو ئەم مەترسیەی پەلکێشی کەرکووک کرد، جارێکی دیکە بووەوە بە ناوەندی ئەم هێزە تیرۆریستیە.

گەورەترین بنکەو بارەگا و ناوەندی مەشق و پێگەیاندنیان لە حەویجە دانا و رۆژانە لەوێوە پلان و بەرنامەی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە پێشمەرگە جێبەجێ دەکرد. بەوهۆیەوە سەدان پێشمەرگەی ئازا و گیانفیدای کوردستان شەهید بوون و دەیان پێشمەرگەمان کەوتنە دەستیان بە دیلی و رۆژانە لە ناو شارۆچکەی حەویجە سووکایەتیان پێدەکەن.

لە بەرامبەر ئەو دوژمنکارییەی حەویجەییەکاندا بۆ کەرکووک، کورد هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ لانیکەم خۆپاراستن و کەمکردنەوەی قوربانیەکانمان. لە ١٠ ساڵی رابردوودا کە حەویجە ببووە سەرچاوەی هەناردەکردنی خۆکوژ و تیرۆریست بۆ کەرکووک، لانیکەم خۆ دەکرا رێگاکانی کەرکووک حەویجە دابخرێن.

بەڵام هەمیشە سیاسی و بەرپرسەکان بەجۆرێک کاریان کردووە کەمترین باج بدەنەوە، بۆ ئەوەی سەرۆک خێڵە عەرەبەکان لێیان رازی بن و لای بەغدا سکاڵایان لێنەکەن، گوێیان نەداوەتە ئەو نەزیفەی کەرکووک، چونکە ئەوانەی شەهید دەبوون خەڵکی هەژار و بەدبەختی کەرکووک بوون نەک کەسوکاری بەرپرسەکان.

## بەشی چوارەم

دوای هاتنی داعشیش بۆ حەویجە، لەوکاتەوە بۆ ئێستا سەدان کەسی ترمان بوون بە قوربانی، لانیکەم بۆ ئەوەی حەویجەش تووشی کێشە ببێتەوە، خۆ دەکرا هاوینی رابردوو ئاو و کارەبای حەویجە ببڕین کە سەرچاوەی ئاوەکەیان لە بەنداوی دوکانەوەیە و کارەباکەشیان لە کەرکووک. ئەگەر ئەوەمان بکردایە ژیان لە حەویجە نەدەما و دەبوایە هەموو خەڵکەکەی رەو بکەن. بەڵام ئەوەشمان نەکرد، نەبادا سەرۆک خێڵەکانی عەرەبی حەویجە گلەیی لە بەرپرسەکانمان بکەن.

لە چەند رۆژی رابردوودا کەرنەڤاڵی مەرگێکی تری شۆکهێنەرمان بینی کە پێشمەرگە دەستگیرکراوەکانمان بە کەژاوە لەناو قەفەس بەناو شارۆچکەی حەویجەدا سوڕێندرانەوە، خەڵکەکەی چۆن تەماشای ئەو قوربانیانە دەکەن، ئەگەری ئەوەش هەیە هاوشێوەی فڕۆکەوانە ئوردنیەکە ئاگریان لە جەستەیان بەردابێت کە لە بنەڕەتەوە ئەویش هەر بەهۆی حەویجەوە بوو. چونکە ئەو ناوچەیە تا نزیکترین دەروازەی جەستەی کەرکووک بە دەستی داعشەوەیە و لەوێوە پەلاماری پێشمەرگە دەدەن و دەگەڕێنەوە ئەو ناوچەیە کە بۆ ئەوان بووەتە ئارامترین پەناگا.

ناکرێت ئەم ناوچەیە بەو جۆرە بمێنێتەوە و شوێنی خۆتەیارکردنی دوژمنەکانی ئێمەبێت، شوێنی مەشق و راهێنانی تیرۆریستان بێت، شوێنی ناردنی خۆکوژ و سەرچاوەی تیرۆر بێت بۆ کەرکووک، قەڵغانی پەلاماردانی داعش بێت و کوردیش هەر بەدەم رۆیشتنی خوێنی جەستەیەوە تەماشای حەویجە بکات.

بۆ ئەوەی شەڕ و مەترسی لە کەرکووک دوور بخرێتەوە، دەبێت شەڕ ببرێتە حەویجە. بۆ ئەوەی ماڵی ئەوانیش وێران بێت، بۆ ئەوەی سەربازگە و ناوەندەکانی مەشق و راهێنانیان تێکبشکێت. بەوەش ناوچە و پەناگای ئارامی داعش نامێنێ و کەرکووک لە مەترسی دوور دەکەوێتەوە.

لەڕووی ستراتیژیشەوە دڵنیایی ئەوە دروست دەبێت کە کەرکووک بکەوێتەوە دەست ئیرادەی کورد، گومان دەکرێت هەر ئەوەش هۆکاری هێشتنەوەی حەویجە بێت وەک ناوەندێکی گەورە و بەهێزی پێگەی عەرەب و مەترسی و هەڕەشەی بەردەم لکاندنەوەی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە - رێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی مووسڵ و سەرهەڵدانی کێشە چارەنووسسازەکان!



**رەوەز**

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، عەمەلیاتی ئازادکردنەوەی شاری مووسڵ لە پارێزگای نەینەوا، پاش نیزیکەی دوو ساڵ لە دەسبەسەر داگیرکرانی لە لایەن داعشەوە، رۆژی دووشەممە ٢٦ی رەزبەر(١٧ی ئۆکتۆبر)دەستی پێکرد. لەو عەمەلیاتەدا کە بە پشتیوانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەڕێوەدەچێ، جگە لە دەیان هەزار هێزی پێشمەرگەی هەریمی کوردستان و هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندیی، چەند فەوج و دەستەیەک لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەو پارێزگایەش بەشدارن.

ئەوە کە شەڕی گرتنەوەی مووسڵ چەند رۆژ و حەوتوو و تەنانەت مانگی پێدەچێ و چەندە زیانی گیانی و ماڵی لێدەکەوێتەوە و ئەو شارە چۆن دەردەچێ و چی بەسەر دێ، پرسیارگەلێکن کە پێوەندییان بە رادەی بەربەرەکانی هێزەکانی داعەش لەو شەڕەدا هەیە. بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە پێشمەرگە و سوپای عێراق و ئەمریکا و هاوبەندیی نێونەتەوەیی دژ بە داعش، هەتا مووسڵ و هەموو شوێنە داگیرکراوەکان لەو وڵاتەدا رزگار نەکەن، درێژە بەو شەڕە دەدەن. دیارە بەپێی هەموو پێوەرە سیاسیی و سەربازییەکان - پشتیوانی نێودەوڵەتی، باڵانسی هێز، کەرەستەی شەڕ و گورزی فڕۆکەشەرکەرەکان - داعش،تەنانەت ئەگەر شەڕی کوڵان بە کوڵان و مان و نەمانیش بکات، خۆڕاناگرێ و لە ئاکامدا، هەنگاو بە هەنگاو ناچار بە پاشەکشە دەبێ.

ئەوەی لەو بەینە و لە پێش هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا زۆر سرنجراکێش بوو، هەڵوێستی راشکاوانە و توندی سەرۆککۆماری تورکیە لەمەڕ پێداگری لە بەشداریکردنی ئەو وڵاتە لە شەڕی مووسڵدا بوو. سەرەڕای ئەو پێداگرییەی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیە، عیبادی و دەوڵەتی عێراق تائێستا ئامادە نەبوون ئیزن بە هێزەکانی ئەو وڵاتە بدەن کە لەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بن. هەڵبەت پێشتریش لەسەر مانەوەی هێزەکانی تورکیە لە پێگەی سەربازی بەعشیقە، گرژیی

کەوتبووە نێوان دوو لایەن و سەرەڕای سکاڵای عێراق لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەو وڵاتە ئامادە نەبوو هێزەکانی بگەڕێنێتەوە نێو خاکی تورکیە.
پێداگری تورکیە لەسەر بەشدار بوون لە شەڕی مووسڵ، لە کاتێک دایە کە لە ماوەی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەیە لە عێراق و سووریەدا و تەنانەت ئەوکات کە داعەش هەولێری پێتەختی باشووری کوردستانیشی خستبووە ژێر مەترسیی جیددیەوە، ئەو وڵاتە ئامادە نەبوو، بە هانای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت و بەگژ داعەشدا بچێتەوە. ئەوەش کە تورکیە لە ڕۆژئاوای کوردستان هێزی ناردووە و بەبێ بەربەرەکانییەکی ئەوتۆ، توانی دەسبەسەر شاری جەرابلۆس و چەند ناوچەیەکی دیکەدا بگرێ، لە ڕاستیدا نەک بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و شەڕ لەگەڵ داعەش بووە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی ئەو دەوڵەتە، پێکهێنانی پشتێندەی ئەمنی بۆ خۆیان لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەرگری کردن لە چوونی شەرڤانانی کورد بۆ ڕۆژئاوای چۆمی فوڕات و پێشگیری لە وەسەریەککەوتنەوەی کانتۆنی عەفرین لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئەو بەشە لە کوردستان بووە.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێست و سیاسەتی تورکیە لە شەڕی مووسڵ و پاش ئازادکرانی لە چنگی داعەشدا، زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هەرچەند تورکیە هەمیشە بە چاوی بەشێک لە خاکی خۆی ڕوانیویەتە "ویلایەتی مووسڵ"ی ڕابردوو و خەونی بە دووبارە بوونەوەی سەردەمی عووسمانییەکان دەبینێ؛ بەڵام ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی باش دەزانن خەون و خەیاڵ، ئەگەر شتێکی خۆشیش بێ، بەکردە کردنی محاڵە و لەگەڵ ڕاستییەکان و "ئەمری واقع" دا ناتەبایە. هەربۆیەش پێداگری سەرۆککۆماری تورکیە لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە بەعشیقە و بەشداری لە شەڕی ڕزگار کردنی مووسڵ، بۆ هەمان سێناریۆیە کە لە سووریەدا خەریکی بەکردەکردنیەتی، واتە بە ناوی پارێزگاری لە تورکەمان و عەرەبە سوونەکان و شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم، ئەگەر تەنانەت بۆ درێژخایەنیش نەبێ، دروستکردنی پشتێندەیەکی ئەمنیە لەنێو خاکی باکووری عێراق و پارێزگای نەینەوا، بۆ بەناو پاراستنی ئەمنیەتی نەتەوەیی و لە ڕاستیدا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دۆزی کورد لە باکوور و باشوور و ڕوژئاوای کوردستان.

شک لەوەدا نییە سیاسەتوان و ئاکادێمیستەکانی تورکیە زۆر بەرچاو ڕوونن و باش دەزانن، کورد وەک نەتەوەیەکی دابەشکرا و پەراوێز خراو، لە پاش داعەش چ ڕۆڵێکی گرینگی لە ناوچەدا دەبێ و چ فاکتەرێکی سەرەکی‌یە لە هاوکێشە سیاسیی و جوگرافی و ناوچەییەکاندا. هەر بۆیەش پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی(نەتەوەی تورک) خۆیان و یەکپارچەیی خاکی تورکیە، لە بەربەرەکانی و دژایەتی لەگەڵ هەرچەشنە کیان و قەوارەیەکی کوردی لە دەرەوەی سنووره سیاسییەکانی خۆیاندا دەبینن. ئەوەش کە ناچارن لە معادلە و هاوکێشەکاندا، جێگە و پێگەی جێکەوتووی هەرێمی کوردستان - ڕەعایەت - لەبەرچاو بگرن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئیدی هیچیان لەگەڵ ئەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراودا پێناکرێ و

**بەشی چوارەم**

کورد گوتەنی، باشاری ناکەن، ئەگەینا زۆر لەمێژ بوو قۆڵیان بۆ تێکدان پەکخستنی لێهەڵدەماڵی. بەو حاڵەش بێگومان پیلانگێری و دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی نەگۆڕی تورکیە و کۆماری ئیسلامی و هەموو داگیرکەرانی وڵاتەکەمانە.

هەروەک گوترا داعەش لە شەڕی مووسڵدا تێکدەشکێ، بەڵام شەڕ و کێشە لەو شارە و لە پارێزگای نەینەوادا، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ئەو کوشتارە بە کۆمەڵ و جینۆسایدەی لە لایەن داعەش و بە بەشداری هەمەلایەنە وحاشاهەڵنەگری بەشێکی زۆر لە عەرەبە سوونەکانی ئەو پارێزگایە، بەداخەوە لەدژی کوردی ئێزیدی و کوردی شەبەک و مەسیحییەکان ئەنجام درا؛ لە لایەک متمانە و باوەڕی بەیەکەوەژیانی لە نێوان پێکهاتەی کورد(ئێزیدی و کاکەیی و شەبەک)و مەسیحییەکان و تورکەمانە شێعەکانی لەگەڵ عەرەبە سوونەکان لەبەین بردوە و لە لایەکی دیکەش دستێوەردانی ناوچەیی ئێران و تورکیە و بەتایبەت بوونی بەهێزی حەشدی شەعبی کە راستەوخۆ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە چاودێری دەکرێن؛ داهاتووی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی لەو پارێزگەیە ناموومکین کردوە.

جگە لەوەش لەداوی تێکشکانی داعەش، بێگومان کێشەی لەمێژینەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە هەر ئێستا زیاتر لە ٩٠لەسەدی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە دایە و هەروەها ئەو ناوچە کوردستانییانەی پارێزگای نەینەوا کە پێشمەرگە لە جەنگەی شەڕی داعەش لە مووسڵدا ئازادی دەکەن و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە رادەستی هێزەکانی دەوڵەتی عێراقی نەکاتەوە و زۆت کێشەی چارەسەرنەکراوی دیکە، دەتوانن هەوێنی بەهێز بن بۆ شەڕ و کێشەی دیکە، لەپاش قۆناغی تێکشکانی داعەش لە مووسلدا. ئەوەی ئێستا بە روونی دیارە ئەوەیە کە ئەگەر کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەیاری زۆر بەهێزی ناوچەیی وەک تورکیە و رژێمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ناوەندی عێراقیان لە هاوکێشەی مووسڵ و داهاتووی خەڵکی ئەو پارێزگایە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمدا هەیە و لە داهاتوودا دەبێ، لە بەرانبەردا لە لایەک کەمینە ئایینییەکانی وەک کوردانی ئێزیدی و شەبەک و کاکەیی و مەسیحییەکان و تەنانەت بەشێک لە عەرەب و تورکەمانەکانی پارێزگای مووسڵ لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی هەرێمی کوردستانن و داوایان کردوە کە بە دامەزراندنی پارێزگایەکی نوێ، بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و لە لایەکی دیکەش نێوی کورد وەک نەتەوەیەکی ئازادیخوازی وجینۆساید کراو و ناوی بەرزی پێشمەرگە و شەڕڤان، لە جیهاندا و لە شەڕی سەربەرزانە لەگەل تێرۆریزم و داعەش وەها لە زەین و گۆشی خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستدا زرینگاوەتەوە و خۆشەویستی نەتەوەکەمانی بۆلای خۆیان راکێشاوە کە ئیدی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان ناتوانن بە گەلەکۆمەکی و پیلان و فرت و فێل، بۆ جارێکی دیکە لە مافە رەواکانی، لانیکەم جارێ لەو بەشە لە کوردستان بێبەری بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

## داعش بۆ پەلاماری کەرکوک دەدات؟



د. زمکان عەلی

پەلامارەکەی ئەمڕۆی ڕێکخراوی تێرۆریستی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ سەر شاری کەرکوک پاڵنەری تایبەت بە تاکتیک و ستراتیژی ئەو گرووپەوە هەیە کە دووره لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە.

جیهادییەکان دەزانن کە پێکهاتەی نەتەوەیی کەرکووک و گرنگیپێدانی کورد بەو شارە ڕێگەیان پێنادات کە هاوشێوەی موسڵ تێیدا بمێننەوە و بیکەنە بەشێک لە خەلافەتەکەیان لە ناوچەکەدا.

پەلاماری داعش بۆ سەر کەرکووک لە ئاستی یەکەمدا پەیامێکە بۆ سەرکردایەتی کورد بەوەی کە گەر پێشمەرگە بەردەوامبێت لە بەشداریکردن لە شەڕی موسڵدا، ئەوا ئەوانیش هێرش دەکەنە سەر بەنرخترین ناوچە بەلای کوردەوە کە ئەویش شاری کەرکووکە.

وەک ئاشکرایە، هێزی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ لە دەستی داعش لە میانەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژە تیرۆردا بە سەرکردایەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەم سیاقەدا، ئامانجی سەرەکی داعش لە پەلاماریدا بۆ سەر شاری کەرکووک دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ و پەرتەوازییە لە ناو سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی کورددا بە مەبەستی لاوازکردنی بەشداری پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگی موسڵ لاوازکردنی ورەیان.

## بەشی چوارەم

داعش دەیەوێت سەرکردایەتی سیاسی و عەسکەری کورد ناچار بکات کە بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی موسڵ بکشێننەوە بەرەوە بەرەی کەرکووک.

داعش تێدەگات کە لە ڕووی ستراتیژییەوە بەشێک لە ئامانجی پێشمەرگە لە بەشداریکردن لە ڕزگارکردنی موسڵدا زامنکردنی دەسەڵاتی کوردە بەسەر کەرکووکدا لە داهاتوودا.

دروستبوونی نائارامی لە ناو کەرکووکدا پرسیار دەخاتە سەر توانای کورد بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ئەو شارە لە داهاتوودا کە ئەمە دەرئەنجامێکە سەرکردایەتی کورد نایەوێت بێتە دی.

لە ئاستێکی تردا و لە میانەی پەلاماریدا بۆ سەر کەرکووک داعش پەیامێکی پێیە بۆ لایەنگرەکانی لەسەر ئاستی جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاوپەیمانێتی ڕزگارکردنی موسڵ.

داعش دەیەوێت دووپاتی بکاتەوە کە بە پێچەوانەی بانگەشەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی (بە لاوازبوونی ئەم گرووپە و نزیکبوونەوەی دەرکردنی لە عێراق) جیهادییەکان توانای هێرشبردنیان هەیە تەنانەت بۆ پێگەیەکی ستراتیژی وەک کەرکووک کە لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە پارێزگاری لێدەکرێت.

بە واتایەکی تر، داعش دەیەوێت بڵێت کە نەک تەنها لاواز نین و لە کشانەوەدا نین،

بەڵکو توانای دروستکردنی مەترسی گەورەیان هەیە لە ناو عێراقدا و لە پێگانەی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵیاندا نییە. لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕە موسڵەوە، هاوپەیمانی هێزە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان شان بەشانی کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری سەربازی لە چواردەوری موسڵ، کامپەینێکی ئیعلامی گەورەیان بەرپا کردووە کە جەخت لە سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان و تێکشکاندن و لاوازبوونی داعش دەکاتەوە.

پەلامارەکەی ئەمڕۆی داعش بۆ سەر کەرکووک هەوڵێکە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە هاوسەنگی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کە بە پێچەوانەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیهادییەکان لە پاشەکشەدا نین و دەتوانن بارودۆخی ئەمنی شارێکی ستراتیژی و گەورەی وەک کەرکووک تێک بدەن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

داعش دەیەوێت سەردێڕی هەواڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان بێت و زۆرترین سەرنجی جیهانی و ناوخۆیی بەلای خۆییدا ڕابکێشێت بەوەی کە هێزێکە توانای دروستکردنی ڕووداوی هەیە.

بەداخەوە، سەرنجی میدیایی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر کردەوەکانی داعش خزمەتی ستراتیژەکانی ئەم گرووپە دەکات.

بەڵام داعش بۆچی توانی پەلامارەکەی ئەمڕۆی بۆ سەر شاری کەرکووک جێبەجێ بکات؟ کەرکووک شارێکی فرە نەتەوەیی و پڕ کێشەو ململانێیە، بە تایبەتی ململانێی کورد و عەرەب لەسەر دەسەڵات لەو شارەدا.

لە لایەکی ترەوە، لایەن و پارتە سیاسییە کوردییەکان لەسەر ئەجێندایەکی نیشتمانی کاریان نەکردووە بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی تەواوی کورد بەسەر شارەکەدا. ململانێی حزبی لە کەرکووک وای کردووە کە سەرکردایەتی کوردی کاتی نەبووبێت بۆ ڕاکێشانی وەلا و ئینتمای عەرەبەکانی ئەو شارە کە پێدەچێت بەشێکیان بە هۆکاری جیاواز لایەنگری داعش بن و هاوکاریان بکەن بۆ ئەنجامدانی پەلاماری لەو شێوەیەی ئەمڕۆ بۆ سەر شارەکە.

بە کورتی ململانێی نەتەوایەتی و حزبی ڕێگەی گرتووە لە دروستکردنی دەزگای ئەمنی توندوتۆڵ و پتە و بەشێوەیەک کە بتوانێت کە ڕێگە لە هێرشی بەم قەبارەیەی ئەمڕۆی داعش بگرێت بۆ سەر ناوەندی شارەکە.

لەوانەیە داعش شانەی نوستوی هەبێت لە کەرکووک، بەڵام قەبارە و جۆری هێرشەکەی ئەمڕۆی داعش بۆ سەر ئەو شارە ئاماژەیە بۆ بوونی درزی گەورە لە دەزگا ئەمنیی و پۆلیسییەکانی شارەکەدا بە شێوەیەک کە ڕێگەی داوە بە هاتنی ئەو ژمارەیە لە داعش بۆ کەرکووک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی موسڵ شەڕی راستەقینەی کوردە



نەبەز گۆران

من هیچ شتێک لەبارەی وردەکارییەکانی شەڕ و، نەخشە سەربازییەکانەوە نازانم، ئەوەیان لێدەگەڕێم بۆ شارەزایانی سەربازی. بەڵام، کۆمەڵێک لێدوان وەک ئارگۆمێنت دەهێنمەوە، تابتوانم لەپشت ئەو ئارگۆمێنتانەوە بەرگری لە بیرکردنەوەکانی خۆم بکەم. (جیاواز لەوەی کە دیدمان چییە بۆ هێزە ناوخۆییەکانی هەرێم، جیاواز لەوەی دەمانەوێت چ سوپایەک و چ نیشتیمانێکمان هەبێت، ئەمانە کۆمەڵێک بۆچونی جیاوازن لە ڕابردوو لە ئێستا و داهاتوودا دەخرێنە ڕوو.) ئەما ئەوەی ئێستا لەپێش کوردی باشور و ڕۆژئاواییە، بەژداریکردنە لەو شەڕەدا. (بیرمان نەچێت کورد شەڕەکەی دروستنەکردووە، هێزێکی ئایدۆلۆژی ئایینی هاتووەتە بەردەرگای ماڵی کورد بۆ ئەوەی بیسرێتەوە. کوردیش بەرگری لەخۆی کردوە و، لەم بەرگرییەشدا دەیان خێزان لە هەریەکە لەنزیکەکانمان خوێنی بەخشیوە.)

بۆ ئەوەی بزانین بۆ پێویستە کورد لەم شەڕەدا بەژداری بکات، دیدە حیزبی و ناوچەییەکان وەلادەنێین و تەماشای خودی مەترسییەکە و خودی شەڕەکە دەکەین بە شێوەی سیاسیی و، ئایندەبینی و مەترسیی بۆ سەر کورد.

وتەبێژەکەی پنتاگۆن دەڵێت: "ئێمە بەژداری شەڕی موسڵ دەکەین، چونکە بوونی داعش لەو شوێنەدا بۆ ئاسایشی ئەمریکا جێگای مەترسییە." لە پاڵ ئەودا، جگەلەوەی تورکیا بەشێوەیەکی ڕژد یارمەتیدان، بەڵام دەڵێت: "بەژداری شەڕی موسڵ دەکەین بۆ ئەوەی، وڵاتەکەمان لە مەترسی بپارێزین و، بچینەوە شوێنە کۆنەکانی خۆمان/مەبەست لە خەونە کۆنەکەی عوسمانییە کە زەحمەتە بۆیان بێتە دی."

لەتەنیشت ئەواندا وتەبێژی سوپاسی ئێرانی دەڵێت: "بەژداری شەڕی موسڵ دەکەین، بۆئەوەی سنوورەکانمان لە مەترسی

بارێزین."

ئەم کۆمەڵە لێدوانە سەربازیی و سیاسییە، دەبنە ئارگۆمێنتێکی بەهێز بۆ ئێمەی کورد. کە لەپاڵیدا بپرسین، ئەگەر بوونی هێزێکی ئایدۆلۆژیی ئایینیی وەک (داعش)، لەناوچەکەدا جێگای مەترسی بێت بۆ ئاسایشی ناوخۆی ئەمریکا لەو کیشوەرە دورەوە، ئەدی چۆن جێگای مەترسی نییە بۆ کورد لەم نزیکەوە؟ کاتێک ئێرانییەکان بێن بەژداری شەڕێک بکەن دەیان کیلۆمەتر لە وڵاتەکەیانەوە دورە، کورد بۆ بەژداری شەڕێک نەکات کە لە هەرچرکەساتێکدا غافڵ ببێت ئەو هێزە ئایدۆلۆژییە ئایینە مەترسیدارە دێتە ناو شارەکانی و ئاسایشی ناوخۆی  تێک دەدات.

کاتێک تورکیا کە خۆی دینەمۆی دروستکردنی ئەو هێزە بوو بۆهاوکاریکردنیان و، ئێستا بیەوێت بەژدار بێت، چۆن دەبێت کورد کە شەڕەکە لەناو بەشێک لە خاکەکەی خۆیەتی بەژدار نەبێت؟

ئەم پرسیارانە بۆ ئەوانەیە کە تەنها بە دیدێکی حیزبی و کاتییەوە سەیری شەڕەکە دەکەن. دور لەم دیدە با سەیری نەخشەی شەڕەکە بکەین لەڕویی سیاسیی و ئایۆدلۆژیی و مەترسییەوە. گەر کورد بەژدار نەبێت، گەر کورد بەرگری لەخۆی نەکردایە ئەو هێزە ئێستا لەناو شارەکاندا نەبوو؟ کاتێک بۆشاییەکی بچوک دروست دەبێت ئەوان هەوڵی هاتنە ناوەوە نادەن بۆ شارەکان؟ کاتێک مەترسییەکی گەورە لەبەردەم کوردابێت، بۆچی کورد لەم مەترسییەدا کە پێش هەمووی مەترسییە بۆ خۆی بەژدار نەبێت. دوژمنێک لە تەنیشتت بێت، وەهم نییە بڵێیت: بۆ دورخستنەوەی لە ماڵەکەم ئیشی من نییە؟!

بەژدار بوونی کورد لەم شەڕی موسڵەدا، بەپێچەوانەی ئەو دیدە بازنەییەوە، بەشدارییەک نییە کورد شەڕ بۆ ئەوانی تر بکات. بەڵکو بەژدارییەکە کورد مەترسییەک لە خۆی دوردەخاتەوە. سنووری هەرێم لەگەڵ سنووری ئەو هێزە ئایدۆلۆژییە ئاینیە مەترسیدارەدا یەک سنوورە. زەبری گەورە لەم نێوانەدا بەرکورد و هاوڵاتیانی کورد کەوت. لەهەر شوێنێکەوە تەماشای بکەین ئەو هێزە هەوڵیداوە بێتە ناو خاکی هەرێم و، بەشێوازە ئایدۆلۆژییە ئاینییەکەی خۆیانەوە هەوڵی سڕینەوەی کورد بدەن.

مرۆڤ تێناگان بۆچی  ناتوانین دیدی خۆمان کەمێک فراوان بکەین و، سەیری دورتر بکەین. (ئێمە هەموومان دەزانین شەڕ چ وێرانەیەک دەهێنێت. کاتێک شەڕەکە هاتووتە بەردەرگا گەر نەچیتە دۆخی بەرگریکردنەوە، بێگومان ئەو دێت و ئەوەی بیەوێت دەیکات و کردوشیەتی.) ئەوەی ئێستا هێزە کوردییەکان بە هەموو ڕەنگە کانەوە دەیکەن، جوڵەیەکە بۆ بەرگریکردن لەو پانتاییەی مرۆڤی کوردی تێدا دەژیت،(ئەگەر ئەو پانتاییە سەرنجی زۆرمان لەشێوەی بەڕێوەبردنی هەیە، وەک هەمیشە

## بەشی چوارەم

لەکاتی خۆیدا سەرنج و ململانێکان دەکەین، نەک لەسەر حیسابی شەڕێک کە پەیوەندی بەچارەنووسی کۆمەڵگەیەکەوە هەیە.). بە دیوە سیاسیی و دیوە ژیان دۆستیەکەشدا، کورد لەم شەڕەدا نوێنەرایەتی کەس ناکات. نوێنەرایەتی خۆی دەکات و دوژمنێک لەخۆی دوردەخاتەوە. دوژمنێک گەر بۆی بکرێت پرۆژەی هەیە تەواوی کورد بە کلتوورەکەیە و زمانەکەیەوە کۆتایی پێبهێنێت.

بۆ منێکی هاوڵاتی ئەم هەرێمە، بێمانایە بڵێم : لەم شەڕەدا کورد شەڕی خۆی ناکات، لەکاتێکدا ببینم (ئێرانیەک، ئەمریکیەک، تورکێک) بێن بەژداربن لەم شەڕە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان لەو مەترسییە بپارێزن. بۆ کوردێک کە دوژمنێکی لەو جۆرە لەبەردەمیدایە گەر شەڕی نەکات و، خوێن نەرێژێت لە پێناو دورخستنەوەی، راستەوخۆ ئەو دوژمنە دێتە ناوماڵەکەی و ئەوەی دروستکردوە (ئێدی بەباش و خراپ و سەرنجەکانی هەموولایەکەوە.) تێکی دەدات. لەبری ئەوەی لەم چرکەساتانەدا سەرقاڵی سەرنجە ناوخۆییەکانی خۆمان بین، باشترە سەرقاڵی ئەوەبین کەمێک وەک (ئێرانییەکان و ئەمریکاییەکان) فراوانت سەیری مەترسیەکان و شەڕەکان بکەین و، کەمێک وەک ئەوان دور بڕوانین و زادگەکەی خۆمان لاگرنگتربێت تا بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆمان. چونکە، کورد ناچێت پارچەیەک خاکی سوننەی عێراقی لە دەست هێزێکی ئایدۆلۆژیی ئایینی رزگاربکات، کورد دەچێت دوژمنێک لەخۆی دوردەخاتەوە، کە ئەو دوژمنە خەون بە وێرانکردن و سڕینەوەی کوردەوە دەبینێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئەوەی لەکەرکوک روویدا



**زوبێر رەسوڵ چۆمانی**

تیرۆر ئەو دیاریدە دڕندە قێزەونەیە کەهەڕەشە لەهەموو جیهان دەکات هەرشوێنێک تروسکایی ئازادی لێبێت تیرۆریستان هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ کوژاندنەوەی مۆمی ئازادیی‌و دیموکراسی، ئەوان ڕاهاتوون تەنها لەتاریکیدا بژین بۆیە هەراسانن بەهەموو تروسکاییەکی ئاشتی، ئەوان دەیانەوێت بەکوشتن، رفاندن، مامەڵەکردن بەئافرەتو سوتاندن مرۆڤایەتی بەرەو سەردەمی جەهل بگێڕنەوە.

کەرکوک یەکێکە لەو شارە دێرینانەی عێراق کە بەدرێژایی ڕۆژگار بەهۆی گرنگی لەڕوی جیۆستراتیجو بەپیتی خاکەکەیی‌و دەوڵەمەندی لەسامانی ژێر زەویی‌و سەرزەوی بەردەوام مایەی چاو تێبڕینی دەستەڵاتداران بووەو هەوڵیان داوە بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

کەرکوک لەکاتێکدا کە شارێکی فرەنەتەوەو فرە ئاینە، بەڵام ئاشکرایە کە شارێکی کوردستانییەو لەلایەک کەرکوکییەکان بەیەکەوە ژیانیان وەک چەپکە گوڵەکەی مام جەلال هەڵبژاردووەو لەلایەکی تریشەوە کوردستانی بوونی کەرکوکیان پاراستووە، دوژمنانی کورد لەهەوڵدابوونە ناسنامەی کوردایەتی شاری کەرکوک بسڕنەوەو بۆ بەدیهاتنی ئەم زیندەخەونەیان هەموو ڕێگەکانی سڕینەوەی ناسنامەیان گرتوەتە بەر، بەڵام کەرکوکیەکان ئەوانەی تەرحیلو تەبعیسو تەعریبو تەعزیب نەیتوانی سەریان پێ شۆڕ بکەن وەک هەمیشە چقڵێک بوونە بۆ چاوی دوژمن.

داعش لەمڕۆدا کە دڕندەترین گروپی تیرۆریستی جیهانیە چەندین جار بەختی ڕەشی خۆی بۆ دروستکردنی نائارامی یان دەست بەسەراگرتنی کەرکوک تاقیکردووەتەوە، هەموو جارێک سەری خۆی لەبەردی ئەلحەد داوەو چەکدارەکانی بەدەستی

## بەشی چوارەم

**کەرکوکیە خۆڕاگرەکان بەرەو دۆزەخ بەڕێکراون.**

**بێگومان دوابەدوای دەستپێکردنی هەڵمەتی ڕزگارکردنی موسڵو شوێنەکانی تری عێراق داعش دووچاری شکستێکی گەورە بووەو شکستەکانیان لەمەیدانەکانی جەنگ وەری چەکدارانی بەتەواوی دابەزیوە بۆیە بۆ بەرزکردنەوەی وەرەی ڕوخاوی چەکدارانیانو بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان هەروەها بۆ دواخستنی هەڵمەتی ڕزگارکردنی حەویجەو موسڵ ئەو پەشێویی و نائارامیەی ڕۆژی هەینیان دروست کرد.**

**کارتێکی تر کە لەعێراق بەدەستی داعشەوە ماوە بەنداوی موسڵە کە مەترسی تەقاندنەوەو بۆمبڕێژکردنی لێدەکرێت کە ئەوە بابەتی ئێستای ئێمە نییە، ئەوەی پەیوەستە بەکەرکوکەوەو مایەی لەسەر وەستانە کەرکوکیەکان پێچەوانەی زۆر شاری تر ڕاکردن نازانن، ئەوان هەرکاتێک بزانن مەترسی لەسەر شارەکەیانە لەهەر کوێیەکی کوردستان بن بۆ بەرگریکردن لەشارەکەیان دەگەڕێنەوە کەئەوە جێگەی شانازییە، ئەو ژمارە زۆرە خۆبەخشەی هەینی لەکەرکوک بوون گەواهی ئەو ڕاستیەن.**

**خاڵێکی تری گرنگ چاوکراوەیی و چاونەترسی هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسە کە لەخۆبوردوانە فەرمانەکانیان جێبەجێدەکەن.**

**ئەم ڕووداوەی ئەمڕۆ لەوانەیە کۆتا ڕووداوی تیرۆری نەبێت بۆ سەر ئەو شارە بۆیە کەرکوکیەکان پێویستە ئاگاداری ئەو ئاوارە عەرەبانەبن کەوەک بۆمبێکی ئامادە هەڕەشەن بۆ سەر کەرکوک، ئاوارە عەرەبەکان چەندە هەڕەشەن بۆ سەر ئەو شارە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دوو هێندە، ئەو کەناڵانەی کە بەم قەیرانە لەبانگی بەیانەوە تابانگی شێوان ڕاستەوخۆ روماڵی رووداوەکانی کەرکوکیان دەکردو بێگوێدان بەمۆڕاڵی خەڵک زۆرێکیان قەبارەی کردەوە تیرۆریستیەکەیان زۆر لەخۆی گەورەتر نیشاندەداو بەردەوام ئەوەیان دووپاتدەکردەوە کەبارودۆخی کەرکوک خەریکە لەدەستدەردەچێتو ئەم شارە بێ خاوەنە!**

**ئەوە چەندێک کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی خەڵک هەبوو زۆر زیاتر لەوەش خزمەتی بەدەزگا هەواڵگریەکانی تیرۆریستان دەکرد کە لەڕاستیدا تیرۆریستانی داعش پێویست بەوە ناکات زانیاری لەسەرچاوەکانی تایبەت بەخۆیان وەربگرن تا ئەم جۆرە کەناڵە کوردیانە هەبن، بۆیە گرنگە هێزە ئەمنیەکانی کەرکوکو وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم ڕێگربن لەبەردەم روماڵکردنی ڕاستەوخۆی بەرەکانی جەنگو بارودۆخی لەم شێوەیە، ئەو کارەی ئەوان دەیکەن جگە لەخزمەتکردن بەبەرەی دوژمن ناچێتە هیچ خانەیەکی تر.**



سەرچاوە Serchawe

رووداوەکانی کەرکوک تێپەڕین، کەرکوکیەکان خەونی ئەوانەشیان وەک ئەوانی تر لەچاڵ نا دڵنیام خەونی گڵاوی زۆری تریش لەچاڵ دەنێت کەخەون بەشێواندنی کەرکوکەوە دەبینن، بەڵام گرنگە کە کەرکوکیەکان ئەزموون لەشکستەکانی دوژمنو خاڵە لاوازەکانی خۆیان وەربگرنو حیزبایەتیو باڵباڵێن کارلەیەک پارچەیی یان نەکات وەک کاری لێنەکردوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

## کەرکوک پەیامێک بوو دەبێت لێی تێبگەین



فارس نەوڕۆڵی

هاتنی تیرۆریستان بۆ کەرکورک چەندە شەڕێکی تیرۆرستی بێت زیاتر لەوە پەیامێکی سیاسییە، ئەم ڕووداوە زۆرشتی نیشانداین ئەگەر بتوانین کۆدەکانی بکەینەوە بەتایبهتی سیاسییەکان و دواجار کۆی خەڵکی کوردستان ئەوەی من لەم ڕووداوەتیگەشتم بە کورتی و لە چەند خاڵێکدا تیشکی دەخەمەسەر:

١- ئەمە پەیامیکی سیاسییە زیاتر لەجەنگیکی تیرۆریستی کەوڵاتانی ئیقلیمی لە پشتەوەیە، پەیوەندی بەتەسفیەی سیاسی حساباتی وڵاتانی ناوچەکەوە هەیە.

٢- بەکوردیان وت دەتوانین کەرکوک بەکوردەوە بسوتێنین.

٣- میدیای کوردی تەسویقێکی باشی بۆداعش کرد و زۆرگەورەی کردن لەڕووی تەکتیک و ورەی سیاسییانەوە، بۆیە داوا دەکەم ئیتر ڕوماڵی ڕاستەوخۆ ڕاگرن کەناڵێک لەبری قەڵای کەرکوک دەیوت قەڵای هەولێر جارجار دەیوت دهۆک یان سلێمانی.

٤- هەموو کورد بە چەند چەکدارێکەوە خەریکە و کۆنترۆڵ ناکرێن لەکاتی ڕووداوەکەوە ئاسایش نەیدەزانی چەند کەس داخڵ بوون.

٥- کێ ئەمانەی هێنا؟ ئەمە بەدواداچون و هەڵویستەی دەوێت.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

٦- یەکێک لە خاڵە لاوازەکان ناسەقامگیری سیاسی و ناتەبای حیزبەکانی کوردستانە.

٧- ڕووبەڕووبونەوەکە لەلایەن کوردەوە هیندە بێسەروبەرەیە، بەشی جەبهەیەکی گەورە فیشەک تەقیوە.

٨- بەڕای من پێویستە حزبەکان بە پەلە کۆببنەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم چونکە ئەم وەزعە شتی تری بەدوادا دێت.
٩-پێشبینی دەکەم ئەمە گەمەی وڵاتانی ئیقلیمی بێت بۆ ئەوەی بەوبیانووە وە هێزیان بێتە کەرکوک.

١٠- بێسەروبەرەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەکەوە دیار دەبێت دەزگا بەرپرسەکان چارەسەری بکەن.

١١- ناشیرینترین شت ئەوهیە کەناڵەکان لەگەڵ هەرکەس قسەی دەکرد یەکیک دەیوت جەماعەتی خولەی چەخماخ ساز یەکێک دەیوت سەر بەمامە عەزەم، کەسێکی تردەیوت سەر بە قالە قومبەلەم ئەمە دیمەنێکی نا شیرینە دەبێت هەموکەس بڵێت پێشمەرگەی کوردستانم نەک سەر بە کەسایەتییەک.

١٢- ئەم ڕووداوە ئەوەمان پێدەڵێت گەر بەپەلە ناومالی خۆمان ڕێکنەخەین دور نیە ئەم جۆرە شەڕانە بگوازنەوە بۆشارەکانی تری کوردستان، سلاو لە کەرکوک سڵاو لەشەهیدان داوا کارم بە پەلە کورد خۆی کۆبکاتەوە ڕووداوەکان جوان دەرناکەون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕ لەسەر شەڕی موسڵ!



هاوڕێ توانا مێرگەسەری

### ١- چی رویدا

دروست ٦ - ١٠ی سێ ساڵ لەمەوبەر، لەڕوداوێكی دراماتیكیدا، ئاسانتر لەئاسان، دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە(داعش) بەو گوزارشتەی خۆیان (بێ زیانو گیان.. موسڵی ئیحتیلالكراویان فەتحكردەوەو كۆتاییان بەهەژمونی جەیشی سەفەوی هێنا).

دیسان بەگوزارشتی خۆیان.. خەلیفە ئەبوبكر بەغدادی (شێخی نادیار)، بەعەمامەو جلێكی رەشو پۆشتەی سیما خەلیفەو خەلافەت! بۆ یەكمجار لەیەكێ لەمزگەوتەكانی شاری موسڵ، وتاری رۆژی هەینی خوێندەوەو موژدەی گێڕانەوەی خەلافەتی راگەیاندو داوای بەیعەتدانی لەسەرجەم موسوڵمانانی جیهان كرد!

سنوری شام - عیراقیان مەسحكردەوە.. لەیەكێ لەبەیاننامەكانیانیشاندا ئەو نیازەیان ئاشكراكرد كە دیزانی "سایكس-بیكۆ"ی پیلانی كۆڵۆنیالیزم بۆ پارچە پارچەكردنی جیهانی ئیسلامی كۆتایهات! هەروا تەركیبەی خەلافەتیان ئاشكرا كردو خەیاڵو خولیای فراوانخوازیان نەشاردەوە.

### ٢- كاردانەوەكان

دوای ئەم روداوە، كە بەمانا روداوێكی راستەقینەبو، بەو وەسفەی ئالان بادیۆ، بۆ روداوی راستینەو درۆینە دەیكات، كاردانەوە نێودەوڵەتییەكان، ئیقلیمییەكان، تەنانەت نێوخۆییەكان، لەئاستێكی نزمو بەرزدا (لا حەولە وەلایان) ئەدا،

## بەشی چوارەم

بیرمە وەک بڵێی ئێستایە، باراک ئۆباما، ئاشکرا گوتی نازانم چی رو دەدات!

وەک بڵێت جارێ دەبێت تەپو تۆزو غوبارەکە بنیشێت، ئینجا ئەمەریکا مامەڵە لەگەڵ دۆخێکی روندا دەکات، تورکیا کە سپۆنسەرێکی ئاشکرای ئەوساو ئێستای داعشە لەسوریا، بەوپەڕی توانا هاوکارو عەمباری چەکو چەکدارکردنی گروپە جیهادیستەکانی دەکرد، فڕگەکان ئاوەڵابون بۆ جیهادیستەکانی رۆژئاوا.. تاکو بێن دۆخی سوریا خوێناویتر بکەن!

کورتو پوخت.. مەددی سوننی، رەسمی خۆشحاڵییەکی بەدزیو شەرمنی هاتنی داعش دەکێشا بۆ موسڵ، لەناوخۆی عیراقدا سوننەی تەهمیشکراویش، کە چ بەعسو قەومییەکانو ئەنتی دەسەڵاتو تەریک لەحکوم، چ بەشدارو پشکداران لەحکومەتی شیعی، نەیان توانی خەونی غلۆر بویەوەیەی خۆیان راگرن.. بۆیە پێشوازی لەهاتنی داعش کرا!

لای خۆشمان، هەبون کورتبینییان تا ئەو ئاستەبوو، کە وتاری نیوو مەتریان لەژێر ناوی (داعش هێلکەمان بۆ دەکات!) دەنوسی، دواجار کار لەکار ترازاو ئەفکارو ئەتواری داعش دەریخست کە سوننەکان دەستیان بو چ کارتێکی ئاگراوی برد، کە هەم خۆیانو هەم سەر زەمینیان گڕتێبەردا!

### ٣- موسڵ دوا سەنگەری داعش

هەڵبەت کەوتنی موسڵ ئەوسا تەنها کەوتنێکی روتی سەربازیش نەبو، بەڵکو لێکەوتەی ئەو دۆخە سیاسیو ململانێ ئیقلیمیو فیتنە مەزهەبییە بوو، کۆمەکی بەهێزێکی وەک داعش کرد، هەمو لایەنەکان پێکرا بەشداربون لەتەسلیمکردنی موسڵ، ئێستا هەمولایەک شەڕ لەسەر شەڕی موسڵ وەک دوا سەنگەر دەکەن.. تورکیای دۆڕاو لەزەنگاوی شام.. لەزرە خەونی گێڕانەوەی هەژمون هەیبەتی لەویلایەتی موسڵی ئەوسای عوسمانی.. بەنیازی ئیحتلالێکی روتەو لە(باشیک) بارگەو بنەی داکوتاوە!

حەشدی وەتەنیو حەشدی شیعی، هێشتا لەنۆستالیژیای شەڕی مانو نەمانی زەیدو حسێن دا دەگوزێن!

کوردیش وەک هەمیشە بێ ستراتیژو پلان.. خەیانەت لەمێژوی خۆی ناکاتو و بەپێکهێنانی کۆمیتەیەکو دو بەڵێنی زارەکیو یەک موجاملەی زلهێزەکان.. جەنگاوەرێکی بەلاشی جەنگی ئەوانی ترە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## كەركوك



**عەزیز رەئوف**

ڕووداوەكانی كەركوك زۆر راستی سەلماند كە نە وانەی لێ فێر دەبین نە ڕامان دەچڵەكێنێت. ئەوەی لە كەركوك روویدا دروست وێنەی ئەو پاشاگەردانیەی دنیای ئێمەی پیشانداین لە بەڕێوەبردن وبەرگری و لاموبالاتی و حیسابنەكردن بۆ هەر پلانێك بۆ هاتنەناوەوە یان هەڵتۆقینی چەكداری نامۆ لە شارەكانمان.

كەركوك ئەو شارەی دەوڵەمەندترین شاری دنیایە لە نەوت، خەڵكەكەی لە خراپترین ئاستی ژیان و بەرپرسەكانی لە مافیاییترین ئاستی بەڕێوەبردن ژیان دەكەن، بەڵام دواجار كە شار دەكەوێتە بەر مەترسی ئەوەی بەرگری دەكات خەڵكی شارەكە خۆیانن. ئەوەی لە بیست و چوار سەعاتی ڕابردوو لە هەر شارێكی تر روی بدایە شار چۆڵ دەبوو، بەڵام كەركوكیەكان وەك ئەوەی ڕاهاتبن بە خوێن و برین،نەك شارەكەیان چۆڵ نەكرد، بەڵكو بەرگیەكی سەرسەختیش دەكەن.

داعشێك هەیە كە دێتە شارەكانمانەوە سەری ئینسان دەبڕن، بەڵام بەرپرسگەلێكیشمان هەیە نانی خەڵك دەبڕن. دەمێكە كەركوكیەكان بەدەست نوخبەیەكی سیاسیەوە لەو شارە نانیان بڕاوە، ڕاستە كەركوكیەكان سەرِبڕین لە نانبڕین بەگرنگتر دەزانن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن مەرگی هێواش، كولەمەرگی ژیان هیچ لە سەربڕین كەمتر نیە و كەركوكیەكان و سەرجەم خەڵك لەم هەرێمە دەبێت دوای داعش حیسابێكیش بۆ نانبڕەكانیش بكەن و ئاراستەی نارەزای و نەفرەتەكانیان لە داعشەوە بگوازنەوە بۆ ئەم نوخبە سیاسیەی كە نە پلانی هەیە و نە ستراتیژ، نە مەبدەئی ماوە نە ویژدان.

ڕوداوەكەی كەركوك پاشاگەردانی میدیای كوردی نیشانداین، كە ئەوەی داعش نەیدەتوانی شوێنەكان بدۆزێتەوە، میدیای

## بەشی چوارەم

کوردی بە بەلاش و لەڕێی ڕاستەوخۆی شاشەکانەوە دەیگواستەوە بارەگاکانی داعش، میدیای کوردی لە دۆخی وادا چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسی وادا دەکرد، چونکە لە شەڕەکە نەبوون و لەماڵەوە بوون، هیچیان نەبوو بۆ وتن جگە لە پاڵەوانبازی سەر شاشەکان.

سیازدە ساڵە نوخبەی سیاسی کوردی لە کەرکوک وەک مافیا ڕەفتاری کردووە، هیچ مایەی شۆک نیە داعش یان دروست بێت یان بێتە شارەکەوە، چەندین ساڵە دوو ئیدارە و دوو ئاسایش و دوو شێوازی حزبی بەڕێوەبردن وای کردووە کە کەرکوک وەک شارێک لە شار بکەوێت و ببێتە لانەی بێنەوایان لەلایەک و لانەی چەکدارە بیانیەکان و کردنی شار بە تەسفیەی حیساباتی نێوان بەغدا و تاران و ئەنقەرە.

ئێستا کەرکوک لەنێو دڵ و قودسدا شتێکی ترە. ئەمجارەش کەرکوکیەکان و پێشمەرگە بیرەنەوتەکانیان پاراست بۆ نوخبەیەک نەک بۆ خەڵک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

## کەرکوک



سەردار عەزیز

ئەوەی دوێنێ لە کەرکوک ڕویدا بەرکوڵە بۆ داهاتویەکی نزیک. ڕەنگە هێرشەکەی دوێنێ لە ڕوی ستراتیژی سەربازیەوە ئامانج لێی ڕێگری بوبێت لە هێرشکردنە سەر موسڵ، کردنەوەی بەرەیکی تر (تەقلیدیترین ستراتیژی سەربازی)، یان ئەگەر لە گرتنی شارەکەدا سەرکەوتوبونایە، ئەوا کەرکوک دەبو بە ئەولەویەت نەک موسڵ، موسڵ دوادەکەوت.

بەڵام هێرشی سوننە بۆ سەر موسڵ تەنها پلانێکی سەربازی نیە، بەڵکو بەشێکە لە ستراتیژێکی بەرفراوان و دورتر. لاوازبونی سوننە لە موسڵ، دەبێتە هۆی لاوازبونی سوننە لە کەرکوک. پێچەوانەکەشی ڕاستە. بۆیە بۆ چارەنوسی سوننە لە عێراقدا موسڵ و کەرکوک پێکەوە گرێدراون.

سوننە وەک قوربانیەک یان لێقەوماوێک یان زوڵملێکراوێک شەڕناکات، بەڵکو لە پێناو گەڕانەوە بۆ باڵدەستی دەجەنگێ. جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەم دو ئامانجەدا. زۆر هێز هەن دەیانەوێت سوننە وەها وێنا بکەن کە زوڵمیان لێدەکرێت، لە ڕاستیدا زوڵمیان لێدەکرێت، بەڵام بەشی زۆری ئەم زوڵمە یان ئەم بەکارهێنانی توندتیژیە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی سوننە. شیعە بۆ ئەوەی سوننە نەگەڕێتەوە ئەوا پەنا بۆ هەمو جۆرە هێزێک دەبات. کە پەرچەکرداری سوننەیە لە پەنابردن بۆ هەمو جۆرە هێزێک لە پێناو گەڕانەوە بۆ باڵایەتی.
کورد لە نێوان سوننە و شیعەدا بەش بوە. چونکە کورد نەتەوە نیە بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵێ گروپی بچوکی دژ بەیەک، نازانێت چی دەوێت، ئامانجی نیشتمانی نیە، نەتەوەنیە، هەندێ گەلحۆ لە نێوکورددا پەیدابوون تەنانەت دژ بە نەتەوەبونی کوردن، کورد زۆرترین بڕاوی بە وەهم هەیە، بۆیە بەرژەوەندی خۆی نازانێت بەڵکو گیرساوە بە وەهمی ئیسلامی

## بەشی چوارەم

سیاسی و کۆمۆنیزم و مرۆڤایەتیەوە.

کەرکوک عێراقێکی بچوکە. عێراق هەرگیز نابێتە دەوڵەت، بەڵکو تەنها جۆرە دەوڵەتێک لە عێراقدا دێتە ئاراوە کە دەوڵەتێکی سەرکوتکەری پاکتاوکەرە. تەماشای دروستبونی دەوڵەتی عێراق بکە، لە رۆژی سەرەتایەوە هەتا ئەمرۆ چالاکانە لە هەوڵی سرینەوەدایە بۆ پێکهاتەکانی. ئایا شیعە دەتوانن زاڵبن و ئەوانی تر لە رێگای دیومگرافی و هێز و پشتیوانی دەرەکی و زاڵبون بە سەر حکومەتدا پەراوێز بخەن. بە دڵنیاییەوە ئێستا ئامانجە کە ئەمەیە.
ئەگەر لە عێراقدا وێنەکە وەهایە ئەوا لە کەرکوکیشدا وەهایە. پێکەوەژیان بریتی نیە لە دۆخێکی کەلتوری بەڵکو پێش ئەوە پێویستی بە هاوسەنگی هیز، بەبونی یاسا، بە سەقامگیری ئابوری و زۆر شتی تر هەیە کە خەڵکیئەو دەڤەرە ناتوانن بیهێننە ئارا. ئابوری نەوت دژ بە پێکەوەژیانە (ئەمە تێزێکە کاری زیاتری دەوێت).

### بەڵام لە ئێستادا ئێمەی کورد دەبێت ئەم ڕاستیانەمان لا ڕون بێت؛

**یەک**. شەڕ کۆتایی نایەت، شێوازی دەگۆڕێت، بەرفراوان دەبێت
**دو**. دەبێت ئامرازەکانی شەڕکردنمان بگۆڕین
**سێ**. دەبێ پێشمەرگە بکەینە سەرباز و سەرلەنوێ رێکی بخەینەوە، لە کۆمەڵێ گروپی پەرتەوە بیکەینە هێزێکی نیزامی
**چوار**. ئەو دۆخەی ئەمرۆ لا ئارادایە ڕەنگە سبەینێ لە ئارادانەبێت، بۆیە دەبێت ئامادەبین بۆ گۆڕانکاری لە پڕ
**پێنج**. شەڕی کورد لە گەڵ داعشدا نیە وەک پێکهاتەیەک، بەڵکو ململانێی کورد لە گوڵ ئەو پاشخان و دۆخ و ئامانجە سیاسیانەدایە کە داعشیان بەرهەمهێناوە. ئێمە شەڕی گروپێک ناکەین کە تیرۆریستن، شەڕی کۆمەڵێک هێزدەکەین کە گروپی تیرۆریستی بەکاردەبەن بۆ ئامانجیان.
**شەش**. هەمو دونیا نەیاری دەرەکی لە ناوەوە کۆی دەکاتەوە، ئێمە دامان دەرزێنی. ئەمە لە بەر نەبونی ناسنامەی هاوبەش و نەتەوە نەبونی ئێمە. زۆرئاوا ئەویتر بەرهەم دەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی پێ جودابکاتە و بونیادبنێت. ئێمە ئەویتر هەڵمادەوەشێنێت.
**حەوت**. ڕەنگە نادەوڵەتی ببێتە دۆخی دیفاکتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نادەوڵەتی دۆخێکی زۆر سەختە، کەتیایدا هێز بڕیاردەرە. هێزیش بکوژ و بێبەزەییە. کورد زۆری ماوە بزانێت دەوڵەت چیە، هەیا دۆخێکی دەوڵەتی بەرهەم بهێنێت. حکومەت بەبێ دەوڵەت هەمیشە لاواز و شکستە. فۆکۆیانە بیربکەینەوە دەوڵەت بریتیە لە حکومەت، یان حکومداری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## خەڵکی چەکداری کەرکوکو مەترسی داعش



**ئاسۆ کەمال**

هێزی چەکداری خەڵکی کەرکوک دژی داعش لە ٢١ی ئۆکتۆبەردا ڕوداوێکی گرنگە کە میدیاکان گرنگی پێ نادەن و یەکێتی و پارتیش دەیانەوێ باسی ئەم هێزە نەکرێت. ئەوەی لەسەرەتای شەڕی کەرکوک دژی داعش بینیمان لەم ڕۆژەدا هاتنەمەیدانی خۆبەخۆیی خەڵکی چەکداری کەرکوک بوو و ئەم هێزە هەرچەند پەرژوبڵاو بوو بەڵام بەو ژمارە زۆرە و بەو گیانە جەنگاوەریەوە زوو توانی دۆخی ترس لەداعش نەهێڵێ و هێزی جەماوەری دژ بەو چەتانەی داعش کۆبکاتەوە. هەرچۆن ڕاپەڕینی ١٩٩١ خەڵکی چەکدار کردی نەک هێزی چەکداری یەکێتی و پارتی. ئەمە موبادەرە و دەستپێشخەری جەماوەریە دژی داعش و گرنگە پەرەی پێ بدەین.

هاتنە ناوەوەی دەیان چەکداری داعش فەشەلی ئاسایش و هێزەکانی یەکێتی و پارتی دەردەخا لە پاراستنی کەرکوک لە داعش سەرەڕای ئەو ملیۆنەها دولارەی بەدەست ئەم دەزگایانەوەیە. هەربۆیە خەڵکی کەرکوک پێویستە بۆ پاراستنی خۆیان لە داعش بیر لە ڕێکخستن و دروستکردنی هێزی چەکداری خۆیان بکەنەوە لە گەرەک و ناوچەکانی کەرکوکدا. نابێت ڕێگە بە هێزەکانی یەکێتی وپارتی بدرێت کەئەم دەستپێشکەری و هاتنەمەیدانەی خەڵک لەناوبەرن و بەناوی ئەوەی تەنیا ئاسایش و دژە تیرۆر دەتوانێ خەڵک بپارێزێ.

داعش تەنیا سوپایەکی پیشەیی نیە کە شەڕی جەبهە بکات و بەس ،بەڵکو ئەم هێزە لەناو خەڵکی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری نفوزی هەیە. هەربۆیە ئامادەیی خەڵکی چەکدار لە گەرەک و شوێنەکانی شاردا زۆر گرنگە بۆ وەڵامدانەوەی خێرا و نەهێشتنی گەیشتنی چەکدارەکانی داعش بە ئامانجی زاڵکردنی فەزای ترس و کۆنترۆڵی گەڕەک و دائیرە و شوێنە

## بەشی چوارەم

گشتیەکان. بەڵام تێکشکانی داعش لە کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری تەنیا بە هێزی عەسکەری ناکرێ. داعش دەیەوێ لە کەرکوکدا شەڕی کورد و عەرەب دروست بکا و لەم بارەوە تەجروبەی دروستکردنی شەڕی سونە و شیعەی هەیە کە تیایدا سەرکەوتوبوە. هەربۆیە خەڵکی کەرکوک دەبێ دژی هەر سیاسەت و کردەوەیەک بوەستنەوە کە دەیەوێ خەڵکی عەرەب و سونەی ناو کەرکوک بە داعش هەژماربکا و بەمەش هانی ئەوەدەدا کە داعش ئەم خەڵکە بکاتە هێز و نفوزی خۆی. خەڵکی کەرکوک لە شەڕی دژی داعشدا سەرناکەوێ ئەگەر ڕێگە لە هەر کردەوە و سیاسەتێک نەگرێ کە بەشێک لە خەڵکی کەرکوک هان دەدا بۆ چونە پاڵ داعش و سەیرکردنی داعش وەک پەنا و هێزێک بۆ پاراستنی خۆی. هەر نەعرەیەکی شۆڤێنیستی و مەزهەبی، کوردی یان شیعی، خزمەت بە بەهێزکردنی داعش دەکا و دەتوانێ هێز و نفوزی داعش زیادبکا.

خەڵکی کەرکوک بۆ نەهێشتنی داعش پێویستی بە هێزی چەکداری جەماوەری و ڕیزی یەکگرتوویی هەمو دانیشتوانەکەیەتی بە کورد و عەرەب و تورکمان و هەر مەزهەب و لایەنێک بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

## تەگبیر لە ئیدارەی موسڵی دوای داعش



ستران عەبدوڵلا

کێ دەبێتە دەسەڵاتداری موسڵی داهاتوو. مەبەست ئەوەیە چ چینێکی سیاسی حوکمی ئەم شارە دەکات. بێگومان وەک ناونیشانی سەرەکی ئەوی حوکمی موسڵ دەکات و بڕیاری سەرەکی لە چارەنووسی ئەدگاری حوکمی خۆجێی دەدات لەو شارەدا، عەرەبی سوننەیە.ئەوانی تر نفوزو دەسەلاتو هێزیان بە پلەی دووەم دێت.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کام عەرەبی سوننەن؟ ئالی نجێفی یان عەرەبێکی سوننەی پەیڕەو شیعەیی لایەنگری حکومەتی مەرکەزی، یان عەرەبی سوننەی دۆستی هەولێر؟ ئایا ئەزموونی داعشو هەڵبەزودابەزەکانی ئیدارەی شارەکە لەنێوان ٢٠٠٣ - ٢٠١٤ بەرچاو روونی داوەتە موسڵاوییەکان کە چۆن هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەنەوەو رێیەکی تازە بگرنە بەر؟

### (ماوەی پێش ٢٠٠٣)

### تا پێش هاتنی داعش، ئەزموونی ئیدارەدانی پارێزگاکە ئەزموونێکە لە نیگەرانیو ناسەقامگیری.

ساڵی ٢٠٠٣ موسڵ بەسەر رەوشێکی سەیردا کەوتەوە. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی موسڵ لەناو دەوڵەتی عیراقدا، ئەم شارە مەیلێکی شۆڤێنی عەرەبیو خودپەرستییەکی موسڵاوی هەبوو. لە سەردەمی پادشاییدا موسڵ چەند جار خۆی لە بەغدای پایتەخت لالووت کرد. جارێکیان کە عەرەبە سوننەکەی ئالی نوجەیفی دەنگیان بۆ بەعیراقیکردنی موسڵ نەداو ئەوەی ئەم پرسەی یەکلاییکردەوە کوردی ویلایەتەکە بوو. لە زەمانی مەلیک غازیدا موسڵ لە بەغدا یاخی بووو بە هەزار نالی عالی بکوژەکانی ژەنەراڵ بەکر سدقی تەسلیمی دادگا کرد. لە سەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا پەستانی خوێنی ناسیۆنالیستی عەرەب لەژێر هەژموونی شیوعییەکانو عیراقێتی قاسمدا گەیشتە ئاستێک، لە ١٩٥٩دا. ساڵێک دوای

ڕاگەیاندنی جەمهوریەت، شۆڕشی شەواف لە موسڵ قەوما کە (شۆڕشێکی) ناسریو قەومییەکانی ئەو شارە بوو. لە سەردەمی حوکمی بەعسییەکاندا موسڵ مەکۆیەکی قەومییەتی عەرەبی بوو. لە حوکمی درەنگ وەختی بەعسییە سەدامییەکاندا موسڵ هەروەکو قەڵایەکی عروبە مایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەدام حسێن کەیفی بە چالاکی سیاسیی نەدەهات با تەنانەت هی قەومییە وفادارەکانی وەک بەعسییەکانی موسڵیش بوایە. بۆیە قەومیەتی موسڵو سەنگیان وەک دووەم پارێزگای گەورەی عیراق رووی لە کەرتی سەربازی کرد ئەفسەرەکانی موسڵ لەناو سوپای عیراقدا پەرۆشترین بوون بۆ بەعەسکەریکردنی حوکمڕانی لە عیراقو تەماهی کردن لەگەڵ ڕەوتی عروبەی سیاسیی بەعسو سەدامدا. تەنانەت تکریتو ناوچە سوننییەکانی تر ئەگەرچی ئیمتیازی زیاتری حوکمیشیان لەبەردەست بوو، بەڵام قەت نەیانتوانی لە رووی مەعنەویو پرەستچی نەتەوەییەوە ناوبانگی خۆیان بخەنە سەرووی ناوبانگی موسڵەوە. تکریت بە ڤیاگرای بەعس کێرفی ناسیونالیستییەکی لادێی پێش خستبوو، بەڵام عروبەی مووسڵاوی شارستانیی‌و ڕەگداکوتراوتر بوو، چونکە هی سەردەمی پێش هاتنی بەعسیش بوو.حوکمی بەعس ئەوەندە مەرکەزیو بڕیاردەر بوو کە دوای پارێزگاری موسڵی بەعس پێش ٢٠٠٣ بەعسییەکی شیعە بوو بە ناوی عەبدولواحد شناز ئال ربات.

## لە ٢٠٠٣ - ٢٠١٤

کەوتنی بەعس بۆ موسڵ کەوتنێکی ئاسایی ڕژێمێکی مەرکەزیی نەبوو کە چەتری سوننیو عروبیو سەربازکردنی حوکمڕانی بوو، بەڵکو کەوتنی ڕژێمێکیش بوو کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا ئیسلامیی سیاسیی تێکەڵ بە عروبە کردو ئەو شتەی پایەدار کرد کە موسڵاوییان هەر لە بنچینەوە باوەڕیان پێ بوو: تێکەڵەیەک لە عروبەو سوننی گەراییو ئیسلامەتی.لە پەنا شارچێتییەکی موسڵاوییەوە بۆیە ئەمەریکییەکان سەرەڕای کۆششە زۆروزەوەندەکانی جەنەراڵ پاترۆیس کە ئەو کاتە هێشتا هەر جەنەراڵی موسڵ بووو نەبووە ژەنەراڵی پایەداری ئەمەریکا لە تەواوی عیراقدا، هەر ئەوەندەیان پێکرا حکومەتێکی شپرزە لە پاشماوەی بەعسییەکان پێک بێنن کە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی دوو ئیدارەیی ئەو کاتەی کوردستان جۆرێک لە ئەمنیەتی سەرەتایی بۆ دابین بکرێت.

غانم ئەلبەسۆ، کۆنە ئەفسەری عیراقی بووە پارێزگاری دانراوی ئەمەریکاییەکان لە موسڵو وەکو پارێزگارەکانی تری دانراوی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ئەنجومەنێکی پارێزگای بۆ پێکهات کە هەم پشتیوانی پارێزگار بێو هەمیش ئەدگاری پێکهاتەی حوکمڕانی لە عیراقی داهاتوو نیشان بدەن کە ئیتر حوکمڕانی پارێزگاکان پێکدێت لە پارێزگار(حکومەت)و ئەنجومەنێکی پارێزگا (پەرلەمانێکی لۆکاڵی). هاوتەریبن لەگەڵ دەستبەکاربوونی پارێزگاری دانراو ڕەوتی ئیسلامگەرایی کەوتە جووڵەو بوونە ڕەوتێکی زاڵ لە موسڵدا. موسڵی ئەوکات بووە ناوەندێکی گرنگی چالاکی توندوتیژیو تیرۆر لە زۆنی

سوننەو نزیکەی زۆربەی رەوتە سونییەکانی گرتەوە. پێش یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق غانم ئەلبەسۆی پارێزگار لابرا لەبەرئەوەی دەرکەوت پلەدارێکی بەعسییە، حوکمی داهاتووی پارێزگاکە بە کاندیدی هەڵبژێردراوی یەکەمین هەڵبژاردن سپێردرا.

ئەوی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم شارە بێ عەرەبی سوننە حوکم ناکرێت ئەوەیە لە یەکەم هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، دوای رووخانی سەدام کە هاوکاتی یەکەم هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانیش بوو (سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥) سوننەکان بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد. هاوپەیمانێتی کوردستانیی هەڵبژاردنەکەی پارێزگای بردەوەو بە ناچاری عەرەبێکی سوننەی دۆستی کوردی کردە پارێزگارو ئەم عەرەبە دۆستە کەوتە بەر هەڵمەتی تیرۆریستی فەزای تیرۆری موسڵو خۆیو ماڵباتەکەشی قوربانی زۆریان دا(ئوسامە کەشمولە تیرۆر کراو لە جێی ئەو درید کەشمولە بووە پارێزگار).

لە هەڵبژاردنی دوای ئەوە عەرەبی سوننە بە چڕی بەشدارییانکرد، نەک هەر لە موسڵ بەڵکو لە کۆی پرۆسەی سیاسیی عیراقدا. دوای ئەوەی بەڵێنیان پێدرا کە دەستکاری دەستوورو دەستکاری پشکیان لە حوکمرانیدا بکرێت. لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتی ئەسیل ئەلنجێفی هەڵبژاردنەکەی بردەوە (ساڵی ٢٠٠٩) تۆڵەی بەرودوایان لە کورد کردەوە. دەورانی یەکەمی حوکمی ئال نجێفی پەیوەندی موسڵی حوکمڕان لەگەڵ کوردستان زۆر خراپ بوو، بۆیە لەناو موسڵیشدا پۆستیان نەدایە کوردی ناو چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردایەتی، واتا لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی، پۆستیان دایە دۆستی عەرەبی سوننە لە موسڵ.

دەورانی دووەمی دروستبوونی کەینوبەینی نێوان هەولێر کە ئالی نجێفی لە دژی بەرەی شیعە بوونە دۆستی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە دواجار کە ساڵی ٢٠١٣ هەڵبژاردنی پارێزگاکان کرایەوە، لە موسڵ هەر نجێفی دەرچووەوە، بەڵام بە جۆرێک دۆستایەتییەوە لەگەڵ پارتی کە بەشی پارتیان دا لە ئیدارەی موسڵداو یەکێتییان لەسەر دەستی هەڤاڵی ئێستا پارتی، عارف رشدی، کردە خانەی ئۆپۆزسیۆنەوە.

لەو ژینگەیەدا ئەسیل نجێفی بە کاریگەری ململانێی براکەی لە بەغدا ئوسامە نجێفی لەگەڵ بەرەی شیعەدا، ئەویش ئیدارەیەکی خراپی شارەکەی کرد، چاوپۆشی لە تیرۆری سوننە کردو تەجاوزاتی هێزە حوکمییەکانی زەفکردەوە. لەم کەلێنەی تا دەهات گەورتر دەبوو، داعش موسڵی گرتو نجێفیش گوێزرایەوە بۆ مەنفای هەولێر.

پێی وابوو وەک پاڵەوانی رزگارکردنی موسڵ دەناسرێت، بەڵام وا نەبوو، بەڵکو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ سزایان داو

## بەشی چوارەم

پارێزگارێکی نوێیان لە مەنفا هەڵبژارد کە ئەو پارێزگارە نۆفل حەمادی سوڵتان (دەبێتە پارێزگاری موسڵی دوای داعشیش تا تەگبیری نوێ دەکرێت)، چ بە هەڵبژاردنی داهاتوو و چ بە تەگبیری ئیداری تازە.ئیدارەی تازەی موسڵ لە قۆناغی یەکەمدا ئاساییە بکەوێتە ژێردەستی پارێزگای تازە هەڵبژێردراو. بەڵام ئەوە بەس نییە کە تەنها زیاتر لە بیرکردنەوەیەک لەسەر ئایندەی موسڵ هەیە. بیرکردنەوەیەک ڕەهەندی ناوخۆیی و ئیقلیمیشی هەیە.

### ئیدارەی موسڵو ئەندێشەی عێراق

### ڕەهەندە ئیقلیمییەکە بۆ کاتێکی تر بەجێدێڵین، بەڵام لەسەر ڕەهەندە ناوخۆییەکەیە دەدوێین.

بیرۆکە زۆرن لەسەر ئیدارەی موسڵ، هەر لە بەهەرێمکردنەوە تا دابەشکردنی، تا گرێدانەوەی بە هەرێمێکی گەورەتری سوننە. لەناو هەموو ئەم بیرۆکانەشدا بژاردەی مافی کوردستانیش هەیە کە ناوچە ناکۆکەکانی وەربگرێتەوە.لەبەر مەیلی موسڵاوچێتی موسڵاوییەکان زەحمەتە موسڵ بەوە رازی بێت بچێتە ناو هەرێمێکی تری سوننەوە. بەتایبەتی ئەمە ئەگەری قرتداندنی هەندێک ناوچەی شیعەنیشینو مەسیحی نشینو کوردنشینی پارێزگاکەی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە رەنگە بژاردەی جێی ئارەزووی موسڵاوییەکان هەرێمی موسڵ بێت کە لە چەند پارێزگایەک پێک بێت. لە دوای مەیلی موسڵاوی، مەیلی عروبیو سوننیگەراییش رۆڵی هەیە کە هاندەرە بێت نەهێڵێت پارێزگای کوردی یان هی کوردی ئێزدی، پارێزگای مەسیحی دروست ببێتو زیاتر بیر لە دابەشکردنی ئیداریی (هەرێمە)کەیان بکەنەوە. ئەمەش دەرگا لەبەردەم کێشەی ناوچە کوردییەکانو ئیستحقاقی فرەیی موسڵ بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

ئەوەی جێی داخە حکومەتی عیراق، بەتایبەتی زۆرینەی شیعەی حوکمڕان هیچ تێزێکی بۆ ئەم کێشە ئاڵۆزە ئامادە نەکردووە هەر بە بیرکردنەوەی تاک ڕەهەندییەوە چۆتە شەڕی رزگاری موسڵەوە، هیچ مژدەیەک لەئارادا نییە کە ئەندێشەی سیاسی عێراقی ببێتە ئەندێشەیەکی مورەکەب بە جۆرێک چەند مۆدێلێک ئاوێتەی یەکتری بکات تا بەسەرهاتی چەندین ساڵەی موسڵ ڕێگا لەبەردەم بژاردەی داعشێکی تر نەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## بۆچی بردنەوەی جەنگی موسڵ نابێـە هۆی بەرقەرار بوونی ئەو "ئاشتی"ەی ئەمریکا دەیەوێ؟



**جاشوا رۆڤنەر و کاتلین تالماج**

**و: کوردەوان محەمەد سەعید**

داعش تا ئێستاش لە عیراقو سوریا پێی داکوتاوەو حکومەتی عیراقیش بە گرنگی دەزانێ بە شەڕێکی یەکلاکەرەوە دەری پەڕێنێت، رەنگە هەوڵ بدات گەمارۆ تاڕادەی خنکان بگرێتە بەر، کە تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی هەمان ستراتیژە کە ساڵی رابردوو لە رومادی گرتبوویەبەر. بەڵام بە داخەوە تێگەیشتن لەبارەی هەوڵەکانی لاواز کردنی داعش بابەتێکەو بەکارهێنانی ئەو لاوازبوونە بۆ سەرکەوتنێک کە ئاشتی درێژخایەنی لێ بکەوێتەوە بابەتێکی ترە. لەبەر ئەوە سێ پرسیار لەبارەی شەڕی موسڵو کاریگەرییەکانی لەسەر عیراقو ئەمریکا هەن، کە تائێستا وەڵامێکی تازەیان نییە.

### کێ شەڕ دەکات؟

هێرش بۆ سەر موسڵ تێکەڵەیەک لە چەند پێکهاتەیەک لە خۆ دەگرێ کە هەریەکەیان هەڵگری تواناو بەرژەوەندیو خواستی جۆراوجۆریان هەیە، ئەمە وێنەی جەنگەکەیە بەگشتی. لە لایەک واشنتۆن تا ئێستا پەیامو ئاماژەی جیاجیای هەیە لەبارەی پابەندبوونی بە شەڕەکەوەو ئیدارەی ئۆباما پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە شەڕەکە بە سەرکردایەتی عیراق بکرێتو هەر واش دەبێت، ئۆباما چەند جارێک ئەوەی راگەیاندووە کە نایەوێ هێزەکانی ئەمریکا بەشداری لە شەڕێکی گەورەی وشکانیدا بکەن، کە ببێتە هۆی داگیرکارییەکی کراوەی عیراق. لەلایەکی تریشەوە ئۆباما بەڵێنی داوە داعش لەنا ببات، وەک چۆن هەموو کاندیدێکی تریش بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەمان بەڵێنی داوە. ئەمەش مانای وایە ئەمریکا بە سەرکەوتنی

تەواو نەبێ رازی نابێت. بەو پێیەش کە موسڵ بۆ داعش زۆر گرنگە، بە دوور نازانرێ ئەمریکا هێزی زیاتر بنێرێت بۆ عیراق، بە تایبەت ئەگەر سوپای عیراق شکست بخوات. لە راستیشدا ئەمریکا بارەگای سەرکردایەتی کردنی فیرقەی لە عیراق دامەزراندووە، کە جۆرێکە لە ئامادەکاریی لە ئاستی لیوادا، ژمارەیەکی نەگونجاویش لە ژەنەراڵە عیراقییەکان، ئەم دوو بریارە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەمریکا بڕبڕە پشتی لۆجستی بۆ هێزێکی گەورە ئامادە کردووە، بۆ هەر کات پێویستی کرد.

سوپای عیراقیش ئاماژەی دژبەیەکی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرکردە سەربازییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە متمانەیان بە هێزی گەشەکردوویان هەیە، هۆکاری راستەقینە هەیە کە گومانیان لێ بکرێت، لە هێرشەکەی هاوینی 2014ی داعشدا سوپای عیراق لە زۆربەی ناوچەکانی عیراق تێکشکا، تەنها لە بەغدای جەرگەی شیعەو خوارووی عیراق نەبێت، ئەو کات سەربازو ئەفسەرەکانی سوپای عیراق پێداگر نەبوون لە شەڕێکدا کە دوور بوو لە ناوچەکانی خۆیانەوە، هەوڵی بەهێز کردنو بەرز کردنەوەی ورەشیان هەر لەو کاتەوە راگیراوە، سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەش بەسەر داعشدا لەسەر دەستی هێزە کوردییەکانو میلیشیا شیعەکان بووە، لەگەڵ هاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکاو هێزێکی بژاردەی بچووکی عیراقیش لە هێزی تایبەت بە قەڵاچۆ کردنی تیرۆر بەشدار بوون، کە لەلایەن کڵاو سەوزە ئەمریکاییەکانەوە مەشقی چڕو پڕیان پێ کراوە، شەڕیان وەک شەڕی سوپای عیراق نەبووە. تەنانەت چاودێرێک زۆر زیادەڕۆیی دەکاتو دەڵێ سوپا لە عیراق تەنها خەیاڵە.

لە دوای ٢٠١٤وە گۆڕینی سوپای عیراق بە هێزێکی تۆکمە قورسە، بەرز کردنەوەی پلەی سەربازی لەسەر بنەمای لایەنگریو پشتگوێ خستنی لێهاتوویی میراتێکە زاڵ بەسەریدا ئاسان نییە. لە هەمووشی قورستر ئەوەیە سوپایەکی شیعە لە شارێکدا شەڕ بکات کە زۆرینەی سوننەیە.

هێزە کوردییەکان سەلماندیان کە زۆر کاریگەرنو نابەزن، لە بەرگرییان لە شوێنەکانی خۆیان، پلانی رزگار کردنی موسڵیش زۆر پشت بە پشتیوانیی کورد دەبەستێ، لە راستیدا هێرشی سەر گەیارە لە مەخمورەوە دەکرێ کە کورد تیایدا باڵادەستە، چاوەڕوانیش دەکرێ کورد رێگەی هەڵاتن لە داعش بگرێت لای باکوورو خۆرئاوای موسڵەوە، بەڵام لێدانی داعش پێویستی بەوەیە لە نزیکەوە شەڕی لەگەڵ بکرێت، قسەیەکی بەناوبانگی (سان تزۆ) هەیە کە دەڵێ: هیچ کەس بە قەد ئەو کەسانە شەڕی دڕندانە ناکات، کە لەسەر خاکی مردنو شەڕی مانو نەمان دەکەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کورد ئامادەیە بچێتە ئەو شەڕە سەختەوە؟ بە تایبەت کە ئەو خاکەی لە پێناویدا دەکوژرێت بۆ خۆی نابێت.

شەڕی موسڵ شەڕی دۆزەخ دەبێت، چونکە موسڵ بۆ داعش زۆر گرنگەو کاتیشی زۆر هەبووە خۆی تێدا قایم بکاتو پارێزگاری



سەرچاوە
Serchawe

لە شارەکە بکات. هێزەکانی ئەمریکاو عیراقش بەشێکی زۆر لە شاری رومادیان وێران کرد بۆ ئەوەی لە داعشی بسەننەوە. ئەو شارە کەمتر لە هەزار چەکداری داعشی تێدا بوو، بەو شێوەیە گیرا، دەبێ موسڵ چۆن بگیرێت کە رەنگە هەزاران چەکداری داعشی تێدا بێت.

دەوترێ داعش بە شەرێکی کەم شەنگالی چۆڵ کردووە، زۆر لە چەکدارەکانیشی لە رومادی هەڵاتنو ئامادە نەبوون خۆیان بە کوشت بدەن، شەڕی داهاتووش ئەگەر وا بێت ئاسان دەبێت، واتە ئەگەر چەک دابنێنو خۆیان بشارنەوە، بەڵام لە دۆخێکی وادا پاراستنی ئاشتی زۆر قورس دەبێت، چونکە هەر کاتێک ئەو چەکدارانە لە حەشارگەکانیان بێنە دەرەوە، شەڕ سەر هەڵدەداتەوە.

## کێ ئاشتی دەپارێزێت؟

با وای دابنێین هەموو شتێک باش دەبێتو لەو شەڕەدا هەموو لایەنەکان هەماهەنگییەکی باش لە نێوانیاندا دەبێتو هیچ کێشەیەکی سیاسی یان سەربازی لە نێوانیاندا روو نادات، با وایشی دابنێین داعش شەڕی قورس ناکاتو شارەکە دەدات بە دەستەوە، ئەی دوای ئەوە؟ ئەمریکا خۆشحاڵ دەبێت بە ئەنجامێکی لەم شێوەیە، بەڵام پاراستنی ئاشتیو ئارامی ئاسان نابێت. زۆرینەی دانیشتوانی موسڵ سوننەیە، لەبەر ئەوە بەردەوام گومان لە حکومەتی بەغدا دەکەنو لەو باوەڕەدان بەغدا حوکمی شیعە بسەپێنێت بەسەر شارەکەدا، بەردەوام بێ متمانەیی هەیە لە نێوان ئەو شارەو دەوڵەتی دوای سەدام، لەوانەیە سوننە حەز نەکەن لە ژێر حوکمی داعشدا بژین، بەڵام پێشیان خۆش نییە حکومەتێکی تایەفیدا بژین، لەوانەیە سەرەتا پێشوازی لە سوپای عیراق بکەن، بەڵام زۆری پێ ناچێت وەک هێزێکی داگیرکەر سەیری دەکەن، بە تایبەت ئەگەر ئەو هێزانە شیعە بن.

ئەگەر کورد بڕیاری دا لەو شەڕە پڕ مەترسییەدا بەشداری بکات، بێگومان ئەوانیش داوای پاداشتی خۆیان دەکەن، خۆ ئەگەر رۆڵی بەردەوامو هەمیشەیی بدرێت بە کورد لە شاری موسڵ، گومانی تێدا نییە کە بە دڵی سوننەی موسڵو ئەو هێزەی شیعەش کە تازە دەگەنە ئەوێ نابێت، هەر بە راستیش پێشتر گرژیو ئاڵۆزیی لە نێوانیاندا لەسەر سنوورەکان رووی داوە، بە تایبەت کاتێک کوردەکان هەندێک ناوچەیان لە دەست داعش رزگار کردو دواتر ئامادە نەبوو بیداتەوە بە عەرەب.

ئەمریکا هەوڵی داوە زانیاری هەواڵگریی لە عەشیرەتە سوننەکانی موسڵو دەوروبەری وەربگرێت، بە مەبەستی ئامادەکاریی بۆ شەڕ، پێشتریش هەماهەنگیو هاوکاری لەو شێوەیە هەبووە، وەک ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٧ - ٢٠٠٨)دا رووی داو ئەمریکا

## بەشی چوارەم

لەناو عەشیرەتە عەرەبە سوننەکاندا سەحوەی دروست کردو پڕ چەکی کردنو پێکەوە دژی دوژمنێکی توندڕەوی هاوبەش شەڕیان کرد، بەڵێنیشی پێ دابوون کە دوای شەڕەکە بەشیان هەبێت لە ئاوەدانکردنەوەو لە دەسەڵاتیشدا، بەڵام کاتێک ئەو بەڵێنە وەک پێویست جێبەجێ ناکرێت، مەترسی لێ دەکەوێتەوە، سوننەکان لەوە دەترسن دیسانەوە بارودۆخەکە بە زیانی ئەوان بگۆڕێتو تێک بچێتەوە. ئەم رێگەچارەیە باش دەردەکەوێ، چونکە ئەگەر ئەمریکا وا بکات، پێویستی بە کوردو شیعە نابێت بۆ گرتنی موسڵ، بەڵام بەغدای شیعە ئەم رێگەچارەیەی بەدڵ نییە. هەموو ئەمانە ئەگەری روودانیان هەیە، هەریەک لە لایەنەکانیش تا زیاتر ماندووبن لەو شەڕەدا، لە دوای شەڕ، ئەگەری روودانی شەڕێکی تر لە نێوان خۆیاندا زیاترە.

### دەرەنجامی یەک لەو شەڕانە چۆن کار دەکاتە سەر دەرەنجامی شەڕێکی دیکە؟

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە شەڕی موسڵ چۆن لەگەڵ خواستو بەرنامەی ئەمریکادا بۆ کۆی گشتی شەڕی عیراقو سوریادا دەگونجێت؟ ستراتیژەکە بریتییە لە بەکار هێنانی هێزی سەربازی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی، بە واتایەکی تر بریتییە لە هونەری گۆڕینی شتێکی وێرانکەر بۆ شتێکی بنیاتنەر لە رووی سیاسییەوە، بەڵام تا ئێستاش روون نییە داخۆ ئەمریکا تەنانەت دوای دەرکردنی دعشیش لە موسڵ دەتوانێ ئەو پەرتەوازەییەی لە عیراقدا هەیە چارەسەری بکات؟ لە باشترین سیناریۆدا شەڕی موسڵو دەرکردنی داعش دەبێتە هۆی راگرتنی جۆرێک لە هاوسەنگی تایەفی لەعیراقدا، کە هەمووان ناچار دەکات لەوە تێ بگەن کە پێویستیان بە رێکەوتنو چارەسەرێکی هەمیشەیی هەیە، خۆ ئەگەر لە سەرەتای دەرکردنی داعشدا ئەمریکا خۆی شارەکە بەڕێوە ببات، لایەنەکان، ئاسانترو باشتر ئاشتی هەڵدەبژێرنو قوربانی بۆ دەدەن، خۆیان ناخەنە بەر مەترسی گەڕانەوەی داعش.

ئەو سیناریۆیەش کە لە هەموویان زیاتر ئەگەری روودانی هەیە، ئەوەیە کە ململانێ لەسەر دەسەڵات لە شارەکەدا هەر دەمێنێت، بەڵام توندوتیژی کەم دەبێتەوەو دەسەڵاتیش توانای لەناوبردنی داعشی دەبێت، بەڵام لەناوبردنی داعش وەک دروست کردنی دامەزراوە سیاسییە نوێیەکان نییە، مێژووی خوێناوی عیراق پێمان دەڵێ بنیاتنانی دەوڵەت، پرۆسەیەکی قورسو درێژخایەن دەبێت، لەو پرۆسەیەدا لایەنەکان شەڕ لەسەر دەسەڵات دەکەن، لەبەر ئەوە لابردنی داعش لە هاوکێشەکە، ئاسانکارییە بۆ ئێستا، بەڵام کێشە سیاسییەکان چارەسەر ناکات.

خراپترین سیناریۆش ئەوەیە کە عیراق دەکەوێتە گێژاوی شەڕی ناوخۆییەوەو سوننە تووڕەیی خۆی بە شیعەو کورد دەڕێژێت، ئەم ئەگەرە، راستە تاڵە، بەڵام بە دوور نازانرێت، بە تایبەت کە سوننە هەست بە پەراوێز خستنو چەوسانەوە دەکات. جگە لەوەش کۆمەڵێک چەکداری داعش دەتوانن خۆیان دەرباز بکەنو ناوبەناو دێنەوە بۆ شەڕو خۆیان دەکەنەوە بە سوریادا،



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

وەک ئەوەی چەکدارانی تاڵیبان کە دەچن لە ئەفغانستان شەڕ دەکەن‌و خۆیان دەکەن بە سنووری پاکستاندا.

سادەو ساکار بڵێین ئەمریکا با ئامادەکارییەکی باشیش بکات بۆ شەڕی موسڵ، بەڵام ناتوانێت ئاشتییەکی هەمیشەیی دەستەبەر بکات، بە تایبەت کە گەڕانەوەی هێزێکی گەورەی ئەمریکا بۆ ناو عیراق لە رووی سیاسییەوە لایەنگری نییە، لە دۆخێکی واشدا لەوانەیە ئەمریکا ناچار بێت بە هەمان شێوەی سۆماڵ مامەڵە لەگەڵ عیراقدا بکات، ناو بە ناو هێز بەکار بهێنێت بۆ بڵاوە پێ کردنی تیرۆریستان. ئەمە راستییەکی تاڵە، بەڵام شایستەی ئەوەیە بە وردی تێبینی بکرێت، لەگەڵ نزیک بوونەوەی شەڕی موسڵدا.

سەرچاوە: النهرین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## یاری لەگەڵ مەرگدا نامەی داعشێک بۆ پێشمەرگەیەک: هەردوکمان خەریکین، بزانە کاممان دەمرین؟



**رامیار جەواد**

لەپێشەوەی بەرەكانی جەنگ داعشو پێشمەرگە شەڕێكی جیا لەفیشەک بەڕێوە دەبەن، هەردووكیان كێبڕكێیانە لەسەر ئەوەی كامیان لەململانێی چاندنو هەڵگرتنەوەی بۆمبدا براوە دەبێت.

داعش لەشەڕەكاندا هەر ناوچەیەک لەدەست دەدات لەدوای خۆی دنیایەک تەڵەو بۆمبو تەقەمەنی جۆراو جۆر دادەنێ، بۆیە دوای وەستانی دەنگی فیشەک، بەشی دووەمی شەڕەكە دەست پێدەكات كە ئەویش شەڕی هەڵگرتنەوەی بۆمبە چێنراوەكانە.

لەهەرێمی كوردستان، لەلایەن سێ دەستەی جیاوازەوە ئەو بۆمبانە پوچەڵدەكرێنەوە كە داعش دایاندەنێن، دەستەی یەكەم دەزگای مینو دەستەی دووەم تیمی ئەندازیی پێشمەرگەو دەستەی سێیەمیش كەسانی خۆبەخشن.

بۆمبە چێنراوەكانی داعش لەهەر بەرەیەكی جەنگدا هێندە زۆرن لەژماردن نایەن، هەر پارچەیەكی بەجێماو لەناوچە ئازادكراوەكان قابیلی ئەوەیە بۆمب بێت، نموونەی ئەو تەڵانەش زۆرن، دانانی بۆمب لەناو مەنجەڵو وێنەی هەڵواسراوو دەرگاو سەر رێگاو بانەكانو لەناو كتێبو قورئانو ئاژەڵی مردوو ئۆتۆمبێلو لەژێر ئاڵاكانی داعشەوە.

تیمەكانی هەڵگرتنەوەی مین لەگەڵ هەڵگرتنەوەی هەر مینو بۆمبێكدا فێڵێكی نوێ ئاشكرا دەكەن كە پێشتر نە زانیارییان لەبارەوە هەبووە نە لەیاساكانی هەڵگرتنەوەی تەقەمەنیدا خوێندویانە، بۆیە ئێستا بەشێكی گرنگی كارەكەیان پشت دەبەستێت بەوریاییو لێهاتووی خۆیان.

## بەشی چوارەم

بەناوبانگترین دەستە کە لەکوردستان ئەم کارە دەکەن، تیمەکانی دەزگا مینن کە دامەزراوەیەکی فەرمی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم دەزگایە بەهۆی ئەوەی لەکوردستان (٦٠٠ کم ٢) روبەریان لەمینی جێماوی شەڕی عێراق ئێران پاککردووەتەوە، بۆیە شارەزاییەکی زۆریان پەیداکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە فێڵی نوێ لەسەر دەستی داعش دەبینن.

محەمەد ئەحمەد سەرۆکی دەزگای مینی هەرێم بە»نیقاش»ی وت؛ «تیمەکانی ئێمە لەگەڵ پێشڕەوی پێشمەرگە دەست دەکەن بەپاککردنەوەی ئەو ناوچانەی ئازاد دەکرێن.»

سەرۆکی ئەو دەزگایە سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەمینو بۆمبەکانی داعشو دەڵێت؛ «لەجیهاندا ستانداردێک هەیە بۆ دروستکردنی بۆمبەکان بەکار دەهێنرێتو رێگاکانی پوچەڵکردنەوەیان دیارن، بەڵام داعش لەبۆمبەکانیدا هەموو شتێک تێکەڵ دەکات، نازانرێت ئەو بۆمبەی دروستی کردوە هەستیارە یان ئەلکترۆنیە یان کاتە یان سیمدارە.»

تیمەکانی دەزگای مینی هەرێم لەهەموو بەرەکانی جەنگ لەسنوری پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکو کەرکوک کاردەکەن، بەپێی ئاماری دەزگاکەش خاوەنی ١٤١٨ کارمەندە کە ١٠٥٠ فەرمانبەریان کاتین، لەدەستپێکردنی هێرشەکانی داعشەوە تائێستا (٧٨٠٠) بۆمبیان پوچەڵکردووەتەوە پێنج شەهیدیان داوە.

محەمەد ئەحمەد سەرسوڕمانی خۆی نیشان دەدات لەو خێراییەی داعش لەدانانی بۆمبەکاندا پەیڕەوی دەکاتو دەڵێت؛ «ناوچە هەبووە هەفتەیەک بەدەست داعشەوە بووە، کە پێشمەرگە ئازادی کردووەتەوە بینیومانە هەمووی بەبۆمب تەنراوە.»

لەپاڵ دەزگای میندا تیمەکانی ئەندازەیی پێشمەرگە کە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەن، بەشێکی گرنگ لەو ناوچانە پاک دەکەنەوە کە دەکەونە دەست پێشمەرگە.

نەقیب سابر سەعید ساڵح پێشمەرگەیەکە لەتیمی ئەندازەیی بە»نیقاش»ی وت؛ «ئێمە سەلامەتی گیانمان دەخەینە مەترسییەوە بۆ ئەوەی گیانی پێشمەرگەکانی هاوڕێمان پارێزراو بێت.»

ئەو پێشمەرگە تەمەن (٢٧) ساڵە، بەر لەوەی کارەکەی دەست پێبکات ماوەی شەش مانگ لەئەڵمانیا بەشداری چەند کۆرسێکی هەڵگرتنەوەی مینی کردووە، بەڵام کێشەکەی لەکوردستان ئەوەیە هیچ کەلوپەلێکی پێویستی بۆ کارەکەی پێ نییە،

نە جلو بەرگی دژە کیمیاییو نە گوللەنەبڕ.

نەقیب سابر دەڵێت؛ «بەردەوام رووبەرووی مەترسی دەبینەوە، کاتێک پێشمەرگە هێرش ئەنجام دەدات دەبێت لەدوای ئوتومبێلی یەکەمەوە بین بۆ ئەوەی سەر ڕێگاکان پاک بکەینەوە هەندێکجار تیرۆریستەکان لەنزیک شوێنی بۆمبەکان تونێلیان لێداوە دەبێت شەڕیان لەگەڵ بکەینو بۆمبەکەش پوچەڵ بکەینەوە.»

نەقیب سابیر کە لەلای هاوڕێکانی بە«دڵی شێرەکە» ناسراوە ئاشکرای دەکات کە بۆمب هەبووە لەکاتی پوچەڵکردنەوەی بۆیان دەرکەوتووە ماددەی کیمیایی لەگەڵدا داندراوە.

لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤وە لەهەموو شارەکانی کوردستان ژمارەیەک گەنج بەشێوەیەکی خۆبەخش چوونە پاڵ هێزی پێشمەرگە، ئێستا لەنێو ئەوانە تیایاندا تەنها لەسەر ئەزموونی خۆی بەباشی شارەزایی لە پوچەڵکردنەوەی بۆمبدا پەیداکردووە.

شەپۆڵ فەتحی (٢٢ ساڵ) یەکێکە لە پێشمەرگە خۆبەخشەکان کە جگە لەچەند کەلوپەلێکی سادەی هەڵگرتنەوەی مین بەردەوام گوریسێکی ٣٥ مەترو موبایلێکی بێ پاتری پێیەو لەسنوری باشوری کەرکوک سەردانی بەرەکانی جەنگ دەکاتو بۆمبەکان پوچەڵ دەکاتەوە.

شەپۆڵ بە«نیقاش»ی وت؛ «خۆشترین هەواڵ لای من ئەوەیە کە پێم دەڵێن بۆمبێک هەیە وەرە پوچەڵی بکەوە، وا دەزانم بڕوانامەی شەرەفمەندیم پێدەدرێت.»

شەپۆڵ بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو بۆمبانە بزانێت کە پوچەڵی کردوونەتەوە، هەر بۆمبێک پوچەڵ بکاتەوە شوختێک لەئۆتۆمبێلەکەی دەدات، هەر بۆمبێکیش نەتوانێت پوچەڵی بکاتەوە گوریسەکەی دەستی تێدەخاتو لەدوورەوە دەیجوڵێنێت بۆ ئەوەی بتەقێتەوە.

ئەو پێشمەرگە گەنجە دەڵێت؛ «فێڵەکانی داعش هێندە زۆرن ڕەنگە دواتر لەکۆلێژە سەربازییەکانی وڵاتانی جیهاندا بخوێندرێن.»

## بەشی چوارەم

سەبارەت بەو مۆبایلە بێ پاترییەش کە پێیەتی شەپۆل هەموو نهێنی کارەکەی باس ناکات تەنها ئەوەندە دەڵێت کە بۆ بەتاڵکردنەوەی وزەی بۆمبەکان بەکاری دەهێنێت، چونکە «لەجیهاندا هیچ بۆمبێک بە بێ ماگنێت کار ناکات تەنها بۆمبی داعش نەبێت هەندێک جار بەبێ ووزە کار دەکات.»

شەپۆڵ لەبارەی ژمارەی ئەو بۆمبانەی پوچەڵی کردۆتەوە دەڵێت؛ «٩٢٣ شوخت لەسەر ئۆتۆمبێلەکەم هەڵکەنراوە» وەک ئاماژەیەک بۆ ژمارەی ئەو بۆمبانەی لەدوو ساڵی رابردوودا پوچەڵی کردوونەتەوە.

یەکێک لەرووداوە هەرە سەیرەکان کە لەبیر شەپۆل ناچێتەوەیە ئەوەیە کاتێک لەخوارووی کەرکوک خەریکی پوچەڵکردنەوەی بۆمبێک بووە بینیوێتی داعشەکە نامەیەکی نوسراوی بۆ جێهێشتووە کە لەسەری نوسراوە »کاری من و تۆ تەواو نابێت، من دای دەنێم تۆ هەڵی بگرەوە بزانین کامان دەمرین.»

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ئۆپەراسیۆنی سەرتاسەری دژی فیکری داعشی



برایم عەبدوڵڵا

خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" لە بەرەی شەڕی مووسڵ و سەرجەم ئەو ناوچانەی لەژێردەستیدا ماون، دووچاری شکست دەبێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە روون بێت بۆ دەزگە ئەمنییەکان کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش دووڕووی هەیە، رووێکی چەکدار کە لە زۆربەی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، واتە دەیەوێت دەستبەسەر شوێندابگرێت، رووێکی دیکەی هاوبەشیشی هەیە کە لەگەڵ سەرجەم گرووپ و حیزب و رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەدا یەکدەگرێتەوە، ئەویش فیکری داعشییە، واتە دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی ئیسلامی لەو ناوچانەی کە کێشەی مەزهەبی و سیاسی و هەژارییان هەیە، قسەکردنیش لەسەر کۆتایی داعش لەڕووی بەرەی شەڕەوە، بڕاوەتەوە، چونکە داعش توانای ئەوەی نەماوە لە بەرەکانی جەنگدا هاوشێوەی پێشوو رووبەڕووی پێشمەرگە و سوپای عێراق ببێتەوە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو گرووپە ئیدی کۆتایی دێت، داعش کۆتایی نایەت، چونکە داعشەکەی دیکە کە بە داعشی فیکری و نووستوو ناوزەنددەکرێت دەست بە چالاکی دەکاتەوە، لە کردەوەی تەقینەوە و فڕاندنی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ترس و فیکری توندڕەوی ئیسلامی.

هێرشەکەی رۆژی هەینی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ چەکدارانی داعش بۆسەر باشووری کەرکووک و رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، ئاماژەیەکی روونە لەوەی داعش رەنگە هێرشی هاوشێوەی شاری کەرکووک بکاتە سەر شارەکانی دیکەی هەرێمیش بە تایبەتی هەولێر، چونکە داعش هەوڵدەدات بۆ کەمکردنەوەی گوشاری هێز لەسەر بنکە و بارەگەکانی لە مووسڵ، چالاکی لەناو شارەکان ئەنجامبدات بەمبەستی سەرقاڵکردنی دەزگە ئەمنییەکان و جۆرێکیش دڵەڕاوکێ لەناو هاووڵاتییان دروستبکات، رەنگە هانا بۆ رفاندنی خەڵکی سڤیلیش ببات، چونکە نایەوێت هەروا بە ئاسانی بڕوات، بەوپێیەی رێکخراوێکی فیکرییە و دەیەوێت لە ناوچە ئاڵۆزەکان خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی دروستبکات، کەوایە لە دوای



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

ئەو ڕووداوەی کەرکووکەوە، ئەرکی دامەزراوە ئەمنییەکانی ناو شارەکان زۆر قورستربووە بە تایبەتی لەو ناوچانەی شەڕی چەکداری تێیدا ڕوودەدات بەتایبەتی هەولێر هەم وەک ناوەندی سەربازی دژی داعش و هەمیش بەهۆی نزیکییەوە لە مووسڵەوە، ئەرکە قورسەکە لەوەدایە کە داعشی ناو شارەکان نەبینراون و لە پڕێکدا دەردەکەون و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن، دەکرێت ئەو ماوەیە ڕێگە لە گوتاری مزگەوتەکانیش بگیرێت، چونکە مزگەوتەکان باشترین ئەو شوێنانەن، ئەندامانی داعش وەک ئەدرەسی یەکتربینین بەکاری دەهێنن.

جموجۆڵی ئێستای داعش لە کەرکووک کۆتاییدێت، بەڵام هیچ کات نابێت دامەزراوە ئەمنییەکان تەسەوری نەمانی داعش بکەن، بەپێچەوانەوە داعش لە دوای شکستەکانی لە بەرەی جەنگدا، ئیدی دەستدەکات بە هێرشی چەکداری وەک ئەوەی کەرکووک و ئەنجامدانی کردەی تەقینەوە و ڕفاندن و کوشتنی خەڵکی، لەم قۆناغەشدا کە داعشی چەکدار لە شکست نزیکدەبێتەوە، بۆ دەزگە ئەمنییەکان لەناو شارەکاندا زۆر سەختە، پێویستە وەک چۆن پێشمەرگە لە شەڕگەکاندا شەڕدەکات، ئەوانیش بە هەمان شێوە ئۆپەراسیۆن لەناو شارەکاندا دەستپێبکەن، بە تایبەتی لەو ناوچانەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبی تێدایە، ڕەنگە لەڕووی فیکرییەوە هاوکاری داعش بکەن.

قۆناغی ئێستا و دوای مووسڵ، دوو قۆناغی زۆر سەختن، بەوپێیەی چالاکی داعش لە بەرەی شەڕەوە، دەگۆڕدرێت بۆ چالاکی شاراوە، واتە ئیدی داعش بە نهێنی پرۆسەی تیرۆریزمی ئەنجامدەدات، وەک ئەوەی کەرکووک، هەربۆیەش هەم شەڕی فیکری و هەمیش هۆشیارکردنەوەی دەزگە ئەمنییەکان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لەناو شارەکانی هەرێم بۆ ئەو شوێنانەی کە جێگەی گومانن و ئەگەری هاوکاریکردنی داعشی تێدایە، ئەگەر داعش لە بەرەی شەڕدا جارێک زیانی هەبێت، ئەوا لەناو شارەکاندا دەیانجار ئەوەندە دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆسەر هاووڵاتییان و تێکدانی ڕەوشی ئاسایی کۆمەڵگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی چوارەم

# پێشمەرگەو شەڕ بۆ "نیشتمان"



عەبدوڵا سائح

شەڕ لە دژی داعش لە موسڵ دەستی پێکرد، لەناوبردنی ئەم ڤێرژنە لە سوپەر وەحشیەتی ئیسلامی سیاسی بە شەڕی سەربازی، ویستی بەشەریەتی مودێرنە لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانە، ئەم سەرەتانە دەبێ لە جەستەی مرۆڤایەتی دەربهێنرێ، بۆیە هێزە بەشدار بوەکان لەو شەڕەدا، هەرناسنامەو شوناسێکیان هەبێ بەلای منەوە گرنگ نی یە.

زۆر ئاشکرایە هێزە بەشداربوەکانی ئەم شەڕە هەر ئەوان بوون داعشیان خوڵقاندو پارێزگاریان کرد، ئەمڕۆش شەڕی لەناوبردنی دەکەن، ئیتر بە هەر هۆیەکەوە بێت، کە گرنترینیان ئێکسپایەر بوونی ڕۆڵی ئەم ڤێرژنە یەو گەڕانە بە دوای بەدیلی تردا . لەگەڵ هەموو ئەمانە ،ئەگەر لە ژنە یەزیدیە یەخسیرەکانی ژێر دەستی داعش بپرسی: هێزێک هاتوە دەیەوێ داعش لەناو بەرێ ڕاتان چی یە ؟ ئەوان بێشک شوناس و ناسنامەی ئەو هێزەیان مەبەست نیە ، ئێمەش ئەگەر لەبری ئەو ژنانەو وەک ئەوان بیر بکەینەوە دەبێ هەمان هەڵوێستمان هەبێ.

پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەو شەڕە، ئێمە لێرەوە دەستخۆشیان لێدەکەین و دەزانین ئەوان، وەک هێز، دەوری ڕاستەوخۆیان لە گەشەو پەرەگرتنی داعشدا نەبوە، بەڵام ئەو بازرگانە چاوچنۆکانەی لەژێر باڵی مەسئولە حیزبیە گەورەکاندا هەڵتۆقین و بە چاوتروکانێک بوونە ملیۆنێر و ملیاردێر، ژێر بەژێر سات و سەودایان لەگەڵ داعش هەبوو، ئەم دۆسیە کە ئێستا پەردەپۆش کراوە دەبێ ڕۆژێک ئاشکرا بکرێ.

قەڵەم بەدەستەکانی ئەحزابی کوردی دەسەڵاتدار چەند ڕۆژێکە بوقی ئەوە لێدەدەن کە "پێشمەرگە موڵکی گەلە و هیچ حزبێک نابێ خۆی بکا بە خاوەنی"، منیش دەڵێم سەد خۆزگە وا بوایە، بەڵام کاتێک ئاوڕێکی خێرا لە ڕابردوو دەدەینەوە،

## بەشی چوارەم

پێچەوانەکەیمان بۆ دەردەکەوێ کە خۆی لەبن چەند ڕاستی یەکدا حەشار داوە:

ئەم هێزە پێکهاتە سەرەکیەکەی ڕۆڵەی خەڵکی کرێکاروزەحمەتکێشە کە بە ئیستلاحی هەندێک لە حیزبە کوردیەکان بە (پێشمەرگەی سادە) ناویان دەبەن! ئەوانە خۆراکی سەرەکی هەر شەڕ و ئاڵۆزیەکن کە ڕوویدا ودواتریش کە گیان لەدەست دەدەن کەس و کارو منداڵەکانیان دەبێ بپارێنەوە تا لەتە موچەیەکیان دەدرێتێ. تەلەفزیۆنە کوردیەکان و میدیاکان شاهیدی ئەم ڕاستیەن.

سەرکردەکانی پێشمەرگە، بەتایبەتی بالاکان، هەمان ئەو پێخەفە گەرمەو هەمان ئەو پارەو چەورەو هەمان ئەو لاف و گەزافە لێدەدەن کە بەر لە قەیرانی ئابوری و شەڕی داعش لێیانداوە، بەلام شەپیوری سەر کەوتن کە بەخوێنی ئەو پێشمەرگانەی بەرەی شەر هاتۆتە دی، دەبێ بەدەست بالا دەستەکانەوە بێ و لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانەکانیان بەرامبەر میدیای جیهانی و ناوخۆیی وەک پاڵەوانی مەیدان دەرکەون! هەر ئەو سەرکردانە بە دووربینی دوور ئەنگێو و بەدووری چەندین کیلۆمەتر لەبەرەکانی شەڕەوە دەردەکەون و وێنەیان دەگیرێ کە گوایە فەرماندەهی و ڕابەری شەڕکە دەکەن و دڵۆپە خوێنێکیشیان لێ بێ ئەوا تەلەفزیۆنە حیزبیەکانیان هات و هاواریان نابڕێتەوە!.

دووبارە دەڵێم سەد خۆزگە قسەی قەڵەم بەدەستەکانی حیزبە کوردیە دەسەلاتدارەکان ڕاست بایەو پێشمەرگە سەر بە حیزب و تاقم نەبوایە، بەلام داخەکەم کاتێک دەبینم ئەو ڕاو ڕوتەی دەکرێ لە کوردستان، ئەو بەتالان بردنی سەروەت و سامانە، ئەو خەفە کردنی دەنگی ئازادە، ئەو پێشێلکاری کردنەی سەرەتایی ترین مافی مرۆڤە ، ئەو تیرۆر کردنی ڕۆژنامە نوسانە، ئەو برسیکردنی خەڵکە و دەیان ئەوی تر... لەژێر سایەی لولەی تفەنگی هەمان ئەو پێشمەرگانەدا دەکرێ کە ئەو بەناو نوسەرانە ئەمڕۆ بیریان کەوتۆتەوە زەزمزەمەی "نیشتمانی" بوونیان بۆ دەڵێن.

نامەوێ کارەساتی ساڵکانی ١٩٩٥ - ١٩٩٦ بیری خەڵک بێنمەوە کە زامەکەی لەجەستەی ئەواندا چەندە قوڵە، ئەم هێزانەی ئیمڕۆ ئەو زەمزەمەیان بۆ دەگوترێ لەلایەن هەمان ئەو قەڵەم بەدەستانەوە، ئەو کات چ ئەرکێکیان خرابوە ئەستۆ!؟

پێشمەرگە کاتێک شەڕبۆ نیشتمان دەکا کە لە ژێر سایەی سیاسەتی ئەم حیزبانە بەواقعی بێتە دەرێ، دابەش نەبوبی بە یەکەی حەفتاو هەشتا، ئامادە نەبێت لولەی تفەنگەکەی بە کۆنترۆڵی دەستی سەرانی حیزبەکان بسوڕێ، دوای سەرکەوتنیش سک هەڵگوشێ. دەسکەوتەکانی ئەم شەڕە و شەڕی دواتریش لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی خۆی و کۆمەڵگادابێت،



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

کۆمەڵگایەک کە جەماوەری خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانەوە ئیرادە بکەن حوکمی خۆیان بگرنە دەست خۆیان، هێزی پێشمەرگەش ببێتە هێزی ئەو خەڵکە، ئەو کات پاڵەوانەکانی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ناتوانن لەژێر سایەی ئەوان دا لاف و گەزاف لێدەن، ئەمجا دەردەکەوێ ئەو گەورە بەرپرسانە دابڕاو لە لولەی چەکی پێشمەرگە لە پیاوی ڕەشۆکی بەولاوە هیچیتر نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## موسڵ و شەری بە وەکالەتی برا چکوولەکان!



**میدیا بایزیدپوور**

ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هۆکاری ئەوەی زۆرترین ڕێژەی نەوتی دنیای لە خۆ گرتووە بە درێژایی مێژوو جوغرافیای جەولەی زلهێزەکانی دنیا بووە، لە هەمان کات دا لەم ناوچە پڕ لە هەڵایەدا چوار هێزی ناوچەیی سەرەکی واتە ئێران، سعوودی، تورکییە و ئیسرائیڵ یش وەک کاراکتێری سیاسی لە دارشتنی سیاسەتی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەشدارن.

لەم ناوەدا ئێران، سعوودیە و تورکیە ئەوەندەی بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەک هەیە بە دو هێندە کێشەی ستراتژیک و ئیدئۆلۆژییان هەیە هەر ئەم هۆکارە بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر تووشی قەیرانی سیاسی و ئینسانی ببێت. ئەم هێزە ناوچەییانە هیچکامیان توانایی پاکتاو کردن و سڕینەوەی لایەنی بەرانبەری خۆیان نییە و هەر ئەم ناتەواوانییە بووەتە هۆکار تاکوو بە جێی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی یەک ببنەوە دەست بدەنە شەری بە وەکالەت لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و قووڵایی ئیستراتژیکی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکانیان دیزاین بکەن.

وڵاتی عێراق وەک ناوچەیێکی ئیستراتژیک و لە هەمان کات دا وەک پردی نێوان ئەم چوار وڵاتە دەوری سەرەکی دەگێڕێت، بۆیە بە درێژایی مێژوو ئەم وڵاتانە تێکۆشیون دەسەڵات و هەیمەنەی سیاسی خۆیان تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانن لە عێراق پەرە پێ بدەن تەنانەت ئەگەر کار بگاتە ئەو شوێنەی کە ئاور بەر بدەنە هەموو جوغرافیاکەی، بۆیە دەبینین دوای نەمانی ڕژیمی دیکتاتۆری بەعس و بە تایبەتی لاچوونی سانترالیزمی بەعسی بە سەر شاکەلەی جوغرافیای عێراقەوە ئەم وڵاتە هەموو کات لە ژێر هەیمەنەی سیاسی و ئەمنییەتی ئەم هێزانەی خاوەرمیانە دا بووە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

دوای نەمانی هێزە چەکدارەکانی ئامریکا لە مەیدانی جوغرافیای سیاسی عێراق و درگا ئاواڵە بوون بۆ ئەم هێزە سەرەکییانەی ناوچە، چوارچێوەی بەڕێوەبەری عێراق دەکەوێتە ناو شەڕێکی بە وەکالەت کە دەرنجامەکەی دەبێتە هۆکار تاکوو خەلکی بەشێک لە عێراق حازر بن خۆیان رادەستی رێکخراوێکی تروریستی وەک داعش بدەن. بۆیە دەبێ ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرین دەسەلات داربوونی داعش بە تایبەتی لە جوغرافیای سونی وڵاتی عێراق چەندە لە بالانسی هێزی رێکخراوەی تروریستی داعش سەرچاوە دەگرێت بە سەدان بار دەرنجامی سیاسەتی شەری بە وەکالەتی ئێران و تورکیە و سعوودییە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم رۆژانەی شەترەنجی سیاسی عێراق، بەتایبەتی شەری ئازاد کردنەوەی موسڵ، دەر دەکەوێت ئەم هێزانە واتە ئێران و تورکییە و سعوودی تا چەندە تێدەکۆشن هەیمەنەی خۆیان لەم ئازادکردنەدا بسەپێنن، چۆنکە هەر ئەم هێزانە دەزانن موسڵ و دەرنجامەکانی ئازادکردنی موسڵ لە ئایەندە دا چەندە دەتوانێ سیاسەتی دووایی ئەم هێزانە دیزاین و دابین بکات.

هێزە سەرەکییەکانی دنیا بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ئارام کردنەوەی ناوچەکە بە نەمانی داعش مسوگەر دەبێت بەڵام خاڵی جێگەی مەترسی ئەوەیە کە شەری گەورتر دوای نەمانی داعش دەست پێدەکات بە تایبەتی ئێستا ئەم چوار هێزە ناوچەیییە لە هیچ کارێک دەریغی ناکەن بۆ ئەوەی لایەنەکانی بەرانبەری خۆیان کەم هێزتر بکەن.

دروستە مووسڵ دووهەمین شاری عێراق بە ئەژمار دێت و ئازادکردنی ئەم شارە جەماوەرێکی دو میلیۆن کەسی لە دەست داعش رزگار دەکات بەڵام لەوانەیە مووسڵ سەرەتایەک بێ بۆ شەری دیکە و لە هەمان کاتدا کردنەوەی ئاگری دیکەیە لە وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوین، تەنانەت دەتوانین بڵێین جوغرافیای ئەم چوار وڵاتەی دیکەش لەم ئاورە پارێزراو نابن، شەری موسڵ لە مانگەکانی داهاتوو دا تەواو دەبێ بەڵام کاریگەرییەکانی دوای شەڕی موسڵە کە دەبێت وەک مەترسی سەرەکی چاوی لێبکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# میدیای ئێمەو تیرۆر



مستەفا زاهیدی

ئێمە کە باسی جەنگ دەکەین، دوو پێناسەو شێوازی جیاوازی جەنگ هەیە کە دەکرێت باسی بکەین. جەنگی کلاسیک و جەنگی مۆدێرن یان ناباو.

## جەنگی کلاسیک

بەو شێوەو فۆڕمە لە جەنگ دەوترێت کە لایەنەکانی جەنگ ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستنەوەو بە چەک و چۆڵ و سەرباز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوەو یارییەکە لە مەیدانی جەنگدا ڕوو دەدات.

## جەنگی ناباو، یان نا کلاسیک

بە شێوەیەک لە جەنگ دەوترێت کە نارێک و پێکە، بە شێوەیەک یارییەکە ڕوون نییە. نموونەی ئەم فۆڕمە لە جەنگ ئەو جەنگە چریکیانە یان ئەو کردەوە خۆکوژیانەیە کە ڕوو دەدەن. لەم  فۆڕمە لە جەنگدا مەیدانی جەنگ دیاری کراو نییە و هەر شوێن و هەر ساتێک دەکرێت ببێت بە مەیدانی جەنگ و شوێنی جەنگ. هەر سات ئەگەری ئەوە هەیە ئەوەی تەنیشتت ببێت بە یاریکەرێکی جەنگەکە. بەم شێوەیە ئەمە جەنگێکی ناکلاسیک و ناباوە کە دەبێت بە هۆی خولقانی دۆخێک کە دەکرێت "دۆخی ناکاو" ناوی ببەین.

تیرۆر و کردەوە تیرۆریستەکان دەچنە چوارچێوەی جەنگێکی ناباو و ناکلاسیکەوە. تیرۆریستەکان و ئەنجامدەرانی ئەم

کردەوەیە مەبەستیان خولقاندنی کەش و هەوای ترسە و دەیانهەوێت زیاتر لە سەر مێنتاڵیتەی جەماوەر کار بکەن وترس و تۆقاندن بچێنن. ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرینگە دەنگدانەوەی کارەکەیە زیاتر لەوەی کە چەند کەس دەبن بە قوربانی ئەم جەنگە. تا زیاتر فەزای ترساندن و تۆقاندن و دۆخی ناکاو زاڵ بێت، ئەوان زیاتر لەم جەنگەدا براوەن. ئەو کەسەی دێتە جەنگێکی تیرۆریستییەوە کە سەرەنجام ناچارە خۆی بتەقێنێتەوە زۆر باش ئەزانێت وەک باری فیزیکی و جەستەیی ئەو رزگاربوونی ئەستەمە. بەڵام ئەو دەنگدانەوەی کارەکەی بۆ گرینگە. خولقاندنی فەزای ترس و تۆقاندنی بۆ گرینگە. ئەم جەنگە کارکردنە لە سەر مێنتاڵیتە و زەینی خەڵک.

میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لەو ئامرازانەی کە تیرۆریستەکان بەکاریان دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆیان کە دەنگدانەوەی زیاتری کارە تیرۆریستیەکەیە و خولقاندنی دۆخی ناکاوە. وەک چۆن ئاراس فەتاح ئاماژەی پێ دەدات مەترسیدارترین چرکە سات ئەو چرکە ساتەیە کە تیرۆریستەکان بتوانن کردەوە تیرۆریستیەکانی خۆیان بە شێوەی راستەوخۆ لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکەنەوەو لە چەند ساڵی رابردووشدا هەوڵیانداوە بتوانن ئەم کارە بکەن.

رۆژی ٢١ی ئۆکتۆبەر، شەڕێک؛ لە کەرکووک دەستی پێکردووە. شەڕێک لە نێوان داعش و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی خۆبەخش. شەڕێک کە هەموومان چرکە بە چرکە دەمانهەوێت بزانین بە کوێ گەیشتووە. بەڵام لەم شەڕەدا بەشێکی زۆری میدیای کوردی کەوتوونەتە خزمەتی داعشەوە. رووداو چرکە بە چرکەی شەڕەکە لە شاشەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە. بەردەوام بەڵێنیش ئەدات کە تا کۆتایی ئەم یارییە لە گەڵمانە. ئەوەی رووداو و کوردستان ٢٤ و بەشێکی زۆر لە میدیای کوردی دەیکەن، ئەو شتەیە کە داعش دەیهەوێت. نمایش کردنی شەڕەکە چرکە بە چرکە خولقاندنی دۆخی ناکاو و کارکردنە لە سەر زەین و مێنتاڵیتەی خەڵک بە هەمان شێوە کە داعش دەیهەوێت.

ئاخۆ رووداو و کاناڵە تەلەفیزیۆنەکانیتر بە چ شێوەیەک چ لۆژیکێک ئەم جەنگە لێک ئەدەنەوە؟ هێنانە پێشەوەی جەنگ لە زوومی کامێراکەوە گواستنەوەی جەنگە بۆ هەموو ماڵەکان. مەیدانی جەنگ لە کەرکووکەوە دەگوازنەوە بۆ هەموو ماڵێکی کوردستان لە هەر گوند و شارێکی کوردستان. ئەم میدیایانە وەک ریکلامی یارییەکی دووگۆڵی یان وەک نمایشێکی جل و بەرگ چاو لەم جەنگە دەکەن. بەلای ئەوانەوە ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە خەڵک زیاتر چاو لە کاناڵەکەیان بکەن و بینەریان زیاتر بێت، وەک چۆن دەکرێت بە نمایشێکی جل و بەرگ خەڵکێکی زۆر وەک بینەر بۆ لای خۆت ڕابکێشیت.

لێرەدایە ئەم میدیایانە، ئەم کاناڵە تەلەفیزیۆنیانە، ئەم ماڵپەڕە ئەنتەرنێتی و پەیجە فەیسبووکی و تویتەریانە، دەبن بە بەشێک لە ڕاگەیاندنی داعش. هیچ پرەنسیپێک بە کاری ئەم کاناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتی و ماڵپەڕانەوە دیار نییە. ئەو

## بەشی چوارەم

کاتەی ماڵپەڕێک دەنووسێت ئاگاتان لێیە لە فلان شوێن پێشمەرگە چی کرد؟ وەک ئەو مانشێتەیان وایە کە دەنووسن ئاگاتان لێیە هەیفا وەهبی چ جلێکی درووژێنەری لەبەر کردوە؟ یانی گواستنەوەی زانیاری بێ هیچ بنەمایەکی میدیایی و جەنگ. یانی بە کاڵا کردنی ئەم جەنگە و پێشمەرگە بۆ ڕاکێشانی بینەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر نیوز - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# موسڵ و حەلەب چارەنووسی هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن



**هادی سۆفیزادە**

موسڵ و حەلەب لە بارودۆخێکی تایبەتدا بە سەر دەبەن. دو شار کە جگە لە شەڕ و مەترسی هەنووکەیی زۆر تایبەتمەندی وەک یەکیان هەیە. دو شار ئەگەرچی وێران بوون بەڵام بە پێی قسەی ئەمریکییەکان ئەوەی تا ئیستا ڕوویداوە شیرینی خواردنەوە بووە و زەماوەندەکەی وا لە دواوە.

## ئاوڕێکی مێژوویی:

هەر دو شار بە پێی مێژوو لە چوارچێوەی خاکی کوردستان هەڵکەوتوون، هەر دو شار فرە نەتەوەو فرە ئایینن. هەر دو شار وەک ئیستانبوڵ و ئیسفەهان کە شادەماری ئابووری وڵاتەکانیان پێک دێنن و لە ئانکارا و تاران گرنگترن ئەو دو شارەش لە بەغدا و دیمشق گرنگترن. ئیستا کە عێراق و سوریە بە ژانی پارچە بوونەوەن، ژانی موسڵ و حەلەب دو قاتەو لە ڕاستیدا پارچە بوونەوەکە لە ناوجەرگەی ئەو دو شارەوە دەست پێ دەکات.

## موسڵ:

پرۆسەی ڕزگار کردنی موسڵ لە دەستی داعیش ڕزگارکردنی ئاسایی نییە. شەڕی موسڵ درێژەی شەڕی سەفەوی و عوسمانی یە. بۆ ئەو مەبەستە دو هێڵی سەرەکی لە هەمبەر ئەو شارەدا لە دژی یەک ڕیزیان (صف آرایی) گرتوە.

**بەشی چوارەم**

**لە هێڵی باکوور: تورکیە - پارتی دیموکراتی کوردستان و حەشدی سوننی.**

لە هێڵی باشوور: ئێران - تا ڕادەیەکی کەم یەکیەتی نیشتمانی - حەشدی شیعە - ئەرتەشی عێراق و تا ڕادەیەک یەکینەکانی پاراستنی شەنگال (ی. پ. ش).

قسەکانی ئەردۆغان و باس کردن لە کۆتایی هاتن بە پەیمانی لۆزان و بە مانای ئەوە دێت کە ئەو وڵاتە خوازیاری گەڕانەوەی موسڵ بۆ سەر تورکیەیە. بۆیە داوای کردوە کە دەبێ تەنیا هێزی سوننی لە ڕزگارکردنی موسڵدا ڕۆڵیان هەبێت و ڕاشکاوانە بە دژی هێڵی شیعی هەڵوێستی گرتوە. دەوڵەتی عێراق دژی ئەو قسانەی تورکیە هەڵوێستی گرتوەو هەرکام لەو دو وڵاتە باڵوێزەکانی یەکتریان بانگهێشت کردووە. بە کورتی بە شداری هێڵی شیعی شکانێکی بیرۆکەی عوسمانی یە.

**ئێران:**

حەلەب و ڕۆژئاوای کوردستان بە گشتی خاڵی لێک گرێدانی بەرژەوەندی نێوان ئێران و ئەمریکایە. بۆیە ئێران هەموو هەوڵی ئەوەیە خۆی بگەیەنەتە دەروازەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. بە ئەنجام گەیاندنی ناوەرۆکی تەوافوقی " برجام " لە گەڵ وڵاتانی ٥ کۆ ١ ئەتوانێ ئێران لە ڕێگای ڕۆژئاوای کوردتانەوە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە گرێ بدات. بەشداری ئێران لە شەڕی موسڵدا و خۆگەیاندنی بە سنوورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە مانای شکانی تورکیە و هێڵی سوننییە. ئێران بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی لە هەوڵی بە قەناعەت گەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ( پارتی ) دەدات. لە ئەگەری ڕازی نەبوونی پارتی لە ڕێگای هێڵی باشووری موسڵەوە بەشداری شەڕ دەکات و ئەگەری پارچە بوونی باشووری کوردستان هەیە.

**ڕوسیە:**

بە دوای دابڕاندنی پێوەندی دیپلۆماتیکی ئەمریکا لە گەڵ ڕوسیە، ئەمریکا بڕیاری گەمارۆی زیاتری دژی ڕوسیە داوە. بە دوای قەیرانی ئۆکراین وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا کۆمەڵێک گەمارۆیان خستبوە سەر ڕوسیە کە ئەو وڵاتەی تووشی قەیرانی ئابووری کردووە، گەمارۆی زیاتری سەر ئەو وڵاتە ڕوسیە ئەخاتە قۆناغێکی دژوارەوە. هەموو نیشانەکان حکایەت لەوە دەکەن کە لە نیهایەتدا ڕوسیە ملکەچی ئەمریکا ببێت و ڕازی بە پارچە کردنی سوریە ببێت.

## بەشی چوارەم

### ئەمریکا:

پلانی ئەمریکا بە تەواوی بە پێی بەرنامەی خۆی ئەچێتە پێشەوە. ئەو وڵاتە توانیویەتی بە کەمترین نرخ زۆرترین دەسکەوت لە قەیرانی سوریەدا بە دەست بێنێت. لە دابەش کردنی ناوچەکەدا ئەوەی کە دیارە سوریەی عەلەوی وەک بەشێک لە میراتی سوریە لە خانەی بەرژەوەندی ڕوسیەدا دەبێت، ڕۆژئاوای کوردستان کە هەم خاوەن سەرچاوەی نەوتە هەم ڕێگای گواستنەوەی وزەی ناوچەکە بە حساب دێت دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندی ئەمریکییەکان. گرفتی سەرەکی ئەمریکا لە سەرکەوتنی پلانەکانی تورکیەیە. بە بە دەست خستنی ڕۆژئاواو باشووری کوردستان، ئەمریکا لە نیهایەتدا تورکیە ئەکاتە قوربانی و داهاتووی تورکیەش وەک سوریە و عێراقی لێ دێت. وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بە تەواوی بەم ئاڕاستەداد دەڕوات و کێشە لە نێوان دەزگای دیپلۆماسی ئەمریکا و وەزراەتی بەرگری لە سەر تورکیە هەیە.

بە پێی هەندێ سەرچاوە قەرارە ئەمریکا لە نزیکترین زەماندا پشتیوانی خۆی بۆ هەرێمی فیدراڵی ڕۆژئاوای کوردستان ڕابگەیەنێت و بەوەش زەمینەی پارچە بوونی سوریە فەراهەم دەکات و بەم جۆرە یەکەم زبر لە ئەمنییەتی نەتەوەیی تورکیە دەوەشێندرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## پەلەقاژەی مەرگ



**کاروان یاروەیس**

لە یەکەم رۆژی جەنگی موسڵدا، هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە ٨٠ مۆڵگەی سەرەکی داعشیان کردە ئامانج، پێشمەرگەکانی هێزەکانی ٧٠ ش لە حەوت قۆڵەوە هێرشیان برد، پاش ١٠٠ خولەک، نۆ گوندیان رزگار کرد.

ئەمە هەنگاوی سەرەتای جەنگی موسڵ بوو، لە هەمان کاتدا قۆناغی کۆتاییپێهێنانی داعشە، کە حوزەیرانی ٢٠١٣ جاڕی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیان لە عیراقو شام دا، هەر زوو هەرچی جۆری توندوتیژیو کوشتنو ئەشکەنجە هەیە، کە بەشی زۆریان هی ١٥٠٠ ساڵی لەمەوبەر بوون، بەداهێنانی تازەوە ئەنجامیاندا. سەرەنجام پێشمەرگەو شەڕڤانو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەگورزە کەمەرشکێنەکانیان، خەونی ئەبوبەکر بەغدادیو هاوبیرەکانیان زڕاند.

گەڕاندنەوەو رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی داگیرکراو لە لایەن داعشەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە، بەڵام سەرکەوتنی گەورەتر ئەوەیە، زیاتر لە دوو ساڵ پارێزگاری لە پارێزگایەکی گەورەی وەک کەرکوکو دەوروبەریو خانەقینو دووز بکەیت، لەکاتێکدا داعش سەدان هەوڵی جۆراوجۆری دا بۆ داگیرکردنیان، بەڵام پێشمەرگەو خەڵک نەیانهێشت.

جگە لە خۆڕاگریی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکان، دانیشتووانی ئەو شارو ناوچانەیە کە بەشی زۆریان کوردن، هۆکاری شکستپێهێنانی پیلانەکانی داعشن، چونکە هەمیشە خەڵک کۆڵەکەی سەرەکینو زەمینە ئەسازێنن بۆ مانەوە یان نەمانەوەی هەر هێزێک.

## بەشی چوارەم

پەلامارەکانی هەینی رابردوو بۆ سەر کەرکوک، لە روانگەی ئەگەرەوە لێ بڕوانین، پاش دەستپێکردنی جەنگی موسڵ چاوەڕوانکراوبوو، کە بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر موسڵو سەرقاڵکردنی هێزەکانی رزگارکردنی موسڵ، پەنای بۆ ببەن. بەئامانجگرتنی کەرکوک بۆ ئەوە نەبوو شارەکە کۆنترۆڵ بکەن، چونکە پێشتر زیاتر لە جارێک هەوڵیان بۆ داوەو شکستیان هێناوە، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە کەرکوک بەلای کوردەوە جێگای بایەخەو هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە بەرەکانی موسڵەوە پاشەکشەی پێ بکرێ بۆ کەرکوک.

ئەم هەوڵە تەقلیدیەی داعش شکستخواردووە، پێشمەرگە بەدرێژایی ١٢٠٠ کم لەڕابوردودا، کە داعشیش خۆی لە لوتکەی بەهێزیدا دەبینی، بەرەکانی شەڕی بەسەرکەوتویی دەپاراست. ئێستا کە بەرەی جەنگ چڕبۆتەوە لە چەند ١٠٠ کم لە موسڵ، پێشمەرگە بەئاسانی دەتوانێ کۆنترۆڵی بەرەکان بکات. جیا لەمەش هیچ کات هێندەی ئێستا کورد فرە هێز نەبووە لە پێشمەرگەو شەڕڤانو گەریلاو ئاسایشو دژەتیرۆرو هێزەکانی ناوخۆ، هەروەها هێزێکی گەورەی پشتیوانی میللی، کە خۆبەخشانە لە کاتی دروستبوونی مەترسییەکاندا خۆیان دەبەستن.

کەرکوکو پێشمەرگە دوانەیەکی لە یەک دانەبڕاون، هیچ دەستکەوتێکی سیاسیو سەروەرییەکی کورد نییە پێشمەرگەی لە پشتەوە نەبێت، ئێستاش کەرکوک کە سەروەرییەکی گەورەی کوردە، پێشمەرگە هەمیشە لە پشت پاراستنیەوەیەتی، ئەگەر بەتۆماری شەهیدانی دوو ساڵی رابردووی شەڕدا بچینەوە، سەدان پێشمەرگەی جوامێر هەناسەو ژیانیان بەکەرکوک بەخشی، کە پێشەنگیان حسێن مەسنورو شێرکۆ شوانی-ین.

ئەگەر کورد، پاش جەنگی موسڵ هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بەدی نەهێنێت، ئەوا ئەوەندەی بەسە کە کەرکوکو بەشێکی زۆری ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی پاراست، بەمەش پەیامێکی روونی دا بەدوژمنانی کورد، کە کەرکوکو ئەو ناوچانە چەند جێگای بایەخن بۆ کوردستان.

کۆتایی جەنگی موسڵ کۆتایی هەموو مەترسییەکان نییە، بەڵکو تێپەڕاندنی قۆناغێکی گەورەی جەنگی تیرۆرو کۆتاییهێنانە بەفۆرمێکی تری توندڕەویو تیرۆر، بەدڵنیاییەوە تیرۆرو توندڕەوی لە فۆرمی تردا سەرهەڵدەدەنەوە، بۆیە پێویستە پێگەی پێشمەرگە لەکەرکوکو ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان پتەوتر بکرێو بەدیفاکتۆبکرێ، کە ئیدی ئەم ناوچانە کۆتاییان پێهاتووەو بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانن. سڕینەوەی شوێنەوارەکانی تەعریبیش هەنگاوێکی هەرە گرنگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## موسڵی دوای داعش



د.بەختیار شاوەیس

بەهەموو پێودانگێکی سیاسی و سەربازی و باکگراوندێکی مێژوویی و هەڵدانەوەیەکی ئیتنی و مەزهەبی دۆخی موسڵ و دەرهاویشتەکانی لەسەر ئایندەی پێکهاتەکان پڕ لە گرێژنە و بەیەکداکێشان و ئاڵۆزی دەبێت، ئەمە ئەگەر ئەوەمان لەبیرنەچێت کە سەرەرای بەرێوەچوونی پرۆسەی ئازادکردنی پارێزگاکە بەسەرکەوتوویی لەسەرەتاکانی دەستپێکردنیدا، بەڵام پێناچێت هەروا ئاسان بێت و وا لێکدەدرێتەوە کە تیرۆریستانی داعش چەقی شەرەکە بۆ ناوەراستی شارەکە بگوازنەوە و داعشگاکانیان لەناو سەنتەر کردبێتە سەنگی مەحەکی پاشماوەی تاوانکاریان.

لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرە کراوانەدا ئێمە حاڵی حازر لەبەردەم قۆناغی دوای داعشین لە موسڵ، شارێک کە لە ڕەهەندێکەوە دووساڵ لەمەووبەر و لەحوزەیرانەکەیدا بووە سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەیمەنەی داعشیزم بەدونیادا و ئەم رێکخراوە توندرەوە جیهادیەی لە کۆڵانەکانی ڕەقەوە گواستەوە بۆ ئایدیایەکی ترسناکی کوژەری تۆقێنەر کە جگە لە گرتنی سێیەکی خاکی عیراق و شەرکردن لەنزیک فرۆکەخانەی بەغدا و ناوچەکانی لیبیا، هەروەها گەراکانی نارده ئەوروپای دونیای مۆدێرن و نەک شارلی ئیبۆ لە پاریس بەڵکو لە چەندین شوێنی دیکەی هەستیار و گرنگ تۆوی ترسی چاند، هەروەک لە ڕەهەندێکی دیکەوە موسڵ لەم قۆناغەدا دەبێتە خاڵی بەیەکداکێشانەکانی ئیتنیەت و مەزهەبی ناوخۆیی و بەرژەوەندی ئیقلیمی کە ئەمەش بەشێوەیەک لەشێوەکان دەرهاویشتەی ئەو سروشتی دیمۆگرافیەیە کە سەدان ساڵە لەسەری بونیادنراوە.

قوڵایی ئەم مەسەلەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو هێز و لەشکرە زۆر و زەوەندە جۆراو جۆرەی کەبەشداری لەپرۆسەکەدا کردووە یان ماتەماتی بەشداریکردنیەتی چەندێک غەمی لێدانیەتی لەداعش ئەوەندە و زیاتریش هەڵوەدای



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

ئایندەی موسڵ و ئیدارەدانیەتی و دەیەوێت هەرلەئێستاوە بەشەکەی خۆی لە کێکەکە دیاری بکات، بەتایبەتی تورکیا و داروەدەستەکەی کە بەهۆی ئاک پارتی و ئەردۆگانەوە خەونی گەڕانەوەی خەلافەتی عوسمانی لە مێشکیدایە و دەیەوێت لە زیندووکردنەوەی ویلایەتی موسڵەوە ئەم خەونە بەدیبهێنێت، بەمانایەکی دیکە، ئەگەرەکانی پۆست داعش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەلافەتەکەی ئەبوبەکری بەغدادی کە لە موسڵ ڕایگەیاند، بگۆڕێت بۆ خەلافەتێکی نەزۆکی ئەردۆگانی.

لە سۆنگەیەکی دیکەوە، شرۆڤەکردنی زەمەن لەم پرۆسەیەدا شوێنی هەڵوێستە لەسەرکردنە کە موسڵ بە خاڵی بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندیەکانی هیلاری - عەبادی ناوزەندی دەکەین، بەشێوەیەک کە کاتی دەستپێکردنی ڕزگارکردنی موسڵ ئەو کاتە بەسودەیە کە هەم باڵی دیوکراتەکان لە ئەمەریکا و باڵی عەبادیەکان لە دەوڵەتی یاسای عیراقدا دەتوانن بەرهەمەکەی بۆ ململانێ ناوخۆیەکان بەکاربهێنن و سەرکەون بەسەر نەیارەکانیان و لە کەمتر لە دوو هەفتەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بیکەنە گرەنتی گەشتنی هیلاری بە کۆشکی سپی وەک چۆن ئۆباما لەساڵی ٢٠١١ کوشتنی بن لادنی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەکارهێناو سەریشکەوت، هەروەها لەم لایشەوە ئەو دەنگانەی پێ کبکرێتەوە کە لەناو پەرلەمانی عێراقیدا هەبوون بۆ مەسەلەی ئیستجوابی عەبادی و سەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران.

موسڵ ئەگەر چەقی ئەم ململانێیە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیە بێت و ئەگەر تێکەڵەیەک بێت لە نەتەوە و زمان و مەزهەب و کلتووری هەمەرەنگ، ئەی ئەبێت کورد کەبەشێک لەخاکەکەی کە کێشەی چەندین ساڵەی لەسەری هەیە لەکوێی هاوکێشەی دوای داعشدا بێت؟ ئەبێ سەرکردایەتیەکەی کە چوونە بەغداد و لەگەڵ کاربەدەستانی پایتەختە عیراقیەکە دانیشتنیان کرد گەشتوونەتە کام ڕێککەوتن بۆ قۆناغی دوای ئازادکردنی؟ ئەی ئەبێت کە بڕیاری ئەوە دراوە پێشمەرگە بە خوێن قوربانی بدات لە ئازادکردنی موسڵدا کام گرەنتیە وەرگیراوە بۆ دووبارەنەبوونەوەی سیناریۆ تاڵەکانی ڕابردوو؟ بۆ ئەو سیناریۆیانەی کە جگەلە حەقیقەتە مێژوویەکانی کوردستانی بوونی بەشێک لە خاکی موسڵ و هەروەها سەرباری بەدەستووری چارەسەرکردنی مەسەلەی خاک (مادەی ١٤٠)، سەرەڕای ئەوەی کە کورد لە دواین هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە موسڵ ١٢ کورسی بەدەستهێنا، بەڵام حەدباییەکانی ئەسیڵ نوجێفی کە ١٨ کورسییان هێنا بوو لە حکومەتی خۆجێی کوردیان کردە دەرەوە.

هەموو ئەم پرسیارانە و زۆرتریش پرسیاری سادەی هاوڵاتین لەشەقام و زۆر گرنگە و پێویستیشە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پلانی پێشوەختی بۆی هەبوویێت، لە دەستدانی ئەم دەرفەتە هەربەتەنها بەفیرۆدانی خوێنی پێشمەرگە نییە، بەڵکو سەرەتایەکی ترسناکە بۆ لەدەستدانی تەواوی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە لە کەرکوک و خانەقین و دووز و دەبێت هەربەوە ڕازی نەبین کە حەیدر عەبادی بڵێت، بۆ یەکەمجار پێشمەرگە شان بەشانی سوپای عیراق شەری تیرۆریستان

دەکات، بەڵکو لەمە گرنگتر هەبوونی دیکۆمێنتێکی باوەرپێکراوە بۆ موسڵی دوای داعش، کە مافەکانی کوردستانیانی تیا پارێزراو بێت، کوردەواریش لە دێرین زەمانەوە دەڵێت، مارانگەز لەخشەی مار دەترسێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕی موسڵ کیسنجەر ئەهێـنێتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست



خالد سلێمان

لە موسڵ و حەلەبدا، جەنگێکی بچوکی جیهـانی ڕوئەدات. دو هێـزی زەبەلاحی وەک ئەمریکـاو ڕوسیا، لەگەڵ ئەوەی لە سـەر زەمین بەریەک نەکەوتون، بەڵام پێگە لۆکاڵیەکانیـان ڕۆژانە بەریەک ئەکەون. حکومەتی سـوریاو هاوپەیمانەکـانی، ئێران، حزب اللـه و هەنـدێ لایەنـی عیراقـی لە ژێـر چەتـری ڕوسیـادا، تـا ئەم چرکەیە درزێـک نەکەوتـوەتە نێوانیـان و لە ڕوی جیۆپۆلیتیکی، ئابوری و سەربازییەوە، زەمینەی بەردەوامبونی هاوپەیمانێتییەکەیان ماوە.

هەرچـی ئەمریکـایە، لە پاڵیـا، هەنـدێ لە وڵاتـانی یەکێتـی ئەوروپـا، سـەرکردایەتی بەرەیەک ئەکەن، بە دەربڕینێکـی ئەدەبییانە، وەک ئەوە وایە چەقۆ لە ئاو بدەیت. لەسەر زەمین هێزی کاریگەرو هاوپەیمانی خاوەن کردار، چی لە سوریا چی لە عیـراق کـوردە، بەڵام هێـزە هاوپەیمـانە کلاسیکی، سیاسـی و ئابوریەکـان، هەمـان ئەو هێـزانەن کە لە ڕوی ئـابوری و لۆژیستی و ئایدیۆلۆژییەوە، خانەخوێیی داعشن؛ تورکیا، سعودیەو قەتەر.

لە کاتێکدا تورکیا کـارتێکی زەردی پیشـانی بەرەی ئەمریکـا داو ڕوی کـردە "پـوتینزیم"، بـێ ئەوەی دەس لە داعش بەردات، تیـۆری "کیسـنجەریزم" ئەبێـتە ئەڵتەرنـاتیڤ. لەوانەیە کە کیسـنجەر لای کـورد پێویستی بە پێناسـەی زۆر نەبێت و نـاوەکە خۆی بەشێکە لە یـادەوەری ئاشبەتاڵ، لە مێژوی سیاسـەتی ئەمریکـادا بـریتییە لە پاراستنی هاوسـەنگی یـان دروستکردنی هاوسەنگی نێوان ئەو هێزانەی لە بازنەی سیاسەتی ئەمریکادا ئەخولێنەوە.

سەردانی وەزیـری بەرگـری ئەمریکـا لە ڕۆژانـی ڕابوردودا بـۆ تورکیـا، بەشێکە لەم گەڕانەوە کوتـوپڕەی دنیـابینی کیسـنجەر. هەڕەشەکانی تورکیا، ئەگەر بەشداری شەڕی موسڵ نەکات، وەک هەڕەشەی ئەو منـاڵە تورکمـانەیە کە ئەڵێت یـان (ئۆینلەرم

یان زیفلەرم)، یانی ئەگەر یاری نەکەم ئەوا یاریەکە تێک ئەدەم - بە دوریش نابینرێت هێرشەکانی ئەم دوایەی داعش بۆ سەر کەرکوک بەشێک بن لەو هەڕەشانە-، لە هەمان ڕۆژی هێرشەکەی چەتەکانی بەغدادی و ئەردۆگان بۆ سەر کەرکوک، ئاشتۆن کارتەری وەزیری بەرگری ئەمریکا لە سەردانێکیدا بۆ ئەنکەرە لە دایکبونی ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەنکەرە-بەغدا دەربارەی بەشداری تورکیا لە شەڕی موسڵدا ڕائەگەیەنێت.

با حکومەتی عیراقی ئەم قسانەی کارتەر ڕەت بکاتەوە، بەڵام ڕاستیەکە لەوەدایە کە ئەمریکا ئەیەوێت هاوسەنگی هەمو لایەک ڕابگرێت و هەموان ڕۆڵی یاریکەرو زیفلەر (تێکدەر) ببینن. کە ئەمریکا لە حەلەب دوائەکەوێت و ڕوسیا ئەبێتە خاوەن بڕیار لە سەر داهاتوەکەی، ئیتر ئاسمانی ئاگری تورکیاش بەسەر کورددا واڵا ئەکات. دور نیە ئەم واڵاکردنەی ئاسمان بۆ ئاگری تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژەیەک بەهێز نەبێت بۆ هەر بیرکردنەوەیەکی کوردانی ڕۆژئاوا لە ناو بازنەی سیاسەتی ڕوسی-دا، بەڵام لە موسڵدا کە بەشێکی جەنگە بچوکە جیهانیەکەی تیا ڕوئەدات، تورکیا ئاسمانی لێگیراوە، چیای "باشیک"یش بەشی خەونە ئەمنیەکانی لە پێناو فراوانکردنی نەخشەی جیۆپۆلیتیکی تورکیا ناکات.

لە ڕاستیدا ئەمریکا ئەیەوێت داعش کە مێژویەکی کۆنی زیاتر لە هەزارو پێنسەد ساڵی لەناو سوننەی دەوڵەتداری و سیاسی و ئیکلیریکدا هەڵگیرساندوە، وەک تۆپەڵە ئاگرێک لە ڕوبەرێکی فراوان و کراوەدا بخاتە ناو چاڵێکەوەو ناوی لێ بنێت؛ چاڵە ئاگر. یانی دیاریکردنی مەودای کاریگەریەکانی لەو ڕوبەرانەی ئەکەونە دەرەوەی سیاسەتی ئەمریکی. لەم ڕوەشەوە هێشتا سوریا بەلایەن ئەمریکاوە شوێنێکی گونجاوە بۆ چاڵە ئاگرەکە، کەواتە هێشتا چارەنوسی ڕەقەی پایتەختی داعش دیاری نەکراوەو دوریش نیە (دیر الزور)یشی بخرێتە پاڵ.

بۆ ئەوەی چاڵە ئاگرەکە تەنها سوریا بگرێتەوەو سەرئێشەی موسڵ و سوننەکانی عیراق کەمتر بێتەوە، لەوانەیە ئەمریکا پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حکومەتی عیراق تا ڕۆڵێک لە شەڕی موسڵدا بدرێتە تورکیا کە ڕۆڵی هاوپەیمانە لۆکاڵیەکانی لە عراقدا، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و خێزانی "نوجێفیەکان"ی موسڵ و هەندێ هێزی تری ناو سوننەکان، لە نەخشەکەدا وێنەکێشراوە. بە کورتیەکەی هاوارەکانی ئەردۆگان لە مینبەرە لۆکاڵی و نێودەوڵەتیەکاندا، لەسەر ئەوەیە کە نابێت دەنگی ئەو لەم مەسەلەیەدا نەبیسرێت و ئەمریکاش "ئەسبابی" بەدەنگەوە هاتنی هەیە؛ دورخستنەوەی ئەردۆگان لە ڕوسیا، کۆکردنەوەی تۆپەڵە ئاگرەکەو دانانی لە چاڵە "سوری"یەکەدا.

ئەوەی لەم کەین و بەینەدا یاریەکە بە هێمنی ئەکات ئێرانە کە لە بەرامبەر هێزە هەرێمایەتییە ڕکابەرەکەیدا، واتە تورکیا، دەسکەوتەکانی زیاترن لە زیان. تورکیا سوریای لەدەستدا، داعشەکانی ناو ئەسپەکەی تەرواده زو ئاشکرا بون و لە

## بەشی چوارەم

خانەخوێی خۆیان زیاتر هیچ شوێنێکی تریان پێ داگیرنەکرا، کارتی ئاشتی ناوخۆیی لەگەڵ بڵاوەپێکردنی ڕیشدارەکانی داعشدا سوتاند، "ڕۆژاڤا" بوە خاوەن ئیدارەی خۆبەخۆیی، جگە لە ماڵباتی بارزانی و هەندێ لە ئیخوانەکان، نەیتوانی ببێتە دۆستی هەمو کوردانی کوردانی باشور.

لە بەرامبەردا، ئێران دەوڵەتانی خەلیجی خستوەتە ناو گێژاوی یەمەنەوە، لە سوریا نەخشەکێش و یاریزانی سەرەکییە، لە عیراقدا ڕۆڵی یەکەمی لە کاریگەری سیاسیدا هەیە، لە بازنەی کێشەی ئەتومیی هاتە دەرەوە، پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەمو کوردانی باشوردا پاراستوە - بەڵام داپڵۆسینی کوردانی ناوخۆ واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە زیادبوندایە-و بەبێ هاوارکردن پێگەی خۆی لە یاریەکەدا هەیە.

کورد لەم هاوکێشەیەدا، ڕۆڵێکی باشی دراوەتێ و بەشداریکردنی لەناو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیدا دژی داعش، سەنگی ڕۆڵەکە دەرئەخات، بەڵام سیاسەتی کوردیی لەئاستیدا نیە. بەکورتی و کرمانجی، نە ماڵی کورد یەکە، نە گوتارێکی سیاسی یەکگرتو هەیە، دەرگای پەرلەمان داخراوە، تەنها لە زۆنی زەرددا دان بە بارزانیدا ئەنرێت وەک سەرۆک، حکومەت لە گەورەترین قەیرانی ئابوریدا دەژی و ئابوری هەرێم لە داڕوخاندایە. ئایا لەم دۆخەداو دوای ڕزگارکردنی موسڵ-یش کیسنجەریزم، "عەیب و عارەکانی" ئێمە ئەشارێتەوەو ئەمانخاتە ناو هاوسەنگەی هێزەکانی ترەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## سەکۆی پایتەخت موسڵی دوای داعش




**شادمان مەلا حەسەن**

بەهەموو پێودانگێکی سیاسی و سەربازی و باکگراوندێکی مێژوویی و هەڵدانەوەیەکی ئیتنی و مەزهەبی دۆخی موسڵ و دەرهاویشتەکانی لەسەر ئایندەی پێکهاتەکان پر لە گرێژنە و بەیەکداکێشان و ئاڵۆزی دەبێت، ئەمە ئەگەر ئەوەمان لەبیر نەچێت کە سەرەرای بەرێوەچوونی پرۆسەی ئازادکردنی پارێزگاکە بەسەرکەوتوویی لەسەرەتاکانی دەستپێکردنیدا، بەڵام پێناچێ هەروا ئاسان بێت و وا لێکدەدرێتەوە کە تیرۆریستانی داعش چەقی شەرەکە بۆ ناوەراستی شارەکە بگوازنەوە و داعشگاکانیان لەناو سەنتەر کردبێتە سەنگی مەحەکی پاشماوەی تاوانکاریان.

لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرە کراوانەدا ئێمە حاڵی حازر لەبەردەم قۆناغی دوای داعشین لە موسڵ، شارێک کە لە رەهەندێکەوە دووساڵ لەمەووبەر و لەحوزەیرانەکەیدا بووە سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەیمەنەی داعشیزم بەدونیادا و ئەم رێکخراوە توندرەوە جیهادیەی لە کۆڵانەکانی رەقەوە گواستەوە یۆ ئایدیایەکی ترسناکی کوژەری تۆقێنەر کە جگە لە گرتنی سێیەکی خاکی عیراق و شەرکردن لەنزیک فرۆکەخانەی بەغدا و ناوچەکانی لیبیا هەروەها گەراکانی ناردە ئەوروپای دونیای مۆدێرن و نەک شارلی ئیبۆ لە پاریس بەڵکو لە چەندین شوێنی دیکەی هەستیار و گرنگ تۆوی ترسی چاند. هەروەک لەرەهەندێکی دیکەوە موسڵ لەم قۆناغەدا دەبێتە خاڵی بەیەکداکێشانەکانی ئیتنیەت و مەزهەبی ناوخۆیی و بەرژەوەندی ئیقلیمی کە ئەمەش بەشێوەیەک لەشێوەکان دەرهاویشتەی ئەو سروشتی دیمۆگرافیەیە کە سەدان ساڵە لەسەری بونیاد نراوە. قوڵایی ئەم مەسەلەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەو هێز و لەشکرە زۆر و زەوەندە جۆراو جۆرەی کەبەشداری لەپرۆسەکەدا کردووە یان ماتەماتی بەشداریکردنیەتی چەندێک غەمی لێدانیەتی لەداعش ئەوەندەو زیاتریش هەڵوەدای ئایندەی موسڵ و ئیدارەدانیەتی و دەیەوێت هەرلەئێستاوە بەشەکەی خۆی لە کێکەکە دیاری بکات، بەتایبەتی تورکیا و داروەستەکەی کە بەهۆی ئاک پارتی و ئەردۆگانەوە خەونی گەرانەوەی خەلافەتی عوسمانی لەمێشکیدایەو دەیەوێت لە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

زیندووکردنەوەی ویلایەتی موسڵەوە ئەم خەونە بەدیبهێنێت. بەمانایەکی دیکە، ئەگەرەکانی پۆست داعش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەلافەتەکەی ئەبوبەکری بەغدادی کەلەموسڵ رایگەیاند بگۆرێت بۆ خەلافەتێکی نەزۆکی ئەردۆگانی.
لەسۆنگەیەکی دیکەوە، شرۆڤەکردنی زەمەن لەم پرۆسەیەدا شوێنی هەڵوێستە لەسەرکردنە کە موسڵ بە خاڵی بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندیەکانی هیلاری - عەبادی ناوزەندی دەکەین، بەشێوەیەک کە کاتی دەستپێکردنی رزگارکردنی موسڵ ئەو کاتە بەسودەیە کە هەم باڵی دیوکراتەکان لە ئەمریکا و باڵی عەبادیەکان لە دەوڵەتی یاسای عیراقدا دەتوانن بەرهەمەکەی بۆ ململانێ ناوخۆیەکان بەکاربهێنن و سەرکەون بەسەر نەیارەکانیان و لە کەمتر لە دوو هەفتەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بیکەنە گرەنتی گەشتنی هیلاری بە کۆشکی سپی وەک چۆن ئۆباما لەساڵی ٢٠١١ کوشتنی بن لادنی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەکارهێناو سەریشکەوت هەروەها لەم لایشەوە ئەو دەنگانەی پێکبکرێتەوە کە لەناو پەرلەمانی عیراقیدا هەبوون بۆ مەسەلەی ئیستجوابی عەبادی و سەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران.

موسڵ ئەگەر چەقی ئەم ململانێیە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیە بێت و ئەگەر تێکەڵەیەک بێت لە نەتەوە و زمان و مەزهەب و کلتووری هەمەرەنگ ، ئەی ئەبێت کورد کەبەشێک لەخاکەکەی کە کێشەی چەندین ساڵەی لەسەری هەیە لەکوێی هاوکێشەی دوای داعشدا بێت؟ ئەبێ سەرکردایەتیەکەی کەچوونە بەغداد و لەگەڵ کاربەدەستانی پایتەختە عیراقیەکە دانیشتنیان کرد گەشتوونەتە کام رێککەوتن بۆ قۆناغی دوای ئازادکردنی ؟ ئەی ئەبێت کە بریاری ئەوە دراوە پێشمەرگە بە خوێن قوربانی بدات لە ئازادکردنی موسڵدا کام گرەنتیە وەرگیراوە بۆ دووبارەنەبوونەوەی سیناریۆ تاڵەکانی رابردوو؟ بۆ ئەو سیناریۆیانەی کە جگەلە حەقیقەتە مێژوویەکانی کوردستانی بوونی بەشێک لە خاکی موسڵ و هەروەها سەرباری بەدەستووری چارەسەرکردنی مەسەلەی خاک (مادەی ١٤٠)، سەرەرای ئەوەی کە کورد لە دواین هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە موسڵ ١٢ کورسی بەدەستهێنا بەڵام حەدباییەکانی ئەسیڵ نوجێفی کە ١٨ کورسییان هێنا بوو لە حکومەتی خۆجێی کوردیان کردە دەرەوە.
هەموو ئەم پرسیارانە و زۆرتریش پرسیاری سادەی هاوڵاتین لەشەقام و زۆر گرنگە و پێویستیشە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پلانی پێشوەختی بۆی هەبوو بێت. لەدەستدانی ئەم دەرفەتە هەربەتەنها بەفیرۆدانی خوێنی پێشمەرگە نیە، بەڵکو سەرەتایەکی ترسناکە بۆ لەدەستدانی تەواوی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە لە کەرکوک و خانەقین و دووز و دەبێت هەربەوە رازی نەبین کە حیدر عەبادی بڵێت بۆ یەکە مجار پێشمەرگە شان بەشانی سوپای عیراق شەری تیرۆریستان دەکات، بەڵکو لەمە گرنگتر هەبوونی دیکۆمێنتێکی باوەرپێکراوە بۆ موسڵی دوای داعش کە مافەکانی کوردستانیانی تیا پارێزراو بێت، کوردەواریش لە دێرین زەمانەوە دەڵێت مارانگەز لەخشەی مار دەترسێت.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## سیناریۆکانی پەلامارەکەی کەرکوک



**محەمەد رەئوف**

هێرش و پەلامارى چەکدارانى داعش بۆسەر شارى کەرکوک، تەنها هێرش و پەلامارێکى ئاسایى و هەوڵێکى داعش نیە بۆ کۆنترۆڵکردنى گەرەکەکانى شارى کەرکوک، بەڵکو گەر لێکدانەوە و شرۆڤەیەکى ووردى بۆ بکرێت زۆر بە ئاسانى دەگەیتە ئەو ئەنجامەى کە ئەم هەوڵەى داعش پەیوەستە بە پلانێکى گەورەتر و دەکرێت دەستى وڵاتانى هەرێمایەتى و بگەرە ناوخۆیشى تێدا بێت.

پەلامارەکەى داعش کە ١٢ گەڕەکى باشورى کەرکوکى لە خۆگرتبو دەیویست ئەو ناوچانە بەتەواوى کۆنترۆڵ بکات، وەک ئەوەى داعش لە ئاژانسى ئەعماقى خۆیدا بڵاوى کردۆتەوە ١٢ گەرەک لەخۆ دەگرێت، گەرەکەکانى (حى تسعین و عدل و العکسرى و دومیز و واحد حزیران و خرناتە والواستى و عدن و العروبە و النسر و المجیدیە و المنسور) داعش خۆى رێگەکانى هاتنى بۆ ناو کەرکوک بڵاوکردۆتەوە لە ئاژانسى دابقدا کە لە رێگەى (مکتب خالد والبوحمدان وداقوق والرشاد وساردک والکبە وبشیر باشوور و باشوورى رۆژئاواى کەرکوک) هاتونەتە ناو شارى کەرکوک.

بەڵام هاتنى ئەم هێزانە بۆناو شارى کەرکوک و برینى سنورى باشورى کەرکوک کە بەتەواوى لەلایەن هێزى پێشمەرگەوە تەنراوە جێگەى پرسیارە، بەرپرسە ئەمنیەکان لێدوانى جیاواز دەدەن سەبارەت بە شێوازى هاتنى داعش بۆناو کەرکوک، هەندێکیان پێیان وایە لە ناحیەى رەشادەوە هاتوون کە ئێستا لەژێر دەستى داعشدایە و لە رێگەى نێوان ناحیەى تازە و قەزاى داقوق پەرێونەتەوە، چونکە لەو ناوچەیە لە نێوان هێزى پێشمەرگەو حەشدى شەعبى نزیکەى ٤ کیلۆمەتر بۆشایى هەیە، لەوێوە چونەتە گوندەى مەحمودیەى عەرەب نشین و لەوێشەوە بۆ گەرەکى دۆمێزى کەرکوک کە دەکەوێتە بەشى



سەرچاوە
Serchawe

باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، بەشێکی تر دەڵێن، لە ڕێگەی بەرزاییەکانی خەرابە روتەوە هاتونەتە کە لەو ناوچەیە بە غەرە ناسراوە میحوەری ٥ی باکوری ڕۆژئاوای کەرکوک کە لە دەستی هێزەکانی پارتیدایە، کە هەوراز و نشێوی زۆری تیایە لەوێوە هاتونەتە گوندی قوتان و چەند گوندێکی تری نزیکی کێڵگەی نەوتی خەباز کە دانیشتوانەکەی عەرەب نشینە و لەوێوە بۆ دوبز و بەشێکیشیان بۆ ناو کەرکوک، هەندێکیکی تر پێیان وایە کە لە ڕێگەی هێلیکۆپتەری تورکیەوە هێنراونەتە باشور و رۆژئاوای کەرکوک و لەوێ دابەزێنراون، بەو پێیەی پێشتر چەند جارێک هیلیکۆپتەری تورکی لە ناوچەی پردێ و دوبز و باشوری کەرکوک بینراون کە سوراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند بەرپرسێکی باڵای سەربازی ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەچاوی خۆیان بینیویانە ئۆتۆمبێلی داعش لە چونەتە بنکەی سەربازی تورکیا لە باشیکی نزیک موسڵ و لەوێشەوە بە هیلیکۆپتەر گوازراونەتەوە، ڕایەکی تریش هەیە کە لە ڕێگەی تونێلەوە لە باشوری کەرکوکەوە بەشێکیان سنوریان بەزاندووە و هاتونەتە ناو شاری کەرکوک، بەشێکیشیان لە ڕێگەی پارەوە بە کەسانی قاچاخچی هێنراونەتە ناو کەرکوک وەک دەوترێت قاچاغچییەکان هەر نەفەرەی بە هەزار دۆلار لە ناوچەی داعشەوە دێنن بۆناو کەرکوک و کەفالەتیشی دەکەن و پێشتر ئەمە کراوە، هەرچەندە لە ڕاگەیەنراوی ئاژانسی پاراستن و زانیاریدا هاتووە کە داعش لە حەویجەوە ١٠٠ چەکداریان لە ڕێگەی داقوقەوە سنوریان بڕیوەو لەوێ بە حەوت پاسی نەفەر بەر براونەتە شاری کەرکوک و بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەشکراون.

بەڵام داعش بە پلانێکی وردەوە هێرشەکەی ئەنجامدابوو، بەو پێیەی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی هەڵبژاردبوو بۆ ئەو پلانەی کە ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بێت بەوەی لە ڕۆژی هەینیدا زۆرینەی بەرپرسە ئەمنی و ئیداریەکانی کەرکوک شاری کەرکوک جێدەهێڵن و لەوێ نامێننەوە، هەروەک لە سەرەتای ڕووبەڕووبونەوەکەدا جگە لە هاولاتیانی خۆبەخش هیچ هێز و بەرپرسێک نابنران، ئەمە سەرەرای ئەوەی زۆرینەی هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی کەرکوک بۆ موسڵ برابوون، لەگەڵ ئەوەشدا داعش تەواوی سودی لە ململانێ و ناکۆکی ناو هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک بینیوە بەوەی لە شاری کەرکوک زیاتر لە (٢٠) هێزی ئەمنی هەیە، لە (ئاسایشی پارتی، ئاسایشی یەکێتی، حەشدی شەعبی، تورکمانی، پێشمەرگەی پارتی، پێشمەرگەی یەکێتی، پۆلیسی عێراق، پۆلیسی کوردستان، هێزی کارەکتەرە سیاسیەکان...هتد ..) ئەم هێزانە بەشێکیان هێندە توندن بەرامبەر بەیەک زۆرجار گومانی سیناریۆ درووست کردن بۆیەکیان لێدەکرێت.

ئەگەرچی بەشێک لە ئامانجی پلانەکە کەمکردنەوەی فشاربوو لەسەر موسڵ، بەڵام هەموو ئەمانە هیچ لەو ڕاستیە کەم ناکەنەوە کە ئەو پەلامارە بەشێکە لەو ململانێ نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و هەرێمایەتیەی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، کە لە ئێستادا ململانێیەکی بەهێزی ناوخۆیی نێوان هێزەکان هەیە، هەرێمایەتی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران هەیە، نێودەوڵەتی نێوان ڕوسیا و ئەمریکا هەیە، بۆیە هێزە و دەوڵەتەکان پەنا بۆ چەندین جۆر پلانی جیاواز دەبەن دژ بە بەرژەوەندیەکانی یەکتر.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

لە ئێستادا لە شەقامی کوردیدا گومانەکان لەسەر تورکیا چڕ بونەتەوە بەو پێیەی تورکیا لە ئێستادا لەبەرەیەکی دژ بە عێراق و ئێران و پەکەکەدایە و بە پلانی ووردەوە کار لەسەر بەرەی بەرامبەر دەکات و دوای گرژییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە بەغداد ڕازی نەبوو بە دەستوەردانی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ تورکیا، بۆیە تورکیا بەتەواوی کەوتە دۆزینەوەی پلان دژ بە بەرژەوەندیەکانی بەرەی بەرامبەر، هەروەک ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا دووشەمەی ڕابردوو رایگەیاند "ئەگەر بەشداری شەری موسڵ نەکەین ئەوا عاقیبەتەکەی خراپ دەبێت".

پێشتریش گوتی لە ئەگەری ڕێگرتن لە بەشداریکردنمان لەو شەرەدا ئەوا پلانی (B) و (C) مان دەبێت، بۆیە زۆرێک پێیان وایە ئەم پەلامارو یاریانە بەشێکە لەو پلانانەی تورکیا لە ناوچەکە، ئەوەی زیاتر گومانەکان لەسەر دەستوەردانی تورکیا لە پەلامارەکەی کەرکوک تۆخ دەکاتەوە بە ئامانجگرتنی ئەندازیارە ئێرانیەکان بوو لە دوبز، لەو وێستگەیەی کە کۆمپانیایەکی ئێرانی کاری تێدا دەکرد، وەک مەسجێکی توند بۆ ئێرانی پاڵپشتی حکومەتی بەغداد (کە لە ئێستادا بۆتە پایتەختێکی شیعە مەزهەب کە بە نیسبەت سونەوە ئاسان نیە ئەوە قبوڵ بکرێت، کە بەغداد لە پایتەختێکی سونەی مێژوویەوە بگۆردرێت بە پایتەختی شیعە مەزهەب)، لە هەمان رۆژدا حوسێنیەکی شیعەکان لە داقوق کرایە ئامانج و بە دەیان کەس کوژران و بریندار بوون، کە دەوترێت لەلایەن فرۆکەی نەزانراوەوە ئەنجامدراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو هێزانە لە کوێوە هاتوون، هی کێن و چەند پەیوەندیان بە هێرشەکەی داعشەوە هەیە بۆسەر کەرکوک، چونکە چەکدارانی داعش زۆرینەیان لەوێوە هاتونەتە سنوری کەرکوک.

هەندێکی تر وای بۆ دەچن پارتی لەنێو ئەو ململانێیەدا بێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستی هەبوو بێت لەو پلانەدا لەلایەک پارتی بە ئاشکرا لەگەڵ ئەجێندای تورکیادایە و بە بێ گوێدانە بەغداد هێزی تورکیای هێناوەتە باشیک، لەلایەکی تر پارتی لە کەرکوک بەدەستی یەکێتیەوە زەلیل بووەو هیچ پۆست و بریارێکی لەو شارەدا بەدەست نیە کە خۆشیان پێیان وایە بەشێک لە شۆڕشی کورد لەسەر کەرکوک بووە، پارتی ترسیان لە گەڕانەوەی کەرکوکە بۆسەر هەرێمی کوردستان، بەوەی بە گەڕانەوەی کەرکوک موعەدەلاتی سیاسی لە هەرێم دەگۆرێت، کە زۆرینەی زۆری یەکێتیە، پارتی لەلایەک دەیەوێت بە یەکێتی بڵێت لە رووی ئەمنیەوە ئێوە ناتوانن ئەو شارە بەرێوە ببەن، (کە ماوەیەکی زۆرە ئاساییش و ئارامی لەو شارە بەرقەرارە).

هەرچۆن لێکدانەوە بۆ پەلاماری داعش بکرێت بۆسەر کەرکوک، هێشتا کەمە بەو پێیەی ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاریەکی گەورەدایە و، ئەگەری ئەوەیە هەیە لەدوای شەری داعش کورد بەم پێگەیەی ئێستای نەمێنێتەوە و چاوی نێودەوڵەتی بگوازرێتەوە لە هەولێرەوە بگوازرێتەوە سەربەغداد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠١٤ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

